حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان/ بەشی کوردی

# گوتاری نەتەوەی ناسیۆنالیزمی لە بیری (خانی – حاجی) دا

تێزێکە

بێستون عادل عەلی گلی

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیـــدا.

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی – زانکۆی کەرکوک 2009

ماستەر لـە ئەدەبی کوردی – زانکۆی سـلێمانی 2015

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. محمدامین محمدنوری امین

2024 زایینی     2724 کوردی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان/ بەشی کوردی

# گوتاری نەتەوەی ناسیۆنالیزمی لە بیری (خانی – حاجی) دا

## تێزێکە

## بێستون عادل عەلی گلی

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زمان-زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

**بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی – زانکۆی کەرکوک ٢٠٠٩**

**ماستەر لە ئەدەبی کوردی – زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥**

**بە سەرپەرشتی**

**پ.ی.د. محمدامین محمدنوری امین**

**2024 زایینی** **2724 کوردی**

ئەم تێزە بە ناونیشانی: گوتاری نەتەوەی ناسیۆنالیزمی لەبیری خانی - حاجی دا ، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.ی.د. محمدامین محمدنوری امین**

2024 /٣/ ٢٤

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

٢٠٢٤ /٥ / ٨

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتورای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د.ئازاد عبدالوحید کریم

ئەندام

رۆژ: ٢ / ٦ / 2024

ناو: پ.د.علی تاهیر حسین

سەرۆکی لیژنە

رۆژ: ٣ / ٦ / 2024

ناو: پ.د. مەریوان عمر حسن

ئەندام

رۆژ: ٢ / ٦ / 2024

ناو: پ.د.ئیبراهیم عبدالرحمن محمود

ئەندام

رۆژ: ٢ / ٦ / 2024

ناو:پ.ی.د. محمد امین محمد نوری امین

ئەندام و سەرپەرشت

رۆژ: ٢ / ٦ / 2024

ناو: پ.ی.د.حسین غازی کاک امین

ئەندام

رۆژ: ٢ / ٦ / 2024

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

رۆژ: ١ / ٧ / 2024



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## پێشکەشە :

- به ڕۆحی فریشته ئاسای دایكم و جەیرانی خۆشكم و لوقمانی جوانه مەرگی برام، به باوكی خۆشەویستم، كە هەمیشه گەنجینەی پڕ له شانازیكردن بووه بۆمان.

- به ئەوانەی به دڵســـۆزییەوه تێدەكۆشـن بـۆ خزمەتكردنی زمـان و ئەدەبیـاتی كوردی و چاندنی هەستی نەتەوایەتی له نێو ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمدا

- به هاوسەرو هاوڕێی ژیانم (دێرین)، به جگەرگۆشەكانم ( پاڤیار و شیار )

- به برا و خۆشكەكانم.

- به كورد و كوردستان و كـــــەركوك.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان.

- سوپاس بۆ مامۆستا و برای گەورەم . پ.ی.د. محمدامین محمدنوری امین (د.هەورامان)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزەکەی خستە ئەستۆ، بەردەوام و خەمخۆرانە بەسەرنج و تێبینییەکانی هاوکارم بووە تا تەواوکردنی تێزەکەم.

- سوپاس بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان، سەرۆکایەتی بەشی کوردی، سەرجەم مامۆستایان لە بەشی کوردیی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی.

- سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە هاوکارییان کردم چ بە سەرچاوە و وەرگێڕانی بابەتەکان و سەرنج و تێبینییەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی تێزەکەم: (کاک ستران عبدالله و د. شیلانی خێزانی)- د.ئازاد عبدالواحید - مامۆستا ابوبکر عەلی - د.عزالدین صابر- د.سیروان سەمین - مامۆستا ئارام ڕەشید- مامۆستا زانا یاسین.

**پوخته:**ناسیۆنالیزم سستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، تایبەتمەندە بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیەک لە سنوورو جوگرافێکی دیاریکراودا،

ناسیۆنالیزم بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی هەستی مرۆڤە بەرامبەر بە کێشە نەتەوایەتییەکان، بەتایبەتی کاتێک نەتەوەیەک دووچاری داگیرکردن و مەرگەساتی کۆچ و دابڕان و ڕق و کینەی بەرامبەر دەبێت، ئەو کاتە گوتاری ناسیۆنالیزمی شاعیران لەجۆغزی نەتەوەیی و بەرەنگاری و هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی خەبات و سەلماندنی ناسنامەی نەتەوایەتیدا بەرجەستە دەبێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە بەناونیشانی: گوتاری نەتەوەی ناسیۆنالیزمی لەبیری خانی – حاجی دا، لێکۆڵینەوەیەکە جگە لە پێشەکییەک و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم لەپێنج پار پێکهاتووە، پاری یەکەم چەمکی نەتەوە لە کایەی گشتیدا، پاری دووەمیش ڕووبەری مێژووی گوتاری ناسیۆنالیزمی و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی، پاری سێیەمیش نەتەوەیی و دەوڵەتبوون لەهاوکێشەی مەعریفی گوتاری ناسیۆنالیزمیدا. پاری چوارەمیش بریتییە لەگوتاری ناسیۆنالیزمی و پەرچەکرداری وەهمی ترس و قڕکردن. پاری پێنجەم و کۆتایی: بریتییە لە ڕەهەندی گوتاری ناسیۆنالیزمی و کۆمەڵگەی داخراو.

بەشی دووەم بەهەمان شێوە لەپێنج پارپێکهاتووە، پاری یەکەم: سایکۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی لە نێوان ئایدۆلۆژیاو ململانێی ڕیالستی دا. پاری دووەم: بریتییە لەنەتەوە لە نێوان ئاکارو ئایدیاڵیدا، پاری سێیەمش: بریتییە لەشۆڕشی کوردبوون یان شوناس و نەتەوەخوازی نەوەی تاراوگە، پاری چوارەم: بریتییە لەناسیۆنالیزمی کوردی لە دووریانی ئامانج و سیاسەتدا، پاری پێنجەم و کۆتایی لە بەشی دووەم: بریتییە لەڕۆڵی ئایدۆلۆژیای ئایین لەکایەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

بەشی سێیەم و کۆتاییش پراکتیکییەو لەپێنج پارئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت، پاری یەکەم: ناسیۆنالیزمی شیعری لە بیری خانی – حاجی دا، پاری دووەم: پێگەی زمانی نەتەوایەتی لای خانی و حاجی، پاری سێیەم: تارمایی ئەندێشەی بوون بە دەوڵەت لە مەعریفەی خانی – حاجی دا، پاری چوارەم: دەسەڵاتی نەتەوایەتی لە ئایدیای خانی – حاجی دا، پاری پێنجەم و کۆتاییش: بریتییە لەخەونی نەتەوە لەپرۆسەی شیعریی خانی تاکو حاجی.

لەکۆتاییدا پوختەیەک بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

# پێڕست



| ناوەرۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت | I. |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | II. |
| پێشکەشە | III. |
| سوپاس و پێزانین | IV. |
| پوختەی لێکۆڵینەوە | V. |
| پێرست | VI. –V11 |
| پێشەکی | ١-٣ |
| بەشی یەکەم | ٤ -٧٩ |
| پاری یەکەم: چەمکی نەتەوە لەکایەی گشتیدا | ٥ – ١٦ |
| پاری دووەم: ڕووبەری مێژووی گوتاری ناسیۆنالیزمی و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی | ١٧- ٢٧ |
| پاری سێیەم: نەتەوەیی و دەوڵەتبوون لە هاوکێشەی گوتاری ناسیۆنالیزمیدا | ٢٨ – ٥١ |
| پاری چوارەم: گوتاری ناسیۆنالیزمی و پەچەکرداری وەهمی ترس و قڕکردن | ٥٢ – ٦٧ |
| پاری پێنجەم: ڕەهەندی گوتاری ناسیۆنالیزمی و کۆمەڵگەی داخراو | ٦٨ – ٧٩ |
| بەشی دووەم | ٨٠ – ١٣٩ |
| پاری یەکەم: سایکۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی لە نێوان ئایدۆلۆژیاو ململانێی ڕیالستی دا. | ٨١ – ٩٢ |
| پاری دووەم: نەتەوە لە نێوان ئاکارو ئایدیاڵیدا | ٩٣ – ١٠٢ |
| پاری سێیەم: شۆڕشی کوردبوون یان شوناس و نەتەوەخوازی نەوەی تاراوگە. | ١٠٣ – ١١٤ |
| پاری چوارەم: ناسیۆنالیزمی کوردی لە دووڕییانی ئامانج و سیاسەتدا | ١١٥ – ١٢٦ |
| پاری پێنجەم: ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای ئایین لە کایەی سیاسیی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. | ١٢٧ – ١٣٩ |
| بەشی سێیەم | ١٤٠ – ٢٠٣ |
| پاری یەکەم: : ناسیۆنالیزم لە شیعریی خانی – حاجی دا | ١٤١ – ١٥٨ |
| پاری دووەم: پێگەی زمانی نەتەوایەتی لای ئەحمەدی خانی و حاجی | ١٥٩ – ١٦٧ |
| پاری سێیەم: تارمایی ئەندێشەی بوون بە دەوڵەت لە مەعریفەی خانی – حاجی دا | ١٦٨ – ١٧٩ |
| پاری چوارەم : : دەسەڵاتی نەتەوایەتی لە ئایدیای خانی – حاجی دا. | ١٨٠ – ١٩٣ |

| | |
|---|---|
| پاری پێنجەم: خەونی نەتەوە لە پرۆسەی شیعریی خانی تاکو حاجی | ١٩٤ – ٢٠٣ |
| ئەنجامەکان | ٢٠٤ – ٢٠٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٠٧ – ٢١٩ |
| پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی | ٢٢٠ |
| پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٢١ |

**پێشـــــــــــــەکی:**

پەیوەنـدیی نێـوان تـاک ونیشـتمان، پەیوەنـدییەکی پـێگەوە گرێـدراوی سیاسـییە، کە ڕەهەنـــدەکانی ئایـــدیۆلۆژیا و بیـــری نەتەوایەتـــی گەڵاڵە دەکـــات، لەو ڕوانـــگەیەوە کاتێـک تـاکی نێـو نەتەوەیەک بیردەکـاتەوە، تراژیـدیاو مەرگەسـاتی نەتەوە ئایـدیای تیـــۆری و کـــارەکی لە هـــزری خۆیـــدا بەرجەســـتە دەکـــات، چ لە ڕێگـــای خەبـــاتی سیاســی، یــا لە ڕێگــای پەیــامەوە، کە لە چوارچێــوەی دەقــدا فــۆڕمێکی سیاســییانەی بۆ دادەڕێژرێت.

چەمکـی نەتەوە وەک دیـاردەیەک، دەگەڕێـتەوە بـۆ ڕەوتـی پەرەسـەندن و ڕیفـۆڕمی سیاسـی و هــزری و پیشەســازی و ئـابووری، کە لە کۆتاییەکـانی سـەدەی شـانزەو حەڤــدەی ســەدەی ڕابــردوو ســەریهەڵدا، وەک چەمکێکــیش لە ڕووی یاســاییەوە لە هاوکێشــەی نێودەوڵەتیـدا بـــووە بە کرۆکـی پەرەسـەندنی پرۆســـەی نەتەوایەتـــی لە چوارچێوەی ئایدیای دامەزراندنی دەوڵەتدا.

تــاکی کــورد کــار دەکــات بــۆ بە بەهــاکردنی بــابەتی شــوناس و نەتەوە و دەوڵەتــی نەتەوەیـــی لە کوردســـتان، بەو ئاراســـتەیەی وەک چەکێـــک بەرامـــبەر داگیـــرکەر بەکاریــان بهێنــێ، لە ڕووی  فیکــرییەوە ئەوەی لە زەینــی تــاکی کــورددا هەیە بــۆ بەڕێــوەبردنی ئایــدیای نەتەوایەتــی یەککردنــی چوارچێــوەی ئەو هەســتەی کە کــورد وەک نەتەوەیەک یەکپـــارچەو یەک خـــاک و یەک نەتەوەیە، نەتەوە پەیوەنـــدییەکی دیالێکتیکی بەمێژووی مۆدێرنەوە هەیە، لەهەمان کاتدا شوناسێکی کۆمەڵایەتییە.

گوتـاری ناسـیۆنالیزمی یـا بەکەڵـک وەرگـرتن لەپێشـینەی فەرهەنگـی ئێسـتاو میراتـی مێژوویـــی و بەرهەمهێنـــانی بـــابەتەکە، یـــا دووبـــارە بەرهەمهێنـــانەوەی دەســـکەوتە مێـــژوویە فەرهەنگییەکـــان، تەنـــانەت ئەگەر بـــژاردەیەکیش بێـــت، دەکرێـــت لە دووتــوێی زمــانی شــیعرەوە یــا هەر ژانرەیەکــی تــری ئەدەبــی پەیــامەکەی بگەیەنێــت، کەواتە گوتاری نەتەوەیی دیاردەیەکی سروشتیی بۆ ماوەیی نەگۆڕە.

(گوتـــاری نەتەوەی ناســـیۆنالیزمی لە بیـــری خـــانی – حاجیـــدا ) ناونیشـــانی ئەم تێـزەیەی ئـێمەیە، کە تیایـدا بە شـێوەیەکی گشـتی باسـی گوتـاری ناسـیۆنالیزمی لە ئەدەبــی کــوردی و بە تــایبەتی لای  شــاعیران ئەحــمەدی خــانی و حــاجی قــادری کۆیی دەکات.

**ناونیشانی لێکۆڵینەکە:**

ئەم تێزە، بەناونیشانی گوتاری نەتەوەی ناسیۆنالیزمی لەبیری خانی-حاجی دایە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم تێزەدا، بۆ لایەنی تیۆری سوودمان لە میتۆدی (وەسفی) وەرگرتووە، بۆ پراکتیزەکردن و شرۆڤەکردنی سوودمان لە میتۆدی شیکاری وەرگرتووە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینیێتەوە، کە تا ئێستا لێکۆلینەوەیەک بەم ناونیشانە سەبارەت بە گوتاری ناسیۆنالیزمی لای شاعیران ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی ئەنجام نەدراوە، کە بە شێوەیەکی ورد جەختی لەسەر بابەتی نەتەوەیی و گوتاری ناسیۆنالیزمی کردبێتەوەو لە دووتوێی تێزێکی ئەکادیمیدا خرابێتەڕوو.

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام ، لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: لەپێنج پار پێکهاتووە، پاری یەکەم چەمکی نەتەوە لە کایەی گشتیدا ڕوون دەکاتەوە، پاری دووەمیش ڕووبەری مێژووی گوتاری ناسیۆنالیزمی و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی، پاری سێیەمیش نەتەوەیی و دەوڵەتبوون لە هاوکێشەی مەعریفی گوتاری ناسیونالیزمیدا، پاری چوارەمیش بریتییە لەگوتاری ناسیۆنالیزمی و پەرچەکرداری وەهمی ترس و قڕکردن، پاری پێنجەم و کۆتایی: بریتییە لە ڕەهەندی گوتاری ناسیونالیزمی و کۆمەڵگەی داخراو.

بەشی دووەم بەهەمان شێوە لە پێنج پار پێکهاتووە: پاری یەکەم: سایکۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی لە نێوان ئایدۆلۆژیاو ململانێی ڕیالستی دا، پاری دووەم: بریتییە لە نەتەوە لە نێوان ئاکارو ئایدیاڵید، .پاری سێیەمش: بریتییە لە شۆڕشی کوردبوون یان سوناس و نەتەوەخوازی نەوەی تاراوگە، پاری چوارەم: بریتییە لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە دوورێیانی ئامانج و سیاسەتدا. پاری پێنجەم و کۆتایی لە بەشی دووەم: بریتییە لە ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای ئایین لە کایەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

بەشی سێیەم و کۆتاییش ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت بەشێوەیەکی پراکتیکی، کە بریتییە لە پێنج پار، پاری یەکەم: بریتییە لە ناسیۆنالیزم لە شیعریی خانی – حاجی دا، پاری دووەم، گرنگیی زمانی نەتەوایەتی لای ئەحمەدی خانی و حاجی : پاری سێیەم: تارمایی ئەندێشەی بوون بە دەوڵەت لە مەعریفەی خانی – حاجی دا، پاری چوارەم : دەسەڵاتی نەتەوایەتی لە ئایدیای خانی – حاجی دا، ، پاری پێنجەم و کۆتاییش: بریتییە لە خەونی نەتەوە لە پرۆسەی شیعریی خانی تاکو حاجی:

لەکۆتاییشدا پوختەیەک بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو لەگەڵ ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان.

# بەشی یەکەم

پاری یەکەم: چەمکی نەتەوە لە کایەی گشتیدا

پاری دووەم: ڕووبەری مێژووی گوتاری ناسیۆنالیزمی و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی.

پاری سێیەم: نەتەوەیی و دەوڵەتبوون لە هاوکێشەی گوتاری ناسیۆنالیزمیدا.

پاری چوارەم: گوتاری ناسیۆنالیزمی و پەرچەکرداری وەهمی ترس و قڕکردن.

پاری پێنجەم: ڕەهەندی گوتاری ناسیۆنالیزمی و کۆمەڵگەی داخراو

# بەشی یەکەم

## پاری یەکەم

### چەمک و پێناسەی نەتەوە لە کایەی گشتیدا

نەتەوە یەکێکە لەو چەمکانەی، کە زۆرترین ڕاووبۆچوونی لە بارەوە وترابێت نەک لە ئاستی تاکدا، بەڵکو لە ئاستی ئەو قوتابخانانەش ناکۆکی و جیاوازی ڕاوبۆچوون هەیە سەبارەت بەم چەمکە، چونکە زۆر جار کاتێک کەسێک لەم بوارەدا پێناسەیەک یاخود مەرجێک بۆ دروستبوونی نەتەوە دادەنێت لەگەڵ پێناسە و مەرجێکی دی یەک ناگرنەوە بۆ نەتەوە. واتە چەمکی نەتەوە چەمکێکی ئاڵۆزە و فرەبۆچوونە. هەر یەکێک بەپێی تێگەیشتنی خودی دەربارەی نەتەوە قسەی لەسەر کردووە و ڕاوبۆچوونەکانی خستۆتەڕوو، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەێن چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی قوتابخانەکان، کە لە خودی نەتەوە دواون ڕاوبۆچوونەکان وەربگرین و لە ئەنجامی شیکردنەوەیاندا بگەینە ئەنجامێک سەبارەت بە نەتەوە و دروست بوونی نەتەوە. ئەگەر سەرەتا لە زاراوەی نەتەوە بدوێین و بکۆڵینەوە ئەوە دەبینین کە زاراوەی نەتەوە لە کات و سەردەمی جیاوازدا واتای جیاوازی هەبووە. نەتەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە لە((وشەی(nasci) ی لاتینی بە مانای لە دایکبوون)و (natiol) بە مانای پەیوەندییی دوولایەنە لە ڕووی لە دایکبوون وزێدەوە) وەرگێڕاوە.وشەی هاوشێوەی لە زمانی ئینگلیزیدا بە (Natal) زێد و) (Nature) سروشت) ە کە ناڕاستەوخۆ لە گوتاری ناسیۆنالیزمدا بەکارهاتووە . بۆیە (natio) بە مانای سەرەتایی وشەکە ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە لە یەک شوێن و زێددا لە دایکبوون و لێرەدا سروشت هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی نەتەوەکان ولانیکەم لەلای ئەوانەی، کە دیدگای (سروشتی و فەرهەنگی و مێژوویيان) هەیە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنیتی بەدواوە ئەم زەمینەیە یان ئەم بنەما ڕەوایە دەبێتە یان لە ڕاستیدا دەکرێتە بنەمای دەوڵەت و کۆمەڵگا)) (میهرداد، ٢٠١٦، ١٦٠). بۆیە زاراوەی نەتەوە ئەو چەمکەیە کە لای ئینگلیزەکان بە (Nation) ولای تورکەکان (مللت- هلک) ولای عەرەبەکان بە (القوم – الامە) ولای فارسەکان بە (مللەت وقوم) لای کوردیش (نەتەوە) بە کاردێت ئەوەی هەیە ئەم زاراوانە چ لە فەرهەنگەکان و چ لای خەڵکیش جێی خۆی گرتووە. وەک ئاماژەمان پێ کرد، زاراوەی نەتەوە لە کات وسەردەمە جیاوازەکان جیاوازی، هەبووە چونکە (وشەی ((Nation)نەتەوە تا سەدەکانی شازدە و حەڤدە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا بە مانای ((یەکەیەکی سیاسی)) بەکاردەهێنرا، بەڵام لە دوای ئەو سەردەمەوە بە مانای نەتەوە بەکارهێنراوە.(انصاری،١٣٩٠، ٧)

ئەم زاراوەیە ((لە مانا مۆدێرنەکەیدا لەگەڵ مانا قورئانیەکەی کە بە واتای ئایین و ڕەوشتی ئایینی بووە زۆر جیاوازە . ئەم مانا نوێیەی نەتەوە زیاتر پەیوەندیی بە شارستانییەتی ڕۆژئاواوە هەیە و هەڵگری مانایەکی سیاسیشە)).(شێخ شعاعی، ١٣٨٦، ١١) واتا جیاوازی هەیە لە نێوان مانای نەتەوە چ لە نوێ وچ لە کۆندا یاخود لە ڕووی ئایینیەوە، بنەچەی وشەی نەتەوە لە وش (natio) وە وەرگیراوە، کە بە مانای پێشینەی هاوبەش وکرداری (nascere) کە بە مانای (لە دایکبوون، هاتنە دنیا وەچەخستنەوە) دێت، وشەکە لە زمانی لاتینیەوە چووەتە ناو زۆربەی زمانە ئەوروپیەکانەوە، وەک لە فەرەنسای کۆندا وشەی (nation) بە شێوەی (nacion)بە کاردەهات، کە وشەکە هاواتایی وشەکانی (خانەدان، دابەزیین، ڕەچەڵەک ونەژاد) بوو. لە زمانی ئەڵمانیشدا وشەکە بە شێوەی(natie) بە کاردەهێنرا. لە سەرەتادا بە مانای (ڕەسەن، هەبوونی ڕەگوڕیشە بووە)).(ابو الحمد، ١٣٧٦، ١٣٣) هەروەها لە فەرهەنگی هەمبانەبورینە نەتەوە واتە ((ڕەگەز)) (هەژار، ١٣٨٥، ٨٧٩) ڕەگەز ڕەگ و ڕیشە و توخمێک دەگرێتەوە، بەڵام مەبەست لەم ڕەگەزە، ڕەگەزی مرۆڤ دەگرێتەوە بۆ زنجیرەی باووباپیران واتا نەتەوە لە چوارچێوەی خێزانێکی گەورە پێکدێت،

گرفتی زمانەوانیش بابەتێکە ناکرێ بە سەریدا باز بدەین بێ ئەوەی ئاوڕ لەڕەهەندەکانی بدەینەوە، لای کورد لە بری وشەی نەتەوە زاراوەی قەوم و هەندێ جاریش نەژاد، میللەت، سەر دەردێنن، لەڕاستیدا لەچوارچێوە گشتییە بەکارهێنانەکەیدا واتاکانیان لەڕووبەری گشتی کۆمەڵگەی کوردیدا ناسراون و مەبەستی خۆیان دەپێکن وەکو لەم دەقانەدا بەدی دەکەین.

فایق بێکەس لە م دەقەدا دەڵێت:

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەرڕووی زەمین**

**میللەتێکی قارەمانە هـــەر ئـــەبێ ســـەربەست بژین**

**میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربـــەخـــۆی نیشتـــمان**

**بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بـــــەخەندە، وپێکەنین (دیوانی بێکەس، ١٣٩٠، ٩٦)**

یاخود ئەحمەد موختار جاف دەڵێت:

**وەختی تێکۆشانە ئـــەی قەومینە غەفڵەت تا کەی**

**واخـــــەزانی کردووە ئێستێکە گوڵزاری وەتـــەن**

**کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی مونەوەرو تینەتان**

**چونکە ئـــــەو فیرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن (د. ئەحمەد موختار جاف، ١٩٨٦، ١٥٦ )**

هەروەها دڵداری شاعیرش دەڵێت:

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قـــەومی کورد زمان**

**نایشکێنێ دانـــەیی تـــــــۆپی زەمـــان**

**کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**

**زیندووە قـــــــــەت نانەوێ ئـاڵاکەمان (دیوانی دڵدار، ١٩٧١، ١٧)**

ئەستەمە ئێمە بتوانین چوارچێوەیەکی گشتی کۆدەنگی لەسەر ئەم بابەتە بخولقێنین بەتایبەتی ئێمە خاوەنی ناسنامەیەکی یەکپارچەی جوگرافی نین و جگە لەمە ساختارێکی ئابووری، سیاسی یەکگرتوو کۆمان ناکاتەوە، ئەمەش گرفتە زاراوەییەکە چارە ناکات بەتایبەتیش چەندین ڕای جیاواز لەپێکهاتنی نەتەوەدا بە گەشەکردنی بونیادی ئابوورییەوە دەیبەستێتەوە.

نکۆڵی لەمە ناکرێ کە خواستی گشتی نەتەوە، قەوم، میللەت لە هاتنەکانی دەوڵەتدا دەبینرێ و دەردەکەوێت، بەڵام بەداخەوە دەوڵەتبوون لەجیهانی پڕ ناعەدالەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەمڕۆدا لە خواستی نەتەوەوە بەدەست نایەت و گەمە سیاسییەکان مافی زۆر نەتەوەی لەبەرداشی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاڕیوەو ئێمەش قوربانییەکی بەردەوامی ئەم گەمە قێزەونە نادادپەروەریەین.

(هیرۆک) جەخت لەسەر سێ هۆکاری گرنگ دەکات بۆ دروستبوونی نەتەوە ئەوانەش (یادەوەریی هاوبەش کە وەک چارەنووسێک یان لانی کەم وەک ناوەڕۆکێکی پێکهێنەری ئەو گروپە لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها بوونی پەیوەندییی زمانی یان کەلتووریی لێک نزیک کە پەیوەندییی گەلێکی کۆمەڵایەتی قووڵتر لەناوگرویدا دێنێتەکایەوە هۆکاری سێیەم چەمکی یەکسانی گشتییە ئەندامانی گروپ کە بە شێوەی کۆمەڵگایەکی ئەدەبی ڕێکخراوە).(ئیروانی، ٢٠٠٢، ٢٣)، واتە ڕابردووی هاوبەش و زمان وکەلتورو یەکسانی کۆمەڵگە هۆکاری سەرەکین لەدروستبوونی نەتەوەدا .

وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ کرد پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی نەتەوە خراوەتە ڕوو چ لە ئاستی قوتابخانەکان وچ لە ئاستی تاکەکاندا، کە لە بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزم لێکۆڵینەوەیان

ئەنجامداوە، یەکێک لە پێناسە گشتگیرەکان دەربارەی نەتەوە دەڵێت: ((نەتەوە گوزارشتە لە کۆمەڵێک مرۆڤ، کە بەو ناوەوە ناوەزەندکراون و ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەیە خاوەن سەرزەمینی مێژوویی، ئەفسانە، یادگاری مێژوویی، کەلتوری گشتی، ئابووری وماف وئەرکی یاسایی هاوبەشن، بە شێوەیەکی گشتی نەتەوەکان لەسەر بنەمای ئەو هاوبەشییانە دەناسرێن)). (احمدی، ١٣٨٣، ٢٧) واتە ئەم هۆکارە کۆکەرەوانە لە هاتنەدی نەتەوە هاوبەشن،

بەڵام ڕەگەزەکانی پەیدابوونی نەتەوە دەتوانین بۆ دوو بەش دابەشی بکەین. ئەو ڕەگەزانەی دەبینرێن نموونەی ئەوانەن لە سەرزەمینن، ڕەگەزی دووەم ئەوانەن نابینرێن وەک بیروباوەڕ و کەلتورو ئەفسانەو یادگارییەکانە، (ئیڤانۆڤ) زانای بولگاری بۆ پێناسەی نەتەوە دەڵێت ((نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکن یەک کەسایەتی جەستەیی و دەروونی، یەک نەریت و ئامانجی هاوبەشیان هەیە، ئەو ڕەگەزانەش کە کەسایەتی نەتەوەیی پێکدەهێنن خۆی لە یەکێتی ڕەگەز، سنووری جوگرافی، زمان، ئایین، ئەدەب، کەلتووری فیکری، شێوازی ژیان، یەکێتی سیاسی، مێژووی هاوبەش، نەریتی هاوبەش، ڕۆشنبیری هاوبەشدا دەبینێتەوە)).(رەسول، ٢٠٠٤، ٨٣) واتە زمان وئایین ومێژوو و کەلتور هەروەها جوگرافیا و بیروباوەڕ و ڕوشنبیری بە هۆکاری دروستبوونی نەتەوە دادەنێت، تەنیا لایەنیک کە بەڕای ئیڤانۆڤ ڕۆڵی لە دروستبوونی نەتەوە نییە ئەویش ئابوورییە. (ئارنۆس رەنان) لە پێناسەکردنی نەتەوەدا هەوڵدەدات پێناسەیەکی زانستی ترو واقعیانەتری نەتەوە بکات و بەبێ ڕەچاوکرنی ئەزموونی ڕۆژئاواو دەڵێت: ((نەتەوە یەک گیانە، واتە بنەڕەتێکی زەینی وئاکارییە. دوو ئارگۆمێنت کە دەبنە دوو ڕووی یەک دراو و ئەم گیانەو ئەم بنەڕەتییە زەینی و ئاکارییە بونیاد دەنێت)).(الجمهور، ١٣٩٥، ٦٢) لەم پێناسەیەدا ئارنوس هەوڵدەدات هەردوو هۆکاری میراتی مێژوویی کەلتورو خواستی خەڵک، ناونیشانی دوو هۆکاری بنەڕەتی نەتەوە بوون بەیان بکات.

هەروەها (ئیرنست گێڵنەر) لە پێناسەی نەتەوەدا دەڵێت : ((نەتەوە چوارچێوەیەکە هەردوو یەکەی سیاسی و نەژادی نەتەوەیی پێکەوە گرێدەدات و نەتەوە فەرهەنگ و ئیرادەیە)).(میهرداد، ٢٠٠٦، ٢٠٩)) گێڵنەر نەتەوە دەبەستێتەوە بە دەسەڵاتی سیاسی و نەژادی و ئەو کەسانەش کە دەسەڵات جێ بە جێ دەکەن. هەروەها بە فەرهەنگ و ئیرادەی میللەتەوە. (مانشینی)یش لە پێناسەکەیدا نەتەوە دەبەستێتەوە بە هاوبەشی خاک و ڕەگەز و کەلتوور دابونەریتەوەو دەڵێت: ((نەتەوە کۆمەڵگەیەکی سروشت مرۆییە، ئەندامانی بەهۆی یەکێتی زەوی، ڕەگەز، دابونەریت و زمانەوە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە، چونکە لە ژیان و هەست کۆمەڵایەتیدا هاوبەشن)) (شریف، ٢٠٠١، ١٢٤)، (کارلتۆن هیس) یش دەڵێت: ((نەتەوە کۆمەڵێکی سەربەخۆی سیاسییە کە بیرباوەڕ و کەلتوورێکی هاوبەشی هەیە، (بوبگی) دەڵێت: گەل کۆمەڵە خەڵکێکە کە خاک و ئاو و

خوێن یان زمان یان کەلتوور و مێژوو پێکەوەگرێیان دەدەن)) (عەلی، ٢٠١٦، ٦٥) (ستالین) لەبارەی خودی نەتەوە دەڵێت: (( نەتەوە بریتییە لەیەکەیەکی خۆجێی لە نێو مێژوودا گەشەی بەخۆی داوە، خاوەنی زمان، خاک، ژیانی ئابوری و پێکهاتەی سایکۆلۆژییە لە چوارچێوەی یەکبوونی فەرهەنگدا وەدیار دەکەون )) عەبداڵ ، ٢٠٠٦ ، ١٧)

محمد رەشید ڕەزاش لە پێناسەکردنی نەتەوەدا دەڵێت: ((بریتییە لە کۆمەڵێ تاک، کە لە یەک ڕەگەز و یەک زمان و یەک شارستانیەت و میراتی مێژووی گشتی و هەستکردن بە ویست بۆ داڕشتنی یەک گروپی سیاسی دروست دەبێت)) (زیدان، ٢٠١٣، ١٤) ئەوەی لەم پێناسەیەدا هاتووە ئەوەیە کە نەتەوە دەخاتە چوارچێوەیەکی سیاسییەوەو ئەندامەکانی نەتەوەکەش یەک ڕەگەزو یەک زمان بن. نووسەری فەرەنسیش (ئابی سیس) لە بارەی نەتەوەوە دەڵێت: ((بریتییە لە فیدراسۆنێکی تاکەکان، کە لەژێر سایەی یەک حوکمی یاسایدان و یەک کۆمەڵی یاسادانانیش نوێنەرایەتییان دەکات)) (رەسول، ٢٠٠٤، ٨٧) دیدی سیس بۆ نەتەوە ئەوەیە لە سایەی بوونی دەوڵەتدا نەتەوە دروست دەبێت و دەوڵەت پێش نەتەوە دەکەوێت. هەروەها مێژوونووسی فەرەنسیش (ئێرنێست ڕێنان) یەکێکە لەوانەی دیدو بۆچوونی لەسەر نەتەوەو بزافی نەتەوەیی دەربڕیوەو دەڵێت:((نەتەوە ڕۆحە پرەنسیپێکی ڕۆحی مەعنەوییە دوو شتیش کە لەڕاستیدا هەردووکیان یەکن، ئەم پرەنسیپە ڕۆحی و مەعنەوییە پێک دەهێنن. یەکەمیان سامانی یادەوەرییە(الذاکرة) دەوڵەمەندە بۆماوەییەکانە، ئەوەی دیکەیان ڕەزامەندییەکانی ئێستایە، ویستی بەیەکەوە ژیان و بەرزڕاگرتنی ئەو میراتەیە کە بەشێوەیەکی دابەشنەکراو بۆ مرۆڤ ماوەتەوە... بوونی نەتەوە یەکسانە بەهاوبەندییەکی گەورە، واتە بوونی نەتەوە پێویستی بەجۆرە ڕابردوویەک هەیە، بەڵام هەنووکەش بەهۆی واقیعێکی هەستپێکراوەوە نوێ دەبێتەوە: واقعی قبووڵکردن و پێڕازیبوون کە سیما بەرچاوەکەی ئاواتی درێژەدانە بە ژیانی هاوبەش)) (ڕێنان، ئیروانی، ٢٠٠١، ٤١)

هەروەها ئاماژە بەیادەوەریی هاوبەش(الذاکرة المشترکە) دەکات کە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی بەرهەم دەهێنێت، کە ئەندامانی کۆمەڵ هەست دەکەن خاوەن تراژیدیاو پژارەو شکۆدارییەکی هاوبەشن، بۆیە بەردەوام ئەم تراژیدیاو بژارەو شکۆدارییە هاوبەشانە لە یادەوەریی تاکەکەسانی نەتەوەدا بیردەخرێنەوەو خۆراک بە بیری نەتەوەیی دەدەن لە هەمان کاتدا، ئەمە پێویستی بەوەیە تاکەکەسانی نەتەوە کۆمەڵێک شت کە زیان بەبوون و یەکبوونی نەتەوە دەگەیەنن لە بیر خۆیانی بەرنەوە، یادەوەریی نەتەوەیی دەبێ بەردەوام زیندوو بکرێتەوە، بەڵام ئەو ڕووداوانەش دەبێ لە یادەوەریدا نەمێنن کە تەعبیر لە پارچە پارچەیی نەتەوە دەکەن. بە بڕوای (ڕێنان) نەتەوە ((ڕاپرسییەکی ڕۆژانەیە وەک چۆن بوونی تاکەکەس بریتییە لە داکۆکی

کردنی هەتا هەتایی لەسەر ژیان. واتە تاکەکەس لە هەر ڕۆژێکدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر نەتەوە دیاری دەکات. بە پێی ئەمە مرۆڤ بەبێ دەروەستەیی خوێنی و ئێتنی دەتوانێت ئینتیمای خۆی دیاری بکات یان بگۆڕێت))(ئیروانی، ٢٠٠٢، ٢٣)

هەر سەبارەت بە نەتەوە (مێروسلاڤ هروک) دەڵێت نەتەوە((بریتییە لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی گەورە کە نەک لەڕێی پەیوەندییەکی بەرچاوەوە، بەڵکو لە ڕێی تێکەڵێک لە چەندین جۆر پەیوەندیی واقیعی (ئابووری، سیاسی، زمانەوانی، کولتووری، ئایینی، جوگرافیای، مێژوویی) و ڕەنگدانەوەی خودییانەی ئەم پەیوەندییانە لە هوشیاری دەستەجەمعیدا دامەزرابێت، ))(ئیرونی، ٢٠٠٣، ٢٦) واتە دەشێ و ڕەنکە ئەم پەیوەندییانە لە هەندێ حاڵەتدا شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەڵام مەرجیشی نییە گشتیان بەهەمان هێزەوە لە گشت واقیعێکی دروستبوونی نەتەوەدا ئامادەبن، ڕەنگە لە واقیعێکی دیاریکراودا هەندێکیان ڕۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕن و ڕۆڵی هەندێکی دیکەشیان لاوەکی بێت.

(هروک)یش سێ هۆکاری گرنگ و پەیوەست دەستنیشان دەکات، کە مەرجن لە دروستبوونی نەتەوەدا ئەوانەش یەکەم: ((یادەوەریی ڕابردووی هاوبەش کە وەک چارەنووسێک یان لانیکەم وەک ناوەرۆکێکی پێکهێنەری ئەو گروپە لە قەڵەم دەدرێت، دووەم: بوونی پەیوەندیی زمانی یان کەلتووری لێک نزیک کە پەیوەندیی گەلێکی کۆمەڵایەتیی قووڵتر لەناو گروپدا دەێنێتەکایەوە، سێیەم: چەمکی یەکسانیی گشت ئەندامانی گروپ کە بە شێوەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ڕێکخراون))(ئیرونی، ٢٠٠٣، ٢٦) واتە ئەم سێ هۆکارە بەپێی بیر و بۆچوونی هرۆک مەرجن بۆ دروستبوونی نەتەوە و ڕۆڵی گرنگ دەبینێن.

سەبارەت بە ڕۆڵی نەتەوەکان لە کۆمەڵگەدا لە ڕاستیدا بێ بەریکردن و دوورخستنەوە هیچ نەتەوەیەک لە سەرکەوتن بێبەش ناکات، لێرەدا تەنها زەمەنە ئەو مەودایە لە خۆیدا بە نهێنی حەشار دەدات، دەبێ خۆمان لە وەهمی دەستەمۆیی بۆ دوژمن ڕەها بکەین و بازنەی درک و هۆشیاریی نەتەوە لە ناخماندا پەرە پێبدەین.

پووکانەوەی بیری هەستی بێگانەپەرستی چەواشەکارێکی ئایدیۆلۆژی ساختەکارانەی قەدەرێکی سەپێندراوە، ڕەواندنەوەی ئەو تارماییە لە ئەستۆی هۆشمەندان و بیر ڕوناکەکاندایە، بە هەندێ پاساوی قبوڵ نەکراو قەدەرێکی ملهۆڕانە لە مۆتەکەی بنەماڵەیی و ئایینی بە سەرماندا سەپاون، چونکە ڕاستیەکانی نەتەوە بوون زۆر لەم تاریکانە مەزنترن، فاکتەرەکانی ڕوناکی بەهێزترن (ئەمین مەعلووف) دەڵێت: ((لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا فاکتەری تری پەیوەند بە توانا جەستەیی، ئابووریی، ترسی مەعنەوی ڕۆڵیان هەیە)) (مەعلووف، ٢٠٢٠، ٤٠)

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی نەتەوە (محمد المبارک)یش دەڵێت: ((بریتیە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، کە زمان و مێژوو کەلتوور و بیروباوەرو نەریت و ئاکاری هاوبەشن، سروشتیە ئەگەر ئەو نەتەوە کیانێکی سیاسی یان دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی پێکبهێنێت)) (المبارک، ١٩٨٠، ٣٦). ئەوەی موبارەک لە پێناسەی نەتەوە جەختی لێ دەکاتەوە ئەندامانی نەتەوە دەبێت زمان و مێژوو کەلتوورو دابونەریتیان هاوبەش بێت و ئەگەر ئەمانە بوونی هەبێت لە هەر نەتەوەیەکدا ئەوە ئاساییەو دەتوانن کیان و دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت.

نەتەوە وەکو سێنترالێک کە هەموو کایەکانی تر لە خولگەی خۆیدا بسوورێتەوە تەماشا دەکەین ئازادی، شۆڕش، دەوڵەت لە هێلکاری گشتی ئەم چەمکەدا بەدی دەکەین، بەگشتی هەستی نەتەوایەتی لە پابەندبوون بە خاک و خۆشەویستی نیشتمان و هەوڵدان بۆ ڕەهایی و ئازادی وپاراستنی بەهاکانی سیمای بنەڕەتی ژێرخانی بۆچوونی هەر نەتەوەیەکە لە قۆناغەکانی بووندا لە خەسڵەتە هەرە سروشتییەکانی تەواوی کۆمەڵگەکانە، لێرەوە دوو ئاراستەی گرنگ و لە هەمان کاتدا دژ بە یەک لەم چەمکەدا بەدی دەکرێت یان دەتوانین بەڵێن ناسیۆنالیزم لەم دوو چەمکە تێپەڕ ناکات ئەگەر هاتوو لە دیوی سیاسەت و بەها مرۆییەکانەوە وردی بکەینەوە، لە ئاراستەی یەکەمدا نەتەوە نەتەوەیەکی ئازادیخوازو پڕ فەرهەنگی مەعریفی کارەکی لەگەڵ ئەوانی دیکەداو لەئاراستەی دووەمیشدا مانایەکی نەخوازراو لەخۆدەگرێ و لە ڕەوتی نەتەوەی سەرکوتکەر یا نەژادپەرست و توندڕەو داماڵراو لە بەها مەعریفییە فەرهەنگییەکان لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، نموونەی بۆچوونەکانمان لە دەوڵەتانی تاک نەتەوەی ئەمڕۆی ڕژێمە تۆتالیاری و شمولییەکانی جیهانی ئەمرۆی عەرەبی و ئێرانی و تورکیدا بەرجەستە دەبێت، کە هەمیشە ئەم وڵاتانە لە قەیرانی سیاسی کۆمەڵایەتیدان کە بەردەوام هەڕەشەیە لەسەر ئاسایش گشتی نەتەوەییان(دارا مەحموود) دەڵێت:((فاشیزم زۆربەی هەرە زۆری لەسەر بنەمای ناسیۆنالیستێکی توندڕەو و پەیڕەو دەکرێت، کە نەتەوە دەبێتە ئەو خواوەندەی هەمووان دەبێت لە پێناوی ئەودا بژین و بمرین لە نموونەی ئیتاڵیەکەی سەردەمی مۆسۆلینی، کە دەوڵەت جێگای نەتەوە دەگرێتەوە)).(مەحموود، ٢٠١٥، ٧٢). بەردەوام لە دیدگای بیروباوەڕ یا سیاسییەوە لەم چەمکە دەڕوانرێ، کە بێگومان ئەم تێڕوانینە نا تەبایی لێدەکەوێتەوەو کۆکی بیروڕاکان ئاراستەی ڕاڤەی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

سەبارەت بە قوتابخانە و تیۆرەکانی دروستبوونی نەتەوە وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ کرد دیدو بۆچوونی جیاوازیان هەیە بۆ دروستبوونی نەتەوە و نەتەوایەتی، چونکە زانایان لە گۆشەنیگای تایبەتەوە وەک لە بەرژەوەندیی سیاسییانەوە نزیک لە خۆیان دەڕواننە دروستبوونی نەتەوەو پشت بەو تیۆرانە دەبەستن، وەک قوتابخانەی ئەڵمانی پێی وایە کە

نەتەوە لە زمانەوە دروست دەبێت، زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ هاوبەشی ئەندامانی هەر نەتەوەیەک (هێردەر) دەڵێت: ((زمانی باوباپیران لە ڕۆحی نەتەوەکانەوە هەروەها دڵی نەتەوەکانیش بە هۆی زمانەوە لێدەدا، واتە زمان دڵ و ڕۆحی نەتەوەیە و خاڵی کردنەوەی ئەم دووانە نەتەوەیان پێ لەناو دەچێت))(ڕەفیق، ٢٠٠٦، ٣٥٦). واتە زمان گرنگترین ڕەگەزی دروستبوونی نەتەوەیە و هەموو ڕەگەزەکانی تر هێز لە زمانەوە وەردەگرن، بۆیە پێی وایە کە زمان دڵ و ڕۆحی نەتەوەیە هەر گەلێکیش بە یەک زمان قسە بکەن ئەوە یەک دڵ و یەک ڕۆحی هاوبەشیان هەیە.

دارێژەران و لایەنگرانی ئەم تیۆرە باسی گرنگی زمان دەکەن و ڕۆڵی زمان لە دروستبوونی نەتەوەدا بە گرنگ وەسف دەکەن و دەڵێن: ((هەبوونی زمانێکی هاوبەشی قسەکردن بە پێداویستی یەکەمی پێکهاتەوەو دروستبوونی نەتەوە دادەنرێت)) (عەبدوڵڵا محەمەد، ٢٠٢٣، ٢٩)، هەروەها پێیان وایە زمان((جەوهەرێکە و سەرجەم ڕەگەزەکاتی تری نەتەوە هێز لەو وەردەگرن، هەروەها پێیان وایە زمان بنجینەیەکی مەزن و کاریگەریی بەستنەوەی ئەندامانی نەتەوەیە بە یەکترەوە، بە هۆی زمانەوە تاکەکان هەست بەبوون و کەسایەتی خۆیان دەکەن، زمانیش بەرهەمی مێژوویەکی تایبەت و نەریتەکانە)) (ڕەسول، ٢٠٠٤، ٩٠) یەکێتی زمان دەبێتە هۆی دروستکردنی لێکچوون لە بیرکردنەوەی خەڵکیداو هەر ئەوەش وادەکات هۆشیاری ئینتیما بۆ کۆمەڵ و هەستکردن بە یەکێتی بەرژەوەندی وشتەکانی تر بخولقێنێت.

بۆیە یەکێکی تر لەو لایەنگرانەی تیۆریای ئەڵمانی بۆ دروستبوونی زمان (فیختەیە)، کە دەڵێت: زمان پێکهێنەری نەتەوەکانە زیاتر لەوەی کە نەتەوەکان پێکهێنەری زمان بن، هەروەها پاراستنی قەوارەو بوونی هەر نەتەوەیەک دەبەستێتەوە بە پاراستنی بنچینە ڕەسەنەکانی زمانی باوباپیران و پاکڕاگرتنی لە کاریگەریی زمانی بێگانە ئەو پێی وایە ((زمان و نەتەوە دوو شتی گرێدراو تەواوکەری یەکترن زمان بناغەو بنچینەی نەتەوەیە، لەو ڕوانگەیەشەوە سەرجەم ئەڵمانەکان یەک نەتەوە پێکدەهێنن، چونکە خاوەنی یەک زمانن، تەنانەت ئەو سنوورەی کە دەشێت بە سروشتی ناو بنرێ لای ئەم بریتییە لەو سنوورە ناوخۆییەی کە زمانەکان وێنەی دەکێشن)) (ڕەسول، ٢٠٠٤، ٩٢)

جگە لە نووسەران و توێژەرانی ئەڵمان لە دەرەوەی ئەڵمانیش نووسەران و توێژەران بە بایەخەوە تەماشای زمان دەکەن و وەک یەکێک لە بنەما گرنگەکانی دروستبوونی نەتەوە دادەنرێت، یەکێک لەو نووسەرو توێژەرانە (ساطع الحصری)یە، پێی وایە ((نەتەوەکان بە پلەی یەکەم بە هۆی زمانەوە لە یەکتری جیادەکرێنەوە، ژیانی نەتەوەکان بەر لە هەر شتێکی تر

لەسەر زمانەکەیان وەستاوە، لە دەستدانی زمانی نەتەوە لای ئەم توێژەرە یەکسان دەکرێت بە لەدەستدانی ژیانی نەتەوە))(الحصرى، ١٩٥٦، ٦٢) لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تیۆریای ئەڵمانی زمان بە تاکە بنەما دەدەنێت لە دروستبوونی نەتەوەدا، بەڵام ڕاستە زمان یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی نەتەوە و فاکتەری سەرەکی دروستبوونێتی لای تیۆریای ئەڵمانی، بەڵام ناتوانین بڵێین تاکە فاکتەرە، چونکە ئەگەر تاکە فاکتەر بوایە دەبووایە هەموو ئەو گرووپ و کۆمەڵ و وڵاتانەی زمانێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە یەک نەتەوەیان پێکهێنابایە، چونکە هەرگیز لە ڕووی زانستیشەوە ئەوە ڕاست دەرناچێ زمان وەک تاکە فاکتەری دروست بوونی نەتەوە تەماشا بکرێت، بەڵکو دەشێت زمان لای ئەڵمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگتری هەبێت وەک لای فەرەنسییەکان و ئەمریکاییەکان لە دروستکردنی نەتەوەدا، بەڵام ناکرێت بکرێت بە شتێکی کۆنکریتی و ڕەها لە دروست بوونی نەتەوەدا.

لە قوتابخانەی فەرەنسی ویست و ئارەزووی ژیانی هاوبەش دەکاتە بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی بۆ دروستبوونی نەتەوەو بە یەکەوە بەستنی ئەندامانی هەر نەتەوەیەک پێچەوانەی قوتابخانەی ئەڵمانی، کە زمانی دەکردە پێوەر بۆ نەتەوەیبوون، تیۆریای ئەڵمانی لە دژی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی فەرەنسیەکان بوو، بۆیە ئەمە وای کرد فەرەنسییەکان بیر لە داهێنانی تیۆریایەک بکەنەوە کە وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی فەرەنسی بێت لە سەر بنەمای (ویست و ئارەزووی ژیانی هاوبەش) تیۆریایەکیان داهێنا، فەرەنسییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە نەتەوە بوون بە زمان نییە، بەڵکو (بریتییە لەو کۆمەڵە خەڵکەی خاوەن ویست و ئارەزووی هاوبەشن)) (خربطلى،١٩٨٥، ٨)، واتە فەرەنسییەکان بە پێچەوانەی ئەڵمانییەکان ویست و ئیرادە دەکەنە پێوەر بۆ نەتەوەبوون نەک زمان، چونکە پێیان وابوو ڕەنگە چەند زمانێکی جیاواز ویستیان بۆ ئیرادەیەکی هاوبەش بێت، واتە چەند زمانێک لە سایەی نەتەوەیەکدا،

(ئیرنست ڕینان) یەکێکە لە لایەنگرانی تیۆریای فەرەنسی نەتەوە لای ڕێنان بریتییە لە ڕۆح یان پرنسیپێکی ڕۆحی ئەو دوو شتە، کە لە ڕاستیدا هەر یەکێکن ئەم ڕۆحە یان ئەو پرنسیپە ڕۆحییە پێکدەهێنن، یەکێکیان سەر بە ڕابردووە، ئەوی تریشیان لە ئێستادایە، یەکەمیان سامانی فرەو دەوڵەمەندی یادەوەرییەکانە، ئەوەی دووەمیشیان ڕێککەوتن و ڕەزامەندییەکانی ئێستایە، ویست و ئاواتی بە یەکەوە ژیان ئیرادەی بەرز ڕاگرتنی ئەو بۆماوانەیە کە وەک سامانێکی دابەشنەکراو بۆ مرۆڤ ماوەتەوە، بەو مانایەش نەتەوە ((دەبێتەوە بە پێکەوەبوون و بە یەکەوە ژیانێکی ئارەزوومەندانە کە لە سەر بنچینەی ئیرادەو ئارەزووی هاوبەشی تاکەکانی دادەمەزرێت، بوونی سەروەری و شانازییەکانی ڕابردوو هەبوونی ویست و ئیرادەی هاوبەش

له ئێستادا، ئەنجامدانی کاری مەزن له ڕابردوودا و هەوڵدان به ئامانجی ئەوەی کاری زیاتریش بەیەکەوە بکرێت، هەر هەموو ئەمانە فاکتەری پێویستن بۆ بوون به نەتەوە)) (ڕەسول، ٢٠٠٤، ١٠٤)

شەڕی نێوان (فوستل دوکۆلانجی) فەرەنسی و (مومسن) ی ئەڵمانی له سەر ئەوەبوو، که فوستل دەیوت نەتەوە به هۆی زمانەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو پەیوەندیی به هۆکارە جوگرافییەکان و بەرژەوەندییه بازرگانی و سیاسییەکانەوە هەیە، که نەتەوە دروست دەکات خەڵکی به یەکەوە دەبەستێت و دەڵێت ئەوەی ئەلزاسیەکانی کردە فەرەنسی بریتی بوو لەو بەرژەوەندییەو شۆڕشه مەزنه پیشەسازییەی، که له فەڕەنسا ڕوویدا نەک پاوانخوازو فراوانخوازە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام له بەرامبەر وتەکانی فوستلی فەرەنسی بیریاری ئەڵمانی مومسن وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: ((فەرەنسییەکان بەهێزی زەبر و زەنگ دەستیان به سەر ئەلزاسدا گرتووە و بۆ ماوەی دووسەد ساڵ حوکمیان کردووە، لەو ماوەیەدا دونیایەک ڕێگرییان گرتووەتەبەر بۆ بەنجکردنیان تا مێژوو نەتەوەی خۆیان بیر بەرنەوە، ئەو دەڵێت ئەگەرچی ئەلزاسیەکان ڕەنگه هۆشی نەتەوەییان له دەست دا بێت، بەڵام ئەوان تا ئێستا به ئەڵمانی قسه دەکەن له ماوەی شۆڕشی فەرەنسیدا چەند هەرێمێک ویستیان سەربەخۆیی خۆیان وەربگرن و ویست و ئیرادەشیان له سەری بوو، بەڵام دەسەڵاتی فەرەنسی به هێرشی سەربازی وەڵامی دانەوە، که ئەمە پێچەوانەی تیۆریای فەرەنسی خۆیەتی، که بانگەشەی ویست و ئارەزوو ئیرادەی هاوبەشی دەکرد بۆ دروست بوونی نەتەوە))(وەلی، ٢٠٠٩، ٢٤٩)، بەڵام ئەگەر دید و بۆچوونی لایەنگران و توێژەرانی تیۆریای فەرەنسی وەربگرین سەبارەت به دروستبوونی نەتەوە، ئەوە دەبینین جۆرە تێکەڵاوییەک له نێوان چەمکەکانی نەتەوە و دەوڵەت و هاوڵاتیبووندا بوونی هەیە، پێیان وایه دەکرێت نەتەوەیەک له ئەندامانی چەند کولتوورێکی جیاواز پێک بێت، بەڵام بەو مەرجەی که ویست و ئیرادەی لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەم بۆچوونانه لایەنگران و توێژەرانی فەرەنسی زیاتر بۆ بابەتی هاوڵاتیبوون ڕاستتره تاوەکو بۆ نەتەوەیی بوون.

له کۆتایشدا دەشێت ویست و ئارەزوو ئیرادەی هاوبەش بۆ دروست بوونی نەتەوە له لای تیۆریای فەرەنسی تاکه بنەمای دروستبوونی نەتەوە بێت، بەڵام له قوتابخانەکانی تر ئەمە نەک تاکه بنەما بێت، بەڵکۆ ڕەتیدەکەنەوە له دروستبوونی نەتەوە گرنگی و بایەخی هەبێت وەک چۆن توێژەر (عبدالکریم احمد) ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێت: ((بۆچوونی ڕاست ئەوەیە هەر کاتێک هۆکارە بابەتیەکان (زمان، هەرێم، مێژووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش) بوونیان هەیە دەبنه بەڵگەیەک له ئینتما بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو، ئەگەر تاکەکان ئارەزووشیان بۆ ئەو

ئینتیمایە نەبێت ئەو نەتەوەیە هەڵناوەشێت، لەسەر بنچینەی ئەم قسەیە ویست و ئارەزوو نەک هەر نابێتە پێوەر لە دروستبوونی نەتەوەدا، بەڵکو نابێتە پێوەری سەرەکیش)) (احمد، ١٩٧٠، ٨٠)

دوا بە دوای قوتابخانەی ئەڵمانی و فەرەنسی قوتابخانەی مارکسی دێت، ئەگەر چی ئابووری هاوبەش لە هەر دوو قوتابخانەی ئەڵمانی و فەرەنسی نابێت بە بنەمایەک بۆ دروستبوونی نەتەوە، بەڵام قوتابخانەی مارکسی ئابووری هاوبەش دەکاتە بنەمایەکی سەرەکی و پێوەر بۆ دروستبوونی نەتەوە، چونکە لە ((ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا فاکتەری ئابووری لای هەندێک لە بیریاران بوو بە هۆکارێکی بنەڕەتی لە دیاریکردنی چارەنووسی پەیوەندییە مرۆییەکان و لێکدانەوەی جووڵەی مێژوودا، تەنانەت بوو بە سیفەتێکی جیاکەرەوەی فەلسەفەی مارکسیزم لەگەڵ بیروبۆچوون و فەلسەفەو ڕێبازە سیاسییەکانی پێش خۆیدا)) (ڕەسول، ٢٠٠٤، ١٠٩-١١٠)، هەروەها تیۆریایی مارکسی پێیان وایە ((نەتەوە هاوچەرخەکان بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراون ئەویش قۆناغی سەرمایەدارییە، دەوڵەتی نەتەوەییش کە بزاوتە نەتەوەییەکان هەوڵی دامەزراندنی دەدەن، باشترین و گونجاوترین سیستەم دادەمەزرێنن بۆ هێنانەدی خواستەکانی سەرمایەداری)) (ڕەسول، ٢٠٠٤، ١١٢).

لێرەوە نەتەوە سیستمێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی ئابوورییە، کە لە هەگبەیدا بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو هەڵدەگرێ، کە ئامانجی پارێزگاری لە بوون و سەروەری نیشتمانی ئەو کۆمەڵە دەکات، کە لە سەری دەژین لە ڕووی ئایدیۆلۆژی سیاسیشەوە فەرمانڕەوایی خودی نەتەوە، کە لە چوارچێوەی جوگرافیدا بەبێ دەستوەردانی دەرەکی و بتوانی حکوومەت و هۆکاری بەرهەمهێنان لە ژێر ڕکێفیدا کۆبکاتەوە.

١. نموونەی یەکەم: سەرەتایی کەوا دەبینێ نەتەوە دیاردەیەکی سروشتییە و نەتەوەکان هەربوون.
٢. ئەنتۆ سیمبولیە: ڕوانگەیەکی ئاڵۆزە، کە ڕاڤەی نەتەوە بەپێی ڕێڕەوی مێژوویی دەکات وەک دیادەیەکی دنیامیگی گەشەسەندوو.
٣. نموونەی سێیەم: کە بۆچوونێکی زاڵە ئەویش مۆدێرنەیە، کە نەتەوە وەک دیاردەیەکی نوێ دەبینێ.

بە پێی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە ئەگەر هەموو مەرجەکانی دروست بوونی نەتەوە ئامادە بن، بەڵام ئابووری هاوبەش ئامادە نەبێت ئەوە ناتوانین ئەو خوازراوە بە نەتەوە دابنێین، ئابووری هاوبەشیش بوونی نابێت تا دەوڵەت و حکومەت نەبێت ڕێکی بخات، کەواتە دەوڵەتیش دەبێتە

مەرجی سەرەکی دروستبوون و پێکهێنانی نەتەوە، چونکە ناکرێت لەو حاڵەتەدا کە دەوڵەت بوونی نەبێت باس لە بوونی یەکێتی ژیانی ئابووری هاوبەش بکەین، بەڵام دیدو بۆچوونی (ستالین) وەک لایەنگری قوتابخانەی مارکسی و مارکسیستێک جیاوازە بۆ نەتەوە لە دیدو بۆچوونی توێژەران و لایەنگرانی قوتابخانەکانی تر، ستالین بە بەڵگەوە ئاماژە بەوە دەکات مەرج نییە هەموو کۆمەڵێکی جێگیرو زمانی هاوبەش و زەوی هاوبەش نەتەوە پێکبهێنێت، بەڵکو پێکەوەبەستنی ئابووری هاوبەش و حاڵەتی دەروونی هاوبەش کە خۆی لە یەکێتی کەلتووردا دەنوێنێ بنەمایەکی جیاکەرەوەی نەتەوەکانە، بۆیە کاتێک پێناسەی نەتەوە دەکات دەڵێت: ((بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێکی جێگیر، بە درێژایی مێژوو لە سەر بنچینەی یەکێتی زمان، زەوی، ژیانی ئابووری و یەکێتی دەروونی کە خۆی لە یەکێتیی کەلتووردا دەنوێنێ پێکهاتووە)) (جاسم- ڕەسول، ١٩٧٧- ٢٠٠٤، ١٣٧)

سەبارەت بە تیۆریا هاوچەرخەکان لە بارەی دروستبوونی نەتەوەة دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو ناوە دیارانە بکەین کە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا دیارن و خاوەنی دیدو بۆچوونی تایبەت بە خۆیانن وەک (ئیریک هوبسباوم، ئیرنست گیلنەر، بندکت ئەندرسۆن، ئەنتۆنی سمیس): هوبسباوم لە ڕێگای مێژووی کۆمەڵایەتییەوەو گیلنەریش لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆجی و ئەنسرۆپۆلۆجیانەو ئەندرسۆتش لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاپیتالیزمی چاپ و هەرچی سمیسشە سەر بە ڕەوتی مۆدێرنەیەو نەتەوە دەگێڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی بەر لە مۆدێرنەو شی دەکەنەوە)) (قانع، ٢٠٠٠، ٧٠)

بۆیە لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێن دیدوبۆچوونەکان دەربارەی دروستبوونی نەتەوە جیاوازە چ لە ئاستی تاکدا چ لە ئاستی قوتابخانەکاندا، بۆیە دەتوانین لە کۆی ئەو هەموو پێناسانەی بۆ نەتەوە کراون بڵێین نەتەوە بریتیە لە کۆمەڵە کەسانیک، کە خاوەنی زمان و خاک و مێژوو و کەلتوور و ئابووری هاوبەش و هەستی دەروونی و ئارەزووی هاوبەشن، پێکەوە دەبنە هۆکارو بنەمای دروستبوونی نەتەوە، بەڵام هەر بنەمایەک بە ئەندازەو سەنگی خۆی کاریگەری هەیە، هەر یەکەیانش قورسایی بەپێی بارودۆخ و شوێنەکەی لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێن و جیاوازن و گۆڕانیان بەسەردا دێت.

# بەشی یەکەم

## پاری دووەم

### -ڕووبەری مێژووی گوتاری ناسیۆنالیزمی و بزواندنی هەستی نەتەوەیی

ئەدەبی کوردی بەشێکی گرنگە لە سیما و فۆڕمی پتەوکردنی هۆشیاریی نەتەوایەتی کوردی، چونکە لە میانەی بەکارهێنانی زمانی نەتەوایەتییەوە ژیانی ڕۆژانەو هەستی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئەدەبێکی هۆشیاریی نەتەوایەتی بەرجەستە دەکات، شاعیرانی کورد لە پەیامە نەتەوایەتییەکانیاندا بە هۆشیارییەکی ئەدەبییەوە ئەو پەرچەکردارانە دەخەنە دووتوێی دەق و پەیامەکانی یەکێتی گەل و بەرگریکردن لە مافی نەتەوایەتی و بەرجەستەکردنی هەستی ڕاچەنین دژی کرداری نەتەوایەتی و داگیرکاری.

لە میانەی پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتیی کوردی، دەکرێت ئەدەب بکرێت بە ئامرازێک لە دینامیکای چارەسەری ئەو کێشانەی، کە کار دەکاتە سەر ڕۆڵی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی ((ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویان دا کاریگەرییەکی بنەبڕیان کردە سەر سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد، وێڕای ئەوەی کە دەرکەوتە سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەستێکی ڕوونی نەتەوایەتییان لە لا دروست کرد))(اولسن، و:رەمەزان)٢٠٠١، ١٠)، هەر ئەوەش بوو کە ئەو گۆڕانکارییانە سەدایەکی باشیان لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی هەبوو ((کاتێک نۆبەرەی بیری نەتەوایەتیی کوردی لە داستانە بەناوبانگەکەی (مەم و زین) دا بەرچەستەکرد زۆر بە وردی پەردەی لەسەر ژان و ئازاری قووڵی گەلی کورد هەڵماڵی و بە ڕاشکاوانە باسی لە هیوای کورد کرد لە پێناو ئەو ئازادییەدا، خانی هەر ئەو کاتە درکی بەوە کردبوو کە گرنگترین بنەماکانی بنیاتی قەوارەی نەتەوایەتیی هەر میللەتێک زمان و مێژووی هاوبەشە، خانی یەکەم کەس بوو لە شیعرەکانیدا باسی لە کوردو گرنگیی یەکگرتن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دەکرد کە ملکەچی هیچ کەسێ نەبێت))(شاکەلی، ١٠١٩، ٩١).

سەرباری زووتر دەرکەوتنی سەرەتاکانی هەستی هۆشیاریی نەتەوایەتی کوردی، بەڵام سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دواکەوت، بە پێی مێژووی چەکەرەکردنی شۆڕشە کوردییەکان، شۆڕشەکەی شێخ عوبیدڵڵای نەهری (١٨٧٨- ١٨٨١) بە پێی چەمکی هاوچەرخ ((بە یەکەمین شۆڕشی نەتەوایەتیی دادەنرێت، کە بانگەوازی بۆ سەربەخۆیی کورد دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) ڕۆڵێکی گرنگی دەگێڕا لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و بانگەشەی

یەکگرتنەوەی هێزە کوردییەکانی دەکرد بە ویستی ڕزگارکردنی کوردستان و دەرهێنانی لە چنگی دەسەڵاتی تورکی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ)) (عیسی، ٢٠٠٢، ٦٣). هەروەها ئەدەب شێوازێکە بۆ سەلماندنی ناسنامەی کوردبوون و یەکخستنەوەی ڕیزەکانی جەماوەر و پتەوکردنی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی لای هەر کوردێک، سەرباری ئەوەش لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی قارەمانێتی و بەرگری و خەباتی نەتەوایەتی کوردی بەرهەم دێت، کە هاونیشتمانان دەتوانن بە چاوی گەشبینەوە بڕواننە هیوای پاشەڕۆژ و پەرچەکردارەکانی داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوە ((ئەو هۆشیاری و هەستکردنە بە ئینتمای سەر بە نەتەوەیەک یان میللەتێکی دیاریکراو، وا دەخوازێت کە بە بۆچوونی مرۆڤ ئەو هەستە بپارێزێت، چونکە هەست دەکات کە بە تەنیا نییە و هێزی نەتەوایەتی لە پشتێتی کە بتوانێت لە میانەیەوە شانازی بە نەتەوەکەی بکات)) (الداودی، ٢٠١١، ٥٧)

لە ڕاستیدا بیری نەتەوەیی لای کورد لە بزاوتێکی فەلسەفیدا، کە بیر و سیاسییەکان ڕابەری بن گەڵاڵە نەبوو، بۆیە بیری نەتەوایەتی لاواز بوو بوو، بە تایبەتی لە ساڵی١٨٩٠ دا کە (سوارەی حەمیدی) گرنگی زۆر و دەسەڵاتی فراوانیان پێ درابوو ئەم ڕەفتارانە سەرەتای چەکەرەکردنی بیری ڕزگاری نەتەوەیی و خەملاندنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا جووڵانەوەی گەلانی ژێردەستەی عوسمانی سەری هەڵداو هێزی خێڵایەتیی دەرەبەگیش ڕوو لە داڕمان بوو، ئەمەش کوتومت هاوتای وێنەی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ ساڵی ١٩٥٨بوو، کە جووتیاران دژی دەرەبەگەکان وەستان و سستەمی دەرەبەگیان هەرەس پێ هێنا، لە ئەنجامدا توێژی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد و هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکانیان قۆستەوەو ڕەوشێکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد هاتەپێشەوە.

(هەڤان)ی نووسەری ئێرانی دەڵێت: ((هەموو ئەو ڕووداوانەی لەناوچەکەدا ڕوودەدەن لەئەنجامی کاریگەریی جووڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بووە، تەنانەت ئەو ڕووداوانەی کە ئیسماعیل ئاغا(سمکۆ) ئەنجامیدا لە ئەنجامی کاریگەریی سیاسی جووڵانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵایە لە ناوچەکەدا)) (کەریم، ٢٠١٣، ٣٧٤) ئەم بیرە نەتەوەییە لە نێوان بیر و چەمکە پاشکەوتوو لیبرال و سۆشیالیزمی و مارکسیدا گیریخواردبوو.

بۆیە بیری نەتەوەیی لای کورد وەکو ئەوەی لە ئەورووپادا ڕوویدا گەڵاڵە نەبوو، چونکە لە بزووتنەوەیەکی بیریی و فەلسەفیدا نەخەملیوە کە پێشانگای سیاسی و خاوەن بیرە

دوورمەوداکان بن، بەڕوونی ئەمە لە تەواوی بزووتنەوە سیاسییەکان و ڕاپەڕینەکانی تەواوی پارچەکانی کوردستاندا دەبینرێت.

ڕۆڵی ئەدەب لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی و سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە چوارچێوەی دەقدا ئاسۆیەکی فراوان و پانتاییەکی باشی گرتووە، هاوکاریشە لە گوزارشتکردن لە خود و بیرکردنەوە لە چوارچێوەی هەستێکی ڕەخنەگرانە لە کێشەو ململانێ ناوخۆییەکاندا، ئەویش لە میانەی پێشکەشکردنی دەقی شیعری و چیرۆک و ڕۆمان و گوتاری بەرەنگاری، دەکرێت ئەدەب هاوبەش بێت لە خستنەڕووی بۆچوونی ئالنگاری و ئەو پەرچەکردانانەی کە دووچاری کۆمەڵگەی کوردی دەبێت و کاردەکاتە سەر ناسنامەو مافی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی،

(ڕەفیق سابیر) ش سەبارەت بە هوشیاریی نەتەوایەتی دەڵێت: ((ئەو هەست و بیر و ئاگایی و فۆڕمانەی خۆ ناسینە کە کۆمەڵە خەڵکێک دەربارەی بابەتییانەی خۆی وەک دیاردەیەکی تایبەتمەند و بە جیا هەڵکەوتوو لای دروست دەبێت)) (محمد:سلیمان، ٢٠٢١، ١٧٩)

کەواتە هۆشیاریی نەتەوایەتی دەخوازێت کە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەمان بۆ جەوهەری ڕۆشنبیری کوردی هەبێت، کە بە پشتیوانیی هێزێکی ڕۆح پەروەری کوردایەتی تایبەت بەرجەستە دەبێت، هەروەها ((هەستی نەتەوایەتی ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە و بەرەو دەستەبەرکردنی مێژوو و هۆکارەکانی دۆکۆمێنتکردنی ئەو مێژووەوە فەراهەم دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێت درک بەو هێزە ناوخۆییە کاریگەرە بکەین کە لە دەروون و دڵ و ڕۆڵی تاکەوە جێگیر دەبێت، چونکە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرییان بەسەر کرۆکی ناوخۆییەکانەوە هەیە)) (زریق، ١٩٣٩، ٣٩)، کەواتە گەڕانەوە بۆ مێژوو و ڕابردووی هەر نەتەوەیەک دەبێتە دیڤاکتۆ نەک بۆ ئامێتەبوونی هۆشیاری نەتەوایەتی لەگەڵ بەردەوامبوون ئەو بیروبۆچوونەی کە باس لە بنچینەو ڕەگداکوتانی نەتەوە پارێزی و بەرجەستەکردنی پرنسیپەکانی هەستکردن بەو ستەم و زوڵم و نادادییەی کە لە پەرچەکرداری چەوساندنەوەی نەتەوە لەلایەن زلهێزێکەوە لە جوغزی دەستگرتن بەسەر خاک و نیشتمان و ئاو و ڕۆحی نەتەوایەتی سەرهەڵدەدات.

بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کوردی هەمیشە لە تەنگەژەی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی نەبووە، بۆیە هەمیشە لە نێوان کۆمەڵە و بیرێکی پاشکەوتووی سنووردار و لیبراڵ و ئایدۆلۆژیای شۆڕشی هاوەردە کراودا دەیناڵاند، هەرچەند چوارچێوە گشتیەکەیی دروشمی سەربەخۆیی نەتەوەیی بووە.

سەبارەت بە پێناسەی هۆشیاریی نەتەوایەتی، کە بە ئاراستە جیاجیاکان دانی پێدا نراوە، پێناسەکەی (مانجینی) ئیتالّییە دەڵێت: ((کۆمەڵگایەکی سروشتیی مرۆڤە کە یەکێتی خاک و بنەچەو دابونەریت و زمان پێکەوەگرێ دەدات لە میانەی هاوبەشی لە ژیان و هەستی کۆمەڵایەتییەوە)) (هوبسباوم، ١٩٩٩، ١٠٥) ئەوە لە کاتێک گەلانی ئەوروپا هەستیان بە هۆشیاریی نەتەوایەتی و وابەستەی چارەنووسی مێژوویی کرد ((لە میانەی ئەو چینەی کە داوای دەکرد دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت لە میانەی میکانیزمی دەسەڵاتێک، کە خەبات بکات لە پێناو چارەنووسی سیاسی، یەکەم سەرهەڵدانی مێژووی پرۆژەی سیاسی و نەتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو هۆشیارییە ساڵی ١٧٨٩ ی شۆڕشی فەرەنسایی سەری هەڵدا ((سعدالله، ٢٠٠٢، ٢٠)

مەلای جەزیری شانازی بە زمانی کوردییەوە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر خوێنەری کورد شیعری شاعیرانی کورد بخوێننەوە چی پێویست بە شیعری شاعیرانی فارس و شیراز دەکات، ئەمە لە لایەک شانازیکردنە بە خودی خۆی، لە لایەکی ترەوە خەڵک و خوێنەری کورد هاندەدات و هۆشیاریان دەکاتەوە بەوەی ڕوو لە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کورد بکەن، وەک دەڵێت:

**گەر لۆئلۆئێ مەنثور ژ نەظمی تــو دەخـــوازی**

**وەرە شیعرێ مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت (دیوانی مەلای جەزیری، ١٩٧٧، ١٠٢)**

حاجی قادری کۆیی یەکێکە لەو شاعیرانەی گوتاری شیعریی لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە، وەک شاعیرێکی ڕۆشنگەری بیر خەملێوی تاراوگە لەم دەقەدا پێی وایە، کە ڕێک نەکەوتن و یەکنەگرتن هۆکاری دواکەوتوویی کوردە، کە ئەمەش ئەرک و رۆڵی گوتاری دەقە، کە لە هۆشیارکرنەوەی کۆمەڵدا بە دیار دەکەوێت و دەڵێت:

**تارێک نەکەون قەبــــیلی ئـــــەکــــراد**

**هەروا دەبنـــــــە خــــەرابە ئـــــاباد**

**ئەنواعی میلەل گەورە تا بــــچــــووک**

**خەمــڵیوە مەمــــــالیکی وەکوو بــووک**

**یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ**

**بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ(دیوانی حاجی قادری، ١٣٩٠، ٢٩)**

عەبدلخالق ئەسیریی شاعیریش وەکو درێژە پێدەری ڕێبازی حاجی هەمیشە گوتاری شیعریی لە پێناو هۆشیارکرنەوەی ڕۆڵەی نەتەوەکەیدا بووە، لەم دەقەدا شاعیر پێشکەوتنی ئەوروپا وای لێ دەکات داوا لە تاکی نەتەوەکەی بکات هەوڵ و کۆشش بکەن بۆ زانست وەرگرتن و خوێندن ڕوو لە لەندەن بکەن، ئەمەش دڵسۆزی شاعیر دەردەخات بۆ پێشکەوتنی ڕۆڵەی نەتەوەکەو وڵاتەکەی وەک دەڵێت:

**ئارەزووی زانینی چشت و کارگەری گەر فێر نــەبی**

**مەرکەزی تەحسیل و عیلمت ڕۆڵە ئەمڕۆ لـــــەندەنە**

**وەختێ پێغەمبەر لە عیلما چین بوو ئوستادی جیهان**

**لۆندەرە ئەمڕۆکە شاری صەنعەت و عیلم و فـــــەنە ( شارەزا- جەباری، ١٩٧٤، ٣١)**

ئەگەر نەتەوەو ناسیۆنالیزم بەرهەمی قۆناغی گەشەی پیشەسازی و میدیایی بێت، ئەوا ئەمانیش لە هەناوی مۆدێرنەدا لە دایکبوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ناسیۆنالیزم بناغەی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەییەو کۆلۆنیالیزم هۆکاری بنەڕەتی و ئاکاری سەرەکی هاتە دونیای دەوڵەتی نەتەوەییەو دەوڵەتی نەتەوایەتیش دەبێتە سستەمێک یان مۆدێلێک بۆ ژیانی سیاسی.

دەوڵەتی نەتەوەیی ئەگەر مۆدێلێکی گونجاوی ژیان بێت، ئەوا بێ دوو دڵی سستەمێکی گونجاوی دەوڵەتی یاسایەو کۆتایی هێنانە بە فانتازی خێڵ و عەشیرەت، کە تا ئێستاش کورد لە ئامادە نەبوونی گیانی نەتەوەیدا سستەمی خێڵ و عەشیرەت دەبنە مۆتەکەو بەری هەموو پەرەسەندنەکانی لێ دەگرن و نەتەوە لە ئەڵقەیەکی بەتاڵی بونیادی کۆمەڵایەتیدا قەدیس دەکەن و، ئەمەش ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی بەردەوام پەرت دەکەن و ئەفسانە خێڵەتیەکان دەبنە مۆتەکەی مێژووی گەشەی کۆمەڵایەتی.

مەریوان وریا قانع دەڵێت: ((ناسیۆنالیزم هەمیشە کەلتوورێکی فراوانی پێناسەکردن و ناساندنی موفرەداتەکانی ژیانی ڕۆژانەو پەیوەندیی نێوان تاک و کۆێ گەوهەرەکانی هەیە))(قانع، ٢٠٠٥، ٦٥).

عوسمانییەکان دوای ئەوەی کەوتنە ژێر گوشاری دەوڵەتانی ئەورووپا و باری ئابووری بەرەو لێواری داڕمان دەڕۆشت، ناوچە کوردنشینەکانیش کەوتنە ژێر هەمان بارگرانی ئابووری، عوسمانییەکان بۆ کەمکردنەوەی فشارە ئابوورییەکانی گرنگییان بە هۆز و تیرە

کوردەکان دەدا تا لەو ڕێگایەوە دەرامەتی مسۆگەر بکات و سستەمی خێلایەتی دان پێنراو بوو سەروک خێڵەکان دەسەڵاتی فراوانیان پێ درابوو سەرباز و باجیان بۆ دەوڵەت دەنارد.

پتەوکردن و بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی ڕێگەی جۆراوجۆری دەوێت، بەڵام قانعی شاعیر گوتاری شیعری کردووە بە ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوەو چارەسەرکردنی ئەو کێشەوکەمو کورتیانەی کە تووشی گەل بوون، شاعیر دەیەوێ لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەوە ناسنامەی نەتەوەیی بسەلمێنێت، ئەگەرچی لای زۆربەی نەتەوەکانی دونیا ئەدەب ئامرازێک بووە بۆ هۆشیارکردنەوەو گەیاندنی پەیامی پیرۆز، بۆیە قانعی شاعیرش لە ڕێگای شیعرێکەوە گەل ئاراستە دەکات بۆ گرنگی دان بە خوێندن و گەیشتن بە ئامانجی گەل، کە سەرکەوتنە وەک دەڵێت:

**ڕۆڵەکەم خوێندن بخوێنە مەکتەبە دەرمانی کورد**

**تێگەیشتن مەرهەمە بۆ زامی بێ سامانی کــورد**

**لاپەڕەی مێژوو ئەزانێ چۆن بوون شێرانی کورد**

**باسی بــابـــە ئەردەڵان و زەندی و بابانی کورد (عەلی، ٢٠١٣، ٥٠)**

لێرەوە پرسیارێک خۆی دەهاوێتە نێو هاوکێشەی بابەتەکەوە، ئایا ئەم هەوڵە شیعری و فیکرییانە دەچنە نێو جوغزی ئایدیۆلۆژی نەتەوەییەوە؟ لە ڕاستیدا بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و ئاگایی نەتەوەیی لای ڕۆشنبیران و خوێنەران دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، کە ئەمە دادەنرێ بە خەملێنی بیری نەتەوەیی و ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوبوونەوەو چاندنی بیری نەتەوەیدا هەبووە بۆ یەکگرتنی تەواوی بزووتنەوەکان لە پێناو ڕزگارکردنی کوردستان لە چنگی عوسمانییەکان.

جگەرخوێن گوتاری شیعریی بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆلەی نەتەوەکەی بووە، داوای خەبات دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی، لەم دەقەدا دەڵێت:

**میللەتێ ڕەبەن، قەت نـــابی هشیار**

**هەزار ساڵە کو تو مایی بـــــن بار**

**رەبەن، پەریشان، توماویی بندەست**

**شڤان و گاڤان، کارکەرو جــووتیار**

**پاشا و بــەگلەر، ئاغا و مـــوختار**

**ماڵێ تــەدخــون ب زۆر ز ب دار ( ڕەسول، ٢٠٠٩، ٦٢)**

لێرەوە ڕۆشنبیران توانییان کاریگەریی بەرچاویان لە بڕیاری سیاسیی سەرکردەکاندا هەبێ، ئەویش زیاتر بە هۆی (١٤) خاڵەکەی (وودرۆ ویلسون)ی ئەمریکی بوو بە تایبەتی خاڵی (١٢)، کە تایبەت بوو بە مافی کەمایەتیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی.

سەبارەت بە هۆشیاریی نەتەوەیی کامەرانی شاعیر دەربارەی لوتکەی بەرگریکردن لە بوون و ناسنامەی گەل لە نووکی خامەی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە ئەو ڕاستیە بە گوێی دوژمن و نەیاری کورددا دەدات، کە هیچ هێزێک ناتوانێت گوڵی چرۆکردووی کورد بڗاکێنێ و ڕیشەی لە خاک چەقیوی وشک بکات، ئەمە لەلایەک پەیامێکە بۆ دوژمنانی نەتەوەکەی، لەلایەکی ترەوە هۆشیاریی نەتەوەییە بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی، شاعیر پەیامی دەقەکەی لە خزمەت ئاشتی و ئازادی گەل و دونیادایە، شاعیر هۆشیارییەکی نەتەوەییمان لێ دەخوازێت و دەڵێت:

**تێکۆشن بێ دڵ بۆ ئـــــــــاشتی دنیا**

**ژیانی گەلان، ناو جــــــــەرگەی هیوا**

**بانگ کەن بە یەک دەنگ دەنگی دلێران**

**ئاشتی نەوەک شەڕ، شـــــەڕی دڕندان**

**ژیـــان نــــەک مــــەرگ، ژیانی ئازاد**

**دیموکراتی و هـــەق خـــۆشی و داد (دیوانی کامران، ٢٠١٣، ٣٤)**

گوتاری هۆشیاریی نەتەوەیی یان ناسیۆنالیزمی بزاڤێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە کاریگەریی لەسەر ڕووبەرێکی فراوانی کۆمەڵایەتی جێدهێڵێت و هەژاندنی هەست و سۆز لە قووڵترین خاڵدا داهەژێنێ و نەتەوە دەکاتە گەورەترین هێزی بزواندن و ئینتمابوون (میجەرسۆنی) بەریتانی دەڵێت: ((گیانی نەتەوەیی کوردی لە ماوەی سەدەی نۆزەیەمدا بەئاگا هاتەوەو لەگەڵ هەوڵەکانیدا ڕاشکاوانە وەستا لە بەرامبەر سستەمی تورکەکان وەکو جووڵاندنەوەکانی میری بابان عەبدوڕەحمان پاشا لە ساڵی(١٨٠٦)و محەممەد پاشای میری سۆران ساڵی(١٨٢٢) و میری بۆتان بەدرخان پاشا ساڵی(١٨٤٢) دا)) (کەریم، ٢٠١٣، ١٤٨)

عوسمان سەبریی شاعیر گوتارە شیعرییەکەی ئاراستەی لاوانی نەتەوەکەی دەکات و داوای خەبات و تێکۆشان و ئاشتی و ئازادییان لێ دەکات و ئامۆژگاری و هۆشیاریان دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی و دەڵێت:

**خورتێ چـــــاک ڕابە زوو مـــــە دڤێ دلـشادی**

**سەرخوەبوون، ئـــاشتی، سەربـــــەستی، ئازادی**

**ڤان تشتان هەر دەڤێ پر خەبات وەست و خوین**

**بەری مە سەد هـــــەزار، سەد هەزار تێدا چون ( خەزنەدار، ٢٠٠٦، ١٤)**

لێرەوە سەردەمێکی نوێی خەملاندنی بیرو هۆشیاریی سیاسی و ئەدەبی کوردی دەست پێ دەکات و مێژوویەکی نوێ لە ڕەوتی بیرو هزری ئەدیبان و زانایانیانی ئاییندا دێتە کایەوەو وەکو ناوەندێکی بیری گەشەکردوو دەبنە مێژوویەکی پڕشنگدار و ئامانجدار.

عەبدولخالید سابیر لەم بارییەوە دەڵێت: ((بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کورد و ئەدەبیاتەکەی ئەوە دەکەوێتە بەرچاو کە لە ڕێی ئەو ناوەندە زانستی و کەلتوورییانەوە شاعیران و ڕووناکبیران وەکو (نالی، سالم، مەولانە خالیدی نەقشبەندی، حاجی قادری کۆیی)و چەندانی تر پێگەیشتن کە دواتر ڕۆڵی بەرچاویان لە چەسپاندنی زمانی ئەدەبی کوردی و پێشخستنی کەلتوور و هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی بینی)) (کەریم، ٢٠١٣، ٥١) خانەی قوبادیی جـــــوانی وتووە

**بە لەفزی کوردی کوردستان تەمام**

**پێش بوان مەحظوظ باقی و السـلام (ڕەسول، ٢٠٢٢، ٢٧٦)**

عەبدولخالید سابیر دەڵێت: ((لەکاتی فەرمانڕەوایی میر بەدرخان پاشای میری بۆتان ستەم و سیاسەتی لاواز کردنی میرنشینە کوردییەکان لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە پیادە دەکرا ئەم میرە پەیوەندیی بە میرانی میرنشینە کوردەکانی ئەوکاتەوە کرد بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی نەتەوەیی بە مەبەستی ڕزگارکردنی کوردستان و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بەدوای ئەودا، میر بەدرخان توانی هاوپەیمانییەک پێکبهێنێت بە سەرۆکایەتی خۆی لە نێوان هێزە کوردییەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەو پەیمانەیش بە (پەیمانی پیرۆز) ناودەبرێت، کە میری ئەردەڵان (خەسرەو خانی دووەم) و(میر محەمەدی ڕەواندزی) میری میرنشینی سۆران چوونە ناو ئەو پەیمانەوە)) (کەریم، ٢٠١٣، ٥٣)

(بله) لێرەدا گوتاری دەق و پەیامی شیعریی لە پێناو پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتی و هۆشیاریی نەتەوایەتی و بەئاگاهاتنەوەی گەلە، چونکە شاعیر پێی وایە بەر لە هەموو شتێک یەکگرتن و یەکدەنگی پێویستەو زامنی سەرکەوتنی گەلە کاتێک دەڵێت :

**هەتـــاکو ئێمە وەهـــا دامـــاو بین**

**لەگەڵ یـــەک وەکو ئاگر و ئاو بین**

**دیل و ژێر دەست و دابەشکراوبین**

**بۆ دوژمن کەوتوو، لە ئاست یەک پیاو بین(بەرزنجی، ٢٠٠٧، ٤٩)**

هەرچەندە ڕۆشنبیران و شاعیران و کەسایەتییەکان ڕۆڵی خۆیان لە هۆشیاریی و بانگەشەی سەربەخۆی نەتەوەییدا هەبوو، بەڵام هیچ یەکێک لە بزووتنەوە و شۆڕشە کوردییەکان نەیانتوانی ئەوەی دەیانەوێت بەدیبهێنن، ئەمەش وای کرد جەماوەری کوردی گرنگی بە کۆبوونەوەو پاڵپشتی و ئینتیمابوون بۆ پارتە سیاسیە کوردەکان بدەن.

لێرەوە پارت و کۆڕو کۆمەڵە کوردییە نهێنییەکان دروستبوون بە تایبەت دوای هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی تورکی لە ساڵی(١٩٢٣) کێشەی کوردیش بە حوکمە سیاسییەکە تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکی دا نەمایەوە.

لە ڕاستیدا شتێک نییە لە دەرەوەی نەتەوە، دەوڵەت بەجیاکردنەوە لە دەرەوەی ڕاستییەکانەو هەردووکیان لە تەوەری یەک چەمکی مەعریفەدان. عەبدوڵڵا پەشێو کات و شوێن لە یەک مێژووی دوو چەمگدا تێهەڵکێش دەکات ئەیەوێت لە ڕێگەی ئەم دەقەوە پەیامێک ئاراستەی نەتەوەکەی بکات و هۆشیاریان بکاتەوە کاتێک خەو بە شاعیر حاجی قادرەوە دەبینێت، کە یەکێکە لە شاعیر نیشتمانپەروەرەکانی کورد بارودۆخی نەتەوەی کورد بۆ حاجی دەگێڕێتەوە، کە دووبەرەکی وا خەریکە نەتەوەی کورد لە ناو دەبات، بۆیە لە زاری حاجییەوە دەڵێت:

**شەو لە خەوما**

**ئارامگەی (حاجی) م دیتەوە**

**چۆکم دادا، سوجدەم برد بۆی**

**گوتم (حـاجی پەرێشانین)**

**سەری کز کرد**

**گوتی (مەرد بە زیندووم کەوە)!**

**گوتم گەورەم!**

**من عیسانیم**

**چۆن زیندووت کەمەوە، بێژە؟**

**گوتی (لێرە دەرم بێنە**

**دووبەرەکی**

**لە شوێنەکەی من بنێژە) (عەبدوڵلا پەشێو، ۱۳۹۳، ۲۱۹)**

بۆیە نەتەوە هەمیشە ورووژێنەرێکی ناخی تاکی کوردە بە درێژایی مێژووی داگیرکەری هەر لە کەوتنی مادەوە (٥٥٠) پ. ز تا گەشتی زیزەفۆن و مێژووی تۆمارکراوی ئوسترابۆنی یۆنانی لە دەوروبەری (٣٠١- ٤٠٠) پ. ز

لەتیف هەڵمەت بە درێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی خامەکەی بەبەر بەرگریی نیشتمانیی و نەتەوەیی بارگاویی کردووە، لێرەشدا ڕووی دەمی لە دایکانی نیشتمان دەکات و داوایان لێ دەکات ڕۆڵەکانی گەل فێری نەبەزین بکەن (نەبەزین لە خۆشەویستی نیشتمان)، چونکە ئەم سەرنەکەوتنە شکستی گەوەر و هۆکاری لەناوچوونی ئەبەدی بە دوادا دێن و دەڵێت:

**ئەی دایکەکان**

**دەستەکانتان ماچ ئەکەم**

**دەستەکانتان**

**مناڵەکان**

**فێری خۆشەویستی بکەن**

**خۆشەویستی...**

**خۆشەویستی نیشتمان**

**نیشتمان..**

**نیشتمان ..**

**ئەی دایکەکان (هەڵمەت، ١٩٧٩، ٣)**

بۆیە دەبێت ناسیۆنالیزم هاوتا یا گرێدراوی ئازادی سەربەخۆیی مافخواز بکەین بە تایبەتیش لەو دەمانەی نەتەوەی ژێردەست بین لە دژی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی خەبات بکەین، لێرەدا لە تێڕوانینێکی باڵاترەوە لەم دۆخەی نەتەوە دەڕوانین و شەرعیەتی یاسایی و سیاسی لە چەوسانەوە و داگیرکراوی ماف زەوتکراوی بە دەست دێت.

بابا ڕوخی هەمزایی دەڵێت :

**خویایە وا دیارە ڤی دزانیت نەیارە**

**کوبی سەرو هرارە لەوتی میناکی مارە**

**کالین: وەزن بهەڤرا لاوێن: وەزن ب تەڤرا**

**دەست خەنجەری سەدەفرا ب ساز و مازو دەفرا (کەریم، ٢٠١٣، ٣٩)**

لەم دەقەدا شاعیر ڕاستەوخۆ لاوانی نەتەوە دەدوێنێ و هانیان دەدا بۆ جەنگ لەگەڵ دوژمنان و سەرکەوتن بە سەریاندا لە پێناوی خولقاندنی گەشانەوەو شادی بۆ نەتەوە، هەروەها هانیان دەدات کاراو کارامە نەتەوە هان بدەن بۆ یەکێتی و یەکگرتن.

## بەشی یەکەم

### پاری سێیەم

### نەتەوەیی و دەوڵەتبوون لە هاوکێشەی مەعریفی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا

که باس له هەر چەمکێک دەکەین دەبێت بگەڕێنەوە بۆ بناغەی وشەکەو مێژووی بەکارهێنانی، بۆ یەکەم جار کێ بەکاری هێناوە و بۆ چی مەبەستێک بەکارهێنراوە، دیارە وشەی دەوڵەتیش یەکێکە لەو چەمکانەی کە مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وشەیە لە سەدەی چواردەمەوە لە نووسینە جۆراوجۆرە ئەوروپییەکانەوە بەر چاو دەکەوێت . هەر وەک چۆن لە ئینسوکلوپیدیای بەریتانیاش ئاماژەیان پێ کردووە و هاتووە کە وشەی دەوڵەت)) (state) بۆ کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو بەکاردێت، لە ڕووی سیاسیەوە نۆێیە، بۆ یەکەم جار لە سەدەی شازدەهەم دا بڵاوبووەوە و یەکەمین کەسیش تیۆرناسی ئیتاڵی نیکۆلۆماکیاڤیللی لە کتێبی (prince) دا بەکاری هێنا)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٥٢)، واتە دوای ئەمە تاڕادەیەک ئەم وشەیە جێگیرکرا، ئەگەر چی پێشتر وشەی دەوڵەت بۆ چەمکی جیا جیا بەکاردەهێنرا، بەڵام وردە وەردە گەشەی کرد تا ئەوەی وشەکە بە تەواوی گەشەی کردو مانای ئێستای وەرکرت، بەو واتایەی دەوڵەت بریتییە: ((لە کۆمەڵێک خەڵک، کە لە نیشتمانێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و خاوەنی حکومەتێکن کە سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی کاروباری دامودەزگاکان و جێبەجێکردنی یاساکانە، خەڵک بە هۆی ئەو دەوڵەتەوە خاوەنی سەروەری نیشتمانین، کە لە ڕێگەی جەوهەری حاکم و دەسەڵاتی باڵاوە لە هێرشی ناوخۆیی و دەرەکی پارێزراون)) (فەلاح، ٢٠١٩، ٤٥) واتە کۆمەڵێک مەرج نییە یەک نەتەوەش بن خاوەنی حکومەتن و کاروباری تاکەکانی ئەو دەوڵەتە جێبەجێ دەکەن و دەیانپارێزن لە هەر هێرشێکی دوژمنان بۆ سەر دەوڵەتەکەیان.

هەر سەبارەت بە وشەی دەوڵەت هەندێک لە پسپۆڕانی ئەم بوارە بە مانای پارەو دەوڵەمەندیش دێت، لای پێشینان ئەم زاراوەیە بۆ چەمکی بەریوەردنیش بەکارهاتووە. (جۆرج . سابابن)یش سەبارەت بە زاراوەی دەوڵەت ڕاوبۆچوونی خۆی خستۆتە ڕوو و پێی وایە ((زاراوەی دەوڵەت وەک ناوێک بۆ قەوارەیەکی سیاسی خاوەن سەروەری لە زمانە نوێکاندا لە ڕێگای نووسینەکانی مەکیاڤیللییەوە نەبووایە بڵاونەدەبووەوە))(عەتەوی :و: طالب و ئەحمەد، ٢٠٠٣، ٥٥)، واتە جۆرج یەکەم کەسە باسی زاراوەی دەوڵەتی کردووە، کەس پێش ئەم باسی نەکردووە، ئەگەر باسشی کرابێت بۆ واتاو مەبەستی تر بەکارهاتووە.

وشەی دەوڵەت لە زۆربەی فەرهەنگی زمانە جیاوازەکاندا وەک یەک باس کراوە، فەرهەنگی (لاروس) وشەی (الدولە) لە شەڕدا سەرکەوتن هەر جارێک بۆ لایەنێک، جارێکی دی بۆ لایەنێکی دیکەیە لە وڵاتە. واتە: ملکەچبوونی دانشتوان بۆ نیزامی بەڕێوەبردن و سیاسی و ئابووری تایبەت)) (البحر، ۱۹۷۳، ٥٤٧)

هەروەها لە فەرهەنگی (دەریا)شدا وشەی (دولە) بە مانای (دەوڵەت – میری – وڵات – ڕووداوەکانی ڕۆژگار دێت)) (کریم، ۲۰۰٥، ۲۸۷) واتە وشەی دەوڵەت لە زۆربەی زۆری فەرهەنگەکاندا واتاکانیان لە یەکەوە نزیکن و بۆ یەک مەبەست بەکاردێن.

سەبارەت بە پێناسەی دەوڵەت وەک زۆربەی هەرە زۆری چەمکەکان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانی ئەم بوارەوە بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە هەر یەکەیان بە پێی بوارو پسپۆری خۆیان پێناسەیان کردووە، سەرەڕای ئەمەش بەپێی سەردەم و قۆناغەکانش چەمکی دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەمە وادەکات کە پێناسەکان جیاواز بن، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازیەش هاوشێوەیی و لێکچوون لە پێناسەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکن، کە دەوڵەت کۆمەڵە خەڵکێکە لەسەر پارچە زەوییەک دەژین و بەپێی دەسەڵاتێکی تایبەتی بەڕێوەدەچن. لەوانەی پێناسەیان بۆ دەوڵەت کردووە (ئەفلاتوون) پێی وایە: ((دەوڵەت سازمانێکی ئابووری تەاواوە لە ئەنجامی پێویستییەکانی مرۆڤ پەیدابووەو لەسەر بنچینەی ڕەوشی دابەشبوونی کار بۆ دابین کردنی پێویستییەکان دروست بووە)) (گەردی و مەعروف، ––––––، ٤٤) واتە بەلای ئەفلاتوونەوە لایەنی ئابووری هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی دەوڵەت لەلایەن کۆمەڵی خەڵکەوە.

ئەرستووش هاوڕایە لەگەڵ ئەفلاتوون سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەت، ئەمیش جەخت لەسەر ئابووری بەهێز دەکاتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و دەڵێت: ((هەر دەوڵەتێک کۆمەڵێکە، هەر کۆمەڵەش بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، کەواتە هەمووان شتەکان وادەبینن کە خێرو چاکەیان تێدایە … ئاشکرایە هەموو کۆمەڵەکان ئامانجیان خێروچاکەیەو لە هەموویان مەترسیدارتر ئەوەیانە کە بە دوای زۆرترین خێروچاکەدا وێڵە بەم کۆمەڵە دەگوترێت دەوڵەت یان کۆمەڵی مەدەنی)) (عەتەوی، ۲۰۰۳، ٦۳) ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەو دەوڵەتە لە ئەستۆی کۆمەڵە خەڵکێکە کە باری ئابووری و خێروچاکە دەیانبەستێتەوە بە کۆمەڵانی دەرەوەی خۆیان، بەڵام لای (بۆناردی) فەرەنسی دەڵێت:((دەوڵەت یەکەیەکی یاسایی هەمیشەییە، دەزگایەکی کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵاتە لە بەرامبەر نەتەوەیەکی سەقامگرتوودا لەسەر هەرێمێک، ئەو دەزگایە دەسەڵات بەرێوە دەبات بەو ئامێرانەی لەسەر ئارەزووی خۆی وەستان و لە رێگای

ئەو هێزە مادییانەوە، کە خۆی فۆرمی کردوون)) (عصفور، ١٩٥٤، ٢٢٢) (بۆناردی)ش دەسەڵاتیشی وەک هێزێکی سەرەکی دەوڵەت دادەنا، چونکە هێزی ماددی بەرهەم دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، هێزی ماددیش هێزی بەرهەمهێنانی ئابووری و هێزی چەکداریشە، لە ئەنجامدا دەسەڵات خۆی دەسەپێنێ و لەڕووی مەترسییەکانی دەوروبەر دەوەستێتەوە، بۆیە (سالمۆند) یش جەخت لەسەر هێز دەکاتەوە و دەیکاتە بنەمای دابینکردنی دادپەروەری و ئاشتی و ژیانێکی تەبایی و دەڵێت: ((دەوڵەت کۆمەڵێک تاکەکەسە لەسەر هەرێمێکی تایبەتی سەقامیان گرتووە بۆ دابینکردنی ئاشتی و ڕاستی خوازی لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە)) (عصفور، ١٩٥٤، ٢٢٢)

هەروەها (کاری دی مالبیرج) ی فەرەنیسش پێناسەی دەوڵەت دەکات و دەڵێت: ((کۆمەڵە مرۆڤێکە لەسەر هەرێمێک جێگرن و لەژێر نیزامێکی تایبەتدان، کۆمەڵێکی دیار دەسەڵات وەردەگرن، لە سەریانە چێژ لە فەرمان و نەریتەکان وەربگیرێ)) (الدجانی، ٢٠٠٠، ٢١٥) واتە جوگرافیاو هەرێم ڕەگەزێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و فەرمانڕەوایش کۆمەڵێ کەس پیادەی دەکەن و گەلیش پێویستە سوود لە بڕیارەکان وەربگرێت.

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی دەوڵەت وەک ئاماژەمان پێ کرد، کە چەندین ڕەگەز ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردن و دامەزراندنی وەک نەتەوە و هەرێم و حکومەت و سەروەری هتد ... چونکە ((دەوڵەت کیانێکی سیاسی و یاسایی ڕێکوپێکە، نوێنەرایەتی کۆمەڵێک مرۆڤ دەکات، کە لەسەر زەوییەکی دیاریکراو دا دەژین ملکەچی ڕێکخستنێکی سیاسی و یاسایی و جڤاتی دیارن، کە دەسەڵاتێکی باڵا لەسەریان جێبەجێ دەکات، دەوڵەت پێک دێت لە چوارڕەگەزی بناغەیی وەک : گەل . (نەتەوە) people ، هەرێم (نیشتمان) Territory، حکومەتgovernment و سەروەریSovereignty )) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٥٧). هەروەها (دانیال دیڤۆش) لە پێناسەی دەوڵەتدا دەڵێت : ((کۆمەڵە مرۆڤێکە جێگرن لە هەرێمێکی دیاردا ملکەچن بۆ دەسەڵاتی خاوەن سەروەری، کە ڕاسپێردراون بەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ فەراهەم بکەن، پابەندن بە پرنسیپە یاساییەکانەوە))(عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٥٦) دیڤۆش بەهەمان شێوە ڕەگەزەکانی دەوڵەتی دەستنیشان کردووە وەک کۆمەڵ و هەرێم و حکومەت و سەروەری، کە دەبێت لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی تێبگۆشین و تاکەکانی دەوڵەتیش مەلکەچی پەیڕەو فەرمانەکانی دەوڵەت بن، بەڵام هەندێ لە پسپۆڕان دامەزراندنی دەوڵەت بە هەندێ بابەتی تر وەوە دەبەستنەوە بۆ نموونە (ڕانزل) بە فەلسەفەی تایبەتی دەبەستێتەوەو دەڵێت: ((دەوڵەت دەورووبەرێکە لە زەوی، کۆمەڵێک مرۆڤ لە سەری نشتەجێن، یەکێتییەک کۆیان دەکاتەوە، بۆچوون و هەستی تایبەت و فەلسەفەو بیری دیاری کراویان هەیە)) (عامر، ١٩٨٢، ٧٩)

(پرستون جیمس) یش له ڕوانگەی ئامانجەوە دەڕوانێتە دامەزراندنی دەوڵەت و هەموو ڕەگەزو بنەماکانی تری دروستبوونی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئامانجەوە کۆدەکاتەوەو دەڵێت: ((دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو، کە زۆربەی دانشتوانی سەر بە دەوڵەت جێبەجێی دەکەن، ئەم ئامانجانە لە کۆمەڵە دابونەریت و شارەزاییەکی هاوبەشدا خۆیان دەنوێنن)) (ابراهیم، ١٩٩٠، ٢٦١) واتا دابونەریت و و زمان و دەسەڵات و هتد ڕۆڵ دەبینن لە دامەزراندن و دروستبوونی دەوڵەتدا، ئەگەر پێناسەکەی نەورەس رەشیدش وەربگرین یەکێکە لە گونجاوترین ئەو پێناسانەی لە ڕووی سیاسییەوە پێناسەی دەوڵەت کردووە و دەڵێت: ((دەوڵەت دیاردەیەکی سیاسی و یاساییە کە پەیوەند بە کۆمەڵێک مرۆڤ، بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچەیەکی سنورداردا نیشتەجێن و ملکەچی سیستەمێکی سیاسین)) (رەشید، ٢٠٠٤، ١٥)) واتە لە لایەک ئەو ڕەگەزانەی دەستنیشان کردووە کە لە پێناسەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێ کرد، لە لایەکی ترەوە لە ڕووی سیاسیەوە تەماشای دەوڵەت دەکات، چونکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوە و وڵات پێویستی بە نوخبەیەکی سیاسی و رۆشنبیر هەیە، کە نوخبەیەکی نیشتمانی بن و باوەڕی تەواویان بە ڕیساو بنەماکانی دیموکراسی هەبێت .

دکتۆر (محسن خلیل)یش دەڵێت: ((دەوڵەت  کۆمەڵە کەسێکە بەردەوام و جێگرن لەسەر هەرێمێکی جوگرافی دیار ملکەچن بۆ رێکخستنی کارەکانیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی، لە بنەڕتدا ئەو کەسانەی دەوڵەت بەرێوەدەبەن سەربەخۆن)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٥٦) واتە دەوڵەت کۆمەڵە کەسێک بەڕێوەی دەبەن، کە دەبێت لە بڕیارەکانیاندا سەربەخۆ بن و تاکەکانی دەوڵەتیش مەلکەچی فەرمانەکانیان بن.

کۆی ئەم پێناسانە ڕاوبۆچوونی ئەو بیرمەندو فەیلەسووفانەیە، کە دەربارەی دەوڵەت دوواون و هەریەکەیان بە پێی بۆچوون و دیدی خۆیان دەیبەستنەوە بە بوارێکەوە وەک ئابووری و سیاسی و چەند ڕەگەزێکیان بۆ دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەت دەستنیشان کردووە وەک گەل و حکومەت و هەرێم و سنووری جوگرافی و سەروەری.

دەوڵەتش کاتێک دروست دەبێت بێگومان لە پێناو کۆمەڵێ ئەرک و ئامانجدا دروست دەبێت و ببێتە هۆی بەدیهێنانی مافەڕەواکانی تاکەکانی کۆمەڵ و پارێزگاریکردن لە ماف و دەسکەوتەکانیان، چونکە ((ئامانجی دەوڵەت پێکهێنانی جۆرێکی تازەو کامڵتری شارستانی و رێکخستنی ئەم شارستانیەتەیەو هەروەها ڕەوشتی جەماوەری بەرینی، کە لەگەڵ پێویستییەکانی کامڵبوونی بەردەوامی دەزگای بەرهەمهێنانی ئابووری کۆمەڵگادایە، هەر بۆیە

تەنانەت خولْقاندنی ئەو مرۆڤایەتیەی، کە بنیاتێکی فیزیکی تازەی هەیەو لە دەستووری کاری دەوڵەتدایە)) (گرامشی-و. رۆژە، ٢٠٠٤، ١٧)

لێرەوە ئێمە هەموو جووڵەیەکی شیاو لە لایەن هەر بزاوتێکی سیاسی یان شۆڕشگێریدا لە بازنەی تێڕوانینی ستراتیجی نەتەوەییدا لێکدەدەینەوە، ئەمەش پەیوەستە بە گۆڕەپانی سیاسی سەردەم و ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە پێیداگوزەر دەکەین، بەم پێیە ناکرێ ستراتیجی نەتەوەی لە جیۆپۆلۆتیک دابڕین، کە ئەمە بوار ڕەخسێنەرە چ بۆ گوتاری سیاسی نەتەوەیی و چ بۆ پڕۆژەی بە دەوڵەت بوون، بۆیە لە دوو گۆشەنیگاو دوو بنەمای سەرەکییەوە دەشێت لە ستراتیجی نەتەوەیی بڕوانین.

**یەک**- ستراتیجی سیاسی یەکگرتووی نەتەوەیی

**دوو**- مامەڵەکردن و تێڕوانینە لە بابەتی ناسیۆنالیزمی کوردی، لە یەکەمیاندا فاکتەرە دەرەکییەکان ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر دەبینن و چەقی دیاریکردنی تەواوی گەمە سیاسییەکانن، چ لە سەر ئاستی هەرێمی و چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی،

لێرەدا عەقڵ و گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەریەتی هاوکێشەیەک و پارسەنگییەک لە نێوان خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیدا بگونجێنێت، ئەمەش پابەندە بەدەرهاوێشتەی هەژموونی سیاسی و گوتار و عەقڵی نەتەوەیی کوردییەوە.

دەوڵەتی نەتەوەیی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە سەروەری و دەسەڵات و خواست و ئاواتی لە دڵی تاکەکانییەوە بەدەست هاتبێ، کە ئەمەش مەحاڵە لە جیهانی پڕ ئاشووبی وەکو ئەمڕۆدا، کورد لە پێش زایینەوە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم خواستەیدایە و ڕووباری خوێنی لەم پێناوەدا پێشکەش کردوە، کەچی دەبینین هەموو ئەمانە دەکرێنە قوربانی خواست و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییە گوماناوییەکان.

لەلایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کوردی توانیویەتی جیهانبینی خۆی یا شوناسێکی وابەستە بەخۆی بەرهەم بێنێ و لەژێر کاریگەریی شوناس و ئایدۆلۆژیای ئەوانی دیدا دەربچێت و ڕەهەندێکی بیری نەتەوەیی لە ڕەوتی بزووتنەوەکاندا بەرجەستە بکات، ئەمە پرسیارێکەو ناکرێت لە دەرەوەی واقیعی سیاسی و نەتەوەییدا لێی نەڕوانین، چونکە کۆمەڵگەی کوردی فرە وابەستەو تێڕوانینی تەسکبینیانەی سیاسییەو لێرەشەوە ئایدیۆلۆژیای جیاواز خۆی خزاندۆتە نێو ناسنامە نەتەوەییەکەیەوە، کە لەدەرەوەی ڕاستی ژیانی کوردەوە بەدەستی هێناوە.

عەتا قەرەداغی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیاکانی دوورتر کە دەست پێدەکات بە ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامی، ئایدیۆلۆژیای چەپ، مارکسیزم، لینیزم، ترۆنسلیزم، کیڤارنزم، ماویزم و کۆمەنیستی ئەورووپی و لیبرال و فاشیزم و ڕیسیزم و شۆفیزم و فاندەمێنتالیزمی ئیسلامی چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی و سروشتی ئەو ناسیۆنالیزمە هەبووە هەیە)) (قەرەداغی، ٢٠٢١، ٤٠٥)

بەو پێیەی ئێمە داگیرکراو و چەوساوەین ڕەوتە جیاجیاکانی ڕووداوەکانی جیهانمان درەنگ پێ دەگات و لەژێر کاریگەریی تەوژمی دووەم و سێیەمەوە دەگاتە ئێمە، کە لە تورک، فارس، عەرەبدا ڕەنگدەداتەوەو ئەوانیش مۆتەکەو کۆلۆنیالیستی کوردستانن، بۆیە ئێمە دژە کۆلۆنیاڵی ئەوانین و هەژموونی ئەوان نوزەی لێ بڕیوین و دەمانەوێ لە ژێر بارگرانی ئەو واقیعە تاڵەدا هەناسەیەک بە بەرخۆمان بهێنینەوە.

بۆیە درککردن بە دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەونی لە مێژینەی هەموو تاکێکی کورد بووە، هەر لە دێر زەمانەوە ئەم هەستەش سەرەتا وەک زۆربەی گەلان لای کوردیش لە ڕێگەی خوێندەواران و ڕۆشنبیران و شاعیرانەوە چەکەرەی کردووە .

دیارە لەو سەردەمەدا شاعیران و ئەدیبانی کورد وەک ڕۆشنبیرو دونیابینی سەردەم هەوڵ و تەقەلای خۆیان بۆ ئەو بوارە خستووەتەگەڕ لە ڕێگەی نووکی خامەکانیانەوە، ئەوەی مەبەستیش بێت لای ئێمە ئەوەیە وەک ئاماژەمان پێ کرد شاعیرانی کورد هەستیان بەوە کردووە، کە نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی ئەم جیهانە دەبێت خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن، چونکە هەموو ئەو ڕەگەزانەی دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت لای نەتەوەی کورد بوونی هەیە، بۆیە زۆربەی زۆری شاعیرانی کورد ئاواتەخوازبوون نەتەوەی کوردیش ببێتە خاوەنی کیان و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، ئەمەش لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە چەندین جار ناوی دەوڵەت و ڕەگەز و پێکهاتەی دەوڵەت لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەبووە، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین و بەپێی قۆناغەکانی شیعری کوردی پۆلێنی شاعیرانی کورد بکەین، کە لە شیعرەکانیان دا ئاماژەیان بۆ دەوڵەت کردووە، بنەما مەعریفیەکانیش لە دیدی شاعیرانی کورد بۆ مەسەلەی دەوڵەت بریتین لە زمان و شوناس – خاک- ئاڵا – ئابووری سەربەخۆ- هێزو چەک – یەکگرتوویی نەتەوەیی

ئایدیاڵی نەتەوە ئاکارێکە یا توخمی یەکەمی پەرەسەندنەکانەو لێرەشدا هۆش یا هزر لە پێشەوەی کردە ئاکارییەکانە، ئەمەش گواستنەوەیەک لە عەقڵەوە بۆ زەمینەی واقیعی و ئاکامێکە لە ڕەوتی پەرەسەندنەکانی تاکەوە بۆ کۆمەڵ بەرهەم دێنێت، لێرەوە ئایدیا دەبێتە

ئامانجێکی گشتی و کۆی تاکەکان لە زەمینەی گشتی خواستەکانی نەتەوەدا لە هەوڵی بەدەستهێناندا دەبن.

تەواوی بزاڤە کوردییەکان بەردەوام لە بەردەم شکستی هەمیشەییدا خۆیان بینیوەتەوە، چونکە بیر و ئاکار لە ئەجندای سیاسی بزووتنەوەکاندا هەمیشە لە خاڵی سفردا بووەو هەرگیز نەیان توانیوە وەکو نەتەوەخوازە دروستەکان مامەڵە لەگەڵ ڕاستییە سیاسییەکاندا بکەن، هەمیشە جیاوازییە ئایدیایی و کەلتووری و ئایدیۆلۆژی و زمانییەکان کۆسپی سەرەکی شکستەکان بووە، بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**لە دەست و دێی ویلایەت ببنە ئـــەحـــباب**

**وەکوو شەخسێکی واحید بن لە هــــەر باب**

**لە مــــــەولا پاکتان بـــابێنە ســـــەر وەی**

**لە (بۆتان) و (بەیان) تـــا سەر حەدی ڕەی**

**هەمووتان ببنە یەک دەستوورو و نووسین**

**جل و بەرگ و، زوبان و، ڕەسم و ئـــایین (دیوانی حاجی قادر، ١٣٩٠، ٢٩)**

واتا نەمانتوانیوە زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی و ئایدیایەکی سیاسی یەکگرتوو بکەینە ماکی یەکبوون و ئاکاری پیرۆز.

پرۆنسن لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بزووتنەوە کوردییەکان ناتوانن لە دروستکردنی نەتەوەدا سەرکەوتووبن، دروست کردنی نەتەوە داوای ئەوە دەکات لە کۆمەڵگەدا جیاوازییەکان لەناو یەکبووندا نەفی بکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوە کوردییەکان کۆمەڵگەی کوردیان بە پرۆسەی بە مۆدێرنکردنە جیاوازییە زمانی و کەلتوورییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی لەناو یەکبوونێکی زمانی و کەلتووریدا نەفی بکەن، کۆمەڵگەی کوردی جیاوازییە ناوەکییەکانی خۆی لەناو بزووتنەوە کوردییەکاندا بەرهەمهێناوەتەوەو کردوونی بە چەند بزووتنەوەیەکی جیاواز و کەلتوورە مۆدێرنەکەشی بەهەمان شێوەی ئەم بزوتنەوانە کردووە بە چەند کەلتوورێکی مۆدێرنی جیاواز کە هەریەکەیان خاوەنی زمانی تایبەت و ڕێنووسی تایبەتی خۆیەتی)) (مستەفا، ٢٠١٨، ٥٥٩)

گوتاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی مەعریفی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییدا نەخەملێوە، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لە بازنەی سستەمێکی فرە کەلتووری و ئەتنیکیدا دەسووڕێتەوە، عەقڵە مردووە وابەستەییەکانی بە کارامەیی لە پێناو تاک شوناسێکدا بەڕێوەی دەبەن، کە بەداخەوە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە و گرنگیدان بە شوناسی گروپە سیاسییەکان لە فراوانترین ئاستدایە و هەرگیز گرنگی بە ڕاستییە نەتەوەییەکان نادرێ و دابەشبوونە ناوچەییەکان لە پێشینەی ئامانجە سیاسییە بەناو نەتەوەییەکانەوەیە، وەک بادینان- سۆران ئەمە دابەشبوونێکی سیاسی ئاماج دارەو ئەم ئامانجە بۆ باڵادەستی پارتایەتی فراوان لە ئاستی سوود لێوەرگرتندایە.

(ڤان بروانێس) دەڵێت: ((دابەشبوونە ناوچەیی و زمانەوانییەکان نێوان سۆرانی و بادینانی ناو کوردستانی عێراق وەک جیاوازی ئەتنی تەماشا دەکات، بەڵکو دابەشبوونێکی سیاسیە)) (قانع، ٢٠٠٥، ١٣٠)

لێرەوە سایکولۆژیای سیاسی ئاکامی ژێری و ڕەفتاری دوورمەودای نەتەوەیی نییە، سۆز بنەمای هەڵچوونی دابەشبوونەکانە کە لە ناوچەگەرییدا قووڵ دەبێتەوە، ئاکامەکەیشی پاشەکشەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییە، لە ڕاستیداو بە پێی زانستی کۆمەڵناسی چەمکی دەوڵەت و نەتەوە یەکەیەکی جیانەکراون، نەتەوە ناوە بۆ کۆمەڵەگایەکی دیاریکراو کە خاوەنی بنەما کەلتووری و ڕۆشنبیری و مێژووەکانی خۆیەتی، نەتەوەیی ناسیۆنالیزم یان هەستی نەتەوەیی خواست و ئارەزووکردنە بۆ ڕێکخستنی خاک بە درێژایی مێژووی نەتەوەیمان، ناسیۆنالیزم کە دەرفەتی گەشەکردن و سەلماندنی بۆ نەڕەخسابێ، ئەوا هەست و سۆزی کوردانە پارێزەری ئەو ڕۆحییەتە ناسیۆنالیزمە بووە، لێرەوە بیر و هۆشی نەتەوەیی چەکەرە دەکات و قۆناغێکی نوێی دەبڕێ، ئەم هۆشە مەرج نییە پەیوەستی بنەمایەکی بیر یان ئایدۆلۆژیەکی سیاسی بێت.

دەکرێ بپرسین ئایا هەموو نەتەوەیەک مافی سروشتی خۆیەتی لە نەخشەی سیاسیدا بوونی هەبێت؟ ئەمە وەڵامدانەوەی فرە ڕەهەندەو ناکرێ خۆمان لە دەرەوەی تێڕوانینە ڕەهەندییەکانەوە ببینینەوە یەکێک لەو ڕەهەندانە ئایینەو قورساییەکەی لە واقیعی سیاسیدا حاشاهەڵنەگرە .

نالی شاعیر سەرەڕای ئەوەی هەستی ئایینی وەک شاعیری تری کلاسیک زاڵ بووە، بەڵام نەتەوە و نیشتمان و هەستی کوردایەتیشی فەرامۆش نەکردووە و لە چەندین دەقی شیعریدا ڕەنگیداوەتەوە . بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

**تەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا ئەکا،**

**ئیمتحانی خۆیە مقسودی لـــــــە عەمدەن وا دەکا**

**یا لە مەیدانی فەساحەتدا بـــــە میسلی شەهسـەوار**

**بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکـــا (دەقی دیوانی نالی، ١٣٩٢، ٢٩)**

جگە لەوەی لەم دەقەدا نالی شانازی بە زمان و شوناسی خۆیەوە دەکات، کە ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە دیارەکانی مەعریفەی تاکی کورد بۆ بەرگریکردن و پارێزگاریکردن لە بوون و ناسنامەی خۆی و دیاریکردنی یەکەم بنەمای دروستبوونی دەوڵەت لە کات و شوێنەکەدا، کە ئەویش بوونی زمان و پاراستنیەتی لە ناوچوون.

هەستی نەتەوایەتی لای شاعیرانی کوردیش مێژوویەکی دێرینی هەیە لە سەدەی دەیەمی زایینییەوە سەر دەردەکات، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی خەملاندنی هۆشیاریی نەتەوەییە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، کە ئەم ڕاستییە لە جووڵانەوە کوردییەکانی دژ بە فارس و عوسمانییەکاندا بەرجەستە دەبێت، لە ڕاستیدا سەروەریی نەتەوەیی هەر یەکە لە(تورک، فارس، عەرەب) بەوە پارێزاو نابێت کە کورد بهاونە نێوبازنەی تواندنەوە و لەناوبردن، (شێخ ڕەزا) یەکێکە لەو شاعیرانەی هەستی خۆی بەرامبەر بە نیشتمان و خاک و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی لە چەند دەقێکدا دەردەبڕێت، شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەزموون و دونیابینی خۆیەوە گەل و نەتەوە ئاگادار بکاتەوە لە پلان و تەماعی دوژمنان، کە ئەمە بنەمایەکی مەعریفی گوتاری تاکە بۆ نەتەوەو نیشتمان، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

**لەبیرم دێ سولـــەیمانی کـە دارو لمـــوڵکی بابان بوو**

**نە مەحکومی عەجەم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو**

**لە بەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مـەلا و زاهید**

**مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بـــوو**

**لە بەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشـــا**

**سەدای مۆزیقەو نەققارە تا ئەیوانی کــــــەیوان بـــوو (دیوانی شێخ ڕەزا، ٢٠١٠، ٩٥)**

ئەوە هەست و سۆزی شێخ ڕەزایە بۆ نیشتمان لە نێوان کاتی دوێنێ و ئەمڕۆدا زادەی خەمی نەتەوەیی و نیشتمانە، شاعیر خەم و حەسرەتی دەروونی بە گەڕانەوە بۆ یاد و سەردەمی ڕابردووی شار دەگەڕێتەوە، شێخ ڕەزا کە لە کاتی نووسینی ئەم دەقەدا، کە سەدەی نۆزەدەهەمە شار لە ژێر دەسەڵاتی بابانەکاندا شکۆیەکی درەوشاوەی لە هەمبەر چەپۆک و دەسەڵاتی بێگانەدا هەبووە، هاتووە وێنەی ئەو سەردەمە دەکێشێت کە سلێمانی شوێنێکی سەربەخۆ و خاوەن پێگەو سەروەری خۆی بووە، نە لە ژێر چەپۆک و دەسەڵاتی فارس و نە پیاوی عوسمانیان بوو،. بۆیە هێندە شوێن و گرد و کۆچەو کۆڵانی شار لە دەروونی شێخ ڕەزادا پایەو مەقامیان بەرز و کاریگەرە پێی وابووە خەڵکی بۆ زیارەت دەچوونە گردی سەیوان هاوشێوەی کەعبەی پیرۆز و بەوەی چوواندووە، بەمەش خۆشەویستی خاک و نیشتمانە وادەکات شێخ ڕەزا بەم شێوەیە سۆزی دەروون دەرببڕێت، مەعریفەو دونیابینی شاعیر خەمێکە ئاراستەی نەوەی داهاتوو کراوە.

هەروەها سالمی شاعیر یەکێکی تر لەو شاعیرانەی خەمی خاک و نەتەوەو وڵات لە شیعرەکانیدا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوەو وای لێ کردووە هەستی نەتەوایەتی خۆی دەرببڕێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**شارێکی پڕ لە زوڵم و، مەکانێکی پڕ لە شین**

**جێیەکە پڕ لە شۆڕ و، وڵاتێکی پـــڕ لە شەڕ**

**تو خوا بڵی بە حەزرەتی نالی دەخیلی بـــم**

**بەم نەوعە، قەت نەکا بە سولیمانییا گوزەر (دیوانی سالم، ٢٠١٥، ٣٤٠)**

هەستی نیشتمانی و خەمی نەتەوە و خاک سالم ئاوارە و هەناسە ساردی وڵاتی بێگانە دەکات، کە ئەمە بۆ خۆی ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە تاڵەی نیشتمانە لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا. بۆیە بە سۆزەوە باس لە زوڵم و زۆری سەر شارو زیدی خۆی دەکات و پێی وایە لە ژێر چەپۆکی دوژمندا ئەم شاری (سلێمانییە) پڕ لە ستەم وشینە، ڕەنگە ئەمە کەمترین ئاستی هۆشیاریی مەعریفەی نەتەوەیی بێت، بەڵام دەربڕین و ئاشکراکردنی ئەو زوڵم و زۆرو داگیرکارییە بۆ خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە سالم نەک هەر خۆی دەیەوێ گەلیش لەو داگیرکارییە هۆشیار بکاتەوە.

ئەسیریش وەک درێژە پێدەری پەیامی شیعری خانی و حاجی خەمی نەتەوە و وڵات هەمیشە لە دەقەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو لەم دەقەدا شاعیر باسی ئازایەتی و مەردایەتی لاوە تازەپێگەیشتووەکانی نەتەوەکەی دەکات و شانازییان پێوە دەکات و دەڵێت:

**کابرا مەڕوانە مـــاڵ و خـــانەیی وێـــرانی مـــــن**

**تێ بگە تەحسیل و کەسب و کردەوەو عیرفانی من**

**ڕۆڵەیی کوردم سیلاح شۆڕم لە مەیدانی شـــــەڕا**

**عالەم ئەیزانێ چلۆن بوو ڕۆستەمی مـەیدانی مـن ( شارەزا – جەباری، ١٩٧٤، ٣٨)**

(بێشکچی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەو گەلەی گەلێکی تر دەچەوسێنێتەوەو خۆشی ئازاد نییەو، بەڵکو ئازادی خۆی دەدۆڕێنێت)) (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ٢١٣)

لە دەقێکدا قانعی شاعیر وەک نیشتمانپەروەرێک بە دوژمنانی گەل و نەتەوەکەی دەڵێت، سەرەڕای ئەوەی گەلەکەمان دەچەوسێننەوە و بە زیندان و قڕکردن و لە سێدارەدان هەرگیزاو هەرگیز و دڵنیابن ناتوێتەوەو لە ناو ناچێت، بەڵکو ئەم ناحەقی و دوژمنکارییەی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد دەیکەن گیانی نیشتمانپەروەری و هێزی یەکگرتوویی میللەت و نەتەوەی کورد بەهێز دەکات، هەروەها دەبێتە زیندووکردنەوەی شۆڕش دژ بە دوژمنان و داگیرکەران، دووبارە بە دوژمنان دەڵێت: ئەگەر ئێوە خاوەنی تۆپ و تەیارەن ئەوە نەتەوەکەی من خاوەنی بیروباوەڕی پۆڵاینن و مێژوویەکی کۆنن و بە دوژمنکاری ئێوە ناتوێتەوە ڕۆژێکش دەبێت لاوەکانی نەتەوەکەم تۆڵەی ئەم زوڵمەتان لێ بکاتەوە، بۆیە شاعیر بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوون هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە وەک دەڵێت:

**گەرچی نووکی نێزەتان سورە بە خوێنی لاوی من**

**با، لە ناو یاددا بمێنێ، تـــــــا وەکو ڕیسوا ئەبن**

**لاوی کوردی، هوشیار بە دەرسی کە ئەم کەوتنـە**

**شەرمەزاری کەن ئەوەی بڕوای بە خەندەی دوژمنە(دیوانی قانع، ١٩٧٩، ٧٤)**

گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لە زۆربەی قۆناغەکاندا لە توانایدا نەبووە بیری ناسیۆنالیزمی بەرهەم بهێنێ لە چوارچێوەیەکی مەعریفی فراوانی دەرەکیدا، بەڵکو بەردەوام جوینەوەو بەرهەمهێنانەوەی بیری سواو و باوەکانی پێش خۆی بووە، ئێمە مەبەستمان دوورمەودایی

بیری بەرهەمهێنانە کە تێیدا ناسنامەی نەتەوەیی لە بەرزترین ئاستیدا بخاتەڕوو، هەمیشە بیری نەتەوەیی لە ژێر بارگرانی ناسیۆنالیزمی بارگاوی ئایدۆلۆژیدا بووەو هەمیشە ئەم چەمکە بووەتە ناسنامەی گوتاری نەتەوەیی، بیری کوردی لە چ ئاست و ڕووبەرێکی دوورمەودایی فکریدا بووە، ئەم پانتاییە بووەتە دەرهاویشتەی ئایدیاڵێکی یەکگرتووی خاوەن شوناسی گشتی نەتەوەیی و ئایا خۆی لە یەکێتی بیرو کاردا بەرجەستە کردووە؟ کە بەداخەوە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێمە تا ئێستاش لە دەرەوەی مێژووەوە دەبینرێ تا ئێستایش ئێمە خۆمان لە پاشەوەی ئەوانی دی دەبینن و کورتە باڵاکانی بیر زیاتر چیتر نین و منی باڵا تیاماندا لە بازنەیەکی ونبوودا تارماویی خۆی دەخاتەڕوو .

تا ئەم چرکەساتە ڕەوایەتی نەتەوەیی و بەدەوڵەتبوون لە هەگبەی ئەوانی تردا دەبینین، بۆیە بەرهەمی بیری کوردی بۆ دەوڵەتبوون لە بەرداشی موزایەدە و خەونی شاعیریدا قەتیس کراوە، هیچ گوتارێکی کوردی نییە کە بتوانێ پێناسەی خۆی لە خانەی مەعریفیدا بخاتەڕوو، جگە لەدەربڕینی شیعریدا نەبێت، کە ئەویش جگە لە سۆزێکی هەڵچوون شتێکی تر نییە.

سالم لەم دەقەدا دەڵێت:

**لە یەک لا نالی و مشوی، لـــــە لایێ سالم و کوردی**

**لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکـا چۆ بوون لە مەولانا**

**لە مەیدانی بەلاغەت دا، بەسواری مەرکەبی مەزموون**

**بە کوردی هەر یـــەکە تازە سواری بوون لە بابانـا (دیوانی سالم، ٢٠١٥، ١٣١-١٣٢)**

زمان وەک بنەمایەکی گرنگی بوونی نەتەوە و ناسینەوەی دەوڵەت جێی بایەخی بەشێکی زۆری نووسەران و شاعیرانی کوردبووە، ئەگەر چی لە نێو شاعیرانی کلاسیکدا مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئاستی پێویستی بایەخی مەعریفی شیعری نەتەوەییدا نییە، بەڵام لێرەدا دەبینین سالم خۆیو هاوەڵەکانی بە پارێزەرو مامۆستای سەرکاری زمانە نەتەوایەتییەکە دەناسێنێت، کە ئەمە لە لایەک ئاستی هۆشیاریی سالم دەردەخات و لە لایەکیش دەیەوێت ئەوە بە گوێی کورددا بدات، کە پێویستە شانازی بە زمانی نەتەوەکەیانەوە بکەن و لە ژێر هەیمەنەی چەتری شەرم و داگیرکاریدا بێنە دەرەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەت کە سالمی شاعیرو ڕۆشنبیر لە ڕێگای شیعرەکانیەوە دەریدەبڕێت .

پیرەمێرد یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی هەستی بە ئازارو مەینەتییەکانی نەتەوەکەی کردووەو هەوڵی داوە لە ڕێگای گوتاری شیعرەکانییەوە نەتەوەکەی هۆشیار بکاتەوە، هەستی نەتەوایەتی خۆی بە شێوەیەکی دیارو کاریگەر دەربڕیوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕوون لە شیعرەکانیدا هەستی پێ دەکرێت، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

**هەزاری وەک من هەتا نــــەکوژرێ**

**بە قەڵەمی خوێن شیوەن نەنووسرێ**

**ئەم میللەتەی کورد ڕزگاری نــــابێ**

**بێ شک ئەم ئیشە ئەبێ هــەر وابێ (دیوانی پیرەمێرد، ٢٠٠٧، ٣٢٧)**

پیرەمێرد لەو شاعیرە نیشتمانپەروەرانەیە لە چەندین دەقدا هەستی نەتەوایەتیی خۆی دەربڕیوە، لەم دەقەشدا شاعیر داوای خەبات کردن دەکات لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بۆ ڕزگار بوون لە ژێر زوڵم و ستەمی داگیرکەراندا، ئاماژەش بەوە دەکات ئەگەر گەلی کورد هەر ئاوا دەستەوەستان بووستن و خەبات نەکەن بۆ مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان ئەوە قەد ڕزگاریان نابیت لە زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی گەلەکەیان، بۆیە بەو پەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە گەلەکەی و وەک تاکێکی ڕۆشنبیرو شاعیر هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە.

ئایا بیر و سۆز وەک ئەندێشەو ڕاستی لە هاوکێشەیەیەکدا یەکدەخرێن یا هاوسەنگییەک لە نێوان سۆزو بیردا دەشێ ببنە ڕاستییەک بۆ گوتاری بوون بە دەوڵەت؟

بیر بەرهەمی دەرهاوێشتە سیاسی و ڕووداوەکانی پێشین و ئێستایە بۆ خستنەڕووی پرسی نەتەوەیی دەرەوەی مێژوو؟

گوتار و بەرهەمهێنانی چەمکی بیر و ڕەهەندی نەتەوەو دەوڵەت بوون بەردەوام لەژێر کاریگەریی بیری ناوچەیی نەتەوەکانی تردایە بە تایبەتی بیری ژەنگاوی عەرەبی، کە لێرەدا بەداخەوە کاریگەریی بیری نەسێونالیزمی ئایینی کوردی تەواو چەپێندراوەو لەژێر کاریگەریی بیری سەلەفی و ئیخوانیدایە، بڕوانە تاکێکی یەکگرتووی ئیسلامی ئیخوانی، سەلەفی چەندە بەکوڵ لەخەمی ئەقساو ئەوانی تردان نەک نیو هێندە، بەڵکو تەواو قڕکردنی کوردانی ڕۆژئاواو باکوورو ڕۆژهەڵات بە وشەیەک یاد ناکەن، ئەمە نەهامەتی بیری بەرهەم هاتووی تاکی کوردە، بەڵام دەکرێ لە مافی سروشتی نەتەوەکانیش چی لە ڕووی ئایینی و چی لە ڕووی سیاسییەوە

بڕوانین و ئاوڕێک لە ویژدانی ونبووی نەخەملێوی بیری یەکگرتووی کوردی بدەینەوە، هەموو نەتەوەیەک لە پرۆسەی گەشەسەندنی مێژوویی خۆیدا مافی دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە، (هێگڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((کۆمەڵگە لە خێزانەوە دەست پێ دەکات و دەگات بە کۆمەڵگەی مەدەنی و لەوێشەوە دەوڵەت دروست دەکات)) (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ٤٠)

مەلای جزیری دەربارەی میری بۆتان دەدوێت و بە کەسێکی لێهاتوو وەسفی دەکات و باس لە سەرکەوتنەکانی دەکات و ئاواتەخوازە هەموو کوردستان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی میر تاکو کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەیەکی سەربەخۆ وەک دەڵێت:

**(رایەتا فەتحێ) ژ نەصرا تە کو هــەر مـەنشور بـوو**

**شەهسوارێ فەرێ سوبحانی عـــەلەمــدارێ تەبی**

**نە بە تنێ تەبرێز و کوردستان لە بەر حوکمێ تەبن**

**سەد وەکی شاهێ خوراسانێ د فـــەروارێ تە بی**

**گەر چ دەر ئقلیمێ ڕابع هاتە تەختێ سەلطەنـــەت**

**پادشاهێ حەفت ئەقلیمان ســـەلام کـــارێ تـــەبێ (دیوانا مەلایێ جزیری، ١٩٧٧، ٤١٨)**

جگەرخوێن یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی لە چەندین دەقدا هەستی نەتەوایەتی خۆی سەبارەت بە نەتەوەو نیشتمان و دەوڵەتی نەتەوەیی دەربڕیوە، لەم نموونەدا باسی خەباتی گەلی کورد دەکات، کە لە پێناو ئازادی و سەربەستی نەتەوەییدا، بەختەوەری شاعیر لەوەدایە کە نەتەوەکانی تر بزانن کوردیش نەتەوەیەو خاوەنی هێزن و لەو پێناوەدا تێدەکۆشن،بۆیە دەڵێت:

**ئەی کورد کو ناڤداری دەبـــن دەسێ نـــەیاران چ کـەسی تو**

**وەک گـــــترێدایی ب زنـــجیرێ د قـــەید و قـــەفـــەسی تو**

**سەد ساڵە دبــن دەستی نەیاران کـــو فیغانـــان دەڕسی تـو**

**دەم هات، وەرە مەیدانێ چرا بێحەواس و دەنگ و حـــەسی تـو ( ڕەسول، ٢٠٠٩، ٦٣)**

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە ئاواتی سەربەستی نەتەوەکەی بووە عوسمان سەبرییە، کە زۆربەی شیعرەکانی بە دەوری نەتەوەو نیشتمانەوە دەخولێتەوە هەستی نەتەوەیی بە ئاشکرا لە دەقەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، لەم نموونەدا شاعیر باسی دەستدرێژی دوژمنانی نەتەوەکەی

دەکات و بە تایبەتی تورکی فاشیزم بۆ سەر نەتەوەکەی، کە لە ئەنجامدا  ئاوی دیجلەو فورات کە لە کوردستان هەڵدەقوڵێن دەکات بە خوێناو، ئەمەش پیشاندانی ئەو زوڵم و ستەمە کە دوژمنان بەرامبەر بە میللەتی کورد ئەنجامیدەدەن، شاعیر هەستی نەتەوایەتی خۆی بە شێوەیەکی جوان دەربڕیوەو دەڵێت:

دڤێ تو زانبی ئەڤ بــــــوونە سێ ساڵ

من نەدیت خویشچک و برا خەلکی د مال

نــــە مـــەدیت ئــــاغا وەلات پیرا دییان

نــــە ڤــە خوار کەسەرا گەور ئاڤا ژییان

دپرسی ئیرۆ ژ مـــــن حـــالێ وەلات

دێ بێژم ژێ دچن سەد ئـــاگر و پات

.......

ئاخڤین ژ جانێ وەلات دوازدە بـــرین

حەرکین دیجلە، فرات دەھ سالا خوین  (خەزنەدار، ٢٠٠٦، ١٢- ١٣)

زۆرێک لەحیزبەکان ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییان بەرهەم هێناوە پرۆژەی بە دەوڵەت بوونیش لە بونیادی ستراتیجی هەموویاندایە، خۆ ئەگەر هەریەک لەم پارتانە خاوەن پرۆژەی بە دەوڵەت بوون نەبن چ پێناسەیەک لە خانەی نەتەوەییدا بە باڵایان دەبڕێ، ئێمە حەتمیەتی مێژوو دەکەینە پارسەنگی وەڵامی دروستی بۆچوونەکانمان، کە هیچ نەتەوەیەک نییە نەگاتە مافی نەتەوەیی و بەدەوڵەت بوون، کە ئەمە لە ئەدەبیاتی مارکسیدا بە حەتمیەتی مێژوو ناوی دەبرێ، ئەبولقاسم ئەلشابی دەڵێت :

**"إذا الشَّعْبُ يوماً أرادَ الحياةَ**

**فلا بُــــــدَّ أنْ يَسْتَجيبَ القدرْ**

**ولا بُـــــــدَّ للَّيْلِ أنْ ينجلي**

**ولا بــــــــُدَّ للقيدِ أن يَنْكَسِرْ(https://www.aldiwan.net/poem38947.html)**

بۆیە ئەم جیهانە لە کۆمەڵێ تاقم و گروپ و کۆمەڵ دروستبووە و هەر گروپ و تاقمێک خاوەنی تایبەتمەندیی و هەستی نەتەوەیی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە تاقم و گروپێکی تر، لە چوارچێوە مێژووییەکەشیدا نەتەوەو نەتەوایەتی بەرەو تێڕوانینی ئیسلامی شۆڕدەبێتەوەو وەکو لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەرجەستە دەبێت و خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت ((وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ )) (قورئانی پیرۆز، الروم، ٢٢). بۆیە بەپێی ئەم ئایەتە پیرۆزە بێت ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبوونماندا بە کۆمەڵێک جیاوازییەوە لە دایکبووین، ئەم جیاوازییەش لە نێوان تاکەکاندا هەیە، وا دەکات کە هەر گروپ و تاقم و تاکێک هەستی جیاوازی هەبێت، جا هەستی نەتەوایەتی یان خۆشەوبستی یان مرۆڤایەتی یان نیشتمانپەروەری بێت، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەو بیروبۆچوونانەی سەبارەت بە هەستی نەتەوەیی هەیە بەسەر دوو بەرەدا دابەشی بکەین، چونکە بەشێک لە نووسەران پێیان وایە کە ((هەستی نەتەوایەتی دیاردەیەکی سروشتیەو پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەر لەو سەردەمانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروستبووە ئەو هەستەش لە ناخیدا گەورە بووە)) (فاتح، ٢٠١٢، ٤٠) واتە هەستی نەتەوایەتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بیری مرۆڤەوە هەیە، دیارە لەگەڵ تەمەن و گەشەی بیری مرۆڤش ئەم هەستە گەشە دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین هەستی نەتەوایەتی مێژوویەکی دووررودرێژی هەیە و دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ، لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤش لە کارو کردەوەکانی رۆژانەیدا رەنگیداوەتەوەو هۆکارێکش بووە بۆ مانەوە و پاراستنی کۆمەڵگاکان و ناسنامەی تایبەتیان.

بەڵام بەشەکەی تر پێیان وایە هەستی نەتەوایەتی مێژووی دروستبوونی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە، هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی هەستی خۆیان سوودیان لێ وەرگرتووە و لە نێوانیاندا رەنگیداوەتەوە، بۆیە دەڵێین: ((ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی بەرهەمهێنراوی هزری مرۆڤەو مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا ئەوەش لە ئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی نێوان (١٤٥٧ – ١٨٧٥) دا ڕوویانداو کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی هێنایە کایەوە، ئەو دیاردەش لە ناوچە جیاجاکانی جیهان بوو بە خواستی مرۆڤەکان و هەر کۆمەڵ و کۆمەڵگایەک بە جۆرو شێوازێک لە رووخسارێک و میکانیزمی شیاو بە کات و شوێنی خۆی بووە هەڵگری ئەو بیرۆکەیەو لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی و کشتاندنی ئەنجامەکانی بوو)) (سەعید،٢٠٠٣ ، ٤٧) واتە بە پێی بۆچوونی ئەم نووسەرانە بێت ناسیۆنالیزم سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا کاتێک هەستیان بە زوڵم و ستەم کردووە بەشێوەیەکی جوان و

ڕێکوپێک ئەورووپایان بەڕێوەنەبردووە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی، بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مێژوویەکی دیاریکراو بۆ هەستی نەتەوایەتی نییە، چونکە هەر یەک لەم بۆچوونانە ئاماژە بۆ سەردەم و مێژوویەک و دیاردەیەک و کۆمەڵگایەک دەکات، بۆیە ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک جیاوازە لە نەتەوەو کۆمەڵگایەکی تر، چونکە هەر نەتەوەیەک لە ئەنجامی کۆمەڵە فاکتەرێکی جیاواز سەرهەڵدەدات و بەرەوپێش دەچێت و گەشە دەکات، بۆیە (شیفر)یش دەڵێت: ((ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک دەبێتە سیمبولێکی فیکری بۆ گوزارشت کردن لە خودی نەتەوەکە بە جۆرێک، کە بەرگێکی جیاواز لە ئەوانی تر دەپۆشێت و بە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر خۆی دەنوێنیت))(رەسول، ٢٠٠٤، ٢٤) بۆچوونی (شیفر)یش جەخت دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم لە هەر نەتەوەو کۆمەڵگایەک جیاوازە لە نەتەوەو کۆمەڵگایەکی ترو هەرگیز وەک یەک نابن، چونکە هەر یەکەیان ژینگەیەک و سنوورێکی جوگرافی و لە ئەنجامی کۆمەڵێ فاکتەر سەریهەڵداوە کە جیاوازە لە ژینگەیەکی تر و سنووری جوگرافیایەکی تر، بۆیە ناتوانین مێژوویەکی دیاریکراو بۆ بیری نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم) دیاری بکەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری ئەو بۆچوونانە بکەین دەبینین هەریەکە ئاماژە بۆ سەردەم و کۆمەڵگەیەک دەکات بە شێوەیەکی گشتی: ((سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەگەڵ سەرەتاکانی دێرینترین مێژووی ژیانی مرۆڤدا هەبووە تا مرۆڤیش بمێنێ هەست و سۆزو بیروباوەڕی نەتەوایەتی دەمێنێت، بۆیە باوەڕ و هەستی نەتەوایەتی دێرینترین مێژووی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی نیشان دەدات )) (ئاگرین، ١٩٩٩، ٤١ )، ئیسنکلۆپیدیای (دائرە المعارف) ی ئەمریکیش سەبارەت بە ناسیۆنالیزم دەڵێت: ((چەمکە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزم بریتییە لە وەفاداری و خۆشەویستی سەبارەت بە گەل زیاتر لە هەر شتێکی تر، لە دروشمەکانی دیکەی ناسیۆنالیزم(القومیە)شانازیکردنە بە بەرهەمە نەتەوایەتییەکانەوە، هەروەها بڕوا بوونێکی قووڵ بەلێهاتوویی نەتەوە و تەنانەت بەرزی و گەورەیی بە سەر گەلانی دیکەدا)) (باپیر، ١٩٩٨، ٧٦) واتە هەستی نەتەوەیی خۆشەویستییە بۆ گەل و شانازیکردنە بە هەموو ئەو دەستکەوتنانەی کە نەتەوە بەدەستی دەهێنێت بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر، لە لایەکی تریش هاتووە ناسیۆنالیزم ((گوزارشتێکی سیاسییە مەبەست لێی ئەوەیە تاکەکان هەست بکەن سەر بە یەک نەتەوەن، ئەمەش بەمانای ئەوەی کە دۆستایەتییان بۆ یەک نەتەوە هەبێت و شانازی بە ڕۆشنبیری و مێژووی ئەو نەتەوەیە لە زۆربەی کاتەکاندا بکەن، واتە حەزکردن بە سەربەخۆیی نیشتمان)) (مصطفی، ٢٠١١، ٢٠٥)، ئەگەر ئاماژە بە هەستی نەتەوەیی لە ئەدەبیاتی کورد بکەین، بە هەمان شێوەی ئەدەبیاتی جیهان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی، چونکە هەر نووسەرێک لە دیدو بۆچوونی خۆیەوە لە ئەنجامی

کۆمەڵێ سەرچاوەوە بۆچوونەکانی خستۆتەڕوو، لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە نەتەوەی کوردیش خاوەنی مێژوویەکی کۆنە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، سەرچاوەکان و دیدو بۆچوونەکانیش ئەوە دەردەخەن سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لای کورد و |ڕەنگدانەوەی بە شێوەیەکی زەق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرو میرنشینەکان کاتێک دەسەڵاتدار و حوکمی ئەو ناوچانەیان بەڕێوەبردووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لای نەتەوەی کورد کاتێک سەریهەڵداوەو گەشە دەکات نەبوونی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆیە، هەروەها هەمیشە لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەریشەوە دژایەتی و زوڵم و ستەمی لێ کراوە، ئەمانە هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی و خەونی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە نێو کوردیدا، بەڵام چەندین ڕاوبۆچوون هەن سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی هەندێک پێیان وایە ((میر بەدرخان یەکەمین کەسە کە مەوداو ڕەهەندی نەتەوەیی بنیات نابێت و وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کورد لە مێژوودا جێی خۆی گرتووە)) (کۆچێر- و. عارف، ٢٠٠٦، ٦٣) ئەمە ئەوە دەگەیەنیت کە میر بەدرخان ئەگەر چی بە شێوەیەکی سادەو ساکار و سەرەتاییش بێت ڕۆڵی هەبووە لە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لە نێو کورددا، هەروەها شاعیرانیش ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی، بۆ نموونە شاعیری گەورەی کورد مەلای جەزیری(١٥٧٠ – ١٦٤٠) و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧) و دواتریش (حاجی قادری کۆیی (١٨١٧ – ١٨٩٧)و شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٧ – ١٩٠٩) هتد... بە شیعرەکانیان خزمەتێکی بەرچاویان کردووە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد، بۆیە ئەگەر وردبینەوە لە شیعری شاعیرانی کورد ئەوە بەڕوونی دەبینین کە لە هەموو قۆناغەکانی شیعری و ئەدەبیاتی کوردی و لە لای زۆربەی شاعیرانی کورد ئەو هەستە بە ڕوونی دەردەکەوێت، بۆیە بە پێی توانا و لە قۆناغەکانی شیعری کوردی ئاماژە بە شیعری شاعیران دەکەین، کە هەستی نەتەوەیی لە شیعرەکانیان دا بەرجەستە بووە لە پێناو سەرخستن و ئاواتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، هەستی نەتەوەیی خۆیان دەربڕیوە لە پێناوی حەزی دروستبوونی دەوڵەت، بۆ دیاریکردن و پیشاندانی هەوڵی شاعیرانی کورد نموونەی ئەم شاعیرانەوە دەستپێ بەکەین، بۆ نموونە پیرەمێرد لەم دەقەدا شانازی بە زمانی کوردییەوە دەکات، زمانش وەک یەکێک لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەتە ودەڵێت:

**کـــــوردی ئـــــاخر چییە عەیبی؟**

**هـــــەر کەلامی حەقە نییە عەیبی**

**لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو**

**وا لە مابەینی ئێمەدا تیاچـــــــوو (دیوانی پیرەمێرد، ٢٠٠٧، ٦١)**

لای جگەرخوێنش زمان گرنگی و پێگەی خۆی هەیە، لە دەقی ( ئەڤ چ موسڵمانی یە). ڕوو لە حکومەت و دوژمنانی نەتەوەکەی دەکات و دەپرسێ کە ئێمە برای یەکین بۆ چی ڕێگە بە نەتەوەی کورد نادەن فێری زمانی دایک ببن و ئاخاوتن و نووسینی پێی بکەن، چونکە زمان یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەت وەک دەڵێت:

**ئەڤ برایێن مە مسڵمان، دوڤ ژ مـــە بـەرنادن**

**قەی ڕاستە ئەم کۆلەنە، ئەوژی مەرا ئـەسیادن**

**هـــــەڤێ ژیـــــن و هقووقێ دوینسان دخـوازن**

**لێ دەستوورا زمـــانێ مــــە ژ مـــەرا قەتنادن**

**ل مەجلیسا ئەمن، مـــاڤێ هەر کـــەسی دبێژن**

**لێ ئـــــەم دبیرا وان نابێن، نـــاڤێ مە هـــلنادن**

**هتمەدکن عەرەب ئو هن مە دکن ترک و فارس**

**لێ نە ڕاستە، ئەم مللەتەکی خورت و ئـەکردان  (ڕەسول، ٢٠٠٩، ٦٠)**

قانعی شاعیرش سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی کاتێک بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان دەبینێت و دەڵێت:

**سەد شوکور وا من نەمردم، تا کە دیم ئاڵای کـــورد**

**کەواتە بەرچاوم بە بەرزی سوورەت و سیمای کورد**

**بازبوو دوورابوو دیدەی نەرگسی شەهلایی کـــــورد**

**مژدە بێ ئەمڕۆکە بەربوو، چاوی پـڕ بینایی کــورد**

**هەر بژی ئاڵایی کورد و پێشـــەوای زانایی کـــــورد (قانع، ١٩٧٩، ٩٢)**

مەسەلەی ئاڵا یەکێکە لەو بابەتانەی جێی بایەخ و گرنگی تاکی کوردە بە شێوەیەکی گشتی و نووسەران و شاعیران بە تایبەتی، قانعی شاعیر بە بۆنەی بینینی (ئاڵای کوردستان) خۆشحاڵی و سوپاسگوزاری دەربڕیوە، کە بۆ یەکەم جار ئاڵای بینیوە لە ساڵی ١٩٤٦ لە کاتی کۆماری کوردستان، بۆیە شاعیر باسی ئاڵای کوردستانی کردووە وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت، مژدەش دەدات بە نەتەوەکەی و ستایشی پێشەوا (قازی محەمەد) دەکات، شاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە هەستی نەتەوایەتی خۆی بەرامبەر بە نەتەوەکەی و ئاڵاکەی دەربڕیوە.

فایق بێکەسیش لە نموونەیەکیدا سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و دەڵێت:

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەد بەر ناگرێ**

**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرنـــاگــرێ**

**پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە مردن سڵ نەکا**

**هەر بڕووخێ بەس نییە تاکو نەسەنرێ نـــادرێ (دیوانی بێکەس، ١٣٩٠، ٩٨)**

مارف بەرزنجی شاعیر وسیاستمەدار یەکێکە لەو شاعیرانەی لە بنەماڵەیەکی نەتەوەپەروەرو ئەدەب دۆست بوو، لە سەرەتای نووسینی شیعرەوە شیعری نەتەوایەتی نووسیوە، تا ئەو ئاستەی لە پێناو نیشتمان و نەتەوەکەی لەگەڵ کۆمەڵی نیشتماپەرەوری تردا لە سێدارە بدرێت و شەهید بکریت، بۆیە کاتێک ئاوڕ لە شیعرەکانی دەدەیتەوە ئەوە بە ڕوونی ئەو هەستە لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، دەگمەنە شیعرێکی هەبێ مۆرک و هێمای نەتەوەیی پێوە دیار نەبێت بۆ نموونە دەڵێت :

**تیروشیری خۆم ئەبەستم پاسی کوردستان ئەکەم**

**دوژمنی خاکی وڵاتم پەرتی سەرکێوان ئـــــــەکەم**

**نە لە تیرەی ڕۆستەمم یا خود سەلاحەدینی کورد**

**ئارەزووی تەخت کیان و تاجی شا شاپوور ئەکەم**

**خاکی زێڕینی وڵاتم دینمە ژێر حـــــــوکمی خۆم (بەرزنجی، ١٩٩٣، ١٣٢)**

شاعیر وەک ئاماژەمان پێ کرد هەر لە سەرەتای شیعر نووسینی بە شیعری نەتەوەیی دەستی پێ کردووە، ئەم دەقەش بەڵگەی قسەکانمانە، کە سەرەتای شیعر نووسینێتی، کە لەم دەقەدا

خۆی وەک خەمخۆر و جەنگاوەرو گیانفیدایەک بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی پێشاندەدات، چونکە شاعیر هەستی بەوە کردووە، کە نیشتمانەکەی دوژمنان و داگیرکەران داگیریان کردووەو نەتەوەکەشی بێبەشن لە هەموو خێرو بێرێکی، ئەمەش کاریگەریی لە دەروونی شاعیر کردووەو بۆ دەرکردنی داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەی ئامادەیە چەک هەڵبگریت و بە رۆحی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەی بکات .

هێمن یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی لە پێناو مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی گوتارە شیعرەییەکەی خستووەتە خزمەت گەلەکەیەوە بە دەنگێکی بەرزو هەستێکی پۆلاین هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە و دەڵێت:

**دەمگرێ ئەما لە گرتوخانە ڕق ئەستوورتـــــرم**

**لێم دەدا ئەما لە سەر داوا ڕەواکەم سوورتـرم**

**دەمکوژێ، ئەمما بە گژ جەللادەکەم دا دێمەوە**

**کوردم و ناتوێمەوە ناتوێمەوە نـــــاتوێمــەوە (دیوانی هێمن، ٢٧٠٨، ٤١٩)**

هێمنی شاعیر بەردەوام دەبێت لە بیروباوەڕی نەتەوایەتی خۆی هێزیش نییە لە هەستی نەتەوایەتی خوێ بکات، بۆیە ڕوو لە دوژمنانی نەتەوەکەی دەکات و پێیان دەڵێت: چەند ئازارو ئەشکەنجەو بەندمان بکەن، بەڵام ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم ڕق ئەستوورتر دەبن بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانیان، خەبات دەکەن لە پێناویدا بە گژ داگیرکەرانی خاکەکەیدا دەچنەوەو هەرگیزاوهەرگیز خەیاڵی لەناوبردن و ڕیشەکێشکردنی کورد نەدەن، چونکە ڕەگوڕیشەی بە خاکی کوردستانا چەقاندوەو ناتوێتەوە، بەمەش شاعیر بەو پەڕی بڕوا بە خۆبوونەوە هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە.

قەدری جان گوتاری شیعریی خستووەتە خزمەت مەسەلە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەی، لەم دەقە شیعرییەی دا ڕەمزە نەتەوەییەکانی دەوڵەتداری کوردان دەخاتە پێش ڕەمزە ئایینییەکان و بگرە بە پیرۆزتریان دادەنێت، بۆیە دەبینین لەم دەقە شیعریی دا، کە وەسفی شاری مێردین و کۆشکی میرانی میرنیشنی بۆتان دەکات لە مێژوودا و دەڵێت:

یەک نێرینا مێردین و بـــــورجا بەلەک

ب  خوەدێ نادم ب ئەسوەدحەجەرێ( دەوڵەت، ٢٠٠٦، ١٧٢)

کامەرانی شاعیرش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ باسی بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتی کردووە و ئاماژەی بە چەند شتێک کردووە، وەک ئاڵا – گەل- کە ئەم وشانە بنەمایەکن بۆ دروستبوونی دەوڵەت، شاعیریش لە ڕێگای ئەم وشانەوە هەستی نەتەوایەتی بەرامبەر بە دوژمنانی نەتەوەکەی دەربڕیوە، لە لایەکی تر ئاماژەی بۆ کاوەی ئاسنگەر کردووە کە هێمایە بۆ خەبات و تێکۆشان و بەرگریکردن و ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد لە دەست داگیرکەرو دوژمنانی و خەونی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی وەک دەڵێت:

**کاوە کە هەڵی کـــرد ئـــــاڵا**

**گەل لە قەڵای زۆردار ئـــــاڵا**

**ئەو چەکوشەی تاکو ئـــەمڕۆ**

**شانازییە بـــۆ مـــن و تـــۆ**

**لــــە سەری دوژمــــــنا بوو**

**ڕزگاری بوو کوردی زیندوو (کامران، ٢٠١٣، ١٧٦ )**

دیلان یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی هەستی بەزوڵم و ستەمەکانی کردووە، کە لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانەوە کراوەتە سەر نەتەوەکەی، ئەمەش وای کردووە گوتاری نەتەوەیی شاعیر هەڵقوڵاوی ئەو زوڵم وستەمە بێت و ڕەنگبداتەوە لە شیعرەکانیدا، شاعیر سەبارەت بە ئازادبوونی نیشتمان دەڵێت:

**ئەزانی کەی .... ئەزانی کەی**

**هەناو و دڵ ئەڵێ ئۆخـــەی**

**کە ئازاد بوو نیشتـمانـــم**

**بەهارەکەی کوردستانــم**

**گەشە بۆمن بۆ چاوی کوێر**

**ئەی هەنسک و سۆزی بلوێر (محەمەد، ٢٠٠٧، ١١٩)**

شاعیر لەم دەقەدا لە ئەنجامی زوڵم و زۆری داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەی ئاوات دەخوازێت بە ئازادبوونی نیشتمانەکەی کاتێک دەڵێت: کەی دڵ و دەروون ئەحەسێتەوەو نیشتمانەکەی ئازادبێت و نەتەوەکەی ببێتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ و وەک تەواوی گەلانی جیهان کوردیش دەوڵەتی خۆی هەبێت.

برایم ئەحمەد یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەستی نەتەوایەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە هەر لە بەر ئەم هۆیە بووە زیندانی کراوەو گوتاری شیعرەکانی ڕێنیشاندەری نەتەوە و نەوەی داهاتووبووە، بۆ نموونە سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی شاعیر لە دەقێکدا باسی ئاڵای کوردستان دەکات و دەڵێت:

**کــــــوردی خاوەنی ئـــەم نیشتمانە**

**پڕ خێر و بێرو پڕ نـــەوت و کانـە**

**خـاوەنی مێژوو هی ئـــەم زمـــانە**

**بە گۆڕ سپێری سەد هاری وەک تۆ**

**بۆ نەگرێتە دەست چارەنووسی خۆ**

**بۆ هەقی نەبێ ئـــەویش وەک ئێـوە**

**ئاڵای خۆی هەڵکا لــــەم کەژو کێوە (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ٦٧)**

شاعیر لەم دەقەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی بڕیاری خۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و گەلی کورد دەکات، هاتووە باسی کوردستانی کردووە، کە شوێنێکی پڕ خێرەو خاوەنی نەوت و چەندین شتی بە نرخە، بەڵام لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران دەناڵێنێ و گەل بێبەشە لە خێرو بێری، بۆیە شاعیر ئاواتەخوازە و داوا دەکات ڕۆڵەی نەتەوەکەی تێبکۆشن و هەوڵ بدەن وەک گەلانی تر چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئاڵای کوردستانش کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەتو دروستبوونی دەوڵەت لە خاکی خۆی هەڵبکات، ئەمەش پەرۆشیی شاعیر دەردەخات بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

یەکێک لە بنەماکانی دروستبوونی هەر دەوڵەتێک بوونی خاکە کورد خاوەنی خاکێکی دابەشکراوە، ئەمەش لە شیعری زۆربەی شاعیرانی کورد رەنگیداوەتەوە،

لەتیف هەڵمەتیش یەکێکە لەو شاعیرە نیشتمانپەروەرانەی هەردەم لەخەمی دروستبوونی کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ نەتەوەکەی، لەم دەقەشدا بەڕوونی ئەو هەستە دەردەکەوێت و باسی خۆشەویستی خاک دەکات کە یەکێکە لە بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت وەکو دەڵێت:

**من دەتوانم**

**وشەی هەموو فەرهەنگەکان**

**بدزم و بیشارمەوە**

**لە ناو قوڵپی خوێنی گیانم**

**بەڵام هەرگیز ناتوانم**

**ئە لەم خاکە بەولاوە**

**هیچ خاکێکی تر بکەمە نیشتمانم (هەڵمەت ١٩٧٩، ٣٧)**

بۆیە ئەوەی ماوە بڵێین کە شاعیرانی کورد وەک ڕوناکبیرو قەڵەم بەدەست لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە، هەوڵی بەرگریکردن لە شوناسی نەتەوەییان داوە، لەهەمان کاتدا گوتاری شیعرییان خستۆتە خزمەتی هوشیارکردنەوەی تاکی کورد و گەیاندنی دۆزی ڕەوای کورد بە میللەتانی دونیا.

# بەشی یەکەم

## پاری چوارەم

### گوتاری ناسیۆنالیزمی و پەرچەکرداری وەهمی ترس و قڕکردن

پێویستە بۆ گوتاری ناسیۆنالیزمی بە دوای پایە و بنەڕەتەکانی گەڵاڵەبووی مێژووی گوتاری نەتەوەیی بگەڕێین، تا بزانین چۆن گوتاری ناسیۆنالیزمیمان بەرهەم هاتووە؟

لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد دابەشبووی چەند دەوڵەتێکەو بووەتە کۆلۆنایزەرێکی نێودەوڵەتی، بەدرێژایی مێژوو لە سەنگەری بەرگری بوون و نەماندابووە بە تایبەتیش دوای ڕووخاندنی یەکەم ئیمبراتۆریەتی کوردی لە٥٥٠ پ ز لەلایەن هەخامەنشی فارسەکانەوە.

دەبێت بەهۆشێکی مەعریفی درکدار گوتارێک بەرهەم بهێنین خاوەن ناسنامە، ناسنامەیەکی هەڵهێنجراوی مێژوویەکی دزراوی نەتەوەیەکی دابەشکراو بێت، گوتارێک کە خاوەنی ناسنامەیەک بێت کە لەژێر سێبەری گوتاری تەواوی نەتەوە سەردەستەکان دەرچووبێت.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە گوتاری بەرەنگاری ئەو حاڵەتە دەروونییە، کە تێیدا شاعیر بە قووڵی ڕەسەنی خودی هوشیاریی خۆی بە نێو سەلماندنی ناسنامەی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی ڕوو دەچێت، تا بگات بە ئازادی ڕاستەقینە لە بەرامبەر هێزی دەستدرێژی کار، بە شێوازێک بێت لە شێوازەکانی بەرزکردنەوەی دروشمی سەلماندنی خودو نەمانی فاکتەرەکانی سڕینەوەو ناسنامەی نەتەوایەتی هەر میللەتێک، کە بیەوێت لە سەر خاکی نەتەوایەتی خۆی بژیت و ڕەگەزەکانی خاک و ئاو و خوێن لە بازنەی قەوارەیەکی سیاسیدا بەرجەستە بکات.

کەواتە شیعری بەرەنگاری بەرجەستەکردنی گوتارێکە، کە ((میللەت لە خەوی ژێردەستەیی و ئەستەمدیدەیی هەڵدەسێنێ و کاردەکات لە ورووژاندنی هەست و گیانی نەتەوایەتی، کە لە میانەی چەند فاکتەرێکی ورووژێنەرەوە دێتەکایەوە، وەک داگیرکردن و ژێردەستەیی و چەوساندنەوە، کە دژ بە وڵاتان و گەلان دەکرێت)) (السيد، ٢٠٠٨، ٨)، کەواتە گوتاری شیعری بەرەنگاری پەیامێکی بەمەبەستی چەسپاندن و قووڵکردنەوەی ئینتمای نەتەوایەتییە لە ناخی مرۆڤەکان، تا گەیشتن بەحاڵەتی هەستکردنی بەردەوام بەپێویستی بەرگریکردن لە خاک دژ بە داگیرکاری و چەوساندنەوە و ستەمی دەرەکی، چونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر ململانێ بنیاتنراوە، مرۆڤەکانیش هەوڵ و خەباتیان لە پێناو مانەوە و خۆپارستن لە داگیرکاری کردووە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە((مێژووی مرۆڤ لە کۆن و تازەدا هیچ

کارێکی ئەدەبی بەدەر نییە لە خاسیەتی بەرەنگاری)) (شوکریە، ١٩٧٠، ٧)، واتە ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی چ کۆن و تازە چ زارەکی و نووسراو بەدەر نییە لە ململانێ و بەرەنگاری دژی داگیرکاری، چونکە((ئەرکی هونەر ئەوەیە ورەی مرۆڤ بەرز بکاتەوە و بارگرانی سەرشانی سووک و ئاسان بکات و فێری هیوا و خۆشەویستی و کۆڵنەدان و بڕوا بە خۆبوون بکات)) (معروف، ٢٠٠٢، ٢٥٨)، واتە ئەرکی هونەر و ئەدەب ئەوەیە مرۆڤ فێری ورەبەرزی بکات و ئاستەنگەکانی ئاسان بکات و کۆڵ نەدات لە پێناو بەدەستهێنانی مافەرەواکانی نەتەوەکەی، هەر بۆیە (( کاتێک نەتەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی لەناوچوون لە لایەن نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە، بەرهەمی وێژەی نەتەوەیەک ئەو بەرهەمەیە شەقڵی تایبەتێتی ئەو نەتەوەیەی پێوە دیارە دەبێ، تایبەتێتی نەتەوە لە گشت سەرچاوەکانی ژیانیاندا، بە ژیانی ئابووری و سیاسی و ئایینی و یاساکانی کۆمەڵایەتییەوە بە شکۆ مێژووییەکانییەوە لەگەڵ چۆنێتی سروشتی نیشتمانەکەی)) (سەعدوون ،٢٠٢٢، ٤٦٥– ٤٦٦) واتە بەرهەمی ئەدەبی بەرەنگاری هەڕەشەی نەتەوە سەردەستە داگیرکەرەکان دەکات بۆ سەلماندنی خود و مانەوەی نەتەوەکەی.

هەروەها ئەدەبی بەرەنگاری دەسکەوتێکی لاوەکییە لە بەرهەمی ئەدەبی، چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە ململانێکدا کە دژ بە ئایدۆلۆژیای باو بەرجەستە دەبێت، ئەدەبیاتی بەرەنگاری خەباتی نووسەرە دژ بە سەرکوتکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز و خاک و خوێن و پرنسیپەکانی نەتەوەیەک، یاخود بەشێکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئازادی و پەناهەندەیی، هەروەها دیارەدەیەکی گشتگیر و جیهانییە، ئامانجیشی ڕووبەڕووبوونەوەی بناغەی ملکەچی و سەرکوتکەرایی رۆشنبیری و نەتەوایەتییە، بەرەنگاری لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبیش دەبێتە خەباتی چەکداری، کە هەندێک جار گۆڕانکاری لە دەسەڵات و حکومەتدا دەکات.

سەرباری ئەوەی دەقی بەرەنگاریی بەندە بە چەمکی نەتەوەو ئالنگارییەکانیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەو هەستە نەتەوایەتیە جۆرە ئاوێتەیەک هەیە لە نێوان جدی و لیریکیدا، بەو مانایەی کە دەقی بەرەنگاری جگە لەوەی باس لە مەرگەسات و ستەمی نەتەوەیەک دەکات، باز دەداتە سەر ئەوەی کە لایەنەکانی غەزەل و وەسف و پەرۆشی و خەمخۆری و بئاخێنێتە نێو دەقەکەکەوە ((لەگەل ئەو جۆرە ئەدەبەشدا کۆمەڵێک ناوی شاعیران و نووسەران وەک سیمبولێک بۆ ئەدەبی بەرەنگاری دەرکەوتن)) (ابو اصبع، ٢٠٠٥، ١٢٤)

لەو جۆرە ئاوێتەیشدا دیارە گواستنەوە لە نێوان دەقی دەستکردو دەقی ڕاستەقینە کارێکی ئاسایی بێت بەو ئاراستەیەی کە شیعری بەرەنگاری بەرگوێی پەیام وەرگر دەکەوێت لە میانەی

ئەو هەستە نەتەوایەتییەی کە شاعیری ڕەسەنی نەتەوەخواز دەقەکە دەکات بە بەشێک لە پێکهاتەی عەقڵ و ژیری خۆی، چونکە لە دەستدانی خۆشەویستییەک هاوتای لە دەستدانی نیشتمانە، نیشتمان ئازیزە ئازیزیش نیشتمانە، ئەو ئاوێتەیەش دوو ڕووی یەک ئایدیایی ئینتیمای نەتەوەیین، هەر بۆیە دەنگی شاعیری بەرەنگاری نمایندەی گیانی بەرگری نەتەوایەتییە کە لە میانەی هەستێکی ڕاستەقینەوە ئاراستەدەکرێت. بۆ نموونە گۆرانی شاعیر دەڵێت:

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هــاتە سەر نەعشم**

**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نـــەژیا**

**وەزیفەم بوو لـــــە پێناوی وڵاتێکا سەرم بـــــــــەخشم**

**کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کـــــەژیا**

**ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ : ڕۆڵە**

**لە من فرمێسکی ویست باوکت، لـــــە تۆش داوا ئەکا تۆڵە (دیوانی گۆران، ١٣٩٠، ٢٢٤)**

ئەم دەقەی گۆرانی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ کارەساتی ٦ ئەیلوولی (١٩٣٠)، کە تێیدا کۆمەڵێک قارەمان شەهید بوون یەکێک لەو شەهیدانە (هەڵۆ بەگ) بووە کە زاوای یەک شەوە بووە و تەنیا یەک شەو دوای گەیشتن بە بووکەکەی شەهید دەکرێت، گۆرانی شاعیرش ئەم هۆنراوەی نووسیوە و بۆ بووکەکە، کە بڵێت گلەیی ئەوە نەکات کە لە پێناو عەشقی ئەودا نەژیاوەو شەهید نەبووە، بەڵکو بۆ وەتەن خۆی فیداکرد، چونکە هەڵو وەزیفەی بووە لە پێناوی وڵاتێکدا سەری بەخت کات کە بووکەکەی ئەوی تیادا پەروەردە بووە، لەم ڕوانگەیەوە گوتاری شیعری بەرەنگاری هەڵگری سێ ڕەهەندی بنەڕەتییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و زانینی بەرامبەر، واتە دەسەڵاتی داگیرکەر لە شیعری بەرەنگاریدا هەردوو جەمسەری((پابەندبوون و ملکەچبوون لەڕووی مەبەست و ماناو دەلالەتی عورفیەوە جیاوازییان هەیە، چونکە پابەندبوون بیرۆکەی بەرگریکردن لە ئایدۆلۆژیایەک لە دەروازە، باوەڕبوونەوە بە خودی پابەندبوونەکە، بەڵام لە ملکەچبووندا ئازادی نامێنێ و بیرۆکەی بەڕێکردن لە ئایدولۆژیا لە ڕۆانگەی ڕێخۆشکردن و ترسەوە بەرجەستە دەبێت)) (بری، ١٩٩٤، ٢٣٧)، کەواتە گوتاری شیعری پابەندبوون ((زادەی عەقڵ و فیکرە لە میانەی بانگەشەکردن بە وشە، تاکو ببێتە کردار و بەرجەستەبوون لە ماڵانی جوتیار و کریکاران لە پێناو گەیشتن بە مێژوویەک کە کردەی بەرەنگاری بەرجەستە بکات)) (خلیل، ١٩٦ ٥، ٣٤)، بۆیە ئەگەر پابەندبوون وەرگرتنی هەڵویست

بێت لە خودی ئەو کردارانەی کە لەئەنجامی چەوسانەوە سەرهەڵدەدات، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لە ڕۆژگارە کۆنەکانەوە لە میانەی پەیوەندیی لە نێوان سەربەستی و بنەماکانی پابەندبوونەوە بەرجەستە نەبووبێت، چونکە((بنەمای پابەندبوون دانپێدانانە بە سەربەستی نووسەرو ئەرکەکەی لە هەمان کاتدا بەبێ سەربەستی شاعیر یاخود نووسەر ڕەسەنایەتی لە دەست دەدات و ئەو کاتە بانگەوازەکەی لە چوارچێوەی ویژدان و هۆشیاریی مرۆڤایەتی دەردەچێت و خۆشی دەبێت بە ئامرازێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی خوێنەرو دەبێت بە موڵکی کەسانی تر، چونکە متمانەی نێوان نووسەر و خوێنەر بەبێ بەرپرسیارێتی سەربەستی لە دەستدەدات و دەبێت بە ڕووی پێچەوانەی کۆمەڵگە و ویژدانی زیندووی کۆمەڵگای بەرهەمهێن)) (هلال، ١٩٨٢، ٥٦)

یەکێک لە کیشەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی گوتارەوە جیاکردنەوەی کێشەی پابەندبوون و بانگەشەکردن بۆ پابەندبوونە، بەو مانایەی کە دەبێت لە ئەدەب و پیشەی هونەردا لەسەر بنەمای پابەندبوون و گوزارشتکردن لە هەندێک کێشەی بەرگریکردن و شۆڕبوونەوە بۆ ناو عەقڵیەتی جەماوەرو ئاگاداری ئەوە بن، کە چۆن گوتارەکانیان ئاراستەیان دەکەن، چونکە ((پەیوەستبوونی نووسەران و شاعیران لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەندە بە ویژدان و کارلێکەری لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بەو مانایەی لە شێوازی ڕاپورت و نمایشی قسە تەنیا ڕووکارەکەی دەربخات تا دەگاتە ڕەهایی نمایشی ووشە و گوزارشت تا نزیکبوونەوە لە سنووردارکردن و قووڵبونەوە)) (عید، ١٩٨٨، ٢٩٥)

کەواتە شیعری بەرگری سیستەمێکی تێکڕاییە لە شێوازەکانی پابەندبوون و بەرەنگاریکردن لە میانەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی بەرامبەری داگیرکەرو ستەمکار بە وشەو هەڵوێست و چەک، لەسەر بنەمای فەرموودەی پیرۆزی پیغەمبەر (د.خ)) **(من رأى منكم منكرآ فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه وإن لم يستطع فبقلبه وذلک أضعف الايمان)** ( https://dorar.net/hadith/sharh/63254) بەو مانایەی کە زاراوەی شیعری بەرەنگاری ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک شیعر کە لە خاکێکی داگیرکراودا دەنووسرێتەوە).

هەروەها ئەدەبی بەرەنگاری ((ئەدەبی هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی و سەنگەر پتەوکردن بووە بەرامبەر بە سیاسەتی داگیرکاری و چەوساندنەوەو جینۆسایدکردنی نەتەوە، ئەدەبی شەڕ و جەنگێکی ڕەوایە، ئەگەر ژینگەی خەبات و تێکۆشانی ئەو ئەدەبە جیاوازیش بێت، بەڵام لە چەندان خاسیەت و تایبەتمەندییدا لەیەک نزیکن)) (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٢٦)، واتە ئەدەبی

بەرەنگاری سەرەڕای ئەوەی ئەدەبێکە دژ بە داگیرکەران وناحەزانی دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبێکە هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی فەراهەم دەکات.

لە هەمان کاتدا زاراوەی (شیعری نسکۆ) هەیە کە مەبەست لێی تەنیا مەرگەسات و ژانی تاک و کۆمەڵ دەگەیەنێت، لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە شیعری بەرەنگاری نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە ڕووی دەلالەتەوە ماناکەی لە شیعری بەرەنگاری تێکڕا نییە، شیعری نسکۆ دەلالەتە لەسەر وێناکردنی مەرگەسات و کۆستی تاک و کۆمەڵ، کە وەک مێژووی ڕووداوەکان و وروژانی کۆستکەوتوو بەرجەستە دەبێت، بەڵام ((شیعری بەرەنگاری چارەسەری کۆست و ئالنگارییەکان دەکات، هەروەها پەنجە دەخاتە سەر هەڵویستی وروژان و ئیرادەی تاک لە خستنەڕووی پەرۆشی بۆ ئازادی و بەرەنگاری)) (ابو اصبع، ٢٠٠٥، ٦٤)، واتە ئەو نووسەرانەی لە بواری گوتاری بەرەنگاری کاردەکەن چەند زاراوەیەکی سنوور بۆ نەکێشراو بەکاردەهێنن، وەک شیعری جەنگ، شیعری جەنگاوەر، شیعری بەرەنگاری ..... هتد، بەڵام ئەو زاراوانە مانای تەواوەتی پەیامی پیرۆزی بەرەنگاری ناگەیەنێت، چونکە((دەبێت زاراوەی بەرەنگاری هاوتای مانای ڕاستەقینەی بەرەنگاربوونەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی داگیرکەر بگەیەنێت، کە لە میانەی شەڕی نایەکسانی و بێ هەمبەریدا شاعیر پەیامێکی ئایدۆلۆژی بە گوێی دوژمندا دەدات)) (المناضر، ٢٠٠٦، ١٨١)

چونکە جەنگ دەستکەوتی دوژمنکاری دەسەڵاتی داگیرکارییە، لە هەمان کاتدا بەرکەوتەی ئازادی و خواستەکانی گەلە، لەو کاتەوەی کە شەڕ دەستپێدەکات و دوژمنکاری ڕووبەڕووی ئازادی دەبێتەوە، دیاردەیەک سەرهەڵدەدات کە بەبەرەنگاری ناوزەددەکرێت، لەهەمان کاتیشدا چەند دوژمنکاری زۆرتربێت ئەوەندە بەرگریکردن و پەیامی بەرەنگاری تونتردەبێت، بەو مانای کە کردەی هۆشیاریی سەربەخۆیی دژ بە کردەی دوژمنکاری بەرجەستە دەبێت، ئەوەش کە پێی دەوترێت کردەی بەرەنگاری، بەڵام ئەدەبی بەرەنگاری نووسراوێکی کاریگەرە لە دۆکۆمێنتکردنی ئەو ڕووداوانەی بە سەر میللەتاندا هاتووەو دێت، بۆیە دەبێت ئەو ئەدەبە گوتارێکی ڕاستەخۆ و هەڵوێستێکی بوێرانە بێت لە هەمبەر بە دوژمنکاری و پاوانخوازی، لەهەمان کاتیشدا گوزارشتکردنە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی جەنگ و ئازادی و وێناکردنی خەون و هیواکانی نەتەوە.

نەتەوەی ژێردەستکراویش لە سروشتێکی نامۆی سەپاو بە سەردا دەژێت، ئەو وێنانەی لای تۆخ دەبێتەوە، کە ئامێری داگیرکەری زەبەلاح بەزرنگیەوە لە ناخیدا دەیڕوێنێ و لە جیهانێکی وەهمی پڕ درۆدا پەرەی پێدەدا، ئەمە ئەو دۆخەیە کە هەموو تواناو ئیرادەمان تیایدا دەمرن و

له پەل و پۆ دەکەون، تەواوی بەهرە نەتەوەییەکان دەپوکێتەوەو بروا بەخۆبوون بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکارییە فرە ڕەهەندەکان پەک دەخەن، پرسیاری کەی ڕزگارمان دەبێت و چیمان پێدەکرێت دەبێتە کرۆکی پرسیارە ئاکارییەکان، داگیرکەر ئەم پرسیارانە پەرە پێدەدات و ڕۆحیەتی بیرکردنەوەو هەستانەوە سست دەکات و قەدەر دەکاتە میوانی هەموو تاکێکی نەتەوە کە خۆی لە بێدەسەڵاتی و خۆ بە دەستەوەداندا دەبینێتەوە، ئەم وەهمە لەترس و تۆقاندن و قڕکردن بەرۆکی نەتەوە بەرنادات و هاوکێشەی ترس و لەناوچوون لە پێوانەی منی داگیرکراودا لە لێواری ڕاستی نزیک دەبێتەوە.

هەروەها شیعری بەرەنگاری زیاتر لەو نەتەوەو گەل و وڵاتانە بوونی هەیەو پەرەدەسەنێت، کە لە ژێر زوڵم و ستەم و دەسەڵاتی داگیرکاریدایە، شاعیر لە پێناو هۆشیارکردنەوەی نەتەوایەتی و زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی تاکەکانی نەتەوەکەی دژ بەژێردەستی و جیاوازی چینایەتی و بەرگریکردن لە مافەڕەواکانی نەتەوەکەی شیعری بەرەنگاری دەنووسێت، هەر بۆیە د.ئەبوبەکر خۆشناویش ئاماژەی بەوە کردووە کە شیعری بەرەنگاری ((شیعری ڕەنگدانەوەو بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو هێز و دەسەڵاتانەیە کە هەوڵی دەست بەسەراگرتنی نەتەوەو سەربەخۆیی و مافە ڕەواکانی گەلێک دەدەن))(خۆشناو، ٢٠٠٢، ٣٦)، کەواتە لە ئەنجامی داگیرکاری وڵات و نەتەوە سەردەستەکان بۆ سەر نەتەوە و وڵاتە ژێردەستەکان شیعرو گوتاری بەرەنگاری لەدایک دەبێت و شاعیران پەیامێک و گوتارێکی بەرەنگاری ئاراستە دەکەن

لە حەفتاکان و هەشتەکانی سەدەی ڕابردوو پابەندبوون و بەرەنگاری لە ئەدەبدا ئاراستەیەکی تری وەرگرت، کە پاشتر بوو بە چەمکێک بەدەر لە ئیستاتیکای دەق و بوو بە دروشمێک بۆ هاندان، بەڕادەیەک لە باڵاترین ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە دابەزی بۆ تەنیا دروشم و گوتاری شاخ و ئەشکەوت و پەناگەکانی شۆڕش، هەر ئەویش بوو بەرگی هونەری و ئیستاتیکای لە دەق داماڵی و سروشتی مرۆڤایەتی بوو بە نموونەی قارەمانیەتی لە ڕادەبەدەر.

د.عوسمان عبدول بەرزنجیش سەبارەت بە شیعری بەرەنگاری دەڵێت: ((شیعری بەرەنگاری لە جەوهەردا بریتییە لە شیعری وشیارکردنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی لەڕووی زەبروزەنگدا، واتە ڕەفزکەری واقیعی ژێردەستەییە لەگەڵ پەرەسەندن و ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی و تێربوونەوەی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا، ئەم جۆرە شیعرە پەیدابوو))(مستەفا، ٢٠١٥، ٤٩) ئیدریس عەبدوالواحید شریفیش سەبارەت بە شیعری بەرەنگاری دەڵێیت: ((ئەو شیعرەیە کەوا داوای ئازادی و بەگژداچوونەوەی خۆسەپاندن و داگیرکردن لەلایەک و دەنگی پیاهەڵدانە، بە بەهای ئازایەتی و پاڵەوانی و خۆبەختکردن و یەکیتی، شیعری بەرەنگاری ئەو چەکە

بەهێزەیە کە سەرجەم میللەت دەتوانێت شەری ناحەزان و داگیرکەرانی گەل و نیشتمانی پێبکات، لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەدا دوژمنی پێ ببەزێنێت)) (شەریف، ٢٠٠٥، ١٥)، کەواتە شیعری بەرەنگاری ئەو گوتارەیە کە هەموو میللەت و نەتەوەیەک لە شەڕی دژی دوژمنان و دەسەڵاتی داگیرکەرانی گەل و خاک نیشتمانی پێبکات، هەروەها بە دوای بەدەستهێنانی ئازادییە بۆ گەل و نەتەوە و ڕەتکردنەوەی واقیعی ژێردەستەییە، بۆیە شیعری بەرەنگاری ((شیعری شۆڕشگێڕییە و لە ئاستی جوڵانەوەی شیعری ڕۆڵە شۆڕشگێڕییەکەی دەبینێ، هەروەها لە ئاستی خەباتی رۆژانەی جەماوەر دژی داگیرکردن و ڕاوەدونان لە ناو ڕیزەکانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جەماوەر دەجەنگن، زۆر جاریش نرخی شۆڕشگێڕییەکەیان قورسترین سزایە))(شەریف، ٢٠٢١، ٣٤٩)، واتە شیعری بەرەنگاری هێزو ورە دەبەخشێت بە ڕۆڵە جەنگاوەرەکانی پاراستنی خاک و وڵات، بۆ ئەوەی دژی زوڵم و ستەمی داگیرکەران بجەنگن. بوونیشی پێویستە و پێویست بووە و کاریگەریی خۆشی لە بزاوتنی هەستی نیشتمان پەروەری لەلای تاکەکانی گەل و نەتەوە کردووە.

**-ئەدگارەکانی شیعری بەرەنگاریی**

شیعری بەرەنگاریی ڕەهەندێکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ناسینەوەی ئەوەی تری هەیە، کە پاش گەڵاڵەبوون بە(شیعری بەرەنگاری) و (شیعری خەبات) ناوزەد دەکرێت، دەکرێت شیعری بەرەنگاری بەوە بناسرێتەوە، کە شاعیر تێدا بە قووڵی و ڕەسەنایەتی گوزارشت لە خودی هۆشیاریی ناسنامەی رۆشنبیری خۆی دەکات بە ئاراستەی ئازدییەکی ڕاستەقینە بەرامبەر بە دوژمنی داگیرکەر بەهەر شێوەیەک بێت، کاتێک کە باس لە ئەدەبی بەرەنگاری دەکرێت ئاماژە بە تاک و پێگەی نەتەوایەتی دەکرێت لە بەرپەرچدانەوەی سەرکوتکردن و ستەمداری بەوەی کە ئەدەبی بەرەنگاری ئامرازێکی کاریگەرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی ستەمکارو سەرکوتکار، هەروەها ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە سەلماندنی پێگەی تاکی بەرەنگارو گەیاندنی دەنگی خەبات و چەسپاندنی خودی نەتەوایەتی، لە هەمان کاتدا گوزارشتکردنە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەگەڵ جەختکردن لەسەر کێشەو دیاردە نەگەتیڤیەکان، کە کاردەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو دەقانەی کە سیمای بەرەنگارییان هەیە، بە زمانێکی زبرو لە چوارچێوەی ئاراستەیەکی توندڕەوییانە دەنووسرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆحیەتی شاعیر لە بازنەی هەست ناسکی و چێژی دەق دەرناچێت بۆ نموونە قانع دەڵێت :

**بووکی ئازادییم دەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی**

**ئـــــــەڵقە ئەڵقەی پێوەنـــــــم وەک پلپلە و لەرزانەیە**

**گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بـــــــە دیلی لاڵ ئـەبم**

**باش بزانێ کـــــــونجی زیندانم قـــــــــــوتابیخانەیە (دیوانی قانع، ١٩٧٩، ٢٢٩)**

گرنگترین ئەدگارەکانی شیعری بەرەنگاری لە میتۆدی نوێدا بریتیین لە باوەڕبوون بە نەتەوەو متمانەکردن بەنەهێشتنی ستەم و یەقینی ڕەها بەسەرکەوتن، هەروەها دەقی بەرەنگاری لە شیعردا ئامێتەیەکە لە نێوان یاخی بوون و داوای پێدەکات ڕەوای ئازادیی تاک و بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی هاونیشتمانی لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتمان.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی نەتەوەی کوردا بخشێنینەوە ئەوە بە ڕوونی درک بەوە دەکەی لەهەموو سەردەمێکدا کەسانێک هەبوون هەڵپەرست بوون و لە پێناو بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان دژی نەتەوەکەی خۆیان هەموو شتێکیان کردووە، سالمی شاعیر بەرەنگاریان دەبێتەوەو بە نەوەی شەیتانیان ناو دەبات، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی شاعیر بە چاوی خۆی نەمان و ڕوخانی فەرمانڕەوایی بابانی دیوە و کەسانێک نۆکەرو جاشایەتیان بۆ تورکی فاشیست کردووە بۆیە دەڵێت:

**لە ئـــــــەوضاعی سلێمانی ئەوانەی شاد و ئـــــاسودەن**

**لە فەرعا نوظفەی حیض و لە اصلا جنسی شــــــــەیتان**

**گەهێ هەمدەردی ئەکرادن گەهێ هەم عەیشی ئەتراکن**

**لەلایەک مادەری بەرخن لەلایەک یاری گورگانن (دیوانی سالم، ٢٠١٥، ١٠٧)**

بەو شێوەیە لە دوا قۆناغەکانی بەرجەستەکردنی شیعر و ڕەوتی گۆڕنکارییەکان لە ئاستی سیاسیدا دەنگێکی نوێ لە زمانی بەرەنگاری بەرامبەر بە دەسەڵاتی قۆرغکاری و داگیرکار دێتەکایەوە، کە خوێنەر یان بیسەر درکی لەو حاڵەتەشدا پەرۆشی سیاسی تێکەڵ بە دەنگی زوڵاڵی شاعیر دەبێت لە میانەی درککردن بە ڕاستیەکانی گوزەرانی نێو دەقەکە.

**-قۆناغ و ناوەڕۆکی شیعری بەرەنگاریی**

1-قۆناغی سەلماندنی خود: لەم قۆناغەدا پەیامی شیعر زیاتر زاڵبووبووە بەسەر چیرۆک و ڕۆمان و ژانرە ئەدەبییەکانی تردا، چونکە لەو کاتەدا تاکی کۆمەڵ دووچاری نائومێدی دەبێت، وێڕای ئەوەی کە نسکۆی شۆڕش و یاخیبوونەکان گرکانی ڕق و کینە لە دڵیدا بەرجەستە دەبێت، بە دوای دەلاقەیەکدا دەگەڕێت کە هەستی بەرەنگاری ناخی پەنگخواردووی لە میانەی

شیعرەوە دەرببڕێت، لەوەشدا((هەستی پەرۆشی و بڵندبوونی شێوازی گوتاری شیعری لە میانەی تێگەیشتنی واقیع و دەستخستنەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکان و دۆزینەوەی چارەسەری تاکەکەسی)) (ابو اصبع، ٢٠٠٥، ١٢٢)

2 -قۆناغی جەختکردن لە ناسنامەو ناساندنی خود:

لەم قۆناغەدا شاعیر هەست بە ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕانەو گەڕانەوە بۆ هۆشیاریی سیاسی دەکات، چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشدا هاوکات لەگەڵ ئەزموونی تاڵی سالآنی پێشوو جوغزێک بۆ پێگەیشتنی هۆشیاریی و بەرچاوڕوونی دیدو یەقینی تێپەڕاندنی واقیعە کۆنەکە بەرجەستە دەبێت لە پێناو دامەزراندنی پاشەڕۆژو گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە پێناو ئازادی خاک و مرۆڤ.

لەم قۆناغەشدا نووسەران و شاعیران زیاتر بە کردە هۆشیارییەکان ناوەخنی شۆڕشگێڕی ئامێتەی ڕەوتێکی تازە لە دەقەکانیاندا بەرجەستە دەکەن، لەوەشدا ئاسۆیەکی تازە بۆ سروشتی دەق و ڕووکار و پەیامی شیعر گەڵاڵە دەکەن، لەوەشدا هەروەک جەمسەری دیدێ بەرەنگاری و سروشتی خۆڕاگری.

لە پرۆسەی دەقی بەرەنگاریدا لە توانای نووسەردا هەیە پەیامەکەی لەچوارچێوەی کۆنتێکستێکی بە چێژو لە جوغزی ئیستاتیکای دەقدا پرۆسیس بکات، ئەدەبێک بێت کە دەنگێکی تایبەت و داهێنانێکی زمانی چێژ بەخش بەرجەستە دەکات بە تایبەتی لە سنووری مەرگەساتەوە دەبێت بە دەقێکی لیریکی، کەواتە((ڕەنگدانەوەی بەرەنگاری دەبێت بە درککردن بە ئاراستەی کۆمەڵایەتی لە بزاڤێکی بەرەنگاریدا بە تایبەتی لەو ڕووداوە هەنووکەیانە کە مامەڵە لەگەڵ دابونەریتە خەفەکراوەکان دەکات لە نێو بازنە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە هەمان کاتیشدا ڕەتیدەکاتەوە)) (کنفانی، ١٩٦٨، ٤٥)

خۆشەویستی بۆ زمانی دایک وای لێ کردووە بەرەنگاری هەموو ئەوانە بێتەوە کاتێک لەسەردەمی پێش خۆی و خۆی بە کوردی نەیانووسی و بە عەیبەیان داناوە، ئەگەر شاعیرێک بە کوردی بدوێت و بە کوردی بنووسێت، بۆیە نالی شاعیر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و گوتاری شیعری خۆی دەخاتە خزمەتی بارودۆخی نەتەوەکەیەوە لەهەمان کاتدا ئەرکی هۆشیارکرنەوەی گەلی هەڵگرتووە کاتێک دەڵێت:

**کەس بە ئەڵفازم نەڵێ خـــــۆ کوردییە خۆ کردییە**

**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکـات (نالی، ١٩٧٦، ١٠٦)**

هەر لەم بارەیەوە فارووق ڕەفیق دەڵێت: ((یەکێک لە سیماتە دیارەکانی زەینی کەسی داگیرکراو نەبوونی ڕێکوپێکی لەبیرکردنەوەدا، شپرزەیی و هەڕەمەکی و تێکەڵکردن و ئاڵۆزی دووفاقی و سادەیی و نەبوونی ئەرکیۆمێنتی عەقڵی لەسیماتە دیارەکانی زەینی کەسی داگیرکراون لەبیرکردنەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا زەینی کەسی داگیرکراو تووشی سەرلێشێواوی و شپرزەیی دەبێت، چونکە توانای ئەوەی نییە:

١. واقیع دەستنیشان بکات و ئینجا توانای ڕێکخستن و تەرکیزکردنە سەر واقعی بێت.
٢. ناتوانێت بۆچوونەکانی لە ساتێکی دیاریکراودا ڕێکبخات لەمەڕ ئەو شتەی کە دەیەوێت بیڵێت یا بیری لێ دەکاتەوە، ئیدی فەوزایەکی فیکری و هەڕەمەکی و گوتنی شتی دژ بە یەک لێرەوە دەست پێ دەکات)) (ڕەفیق، ٢٠٠٢، ٧٠)

بەڵام ئەمە لای شاعیران پێچەوانەیەو زوڵم و ستەمەکانی دوژمنان و داگیرکەرانی نەتەوەی کورد و ژێردەستیی و دیلی ڕەتدەکەنەوەی پاڵپشت بە مەعریفەیەکی بێ سنوور، کە ئاوێتەی بیرە نەتەوەییەکەیەتی، لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاک بە تاکی کورد، قانع گوتارە شیعریەکەی جەختکردنەوەیە لە ناسنامەی (خود) نەتەوەیی و بەگژداچوونی دوژمنانی کورد، ڕابەرایەتی کردنی گەلیش لێرەدا لە ئەستۆی شاعیردایە، کۆبوونەوەی مەرامەکانی (نەتەوەیی و بەرەنگاری و هۆشیاری) دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە شاعیر هەوڵی ڕابەرایەتی گەل دەدات لە تێکۆشان و بەرەنگاری، بۆیە کاتێک دەڵێت:

**بیری ئـــــــازادیم لـــــــە زیندانا فراوانتر ئەبێ**

**قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی، هیوای بە بەندیخانــەیە**

**گـــــــــرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادیـیە**

**تۆپ و شەستیر و کەلەپچە، لام وەکو ئەفسانەیە (قانع، ١٩٧٩، ٢٢٩)**

شاعیر بە جۆرێک دژی دوژمنان و داگیرکەرانی گەلەکەی دەوەستێتەوە و بەرەنگاریان دەبێتەوە زیندان دەکات بە شوێنی فراوانکردنی ئازادی و ئەوەی دوژمن بڕوای بە زیندان و گرتن هەیە بۆ لە ناو بردنی ئازادی. ئەوە بە پێچەوانەوە فاکتەرێکە بۆ ئازادی مرۆڤ.

لێکترازانی نەتەوەیی لە ئەستۆی عەقڵی کوردیدایە، کە لە هەرەمی فەرمانڕەوایدا بوونەتە مۆتەکەی خەم و ئاراستەکەری ڕووداوەکان و داڕێژەری گوتارەکانن،

له ڕاستیدا گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی غەرقی کۆمەڵێ پەیوەندیی گوماناوی بێ ئاکامە لەم قۆناغەدا، بەداخەوە گوتاری ناسیۆنالیزمی خۆی لە بێ مانایی پەرچەکرداری گوتاری ئەوی بەرامبەریدا لە دەستداوە سەرگەردانی بەدەستهێنانی نیازی تەسکبینانەی خودە، کە لێرەوە جگە لە دەلالەتی ڕەشبین و ئاسۆتاریکی بەرهەمێکی دی بەدی نایەت ناسنامە و گوتار دەکەونە نێوان بەرداشی بکەرە بەردەم خۆبینانەکان لە مێژووی نزیکی ئێمەدا، لە ڕاستیدا ناسنامە لە گوتارەوە ڕێچکەی دروستی خۆی دەگرێ و واقعێکی نوێ لە دیدی سیاسییەوە دەخوڵقێنێ.

ترس بونیادێکی خوڵقێنەری گەورەی مرۆڤایەتییەو گوتاری مانەوەش بەرهەمی دڵەڕاوکێ وەهم و ترسە

پێویستە ئێمە لە کاریگەریی ترس و گوتاری مانەوە بگەین، چونکە ترس لە قڕان مەرگی نەتەوەیی لە مێژووی ئێمەدا مێژوویەکە بە درێژایی تەمەنی نەتەوەکەمان هەڵکشاوە

پیرەمێردی شاعیر ئەم دەقەی خستۆتە خزمەت هۆشیارکردنەوەی گەلەوە، هەروەها هۆکاری پاشەکشەو سەرنەکەوتنی کورد دەستنیشان دەکات و بەرەنگاری ئالنگارییەکان دەبێتەوە، کە دووبەرەکی و خۆخۆرییە گوتاری شیعری شاعیر لێرەدا کەوتۆتە خزمەتی کێشە نەتەوەییەکەوە هۆشیارکردنەوەی خوێنەر و تاکی کورد دووبارە خەم و حەسرەتی پیرەمێرد لە پێناو ناهۆشیاریی و خۆفرۆشی (وەفدی کوردستان) ە، کە دوای ڕووداوەکانی (٦) ئەیلوولی سلێمانی، ئەو وەفدە دەچنە بەغدا، سەرباری کوشتن و بڕینی گەل و گرتن و زیندانی کردنی کۆمەڵێک زۆری مامۆستاو خوێنەوار، کەچی وەفدەکە بۆ پۆزش هێنانەوە دەچنە لای دوژمنانی کورد، جا لێرەدا شاعیر لە لایەک ڕووی دەمی لە دوژمنان و کورد فرۆشانە و بەرەنگاریان دەبێتەوە، لە لایەکی تر دەقەکە بۆتە هۆی زیندوو هێشتنەوەی کارەساتەکە و هۆشیارکردنەوەی نەوەی داهاتوو کاتێک دەڵێت:

**وەفدی کوردستان، میللەت فــــرۆشان**

**هەرزە وەکیلی شاری خـــــامۆشـان!!**

**چەپکێ لە گوڵەکەی، باخەکەی سـەرا**

**کـە بــــــە خوێناوی لاوان ئــاودرا**

**بیبەنە خزمەت عــــــەرشی عێراقــی**

**بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی**

**پەردەو تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر**

**بڵێن پاش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر (دیوانی پیرەمێر، ٢٠٠٧، ٩٣)**

پەرەسەندن و گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و هەڵکشانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بیرۆکەی مافی چارەی سیاسی جێهێشتووە، (هانزکۆن) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ناشێت وێنای ناسیۆنالیزم بکرێت بەبێ بیرۆکەی پێش وەختی سەروەری گەل)) (مەدەنیەت، ٢٠٠٩، ٤٤)

بەمەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ناسیۆنالیزم دەکرێ وەکو لایەنێکی خەباتی یا بزووتنەوەیەکی چینایەتی سەیر بکرێ، لێرەشەوە گوتاری نەوەی ناسیۆنالیزم لە گوتاری خێڵ و بنەماڵە بەرەو سەروتر گەشە دەکات و قۆناغێکی نوێی لە خستنەڕووی چەمکی گوتار و نەتەوە دەست پێدەکات و ئامانجی پشتەوەی ئەم گوتارەش بەرهەمهێنانی سستمێکی سیاسی نەتەوەییە.

ئەحمەد موختار جافی شاعیریش لەم دەقەدا هەست بە بەرپرسیاری دەکات و ڕووی دەمی دەکاتە شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی و پێیان دەڵێت واز لە بابەتی عیشق و خۆشەویستی بهێنن. تەماشای وڵات و نەتەوەکەتان بکەن بە دەستی هەندێ کەسی جاهیل و خۆپەرست و شەیدای پارەو پوول چۆن خەریکە وڵات وێران دەکەن، بۆ دەستکەوتی کەسیی خۆیان و ناهێڵن و ئەو کەسانەیان ناوێت کە وڵات بە زانست و هۆشیاریی پێشخەن، شاعیر بەرەنگاریان دەبێتەوەو پێیان دەڵێت: ڕووڕەشی دونیا و قیامەت بن، ئەمەش ئەوپەڕی هەستکردنی شاعیرە بە بەرپرسیارەێتی بەرامبەر بە خاک و وڵات و نەتەوەکەی و لە ڕێگای شیعرەکانیەوە هەستی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

**لادە شاعیر تـــــــۆ لەبـــاسی عەشقبازی و سەیـرکە**

**چۆن خەریکن چەن کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئـەکەن**

**جاهیلان بۆ ئیسفادەی زاتی خـــــــۆیان ڕۆژ و شەو**

**لەم موحیطە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن**

**ڕووڕەشی دونیا و قیامـــــــەت ئەو نەفامانەن کەوا**

**هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن (دیوانی ئەحمەدموختار، ١٩٨٦، ٨٠)**

ئەو دیاردانەی لە ناو نەتەوەی کورد بوونی هەبووە، وەک نۆکەری بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی گەل و دووبەرەکی و ناکۆکی لەگەڵ یەک لە پێناو دەسکەوتی کەسی و ماددی هەوڵی

سڕینەوەو لەناوبردنی یەکتر دەدەن، ئەمانەش وای لە بێکەسی شاعیر کردووە بەرەنگاریان ببێتەوە وەک دەڵێت:

**کورد ئـــەبەد ناگاتە مەقسەد نـــۆکـــەری بێگانەیە**

**دوو دڵن پیسن لەگەڵ یەک، بـــۆیە وا بێ لانـــەیە**

**میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هـــــەوڵ ئەدەن**

**داخەکەم ورد و درشتی شێت و شـــەیدای ئانەیە**

**سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕڕەیەک باوی نییە**

**پیاوەتی لایان بـــــە تـــەنها چەفتە و جامانەیە (دیوانی بێکەس، ١٣٩١، ٨٣)**

ناحەقی نەتەوە سەردەستەکان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد وا لە جگەرخوێن دەکات، بەرەنگاری دوژمنان ببێتەوەو داوا لە هەموو چین و توێژێ بکات بۆ خەباتکردن و ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو ناحەقیانەی بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەیکەن وەک لەم دەقەدا دەڵێت:

**تـــا کەنگی دزندانا بین حـــەبسیی و گـــــرتن**

**دارا ل سەرو لنگێ مــــەحن بە گچیی و شرتی**

**تا کەنگی بخۆن ئـەڤ بەگ و ئاغا مە بە خورتی**

**تا کەنگی ئەمێ دەی ل وەکن هـەر وی ب شرتی**

**ئەی کارکەر و جوتیار بەسە دەم هاتی یە ڕابن**

**تا کەنگی ئەمێ کـارکەرێ ئـــــاغا و بەگا بن**

**تا کەنگی ئەمێ هەستیێ بـــەر لنگێ سەگا بن ( ڕەسول، ٢٠٠٩، ٥٢- ٥٣)**

کورد بوون و نەمان دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و بەڕوونی ئەمەش لەدروشمی (کوردستان یان نەمان)ی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەرجەستە دەبێت، لێرەوە گوتار و ڕەفتاری ناسیۆنالیزمی کوردی زادەی عەقڵی پەککەوتووی سەرانیەتی، کە ناتوانن ڕۆحێک بەرهەم بهێنن کە مێژووبوون بکەنە ماکی بەرپەرچدانەوەی ئەو وەهمە پڕ ئازارییەو لێرەشەوە چارەنوسمان قەدەرییەو ئیرادە لە بیرکردنەوەی سەرانی سیاسیدا خەفەکراو و بووەتە ترسێکی ئەبەدی کە

تەواوی ڕۆحیەتەکان لەناودەبرێن، بەختیار عەلیش لەم بابەیەوە دەڵێت: ((ئایا دەکرێت کورد بوون لەترسی نەمان جیابکەینەوە؟ ئایە ترس دروستکەری کوردبوونە یان جۆرە هەستێکی درەنگ وەختەو لە قۆناغێکی درەنگتردا سەر هەڵدەدات)) (عەلی، ٢٠٢١، ١٣)

کامەرانیش لە پێناو مانەوەو بەرامبەر بە زوڵم و نادادی دوژمنانی گەلەکەی دەوستێتەوەو پێیان دەڵێت هیچ هێزو دوژمنێک ناتوانێت تاسەر مرۆڤ بە دیل و کۆیلە بکات، چونکە کاتێک تاک و کۆمەڵ و هۆشیاربن بەرەنگاری زوڵم ستەمی دوژمن دەبنەوەو تێدەکۆشن لە پێناو ئازادیدا وەک دەڵێت:

**هەر چەندە چنگی جەزرەبەی دوژمن**

**بگاتە جەرگ و گیربێ لـــــە گەردن**

**نـــــاتوانێ خوێنی بـــاوەڕ بڕێژێ**

**کار ناکاتە (بیر) ئــــاگر و ئـــاسن**

**تا لاشە لـــەسەر لاشە کـۆمەڵ بێ**

**زووتر ئەگەینە لوتکەی سەرکەوتن (دیوانی کامران، ١٩٧١، ١٩)**

گوتاری شیعری دیلان دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستیە، کە دوژمن هەرگیز ناتوانێ بە پڕکردنی زیندانەکان لە لاوی کورد ڕێگای خەبات و تێکۆشان لەگەلی کورد دابخات. شاعیر بەرەنگاری دوژمنانی گەل و نەتەوەکەی دەبێتەوە و پێیان دەڵێت: زیندان و هەڵواسین و سێدارەدان لە خەبات و تێکۆشتان ساردمان ناکاتەوە، بەڵکو دەبێتە فاکتەرێک بۆ بەهێزبوونمان وەک دەڵێت:

**ئاسوودە بن زەبری زیندان**

**هەڵواسین و پەت و خنکان**

**تەوژمی خەبات لەق نــاکا**

**هێزی تێکۆشان شەق ناکا (محەمەد، ٢٠٠٧، ١١٤)**

بەختیار علی دەڵێت: ((گوتاری مانەوە ترس ناکاتە دەرێ، ناتوانێت ترس بکاتە دەرێ، چونکە خۆی بەرهەم و بەرئەنجامی ترسە، دەرکردنی ترسیش مەترسی ئەوەی هەیە لە ساتێکی غافڵی و بێ خەمیدا قەلاچۆکردن و کورد قڕان ئاسان کۆتاییەکی تراژیدی بۆ کۆی شوناسی ئێمە

دابنێن)) (عەلی، ٢٠٢١، ٢١)، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت عەقڵی کوردی لە توانایدا نابێت سەروەری و سالاری سروشتی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت و لە توانایدا نییە وەهمی ترس لە بونیادی گشتی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا بهێنێتەدەرەوەو دیدگایەکی نوێی تێڕوانینی بۆ ڕۆح پەروەردەکردنی تاک بێنێتەکایەوە.

عەقڵی کوردی مۆراڵێکی مەترسیدار لەناوبەرەو ناتوانێت لە دەرەوەی ترس ژیان بکە گوتاری کوردیش گوتاری سەلماندنی شوناسە و هەوڵدەدات بەوانی بسەلمێنێ ئێمە خاوەن بوونین وەک لە سروودی:

**ئێمە کوردین نابەزێین**

**جەنگاوەرین نابەزین**

**نابەزین و نابەزین و نابەزین (بایز: جاسم، ٢٠١٣، ٢٦)**

ئەمە گوتاری ترسە، ترسی لەناوچوون دووبارە ئەی ڕەقیب دیوێکی تری ترسناکی وەهمی ترسەو جەختکردنە لەسەرمانەوە.

هەروەها بلەی شاعیرش لەپێناو مانەوەو ترسی لەناوچوون پەیام و گوتاری شیعری ئاراستەی هەموو دوژمنانی خاک و نەتەوەکەی دەکات و پێیان دەڵێت: خاکی کوردستان موڵکی عەرەب و فارس و تورک نییە، بەڵکو مەلای نا مەلا وای کرد کە کورد خاکی وڵاتەکەی لە دەست بدات، بۆیە بەرەنگاریان دەبێتەوە بەزۆڵ لەقەڵەمیان دەدات و دەڵێت:

**سەدام کوردستان مـــــوڵکی تۆ نیە**

**نە هی ئەتاتورک نـــــە خومـــەینییە**

**مەلای لا بە لا کـــوردی خستە داو**

**ئینگلیزیش ئێوەی لێکردین بە پیاو**

**تاقە بستێکی ئـــەم کـــوردستانە**

**داگیر نەکراوە بە جەنگی مـــەیدان**

**هەمووی بەپاکی و دڵسافی خۆمان**

**به فرت و فێڵی زۆڵه مـــــوسڵمان**

**کورد بێبەش کرا لە ماف و لە نان**

**لـــــه ماڵی خۆیا بـــوو بە بێگانە (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ٦٧)**

بە داخەوە مێژووی نەتەوەیی هەرگیز لە توانایدا نەبووە کۆدەنگییەک لە سەر ڕووداوەکان بهێنێتە کایەوە بەمێژووی کۆن و نوێشمانەوە هەمیشە ڕووبەرێکی تەسکی پارتایەتی مۆتەکەی دروستکردنی هارمۆنیایەکی گشتی ڕووبەڕووبوونەوەبن، هەمیشە ڕۆحیەتێکی دابەشبووی ئینتیمای خێڵەکی یا حیزبایەتی کە لە سەرە داوی هەموو شکست و نوشستییەکانن کورد بە گشتی ئەمەی تێدا بووەتە دیاردە و نەتوانراوە ڕۆحیەتێکی دەستەجەمعی بخوڵقێنن، ئەمەش پەکخستنی گوتاری ناسیۆنالیزمی نەتەوەییە.

بەڵام عەبدوڵڵا پەشیو ڕۆحییەتی نەتەوایەتی و بەرەنگاربوونەوەی گیانی کینەوڕقی پیرۆز لە کردەی سیاسیی پەرچەکرداری نەتەوایەتی و براکوژی کە گەورەترین گورز لە نەتەوە دەدات، بەو مانایەی کە نەتەوە دەبێت کەسانێک حوکمی بکەن کە گیانێکی کوردایەتیی بەرجەستە بکەن، نەوەک لە پێناوی ئایدیۆلۆژیایەکی دژ بە بەرژەوەندیی کورد سیاسەت بکەن، کە دەرئەنجامەکەی کوشتاری ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە، بۆنمونە دەڵێت:

**دەستت بڕزێ . چاوت کوێر بێ**

**ڕێگەی ڕاستت کێوی قافی پڕ هەڵدێر بێت**

**هەی کرم لە گۆشتت بدا،**

**شێرپەنجە بەخوێنت فێر بێ...**

**تۆ دەتزانی، ئەوەی کوشتت چیبوو، کێ بوو؟**

**پێشمەرگە بوو...**

**پشت و پەنا، تیشووی ڕێ بوو. (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠٠٦، ٤٤٩)**

## بەشی یەکەم

## پاری پێنجەم

### ڕەهەندی گوتاری ناسیۆنالیزمی و کۆمەڵگەی داخراو

گوتار یەکێکە لەو زاراوانەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مەیدانی ئەو چەمکانەی تێکەڵن بە زاراوەی تر لە بوارەکانی مەعریفەدا وەک (تیۆرەکانی ڕەخنە و زانستی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی وفەلسەفەو دەروونناسی) گوتار چەمکێکی ڕەخنەییە گوزارشت لە کێشەیەکی دیار دەکات لە ڕەخنەی نوێدا، ئەوەی زیاتر ئاڵۆزی کردووە تێکەڵاوییەک هەیە لە نێوان چەمکی گوتار و چەمکی دەقدا، بۆیە ئەگەر بپرسین گوتار دەقە یاخود بە پێچەوانەوە دەق گوتارە، ئەوە دەتوانین بڵێین سەرەڕای پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دەق و گوتاردا هەیە، بەڵام ((دەق تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆنانی ناوەوەی ئاخاوتنێکە و گوتار کارلێکردنی دەقەکەیە لە گەڵ دونیای دەرەوەی خۆیدا، بە هەموو هەلومەرج و دەرکەوتەو پەیوەندیی و بارەکانییەوە، چونکە گوتار یەکە یەکە پەیوەندیی زمانی تێدا ڕێکدەخرێ)) (کەمال، ٢٠٠٩، ٨)

هەروەها دەبێت چەمکەکان بە شێوەیەکی گشتی دەستنیشان بکەین، چونکە گوتار لە سنووری ڕستەدا نەماوە کە پشت بە هەمان ئامراز ببەستێت کە ڕستە لە سەری بەندە، چونکە لێکۆڵینەوەکان بەو ئاڕاستەیە چوون بۆ هەوڵدانی بنیاتنان تیۆرییەکی زمانەوانی بۆ دوای دۆزینەوەی ئەو گوتانە بێت کە توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردەی ڕەوانبێژییان هەیە.

سەبارەت بە مێژووی گوتار وەک چۆن ئاڵۆزی و ناڕوونی لە چەمک و پێناسەکەیدا هەیە، بە هەمان شێوە گەلێک ڕاوبۆچوون هەن سەبارەت بە سەرهەڵدان و بەکارهێنان و گەشەکردنی گوتار، ئەوەی دیارە و لە سەرچاوەکان سەلمێنراوە بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە (ڕێنیە دیکارت ١٥٩٦-١٦٥٠) زانای فەرەنسی لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی (گوتاری ڕێباز) بەکاری هێناوەو لە کتێبەکەدا زیاتر گرنگی داوە بە گوتاری فەلسەفی)) (ڕەشید، ٢٠١٤، ١٣) بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی گوتاریش لە سەردەمی یونان و ڕۆمانەوە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن چووە، لە سەردەمی ئیسلامیشدا بە هۆی بانگەوازی ئایینی ئیسلام گوتار بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی، کتێبی (کۆرسێ لە زمانەوانی گشتی) (دی سوسێر)یش یەکێکە لەو کتێبانەی گرنگی زۆری بە گوتار داوەو بە وەرچەرخانێک دادەنرێت لەو سەردەمەدا بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردن و پێشکەوتنی گوتار، ئەویش لە ڕێگای توێژینەوەی دووانەی (زمان ئاخاوتن) بوو) دی سوسێر (بۆ پەیبردن بە سنوورەکانی ئەو

زانستەی لە زمان و پەیوەندییکانی بە ئاخاوتنەوە دەکۆڵێتەوە، پێویستە هەموو ئاڕاستە جیاوازەکانی ئەو زانستە دیاریبکرێت)) (دی سوسور، ١٩٨٥، ٣٧)

هەروەها (میشێل فۆکۆ) یەکێکی ترە لەو کارەکتەرانەی ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە گەشەسەندو بەرەوپێچوونی گوتار، ئەویش بە هۆی ئەوەی گوتاری بەستەوە بە دیاردەکانی ژیان و کۆمەڵەوە، تێروانینی (فۆکۆ) بۆ گوتار جەختی لەوە دەکردەوە ((گوتار بەتەنیا ڕێگایەک نییە بۆ گوزارشتکردن لە چەند بیرێک بە یەکەوە گرێدابن، یاخود گفتوگۆیەکی بازاڕیی ساکار نییە، بەڵکو دیاردەیەکی مرۆییە و بوارێکە خودەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە تەلارێکی بونیادنراوە لەسەر کۆپەیوەندییەکی دارێژراوی سیستماتیک، وەک چۆن بوارێکی سەربەخۆیە بۆ ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوە)) (حرب، ١٩٨٦، ١٧٧).

بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو کارەکتەرانەی ئاماژەمان پێ کرد هەریەکەیان بە پێی راوبۆچوون و بوارو پسپۆری خۆیان رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە گەشەکردن و پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی گوتار .

سەبارەت بە رەچەڵەکی زاراوەی گوتار کە لە دوو بەش پێکهاتووە (dis+ course) وشەی (dis) لە زمانی ئینگلیزیدا زیادکردنێکە بۆ سەرەتای هەندێک وشە دادەنرێت بۆ گۆڕینی مانا یاخود شێواندنی مانای وشەی پێچەوانە بۆ نموونە وشەی (bilive) بە واتای باوەڕپێکراو دێت، بەڵام کاتێک وشەی (dis) ی لە سەرەتاوە وەک پێشگرێک بۆ زیاد دەکرێت واتاکەی دەگۆڕدرێت بۆ کوفر(disbilive) ، هەروەها وشەی (infect) بە واتای تووشبوون دێت، بەڵام (disinfect)بە واتای تووشنەبوون دێت)((Bill، ٢٠٠٧، ١١) ئەسڵی زاراوەکەش لە وشەی (Discurere) ی لاتینیەوە وەرگیراوە کە بە واتای ((ڕێ ڕۆشتن بێرە و بەوێدا))(بولنوار، ٢٠٠٩، ٢) لە سەرەتاشدا واتای وشەکە هیچ پەیوەندییەکی بەو واتایەوە نەبوو کە ئێستا زاراوەی گوتار هەیەتی، هەروەها زاراوەی گوتار ((بەردەوامی هەمان دەربڕینە کە لە شوێنی تر لە بری وشەی (Lodos) ی یونانی بە کارهاتووە)) (ئەمین، ٢٠٠٨، ٨) لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی گوتار بە واتای گەیاندنی واتایە بە گوێگر لە رێگای ئاخاوتنەوە)) (العموش، ٢٠٠٨، ٢٢) واتا بنەچەی زاراوەی گوتار دەگەڕێتەوە بۆ (Discurere)ی لاتینی و لە زمانی ئینگلیزیش (Discourse)پێ دەوترێت و لە زمانی عەرەبیدا (خطاب) ی پێ دەوترێت و لە زمانی فارسی (گفتمان) ی پێ دەوترێت و لە زمانی کوردیش (گوتار) ی دەوترێت.

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی گوتار وەک لە سەرەتا ئاماژەمان پێ کرد یەکێکە لەو چەمکانەی لە بوارەکانی تری وەک (زمانەوانی، زانستی کۆمەڵایەتی، فەلسەفە، و دەروونناسی،

تیۆری ڕەخنە) و چەندین بواری تر بەکاردێت، بۆیە یەکێکە لەو بابەتانەی جۆرێک لە ئاڵۆزی و ناڕوونی تێدایە، ئەمەش وادەکات کە ئەستەمە بتوانین و بگونجێ پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ بکەی ئەو پسپۆرانەی لە سەر ئەم چەمکە دواون و لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە و پێناسەیان بۆ چەمکی گوتار کردووە هەر یەکەیان بە پێی دیدو تێڕوانین و بۆچوونی تایبەتی خۆیان پێناسەیان کردووە، بۆیە هەوڵدەدەین چەندین پێناسەی جیاواز بە پێی بوارە جیاوازەکانی بەکارهێنانی گوتار بخەینە ڕوو. بۆ نموونە یەکێک لە پێناسەکانی گوتار ((ئەو هونەرەیە کە قسەکەر ئاراستەی جەماوەری دەکات، نابێت ئاراستەی قسەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بێت، بەڵکو بە گوێرەی بۆنەو هەڵکەوتی تایبەت و دەوروبەربێت، کە گوتارەکەی تێدا پێشکەش دەکرێت و ڕێکدەخرێت)) (عەلی، ٢٠١٢، ٥٩) واتا ئەو پەیامەی ئاراستەی جەماوەری دەکات دەبێت لەگەڵ تایبەتمەندیی و سروشتی ئەو جەماوەرە بگونجێ و مەبەستی ڕاکێشانی ڕای جەماوەر بێت و ئەو ئامانجەی هەیەتی بیپێکێ.

ئەگەر لە ڕووی زمانەوانیەوە پێناسەی گوتار بکەین ((گوتار کۆمەڵە تێکستێکە کە لە چەند پەیوەندییەکی زمانەوانی هاوبەش پێکهاتووە لە چوارچێوەی دوابەدوایەکەیەکی هاوبەندی لە چەند شێوازێکی بەکارهێنانی دەق، کە دەشێت دواتر بگەڕێتەوە سەری ئەگەر دونیای دەق هاوتەریبیەکی مەعریفی بێت بۆ کۆمەڵە زانیارییەکی گوازاوەو چالاک دوای ئەوەی لە مێشکدا لە میانەی بەکارهێنانی دەقەوە یەک دەگرینەوە))(دی بوجراند، ١٩٩٨، ٦)، کەواتە دنیای گوتار کۆمەڵێک ڕووداوی گفتوگۆکردنە لە میانەی چەند پەیوەندییەکی هاوبەشەوە لە نێو کۆمەڵەیەکی زمانەوانی لە کۆمەڵگایەکدا یەکدەگرێتەوە، یاخود کۆمەڵە خەمێکی مەعریفییە لە چوارچێوەیەکدا گوزارشتی لێ دەکرێت.

(هاریس) یش لە پێناسەی گوتاردا دەڵێت: ((بێژەنێکی درێژە یاخود دوابەدوایەکییەکی ڕستەییە، کە کۆمەڵێکی داخراو دروست دەکات، کە لە میانەیەوە دەتوانرێت چاوە چاوەی بنیاتی زنجیرەیەک لە ڕەگەزەکانی قسە بکات)) (عباس، ٢٠١٦، ١٢) هاریس لە میانەی پێناسەیەکی ((بلوم فیڵت))ەوە بۆ ڕستە سنوورێکی بۆ گوتار دەستنیشان کردووە، کە جەخت لە بوونی گوتار دەکاتەوە، کە بەستراوە بە سیستەمێکی دوابەدوایەکی ڕووتەوە کە بنیاتی بێژاوەکە پێکدەهێنیت، ئەوەی کە توێژەری فەرەنسی (بنفنست) وای بۆ دەچێت کە ((ڕستە ملکەچی کۆمەڵێک سنوورە وەک ئەوەی بچووکترین یەکەی گوتار بێت)) (یقطین، ٢٠٠٥، ١٧) لە ڕووی فەرهەنگییەوە گوتار ((یەکێکە لە دوو سەرچاوەی کاری (گوتاربێژ) کە قسە دەکات و قسە دەنێرێت و قسە دەبێژێت، کە بە مانای ئاراستەکردنی قسەیە بۆ ئەو کەسەی کە تێیدەگات)) (العموش، ٢٠٠٨، ٢٢) ((لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیش دا بەم شێوەیە پێناسەی گوتاری کردووە

کە، ((بریتییە لە هەر ڕێکەوتنێک لە نێوان زنجیرەیەکی بە دوایەکداهاتووی ڕستەی (گوتراو و نووسراو)) (عبدالكريم، ٢٠١٦، ١٠٦) واتا گوتار چ نووسراو وچ زارەکی بێت پێویستی بە ڕێکەوتنێک هەیە لە نێوان ڕستەکاندا بۆ گەیانی مەبەستەکەی.

لە فەرهەنگی هاوچەرخیشدا گوتار بە مانای قسەکردن و گوتن دێت، کە پێناسەیەک لە خۆ دەگرێت وەک ((گەیاندنی مانا بۆ گوێگر لە میانەی قسەکردنەوە)) (خولی، ١٩٨٢، ١٠٣) هەندێکی کە پێیان وایە کە ((گوتار بریتییە لە ڕیزبەندی وشەو ڕێکخستنیان)) (فتحی، ١٩٨٦، ١٧٣)، هەندێک لە رەخنەگرانیش وای بۆ دەچن، کە گوتار بریتییە لە ((قسەی بێژراو کاتێک کە باز بە سەر چەند ڕستەیەکدا دەدات)) (التونجی، ١٩٩٣، ٣٠٠)، هەروەها رەخنەگرە ئوسولییەکانیش ئاماژەیان بە گەشەسەندنی زاراوەی گوتار کردووە بەوەی کە ((مانای ئەو کەسە دەگرێتەوە، کە گوتاری پێدراوە کە ئەوەش ئەو قسەیە کە پێی دەگەیەنرێت)) (حمادی، ١٩٩٤، ٢٣)

لە (معجم الوسيط)دا پێناسەی گوتار واهاتووە ((قسەی لەگەڵ کرد، گفتوگۆکردن، گوتار: قسەی لەگەڵ کرد و گفتوگۆی لەگەڵدا کرد، ڕووی دەمی لێکرد: قسەیەکی لەگەڵدا کرد، گوتاری قسە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ((اكفلنيها وعزني في الخطاب) (الوسيط، ١٩٦٠، ٣٤٥)

هەروەها لە فەرهەنگی (الياس العصرى) دا بەم شێوەیە پێناسەی گوتار هاتووە ((زاراوەیەکی زمانەوانی هاوچەرخە کە لە زمانی فەرەنسی پێی دەگوترێت(Discourse) ، لە زمانی ئینگلیزیدا (Discourse) بە مانای هاوچەرخ، وانەبێژی گوتار، گوتەبێژ، ڕووداو، ئێستا، وانەیەکی گوتەوە، قسەی لەگەڵمدا کرد)) هاتووە (الياس، ١٩٧٢، ١٩١).

پاش ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن لە چەمکی گوتار پێویستە بەرکوڵێک سەبارەت بەچەمک و زاراوەی ناسیۆنالیزمیش بخەینەڕوو، پاشان ئەم دوو چەمکە لە نێو کایەی کۆمەڵگەی داخراودا بخەینە بەر باس.

سەبارەت بە زاراوەی ناسیۆنالیزمیش، زاراوەکە بۆ یەکەم جار لە ((ساڵی ١٨٤٤ دا لە فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد، نیشانەی نوێ بوونی ئەم چەمکەیە، تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم ئەم چەمکە نە بەکارهاتووە، نە هەر لە ئارادا بووە)) (سەعید، ٢٠٠٩، ٣٠).

ناسیۆنالیزم لە((وشەی (Nationatism) ی ئینگلیزی و (Nationatite) ی فەرەنسی، کە لە وشەی(Nation) نەتەوە) وەرگیراوە، مانای ڕەسەنی وشەکەش (Nation) بە واتای گروپێکی رەگەزییە، کە لەهەرێمێکی دیاریکراو لە دایکبووە، مانای مەجازی وشەکەش بەواتای کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە)) دێت (القشورى، ٢٠٠٦، ٥٥.)

بنەڕەتی هەرسێ زاراوەی Nationatism) ، Nation، (Nationatity لە وشەکانی Nascor) ، NatioK، (Natus وەرگیراون و پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، کە وشەی (Nator) بە واتای من لە دایکبووم)) دێت (شیفر، ١٩٥٥، ٦٦))، هەروەها دەربارەی وشەی ناسیۆنالیزم (د.جەمال نەبەز) دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ((وشەی نەتەوەیی کوردی لەجیاتی وشەی (قوم)ی عەرەبی و وشەی((Nationatista ی فەرەنسی کە بە زمانی ئینگلیزی(Nationatist) و بەئەڵمانی (Natiolist) بەکاردەهێنرێت)) (نەبەز، ١٩٨٤، ٦٣)، لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیادا ناسیۆنالیزم بەواتای ئەوەی هەر تاکێک پێویستە دڵسۆزی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بنوێنێ، ناسیۆنالیزم بزافێکی مۆدیرنە، ((Bentom،١٩٧٤، ٨٥١).

سەبارەت بە بزافی مۆدیرنەی ناسیۆنالیزم (عەباس وەلی) یش جەختی لێدەکاتەوەو دەڵێت:((ناسیۆنالیزم یەکێ لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەیە، لەگەڵ مۆدێرنیتە دێت و هەروەها یەکێ لە ئایدیۆلۆژیا یان دیسکۆرسە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەیە، بەم هۆکارە ناسیۆنالیزم مۆدێرنە)) (وەلی، ٢٠٠٥، ١٠٨)، واتە جەخت لە ئەوە دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم مۆدیرنەیە و بەوەی ئاگاداری مێژووی مرۆڤایەتی و سەرچاوەی یەکگرتووە لە یەکەی شەرعیەتی سیاسییە.

ناسیۆنالیزم ((هەستێکە مرۆڤ بە نەتەوەکەی دەبەستێتەوە، کە لە پێناو ئەو ئاشنایەتییەدا چی بکەن ! دڵسۆزی لە نێوان یەکێک و نەتەوەکەی و دڵسۆزی تۆ ئەوەیە پەیوەندیی پێ دەڵێن: نەتەوایەتی )) (مستەفا ، ١٩٩٢، ١٨-١٩)

هەروەها ناسیۆنالیزم ((هەستێکە بەرەو یەکگرتنی میللەتێ دەچێ لە یەکەیەکی ڕامیاری سەرانسەردا)) (عەلی، ٢٠٠٥، ٢٧٥)، واتا ناسیۆنالیزم هەنگاو دەنێت بۆ یەکگرتنی میللەتێک لە ڕووی سیاسییەوە، هەروەها ناسیۆنالیزم ((بیروباوەڕی نەتەوەییانە، نەتەوەپەرستی، ڕێزگرتنی نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی تر وەفاداری تەواو بەرامبەر بەنەتەوەی خۆی، ڕێزگرتنی نەریت و یاسا نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی خۆی بە سەر نەتەوەکانی تردا)) (قانع، ٢٠٠٣، ٢١٣)، واتا کاتێک ناسیۆنالیزم دروست دەبێت تاک ڕێزی یاسا و کەلتوور و دابونەریتەکانی نەتەوەکەی خۆی بە سەر نەتەوەکانی تردا فەرز بکات، بۆیە ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی زیندوو هەمیشە پاڵنەرێکی بەهێز و بە توانای هەر نەتەوەیەک بووە، سەرەڕای ئەمەش ناسیۆنالیزم یەکێکە لە هۆکارە بەهێزو گرنگەکانی هەر نەتەوەیەک بۆ هەر ڕووداوو کارو گۆڕانکارییەک لەو سەردەمەدا ڕوویدات، واتە (( هەستی نەتەوایەتی: بریتییە لە لایەنی جووڵە و بیروباوەڕ کە تاک بە کردەوە بۆ هێما گشتیەکانی نەتەوەکەی تێدەکۆشێت )) (کاروانی ، ٢٠٠٤ ، ٦٩)

لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم ڕۆڵێکی بەرچاوی لە نیو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیەو کۆڵەکەی ئاشتییەکی چەسپاوو هێمن و ئارامییە بۆ هەموو گەلانی دونیاو بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەی لە ڕێگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە فەراهەم دەکات، هەر وەک (د.ئیسماعیل یبریش) دەڵێت: ((پەیوەندیی نێودەوڵەتی ناسیۆنالیزم بە گرنگترین هاندەر دادەنرێت لە بەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت دەستەبەر دەکات و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوایەتی دیاری دەکات)) (مقلد، ١٩٨٤، ٩٧)، هەروەها چەمکی ناسیۆنالیزم لە هەر نەتەوەیەک لە ئەنجامی کۆمەڵێ فاکتەری جیاواز لە نەتەوەیەکی تر دروست دەبێت و گەشە دەکات تەنانەت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە نووسەرو بیرمەندێکەوە بۆ نووسەرو بیرمەندێکی تر جیاوازەو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ مانا و چەمکی ناسیۆنالیزم کردووە، چونکە((ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک قۆناغ و جوگرافیایەک هەڵگری خاسیەتی تایبەتی خۆیەتی وێڕای لێکچوون لەگەڵ ناسیۆنالیزمەکانی تری جیا دەکاتەوە)) (عەلی، ٢٠٠٨، ١٨)، واتا کاتێک لێکۆڵینەوەیەک لە ناسیۆنالیزمێک کە لە کەلتوورێکی ئازاد و گەشەکردوو دەکەیت لەگەڵ ناسیۆنالیزمێک کە لە نەتەوەیەکی داگیرکراو و ژێردەستە، ئەوە بە ڕوونی ئەو جیاوازییەت بۆ دەردەکەوێت، یاخود ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەک لەگەل ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی تر یان ناسیۆنالیزم لە قۆناغێکی پێشکەوتنی وەک ئەمڕۆ، کە لە سایەیی جیهانیبوون و تەکنەلۆژیاوە، لەگەڵ ناسیۆنالیزمێک پێش قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەو پێش قۆناغی پێشەسازی جیاوازە.

سەرەڕای جیاوازی نێوان دیدوبۆچوونەکان دەربارەی ناسیۆنالیزم خاڵی لێکچوو و هاوبەش هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم لە هەر نەتەوەیەک و هەر قۆناغێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی کراوە یان کۆمەڵگەی داخراو تێبگەین، پێویستە بەر لەوە بزانین (بزاوتی کۆمەڵایەتی ـ الحراك الإجتماعي (Social Mobility ) چییە، چونکە کرانەوە و داخرانی کۆمەڵگە لە پەیوەندییەکی بونیادیدایە لەگەڵ بزاوتی کۆمەڵایەتییدا، بە واتایەکی دیکە ئەم چەمکانە لە حاڵەتی یەکتر دروستکردنی دیالیکتیکی و کارلێکی بەردەوامی ئاوێتەییدان، تا ئەو ڕادەیەی کۆمەڵگەی کراوە واتە کۆمەڵگەی بزواو و کۆمەڵگەی داخراویش واتە: کۆمەڵگەی نەبزواو. (بیترۆم سۆرۆکین (Pitrim Sorokin 1889–1959 ئاوا پێناسەی بزاوتی کۆمەڵایەتی دەکات و دەڵێت: (گواستنەوەی کەسێک یان بابەتێک یان بەهایەک ـ بەواتایەکی گشتگیرتر بڵێین، شتێک چالاکی مرۆڤ دروستی کردبێ و فۆرمەلەی کردبێ ـ لە دۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دۆخێکی دیکە (http://books.google.com/)

بۆ قسەکردنیش لە سەر کۆمەڵگە و دابەشبوونی، ناکرێت دابەشبوونەکەی بیرمەندی فەرەنسی (هنری برجسون)یش بەهەند وەرنەگرین کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (سەرچاوەی ڕەوشت و دین) کۆمەڵگای بۆ دوو جۆر دابەش کردووە.

١. کۆمەڵگەی کراوە.
٢. کۆمەڵگەی داخراو (زامل، ٢٠٢٣، ١٢)

ئەمەش گرنگە بۆ زانینی پێگەی هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕووی مێژوویی، سیاسیی، ڕوشنبیریی، کەلتورییەوە، هەریەک لەم دوو خەسڵەتە خاوەن سیفات و تایبەتمەندیی خۆیانن و دەبنە هەنگاوی یەکەم لە پێناسەی شوناسی نەتەوەییدا.

١. کۆمەڵگەی کراوە: ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە کراوەیە بەڕووی ئەزموونە کۆمەڵایەتی و ئایینیداو مەیلدارو هاوسۆزە لەگەڵ تەواوی تەوژمە یا بزاوتە ڕۆحییەکانداو بەردەوام هەڵگری هەستی برایەتی مرۆڤەکانە لە هەموو کات و شوێنێکدا.
٢. کۆمەڵگەی داخراو: ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە بەیەکداچوون و تاکەکانی بەتوندی پێکەوە گرێدراون و گرنگیدەر نین بە پەیوەندیی بە خەڵکانی ترەوەو هەمیشە ئامادەی بەرگری و شەڕن بەهۆی ئەو غەریزە بەیەکداچوونەی کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش زیاتر لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بەدی دەکرێ(زامل، ٢٠٢٣، ١٢)

کۆمەڵگەی سەردەمیش لەم دابەشبوونە بەدەر نییە بەپێی ئەو ڕۆشنبیرییە باوەی ناو هەر کۆمەڵگەیەک، کە لە ڕاستیدا نەک هەر بۆچوونە نەتەوەییەکەیان، بەڵکو سیاسەتی گشتی و یاساکانی ژیانیشیان دیاریدەکات.

کارل پۆپەر (Karl Popper) یش یەکەم کەسە کە ئەم دوو چەمکەی هێنایە ئاراوە، ئەو لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی) کە لە ساڵی ١٩٤٥دا بڵاوی کردووە، بەو لێکدانەوەیە گەیشتووە کە کۆمەڵگە داخراوەکان، بەڕووی پرۆسە ئاساییەکانی گۆڕاندا دەوەستنەوە دەبنە کۆسپ لە ڕێیاندا، بەپێچەوانەی ئەوانیشەوە کۆمەڵگە کراوەکان پشت بە چالاکی و داهێنان و دەستپێشخەری و شارەزایی و لێهاتوویی کەسەکان دەبەستن و لە ناو پەیکەری پلەبەند کراوی کۆمەڵایەتییدا پەرەدەسێنن.

لە کۆمەڵگە کراوەکاندا مرۆڤەکان لە سایەی ڕۆشنبیرییەکی کراوەی بێ سنووورداو لە بەرتەسکترین ڕووبەری سانسۆردە دەژین .

له کۆمەڵگەی کراوەدا حکومەت هاوبەشە لەگەڵ شەقامدا لە هەر بڕیارێکی سیاسیدا و بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە کەمترین بەریەکەوتن ئەگەری لەدەسەڵات لابردنی حکومەتی لێدەکەوێتەوە لەسادەترین دەرکەوتەی قۆرخکاری یا گەندەڵیدا.

لێرەدا بەپێی ئەو ڕۆشنبیرییە کراوەی کە لە ئارادایە، ئازادییە سیاسی و مەدەنی و بیرییەکان لە فراوانترین مەوداو فەزایەکی بێسنووردان و یاساش بڕیاردەری ژیانی گشتییە، چونکە لێرەدا یاسا لەژێر ئیرادە و خواستی گشتیدایە نەک هەڵبژاردەو دەسەڵاتداران.

بە پێچەوانەی ئەمەشەوە لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، کە ڕۆشنبیری داخراون کۆت و بەند و سنوورداری ئازادییە سیاسی و مەدەنی و بیرییەکان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا قەتیس کراوەو تەواوی ڕووبەری گشتییەکان قۆرخکراون و کۆمەڵگە لە قاڵبدراوە و بواری دەربڕین لەنزمترین ئاست دایە.

لەم کۆمەڵگە داخراوانەدا کە نەریت و خووە باوەکان تیایدا زاڵن خاڵێکی گرنگ و جەوهەری کە دەرهاوێشتەی ئەم بارودۆخەیە، بریتییە لە دیاردەی باڵا دەستی پیاوانی ئایینی گوتار و وشەی ئەوان دەبنە هێڵی گشتی و یاسای پەیڕەوکراو.

لەم دەقەدا حاجی قادر ئاماژە بەوە دەکات وەک رۆشنبیرێک و نیشتمانپەروەرێک خەڵکی گوێ لە قسەی ڕاستی و ئامۆژگاری من ناگرن، کەچی گوێ لە قسەی پیاوانی ئایینی و شێخان دەگرن و دەڵێت:

**کێ دەڵێ کــوردەکان بـــە ئیدراکن**

**بەسە ئەم نەقسە گوێ لە من ناکەن**

**لە قسەی ساغی من خەلەل دەگرن**

**واهیمـــەی شیخەکان لە دڵ دەگرن (دیوانی حاجی قادر، ١٣٩٠، ١٩٤)**

کۆمەڵگەی داخراو کۆمەڵگەیەکی بچووکەو پەیوەندییە ڕووبەڕووە ڕاستەوخۆکان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن تێیدا، کۆمەڵگەی سەنترالی جێگیرو کەم جووڵەیە و دابونەریتەکانی نەگۆڕن، جگە لە (سستمی کۆمەڵایەتی چەقبەستوو کە ڕێگا نادات کەسەکانی لەو پلە کۆمەڵایەتییە بەرزتر ببنەوە کەتێیدا لەدایکبوون) شتێکی دیکە بەرهەم ناهێنێ. کۆمەڵگایەکە (بزاوت تەنیا لە چوارچێوەی هەمان بونیاتدایە کە هەیە، بەوەیش ئەم کۆمەڵگەیە نە خۆی بەرهەم دەهێنێ، نە خۆی بەرهەم

دەهێنێتەوە، مەگەر لە ناو بونیادێکی داخراودا لە بەرامبەریدا کۆمەڵگەی کراوە هەیە کە خەسڵەتی یەکەمی بزاوتی کۆمەڵایەتییە کە دەشێ بزاوتێکی پێشەچوو بێ، یان بەرەو دواوە بێ، یان بە هەموو ئاراستەکاندا بێ، هەروەها توانای خۆ گۆڕین و خۆ بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی نییە))(زکریا، ١٩٨٧، ١٩١)

بە گشتی کۆمەڵگەی داخراوە بەردەوام لەهەوڵی پتەوکردنی ئەم جۆرە نەریت و باوانەن، کە هەر ئەوەش نهێنی مانەوە و درێژەدان بەم جۆرە سستەمەی دەسەڵاتن.

(د.ئەحمەد بەغدادی) دەڵێت: ((لە کۆمەڵگەی داخراودا بازاڕی جادوو سیحر بازی و جنۆکە و ڕاڤەی خەونەکان و شتە غەیبییەکان و چەوسانەوە و سەرکوتکاری سیاسی و ڕەتکردنەوەی ڕای گشتی دەبوژێنەوەو لێبوردەیی و لێخۆش بوون لە فەرهەنگی سیاسیدا ون دەبێت و دیاردەی بێ تاقەتی و ئاڵۆزی و زەبرو زەنگی و توندوتیژی سەرهەڵدەدەن)) (بەغدادی، ٢٠٠٥، ١٥)

بەم پێیە هێڵە گشتییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە دواکەوتوویی و لاوازی و کەمتەرخەمن، لێرەوە دیاردەی کۆچکردنی تاکەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بەرەو کۆمەڵگەی کراوە بەلێشاوەو چەندێکیش کۆمەڵگەی کراوە دژ بە بەهاکانی کۆمەڵگەی داخراو بێت .

لە کۆمەڵگەی داخراودا، بونیادی کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە داخراوە، هەروەها هەر پێکهاتەیەکیش تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر خۆیدا داخراوە، یەکێک لەو پێکهاتە داخراوانەی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر کۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگەو کەس و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکانە، چینی کۆمەڵایەتییە کە لەم کۆمەڵگەیانەدا بە (کاست - تایەفە) ناودەبرێن)(عونی – عمر، ١٩٨١، ٢٥٢).

پرسیاری هەرە گرنگ لێرەدا سەرهەڵدەدات بۆچی کۆمەڵگە داخراوەکان بەڕووی کۆمەڵگە کراوەکاندا ناکرێنەوە، کە تەواوی بەها مرۆڤایەتییەکان و ئازادییەکان کە سەروەریی یاسا تیایاندا سەقامگیرە؟

وەڵامەکەی ترسی دەسەڵاتە لە ئازادی و سەربەستی، دەزانن هەر کرانەوەو بوار ڕەخساندنێک بۆ ئازادی ڕادەبرین بۆ سەروەری یاسا هەڵگەڕانەوەی کۆمەڵە بە ڕووی دەسەڵاتداران و لە هەمان کاتدا کۆمەڵگە بە تەواوی شمولییەتی دینی ڕەتدەکەنەوە و بونیادێکی سیاسی نوێ دەخوڵقێ، کە ئەمەش دژی خواستی دەسەڵاتی سەپاوو قۆرخکارە.

له کۆمەڵگەی داخراودا هۆشیاریی ئاگایی له وەهمەکاندا تواونەتەوە له دیدی ئەواندا، کۆمەڵگە کراوەکان لادەر و له دەرەوەی ئیمانەوەن ڕاستییەکان و جوانییەکان له خۆیاندا دەبیننەوە، ڕاستی و حەقیقەت له فەرهەنگیاندا له باربراوە، گریمانەکان به سەر باوەڕو ڕاستییەکاندا زاڵن، ڕۆشنبیرییەکانی تر له ژێرەوەی ڕۆشنبیری خۆیاندا دەبینن هەمیشه بەرەو دواوه دەڕوانن و ڕابردوو له ئێستادا دەدرەوشێنەوەو کۆمەڵگەی داخراو شوورایەکی ڕۆشنبیری و جوگرافی و مێژوویی دەکاته سیاجێکی قایمی خۆپاراستن له ڕۆشنبیرییەکانی دیکه، تا خاوێنی خۆی لەوانی دیکه بپارێزێ، ئەمه خاڵی داڕمانەو خۆپێچانەوەیە له قاوغی وەهمەکاندا، که کاتی تێپەڕاندووە و له زهنی ئەواندا هەمیشه زیندووەو گەڕانەوە بۆ پیرۆزییه به ناو مێژووییەکان حەتمییە.

لەم کۆمەڵگەیانەدا ئەو دیوی سروشت و زانستی ئەودیو شتەکان له هەناویاندا چێندراوە، درکەکان له نێوان خۆیان و ئاسماندا قەتیس دەکەن، تاک له هەناوی کۆمەڵدا ونه و کۆمەڵ لێکترازاوو هەڵوەشاوەیە، یەقین له خودو باوەڕدا به دەست دەهێنن، جیهانی دەرەکی ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوون باوەڕیانە.

لێرەوە گوتارەکان لەودیو پەردەو دیوارەکانەوە ئاراسته دەکرێن، گوتاری ئایینی سەدایەک و دەنگدانەوەیەکی بەهێزی سەردەمە، گوتار به دووره له ڕەهەنده گشتییه ئامانجدارەکان بابەتی گوتار له دەرەوەی کێشەو چارەنووسی مرۆڤ و پێداویستی و چارەنووس و بژیویانە، بەڵکو تەوەرەی گوتار له چوارچێوەی بیرو باوەڕو ئیمان و شەرعیەتی دەسەڵاتی به دەست هاتوویانە، تەکفیر و لۆمه و تۆمەت بەخشینەوە سیمای گشتی گوتارەکانیانە.

بەمجۆره قۆرخکردنی دەسەڵات و بانگەشەی پاوانخوازی و چاکه و ڕاستی ڕەهای له خودا بەرجەستەکراو، سەرەتای گوتاری داخراوە، گوتارێکی تاک لایەنه که ئەوەی بەرامبەر تێدا ونه و بەهەند نەگیراوە.

(عەبدولفەنی سەلامه) دەڵێت: ((ئەوانه نازانن که ڕاستی ڕەها بوونی نییه، جگه له بیری ئایدیایدا نەبێت، گەشەسەندنی هۆکارەکانی مەعریفه ڕاستی ڕەهای داماڵیوە له بەرگه هەڵخەڵەتێنەرەکەی، که له ئاسمانەوە بۆ زەمینی دا باریوەو دەمامکەکەی لێ هەڵماڵیوە تا ڕووە ڕەسەنەکەی دەربخات، هەموو دەقێک ملکەچی ڕاڤەو لێکۆڵینەوەو ڕەخنەیەکی بێ بەزەییانه کردووە دوای ئەوەش له پیرۆزییەکانی داماڵیوە، وەک خۆی خستوویەتیەڕوو، نەک وەک ئەوەی خوازیاری دیتنی بن له سنوورداری و ڕێژەیی و شایستەیی پەرەسەندن و نەفیکردن و گۆڕینی بین)) (الحوارالمستمدن، ٢٠٢١، العدد ٣٥٠٤)

بەم پێیە گوتاری ناسیۆنالیزمی نەتەوەی داخراو هەر چەشنێ بێت لە گوتاری ئیسلامی، عەلمانی، شۆڕشگێری، ڕێگە خۆشکەری بواری گەشەکردن و نوێبوونەوە نییە و بوار ڕەخسێنەری پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسییەکان نابێت و هەمیشە لە گۆشەنیگای ڕوانگەیەکی بەرتەسکی باوەڕەوە لە کۆمەڵگە دەڕوانێ.

هەردوو چەمکی کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراو و ناسینی خەسڵەتەکانیشیان بە تایبەتی ئەوانەیان کە پەیوەندییان بە جۆری سستمی چینایەتییەوە هەیە، بەو دەرئەنجامە گەیشتین کە ئەم دوو جۆرە کۆمەڵگایە جیاوازیی بونیادیی لە نێوانیاندا هەیە و هەر یەکەیشیان بە گوێرەی خۆی لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی و کەلتووریيان لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا هەیە .

لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بیری نەتەوەیی کاتێک چەکەرە دەکات و پێدەگات کە تاکەکانی هەر کۆمەڵێک هۆشیارییان لە بەرژەوەندییە باڵاکانیان هەبێت بە هۆی زمان و ڕۆشنبیری هاوبەشەوە کاریگەریی گشتگیر (جەمعی) دروست دەبێ.

ناسیۆنالیزم کاتێک کاریگەرو دەرکەوتوو دەبێ، کە خەڵکانێکی سەر بە یەک کەلتوور و زمان هەست بە ستەمکاری فەرمانڕەوایان بکەن و ئەم خەڵکانەش بۆ داواکردنی مافەکانیان پێویستیان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی دەبێ، بەڵام لە وڵاتێکدا کە ماف و ئازادییەکان بەدەستهاتبوون ئەوکاتە بیری ناسیۆنالیزم کاڵتر دەبێتەوە و لە مەییندا دەبێ، نەک هەڵچوون وەک کاتی شۆڕش و بەرەنگاری. ئامانجی هەر بزاڤێکی نەتەوەیی، ئازادی و خۆشبەختییە، بەڵام ئەم بیرە بە گوێرەی بارودۆخی مرۆیی و سروشتی مرۆیی دەگۆڕێت، ئەویش لە ئەنجامی کاریگەرییەکان لەسەر هۆش و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەک پەیوەست دەبێ..

بیری نەتەوەیی ((ئەو هەستەیە، کە ڕۆڵەکانی گەلێک هەیانە بەوەی، کە پەیوەندییەک کۆیان دەکاتەوە و لە گەلانی تریش جیایان دەکاتەوە، ئەو پەیوەندییانەش ڕەگەزی، زمانی، ڕۆشنبیری وکەلتوری، شارستانی مێژوو، ئابووری و سیاسییە)) (نەبەز، ١٩٨٤، ٤٣)

لە دوای دروستبوونی ڕێکخراو و حزبیشەوە نەتوانراوە دووربێ لە عەقڵی خێڵگەرایی، بۆیە نەیانتوانییوە بە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخانە پەرە بە شۆڕش و فراوانبوونی پەیوەندییەکان بدات((ڕواڵەتی خێڵەکی بە ڕوونی بە حیزب و بەرنامەکانیانەوە دیار بووە، بەتاڵ بووە لە هەموو چاکسازی و بەرنامە ڕێژیەکی کۆمەڵایەتی وکشتوکاڵی)) (عەزیز، ٢٠٠٥، ٥٣)

بۆیە دەتوانین بڵێین هەستی نەتەوەیی لای کورد بۆ سەدەکانی ١٧ دەگەڕێتەوە، بەڵام بیرێک لە زمانی شاعیر و خەیاڵ وێنەی داڕێژراوە و بە کردار کردنی ئەم بیرە لە کۆندا لە وشەو

شیعردا بووە، ناکرێت ئەو بیرە بە هۆشیاریی ناسیۆنالیستی مۆدێرن لە قەڵەم بدرێت، چونکە ئەوانە تەنها نیشاندانی هاوسۆزیی و تۆمارسی مێژوویین، بیری ڕاستەقینەی نەتەوەیی بە فۆرمی نوێی بۆ دروستبوونی دەوڵەت و حیزب و ڕێکخراوی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە.

## بەشی دووەم

**پاری یەکەم: سایکۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی لە نێوان ئایدۆلۆژیاو ململانێی ڕیالستی دا.**

**پاری دووەم: نەتەوە لە نێوان ئاکارو ئایدیاڵیدا.**

**پاری سێیەم: شۆڕشی کوردبوون یان شوناس و نەتەوەخوازی نەوەی تاراوگە.**

**پاری چوارەم: ناسیۆنالیزمی کوردی لە دووڕێیانی ئامانج و سیاسەتدا.**

**پاری پێنجەم: ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای ئایین لە کایەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.**

## بەشی دووەم

## پاری یەکەم

### سایکۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی لە نێوان ئایدۆلۆژیاو ململانێی ڕیالستی دا.

ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆز و ڕەهەنداوییە، کە چەندین ڕاڤەو پێناسە و هەڵسەنگاندن لە خۆدەگرێ، لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم کەمترین بایەخی تیۆری لە چاو تیۆرەکانی سەبارەت بە سوسیالیزم، کۆمونیزم، فاشیزم پێدراوەو هەر یەکە لەم بوارانە بیرمەندو تیۆریستانی خۆیان هەیە، زۆر بە کەمی ئەم یا ئەو دەمی بۆ لایەنی تیۆری ناسیۆنالیزم بردووەو وەک بابەتێکی سەرەکی ڕاڤەکردن و بیرکردنەوە لێیان نەڕوانیوە.

لێرەدا مەبەستمانە بابەتی نەتەوەو بزاوتی نەتەوەیی چۆنیەتی دروستبوون و چەقی هێزو بایەخی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ناو مێژووی هاوچەرخدا لە ڕووی تیۆرییەوە بخرێنەڕوو، بە تایبەتیش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە زانستە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی و بایەخی ناسیۆنالیزمیان ئاخیوەتە نێو لێکۆڵینەوەکانیان هەر یەکە لە (ئێرنست گیلنەر، بەندیکت ئەندرسون، ئیریک هۆبزباوم ) ئەمانە بە دیدێکی هاوچەرخانە لە ناسیۆنالیزم دەڕوانن و دەیدەنە پاڵ تیۆریە مۆدێرەکان .

ئەمە لە کاتێکدا (ئەنتۆنی سمیس ) پێی وایە: (( ڕەگەزەکانی نەتەوە بۆ بەر لە مۆدێرنە دەگەڕێتەوە و نەتەوە بەر ئەنجامی گەشەی ئەو ئەتنییە بچووکانەیە، کە بەر لە دروستبوونی مۆدێرنە بوونیان هەبووە ))( قانع، ٢٠٠٥، ٤٢)

بەڵام دەپرسین؟ ناسیۆنالیزم لە چ بازنەیەکدا دەبینرێ؟ چ بەرهەمی مۆدێرنە یا پێش مۆدێرنە بێت؟ لەم بارەیەوە ( گیلنەر ) وایدەبینێت ناسیۆنالیزم: (( پرنسیپێکی سیاسیی گریمانەی ئەوە دەکات، کە دەبێتە یەکێتی سیاسی و یەکێتی سەرزەمینی نەتەوەیی هاوشانی یەکدی بن)) (ڕەسول، ٢٠٠٤، ١٠٩)

لێرەوە تێڕوانین بۆ چەمکی گشتگیری ناسیۆنالیزم کۆکردنەوەی کەلتوور و ئەزموونی نەتەوەیە، بەو مانایەی هەموو نەتەوەیەک خاوەنی بەها ڕەسەنە تایبەتییەکانی خۆیەتی، لێرەوە ناسیۆنالیزم و بزاوتی سیاسی دوالیزمێکی پێکەوە گرێدراون ئامانجی کۆتایشی بەدەستهێنانی کیانێکی سیاسییە لە سەرزەمین و کەلتووری نەتەوەیەکی دیاریکراوە، ئەمە تێڕوانینێکی فەنتازییانەی ئاکارییە لە ڕەوتی مێژوویدا.

دیدی ( ئەندرسۆن ) بۆ نەتەوە جیاوازە پێی وایە :((بە بێ ئامادەیی مۆدێرنە دروستبوونی فەنتازیای نەتەوە خەیاڵە، چونکە مۆدێرنە کە دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت)) (قانع، ٢٠٠٥، ٤٦) ،

بەڵام (گێلنەر) لێرەوە بە ڕایەکی جیاواز دەردەکەوێت و دەڵێت: ((ئەو پرنسیپە سیاسییەی ناسیۆنالیزم بەرجەستە دەکات بریتییە لە بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی )) (قانع، ٢٠٠٥، ٤٦) بەم پێیە لەسەرمانە بە دوای توخمە یا ڕەگەزە بونیادییەکانی نەتەوە لە پرۆسەی مێژوویدا بگەڕێین، کە پێیدا گوزەری کردووە زۆرێک لە لێکۆڵەران ڕایان لەوەدا کۆدەکەنەوە کە نەتەوە بێ بوونی هیچ توخمێک لە واقیعدا دەرکەوتوون، نموونەو بەڵگەشیان لە خودی حەزرەتی ئادەمدا چڕدەکەنەوە کاتێک قورئانی پیرۆز دەفەرموویت ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾[ البقرة: ٣٠]

بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە ناکرێ بە شوێن ئەو ڕەگەزانەدا وێڵ نەبین، کە نەتەوەی لێکەوتووەتەوە، دەپرسین ئایا نەتەوە بەر لەوەی هەبێ لە قوژبنێکدا بوونی هەبووە ؟

ڕا جیاوازەکان زۆرن بۆ خستنەڕووی وەڵامی پرسیارەکەمان و هەریەکەو لە هەوڵی سەلماندنی ڕیشەی ڕەگەزە سەرەتاییەکانی نەتەوە بێت لەو شوێنەی، کە ئەو ئاماژەی بۆ دەکات .

هەر بەم پێیە لێکۆڵینەوەی بواری نەتەوەخوازی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پەرەسەندن و گرنگیدان بە تیۆرەکانی واقیعی نەتەوە و بزوتنەوەی نەتەوەخوازی لە هەڵچووندا بوو، هۆکاری ئەمەش پەرەسەندنی بزووتنەوە ڕزگاری خوازە نەتەوەییەکانی جیهانی سێیەم بوو لە ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا، ئەم گرنگیدان و بەرەوپێشچوونانە بێگومان بێ ئاکام نابێت و بۆچوونی نوێ سەبارەت بە نەتەوەکان دێتە کایەوە و دەبێتە هەنگاوێکی بەر چاو ڕۆشنکەرەوە لەم بوارەدا و زاراوەی (( تیۆری مۆدێرن))ی بەسەردابڕا، لە دامەزراندن و گرنگیدەرانی ئەم تیۆرییە هەر یەکە لە:( ئیلی قەدووری، ئێرنیست گێلنەر، هۆبزباوم ئەندرسۆن) بوون ئەمانە لە یەک بۆتەدا ڕاکانیان کۆدەبنەوە و کۆکن لەسەر ئەو تیۆر و ڕایەی، کە نەتەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنە و کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا سەریان هەڵداوە، لە ڕاستیدا ئەمانە کۆکن لەسەر جوهەری تیۆرییەکە، بەڵام لە زۆربەی لایەنەکانی تیۆریەکەدا جیاوازی دەبینرێت و یەکتر قبووڵ نەکردن بە ڕوونی لە بۆچوونەکانیاندا هەست پێدەکرێ، بەڵام پێش ئەوەی کرۆکی بۆچوونە جیاوازەکانی ئەوان بخەینە ڕوو

سەبارەت بە تیۆری مۆدێرنە، دەبێت ئێمە وەڵامێکی سەرەتایی بۆچوونەکانی ئەمانە بدەینەوە بەوەی کە ئایینی ئیسلام و بە دیاریکراوی لە پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) (د.خ ) ئەم تیۆرییە ڕەتدەکاتەوە ڕیشەی نەتەوە بۆ مێژووی پێغەمبەر ئادەم دەگەڕێنێتەوە: ((کلکم من ادم وادم من تراب)) (ترمذی،٣٩٥٥)

کەواتە بە بۆچوونی ئێمە تیۆری (مۆدێرن) لە بەرامبەر بۆچوونەکانی ئیسلام بایەخی خۆی لە دەست دەدات و ڕیشەو بونیادی نەتەوە گەلێک کۆنترو ڕیشە داکوتراوترە، (کەعبی کوڕی مالک) دەڵێت :

**لمَ إلالهُ به شعثاً ورَمَّ به**

**أمورَ أُمّتهِ والأمرُ مُنْتشِرُ** (امین، ٢٠١٦، ٦٠)

لێرەدا نەتەوە لە دیدی ئیسلامدا بواری کردەیی خۆی گرت و نەتەوەو ڕەگەزەکان لە ناو زاراوەی ئیسلامدا قاڵبیان گرت و هەر ئەم ڕاستییەش لە( گاوانی کوردی، سەلمانی فارسی، سوهەیبی ڕۆمی، بیلالی حەبەشی )دا بەرجەستە بوو، ئەحمەدی خانیش نموونەیەکی تری بۆچوونەکانە کاتێک دەڵێت:

ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکراد

وان دانە ب شیر هیمەت و داد ( ڕەسول، ٢٠٠٨، ١٠٩)

هەروەها حاجی قادری کۆیش لەم بارەیەوە و دەڵێت:

فەلاتوون تۆ دەڵێی دنیا قەدیمە

لە خمخانەی بنێن وەک خۆت لە خم نا (دیوانی حاجی قادر، ١٣٩٠، ٢٦)

ڕەخساندنی فەزایەکی گشتی بەپێی تیۆر و بۆچوونە جیاوازەکان ڕەنگە ببێتە چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی ماناو توخمی نەتەوە و سەرەتای سەرهەڵدانی، تەنانەت تیۆریستانی ئەم بوارە لە ڕایەکانیان جیاوازی ڕیشەیی هەیەو دەبینرێ، گرنگترین جیاوازیش نێوان گێلنەرو ئیلی قەدووریە(( کە ئایا نەتەوەخوازکان توخمە سەرەتاییەکانی نەتەوەخوازی، کە ئایدۆلۆجیای دروستکەری نەتەوەیە لە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای دیاریکراوەوە وەرگرتوون یا لە بیرۆکەی کۆمەڵە فەیلەسوفێکی دیاریکراوەوە )) (عرفان، ٢٠١٨، ١٠٣)

ئێمە لەمەوە لەوە دەگەین کە هەردووکیان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی نەتەوەخوازەکان مۆدێرنە دەکەنە سەرچاوەی دروستکردنی نەتەوە، بەم پێیە بوونی نەتەوە و ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی لە دایکبوونی (مۆدێرنە)ن، بەڵام ئەگەر لە بیری بیرمەندانی ئەڵمانی وردبینەوە، دەبینین نەتەوە لە ئایدیای زۆرینەیاندا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، وەک کانت، فیختە، ئیلی قەدووری دەڵێت: (( ئایدیاڵی دروستکردنی نەتەوەکان بیرە نەک واقیع)) (عرفان، ٢٠١٨، ١٠٤) بەپێی ئەم بۆچوونەی قەدووری نەتەوەخوازی ئایدۆلۆژیایەکە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئەڵمانیا سەری هەڵداوە و داهێنراوە، کتێبەکەی فیختە (( بانگەوازێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان )) ١٨٠٦- ١٨٠٧ ز دەکاتە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە.

بەڵام کاتێ لە ڕوانگەی گێڵنەر لە نەتەوەخوازی دەڕوانین، ئەوا بە ئاسانی جیاوازی بۆچوونی تیۆرییەکانی قەدووری هەست پێدەکرێ، گێڵنەر: (( توخمە سەرەتاییەکانی ئایدیاڵی نەتەوە لە نەتەوەخوازیدا، بیری بیرمەندان و سەرچاوەی ئەم ئایدیایە بە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی پیشەسازی دەزانێ)) ( عرفان، ٢٠١٨، ١٠٦)

لە ڕاستیدا زاراوەی نەتەوە لە ڕووی مێژووییەوە لای ئینگلیزەکان ڕیشەی لەوە زۆر کۆنترە، کە (گێڵنەر) و( قەدووری ) باسی لێوە دەکەن و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەم بەدواوەو بەم مانایەی ئێستا بەکارهاتووە، هەر چەندە ڕایەکان بەزۆری لەسەر ئەوە کۆکن کە نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا سەریهەڵداوە، لەوانەیە وشەی نەتەوە لە سەردەمێکی مێژووییدا لەلایەن نەتەوەیەکەوە بەکارهاتبێ، بەبێ ئەوەی هەست بە ماناو واتاکانی وەک ئێستا کرابێت، بەڵام فەلسەفەی ئەڵمانی ڕێچکەیەکەو میتۆدێکی فەلسەفی گرت و تیۆریزە کرا، (هیگڵ) لە پێشەنگی ئەم لایەنەیەو لە بواری واقیعیدا پراکتیزەی کردووە.

هیگڵ(( بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەر بیرۆکەیەک لە قۆناغێک لە قۆناغە مێژووییەکانی فەلسەفەدا باس لەوە دەکات ئەو بیرۆکەیە چۆن سەرەتا و لە ناو بیردا پەیدا دەبێت و دواتریش چۆن پەرە دەسێنێت و بەرەو ئەوە دەڕوا وەک بیرۆکەیەک لە ناو بیردا تەواو عەینی ببێت بەرەو کامڵبوونی خۆی بڕوات )) (مستەفا، ٢٠١٨، ١٢٠)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جەدەلییەت یا دیالێکتیک کرۆکی تیۆرەکەیەتی لە بۆچوونەکانیدا، بۆیە ئێمە ڕوونتر دەتوانین بڵێین نەتەوە بەرهەمی بیری ئەڵمانییە(( بیرۆکەی نەتەوە لە دوای دیکارتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بوونی پەیداکرد)) (مستەفا، ٢٠١٨، ١٢٨) بەم چەشنە جەوهەری بیرۆکەی نەتەوە لە ناو بیرمەندانی ئەڵمانییەوە سەریهەڵداو هەر لە ناو ئەوانیشدا پەرەی سەندو تەشەنەی کرد بەو واتا و چەمکەی کە ئێستا لە خۆی دەگرێ.

((بیرۆکەی نەتەوە لە ناو فەلسەفەی (کانت)دا جگە لەوەی کە لە شێوەی سستمێکدا خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوەش ئاشکرا دەکات ئەو سستمە سستمێکی ئاکارییە و ئەو سستمە ئاکارییەش سستمی کۆمەڵگایە)) (مستەفا، ٢٠١٨، ١٢٩)

کانت ڕەهەندە گشتییە فەلسەفییەکەی لە مانایەکی فراواندا و لە فەزایەکی جیهانیدا واڵا کردو ڕۆحیەتی نەتەوەیی بە هەموو نەتەوەکان لە مێژووی بیردا سەقامگیرو پڕ ماناتر کرد، ئەمەش بەسەر ئەدەبی کوردیشدا دەچەسپێ و نەتەوە ڕەهەندو چەمکە (کانت) یەکەی لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی کوردەواریدا بەرجەستەکردووە،

ئەحمەد موختار جاف نموونەیەکی دیارو ڕیالیستیانەیە لەم بارەیەوە دەڵێت:

بێتە جیلوە تا بە یادی پاشەرۆژی قەومی کورد

زەمزەمەو شادی بخاتە مەجلیسی ڕەندانەوە (د.ئەحمەد موختار، ١٩٨٦، ١٣٥)

بێکەسیش نەتەوە لە بیرناکات و دەنگی وەک بکەرێکی کارا لە ڕەهەندی ئیرادە و خەباتدا بەرز دەکاتەوەو دەڵێت:

میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ

لە غایەی بەرزی خۆی هەر نانەوێ (مەلا کەریم، ٢٠١١، ٢٨)

یان دەڵێت:

خەیالاوی شەوو ڕۆژم ژیانی میللەتی کوردە

تەمەننام لای خوا دائیم ژیانی میللەتی کوردە (مەلا کەریم، ٢٠١١، ٧٧)

فەزای گشتی ئەم دەقە بەرجەستەکردنی چەمکی (کانت)ە و نەتەوە لە ئاستە فراوانەکەیدا دەهاوێتە نێو چەمکی مەعریفی فەلسەفەی نەتەوەیی و ململانێی ریالیستیدا، لە ڕوویەکی دیکەوە ئامادەبوونی قسەکەرە، کە خودی شاعیرە و کەسێتی خۆی لە هەر دوو ڕووی مەعنەوی و بەرجەستەییەوە دەخاتە ڕوو، جگە لەوەی کە شاعیر لە خاڵی قەدەریدا دەرهاویشتەی کەسایەتییەکی بێدەسەڵاتە لە ئاست ئەوانی دیدا.

لێرەوە نەتەوە لە چەمکە فەلسەفییە ئەڵمانییەکەوە سەرچاوە دەگرێ و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و میتۆدێکی دیالێکتیکییە، ئەمەش سەرتاپاگیری ئەو زاراوەیە لە مانا و ئاستە فراوانە جیهانییەکەیدا.

(ئەحمەدی خانی) نەتەوەو بیری نەتەوەیی نەشاردۆتەوەو جگە لەوەی دەقە شیعرییەکانی لە ئازارو کێشەکانی نەتەوەکەی دەدوێ، ئەمەی بە جوانی لە مەم و زیندا خستووەتە ڕوو: (( شتێک بە زمانی زگماکی خۆی، یا زمانی نەتەوەکەی بنووسێ، بۆ ئەوەی گەلەکەی خۆی و وزەی بیری ئەو دەرخا، کە بەواتەی ئەو بووە بە بورجێکی دیار و لە ناو عەرەبەوە تا گورج، بۆ ئەوەی کەسیش نەڵێ کە جۆرەها میللەت کتێبیان هەیە و تەنیا کورد حسابیان لەم مەیدانەدا بۆ ناکرێت ))(ڕەسول، ٢٠٠٨، ٣٨)

لێرەوە پەیوەندیی ناسیۆنالیزمی و نەتەوە و مۆدێرنێتە بابەتی وروژاندن و دیاریکردنەو ئایا کامیان بەرهەمهێنی ئەوی ترن، بە گشتی مێژوونووسان و کۆمەڵناسان لەم بوارەدا سەرقاڵن، هەرچەندە ناسیۆنالیزم زاراوەیەو خاوەنی بیرمەندی تایبەتی بە خۆی نییە، لێرەوە ئەم وشەیە لە بەکارهێنانیدا وەک بیر گومانی دەخرێتە سەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک چەمکێکی ئایدۆلۆژی دەخرێتەڕوو.

(ئەنتۆنی سیمس) دەڵێت: (( ناسیۆنالیزم بیرو بزوتنەوەیەکە کە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو وەک دەستەیەک لە خەڵک پتەو و بەهێز دەکات ))( قەرەداغی،٢٠٢١، ٤١)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت نەتەوە بەرهەمهێنی ناسیۆنالیزمییەو ناسیۆنالیزم بزوتنەوەیەکە ئامانجی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییە، بەرژەوەندی هەر نەتەوەیەکیش لە فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی بەسەر خاکەکەیدایە، بە واتا سەروەری نەتەوەیی بەسەر خاکیدا، دەوڵەتیش مەرجی سەرەکی سەروەرییە، بەم پێیە بۆ هیچ نەتەوەیەک نابێت کە سەروەری و دەسەڵاتی بە سەر نەتەوەیەکی تردا بسەپێنێ و تەنیا مافی نەتەوە لە سەروەرییەتی بەسەر خۆی و خاکی خۆیدا.

( هانس کۆهن ) دەڵێت:(( ناسیۆنالیزم ئایدۆیۆلۆژیایەکە دەوەستێتە سەر ئەو بنچینەیەی کە تیایدا دڵسۆزی و خۆ تەرخانکردنی تاکەکەس بۆ دەوڵەتی نەتەوە باڵا دەست دەبێت بە سەر بەرژەوەندییەکانی تری تاکەکەس و گروپدا)) (قەرەداغی،٢٠٢١، ٤٣)

تایبەتمەندیی ئایدۆلۆژیا هێزێکی پاڵنەری واتاییە کە ڕووبەری بەرژەوەندی لە تاکەوە بەرەو گشت دەگوازێتەوەو لە زاراوەی نەتەوەدا بەرجەستە دەبێت، لێرەوە تایبەتمەندیی ئایدۆلۆژیا لە

ناسیۆنالیزمدا بەرجەستە دەبێت و ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکە لە بنەڕەتدا پەیوەستبوون و دەست بەرداربوونی تاکە بۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

فۆرمەلەبوونی ناسیۆنالیزم تۆی شانازیکردن و بەخۆدا نازین لە ناخی تاک و گشتیدا دەچێنێ و نەتەوە لە ڕیڕەوی مێژوییدا دەناسێنێ، کە دەرهاویشتەی دیارو ئامانجی پیرۆزی سەروەری نەتەوەکانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا، لەم بارەیەوە (بێندێکت ئەندرسۆن) پێی وایە: ((ناسیۆنالیزم هێزێکی سیاسی پتەوە، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە هەژارە، بەڵام هەرگیز بیرمەندی بەرهەم نەهێناوە )) (مستەفا، ٢٠١٨، ١٢٥)

هەروەها لە فەرهەنگی (مێریدم وێبستەر) دا ناسیۆنالیزم وا پێناسەکراوە: (( ناسیۆنالیزم بریتییە لە دڵسۆزی و خۆتەرخانکردن بۆ نەتەوەیەک، بە تایبەتی دیمەنی هۆشیاری نەتەوەیی و ئاستی پێشکەوتن و باڵابوونی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی تردا نیشان دەدات و دانانی جەختکردنی سەرەتاییە لەسەر پتەوکردنی کەلتوور و بەرژەوەندییەکانی ئەو نەتەوەیە بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکانی تر یان گروپە نەتەوەییە باڵاکان (قەرەداغی، ٢٠٢١، ٤٥). بەم پێیە ناسیۆنالیزم بەهایەکی بەرزو پیرۆزی تاکی نەتەوەکانە و تاک پرۆژەیەکی ئامادەکراوی بەرهەمهێنانی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییەو تاک بەردەوام دەستبەرداری مافی کەسییە لە پێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگایەکی فراوانتر، کە لە دەوڵەتی نەتەوەییدا بەرجەستە دەبێت و لێرەوە هەر نەتەوەیەک خوازیارە باڵا دەستی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێ، ئەگەر لەمە ورد بینەوە ئەوا گومانی تێدانییە نەتەوەپەرستی لەیەک وشەدا گوزارشت لە خۆی دەکات، کە ڕەگەزپەرستییە، ئەمە ئاکارو دەرئەنجامی کوێر بینانەی تاکە پاشەکشەکردنە لە ماناو بەهاو واتا بەرزەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەرەکان لە بەردەم بەرهەمهێنانی ڕەگەزپەرستیدا تەسک بکرێتەوە، ئەوا بێگومان ناسیۆنالیزم پاڵنەرێکی ڕەوشتی و ئاکاری دەخوڵقێنێ لە هاندان و جۆشدانی بەرەو مانا پیرۆزەکانی بە یەکداچوونی نەتەوەکان و دواتر شارستانیەتییەکان.

(تۆماس هایلاند ئیریکسین) دەڵێت:((ناسیۆنالیزم جۆرێکی لێڵی ئایدۆلۆجیایە، دەشێت لە ناوەوە و دەرەوەی سنووری دەوڵەتدا دوژمنکارانە و فراوان خواز بێت، هەر وەک دەشێت ناسیونالیزم وەکو پارێزەری ڕاستی و ئاشتی وەکو هێزی یەکگرتنی کەلتووری لە دەوڵەتانی نەتەوەدا یان لە هەرێمێکدا خزمەت بکات)) (قەرەداغی، ٢٠٢١، ٤٦).

لەمە زیاتر دەڵێین ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیای پێکەوە ژیان و بوونە لە ڕووی زمان، نەریت، خاک، مێژوو، ئاین، بەڵام ئەگەر هاتوو ناسیۆنالیزم لە بازنەی داخراوی تێڕوانینی ئایینی یان

تێڕوانینی بەرتەسکی نەتەوەییەوە لێی بڕوانرێت، ئەوا گومانی تێدانییە، جارڕدانی ڕووی دزێوو نەگریسی بەرهەمهێنانی شوفینیزمیە، لێرەوە بیری فەرهەنگی و مەعریفی خۆی لە دەستدەدات و ئاکارە مرۆیی و بەها پیرۆزەکان لە ژێر بار گرانی دێوەزمەی فاشییزمیدا دەناڵێنن، نموونەشمان لە ئیتالیا، عەرەب، فارس، تورکەکاندا بەرجەستە دەبێت.

هەر بیرێکی ناسیۆنالیزمی ڕوو وەرگێڕی بەهاکانی پێکەوە ژیان بێت ئەوا ستەمکاری و داگیرکاری دوو ڕووی دزێوی مرۆڤایەتی و لە کۆتا جاردا قۆناغی داگیرکاری و وێرانکاری دەبێتە سەرەتایەک بۆ بیری کوێرو بەرتەسکی شۆفینیزمی، لە ڕاستیدا کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیست لە ڕەحم و هەناوی دەوڵەتی نەتەوەییدا لە دایک دەبێت، بەڵام نابێت دیدی ناسیۆنالیزمی ئاینی لە بیر بکەین، ئەگەر بە وردی لە دەوڵەتی نەتەوەیی ئاینی یا ڕووپۆشکراوی ئاینی بڕوانین، گومانی تێدا نییە بە دیدوبۆچوونێکی داخراو و لە تەواوی بابەتەکان دەڕوانێ و دواجار ڕاسیزمێکی شۆفینیانەی ئاینی بیر تەسک دێتە گۆڕەپان و هەموو جوانییەکان و پەیوەندییە مرۆییەکان دەشێوێنێ، نموونەی ئێرانی ئیسلامی و یەمەنی حوسی و حیزوبوڵڵای لوبنانی و نەهزەی تونسی و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانیش لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دیارو حاشا هەڵنەگرن

بۆیە ناسیۆنالیزمی ئاینی دوژمنی سەرسەختی نەتەوەیە، ئەمانە هەمیشە لە دیدی شەریعەت و عەقیدەوە لە نەتەوە دەڕوانن وەک چۆن یاسا دارێژەرانی نەتەوەخوازی لە دیدی ئایدۆلۆژیا و بواری دارشتنی یاسا کەلتورییەکانەوە لە نەتەوە دەڕوانن.

لە ڕاستیدا تێڕوانینی ئیسلامی مەزهەبی بەردەوام گەڕانەوەو ئاوڕدانەوەیە بەرەو دواوە، بەرەو گەڕانەوەی دەسەڵاتی خەلافەت، هەمیشە لە وەهمی دەسەڵاتی لە کیسچووی زەمەنێک دەڕوانن، کە لە ئێستادا ئامادەی بکەن، بەڵام ئایا ئەو مێژووە بە هەل و مەرجی مێژووی سەردەم خۆی دووپات دەکاتەوە؟ ئەمە پرسیارێکە دەتوانین وەڵامەکانی لە هەناوی ڕەفتارەکانی داعش، جند و ئەنسارو ئیسلام و بزوتنەوەو کۆمەڵی ئیسلامی و تەواوی بزاوتە ئیسلامییە توندڕەوەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستان و ئێستای جیهانی ئیسلامییەوە بەدەست بهێنن.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ناسیۆنالیزمی کوردی بەرەو باڵێکی دینی وەردەچەرخێت لە بازنەی وەهمی ناسیۆنالیزمی کوردی و لە قۆزاخەی پان ئیسلامیزمی ناوچەیی و بیرو ئایدیاو ئایدیۆلۆژی هاوردەدا خۆیان مەڵاس دابوو، کە ئیسلام دەبێتە ئایدۆلۆژیای بەرهەمهێن، ئەمانە لە دەرەوەی بازنەی جۆشدانی خەڵک و هاندانیان بوون لە دەوری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵکو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی دەبێتە ڕکابەرێکی بەهێزی

ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، گەرچی لە سەرەتادا ئەم ڕاستییە ڕووپۆش و حەشاردراو لە ژێر پەردەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا بووە، بەڵام لە ئامانجدا دەرخستنی ئەو ڕاستیە بووە، کە چیدی بزووتنەوە ئیسلامییەکان تارمایی و وێنەیەکی ڕەمزی گۆڕپانی سیاسی نین، بەڵکو ڕکابەرێکی بە هێزی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیین، هەر وەک بەرهەمی ئەم بزاوتە لە نەوەدەکاندا بووە ترۆکی هەڵچوونە سیاسییەکان و لێکەوتەکانی شەڕی خوێناوی ناوخۆی بوو، لەم بوارەدا دەستەکانی پشت بزاوتە ئیسلامیەکان ڕوون و ئاشکرا بوون و ئەمانە بوونە فشاری بەدەستهێنانی ئامانج و دەستکەوتە سیاسییەکانی دەوڵەتانی ئیقلیمی و لێرەدا ڕووبەری بزاوتە ئیسلامییەکان فراوانتر بوو لە کاتێکدا ڕووبەری ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی بەرتەسک دەبوویەوە، لە نەوەدەکانیشدا نەوەیەکی نوێی گۆش کراوی بیری سەید قوتب، حەسەن پەنا ئیخوانی سەریان هەڵدا.

مەریوان وریا قانع دەڵێت : (( ئەمەش سەرەتای لە دایکبوونی ئەو باڵە دینییە کە دواتر لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئێرانیدا بەهێزتر دەبێت و کاراکتەرێکی ڕێکخراوەیی و ئایدۆلۆژی گەشەکردووتر دەگرێتە خۆی )) (قانع، ٢٠٠٥، ١٤٩)

بابەتێکی تر سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و بەراوردی بە (الشعوبیە)ی عەرەبە عەباسییەکانە، کە لە جەوهەردا لە مانادا نزیکەو لە ناوەڕۆک و کردار و ئاکاردا گەلێک جیاوازن و دوو ڕەهەندو دوو چەمکی ئاراستە جیاواز دەخەنە نێو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە (الشعوبیە): بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نەتەوەییە و سەرەتاکانی لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە دەرکەوت و لە سەردەمی عەباسییەکاندا بووە بابەتێکی بەرچاو، ئەو بزوتنەوەیە وایدەبینن کە عەرەب لە نەتەوەکانی دیکە باڵاتر نییەو تا ئەندازەیەکیش پەسەندی نەتەوەکانی تری بەسەر عەرەبدا دەدا.

لە فەرهەنگی ((المحیط) دا هاتووە: (( شعوبی ڕق لێبوونەوە لە عەرەبە وەک نەتەوە)) (ڕەسول،٢٠٠٤، ١٠٩) قورتبی بەم جۆرە پێناسەی دەکات: (( بزوتنەوەیەکە کینە لە عەرەب و پەسەندی عەجەمە)) ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٦٧) زەمەخشەریش وا پێناسەی دەکات: (( ئەوانەن کە لە شکۆی عەرەب کەمدەکەنەوە و هیچ چاکەیەک لە عەرەبدا زیاتر لەوانی دی نییە)) (ڕەسول،٢٠٠٤، ١١٢)   کۆنترین سەرچاوەش سەبارەت بەم زاراوەیە کتێبی (البیان والتبین)ەکەی (جاحظ)ە کە  دەڵێت: (( بنەڕەتی وشەکە وەرگیراوی وشەی (شعب)ە کۆکەشی (شعوب)ە ئەم بزوتنەوەیە جەختیان لەم ئایەتە پیرۆزە دەکردەوە و پابەندبوون پێوەی: (( يَا أَيُّهَا

النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)) (قورئانی ثیرۆز، الحجرات ،١٣)

بزوتنەوەی شعوبیە خۆیان بە (التسویە) ناو دەبرد ((یەکسان لە مافیان و مافی عەرەبەکان)) (ar.wikipedia/wiki)

ئەدەب بوارێکی لە بارو گونجاو بوو بۆ چاندنی تۆی ڕق و کینە بەرامبەر بە عەرەب بە تایبەتی و ئیسلام بە گشتی و شیعر گرنگترین ژانر بوو کە بە ئاسانی دزەی دەکردە دەروونی گشییەوە و کاریگەریی لە ڕووبەری گشتیدا ڕەنگیدەدایەوە .

شعوبی نوێ زاراوەیەکە لە ساڵی ١٩٦٦ ز سامی حەناو ، ج. غاردنر) گوتارێکیان لە ژێر ناوی ( نوێکردنەوەی شعوبیەت ) بڵاوکردەوە ئەمە زیاتر ئەو نەتەوانەیان دەگرتەوە کە عەرەب نین و لەگەڵ عەرەبدا پێکەون وەک: کورد، بەربەرییەکان، قیبتییەکان ، زۆری تریش.

بۆیە ئەم وشەیە چەکێکی کاریگەریی دەستی شۆفێنیزمە عەرەبەکانە هەر لە سەردەمی عەباسییەکانەوە تا ئەمڕۆ، هەر کەس و لە ژێر پەردەی هەر نەتەوەیەکدا بووبێت دەنگی ناڕەزایی و نایەکسانییان بەرزکردبێتەوە یا هەر بزوتنەوە و لایەنێک بەرگریکاری مافەڕەواو فەرهەنگیەکانی و مامەڵە نایەکسانییەکان بووبێت، ئەوا بێ دوو دڵی بە شعوبیە تاوانبار کراون و لەناو براون، ئەمە بە ڕوونی لە سەر کوتکردنی بەرمەکیەکان و ئەبو موسلیمی خوراسانی کورددا ڕەنگیداوەتەوە ئەمانە هەستیان بە زوڵم و باڵادەستی عەرەب کردو بە زۆر شێوازی شارستانی هەوڵی یەکسانی و بە یەک چاو سەیرکردنی تەواوی نەتەوە موسڵمانەکان بوو، عەباسیەکان هەر وەک عەقڵیەتی شۆفینیزمانەی عەرەب بە ئێستاشیانەوە، ئەوانیان بە دژە عەرەب و تۆمەتی شعوبیەیان دایە پاڵیان و خوێنی تەواوی نەیارانیان بەم وشەیە حەڵاڵ دەکردو لە ناویان دەبردن.

کینەو شۆفێنیتی عەباسی سنووری ڕەوشتی تێپەڕاندوو شێوازێکی بە دەر لە هەموو بەها سیاسی و ڕەوشتییەکان و ماکیاڤیلیانە ڕەفتاریان دەکرد، دوای کوشتنی ئەبو موسلیمی کوردی خوراسانی خەلیفە موعتەسەم بە شانازییەوە لە کۆڕەکانیدا هەمیشە دەیگوت:

**طوى كشحه عن اهل كل مشورة　　وبات يُناجى عزمه ثم صمما** (الصفدي، ١٩٩١، ١٦٥)

(ئەبو دلامە) زۆر بێ شەرمانە لە دوای کوشتنی ئەبو موسلیم بە دەقێک نەک خودی ئەبو موسلیم ، بەڵکو تەواوی نەتەوەیەک بە قێزەوترین شێواز و وێنە دەخاتەڕوو:

**أبا مُجرِمٍ ما غَيَّرَ اللهُ نِعمَةً　　عَلَى عَبدِهِ حَتَّى يُغَيِّرَها العَبدُ**

**في دَولَةِ المَهدِيِّ حَاوَلتَ غَدرَه    ألا إنَّ أَهلَ الغَدرِ آباؤُكَ الكُردُ** ( https//m.face book.com>posts)

ئەمە وێنەیەکە لە وێنەکانی (الشعوبیە ) کە عەباسیە عەرەبەکان لەو پەڕی لوتکەی نەتەوەپەرستی تەسک بین و شۆفینیزمیدا لەوانی دیکە دەڕوانن ئەم نەخۆشییە قێزەونە وەک لە جیاتی تەواوی سەرانی عەرەبدا بە درێژایی مێژووی سەردەستیان بوونی هەبێت.

گواستنەوەی بەردەوامی ئەم تێڕوانینە بێشەرمانە و بە کەم سەیرکردنی ئەوانی دیکە پەڕینەوەیە لە عەباسیەکانەوە بۆ ئەمڕۆی عەقڵیەتی عەرەبی، ئەمەش بەردەوام فەزایەکی کراوەی بۆ بەرهەمهێنانی عەقڵیەتی شۆفینیزمانەیە لە ڕێڕەوی دەسەڵاتی عەرەبیدا.

هەر بۆیە ئەگەر لە هەردوو ئەدەبی فارسی و عەرەبی ورد بینەوە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمدا ئەوا بە ڕوونی بە سووک سەیرکردنی یەکدی دەبینین و دیوانە شیعرییەکانی هەردوولا پڕن لە سوکایەتی و کەمکردنەوە لە شکۆی مێژوویی هەردوولا لە ڕێڕەوەی پەرەسەندنەکانیاندا.

ناسیۆنالیزم و شعوبیەی عەرەب لە خاڵێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە گەرچی شعوبیە زاراوەیەکی داهێنراوی عەقڵی تەقلیدی عەرەبەو بەرهەم هاتووی هزرێکی خێڵەکی خۆبینەو دەرهاویشتەی هاوکێشەیەکی عەرەبی دوای ئیسلام و جڵەوگرتنە دەستی دەسەڵاتەو ڕووبەری فەرمانڕەوایی فراوان و نەتەوەی سەردەستەو فەرهەنگی سیاسی لە عەقڵی خۆسەپێنی دا ڕەنگ دەداتەوە و قبوڵ نەکردنی ئەوانی دی بەشێکە لە ئاکارو کاردانەوەی ئەو فەرهەنگە سیاسییە جڵەو بەدەستە.

لە کاتێکدا ناسیۆنالیزم لە فەرهەنگ و جەوهەری بوونیدا هاوبەشییەکی بەهایی و مرۆیی پێکەوە ژیانیە و دەرهاویشتەی عەقڵی سەردەم و مۆدێرنەی سیاسییە، ئەگەر لە باری ئاسایدا بێت و نەتەوە نەکرێتە ئامانجی باڵا دەستی و چەوسانەوەی ئەوانی دی، ئەوا لەم بارەدا ناسیۆنالیزم دەبێتە مۆتەکەی نەتەوەکانی تر و لە قاڵبێکی تردا خۆی دەخاتە ڕوو کە داماڵراوە لە هەموو بەها پیرۆزەکان، ئەویش شۆفینیزمی نەتەوەییە.

هەردووکیان خاڵی هاوبەشیان سیاسەتەو دەیکەنە سەنتراڵی کارو بۆچوونەکانیان، هەر جوڵەیەکی ناسیۆنالیزم لە پشتەوە نیاز و مەرامی شاراوە ئامادەیە و هەنگاوەکانی لە ژێر دروشمی یا فۆڕمی مێژوو، ئابووری، کەلتوور، پاساو دەدات. ناسیۆنالیزم – شعوبی هەنگاونانی دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوەییە، هەموو پرۆژەیەکی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی

ئامانجەکانی لە ژێر دروشمە هاوبەشییە کەلتوور و ئابووری و مێژووییەکاندا فۆڕمەلە دەکات و دەیانکاتە چەتری پرۆژە سیاسییە حەشاردراوەکانی .

(( کەلتوور لە گوتاری ناسیۆنالیزمدا ئامرازێکە بۆ داواکردنی شوناسی سیاسی جیاواز)) ( قانع، ٢٠٠٥، ١١٦) بەم چەشنە ئەوەی بوونی هەبێت زەینی بەرەو ئاکاری بوونەکەی پەلکێشی دەکات و فۆڕمەلەکردنی ویستە شاراوەکان لە هزرو ئاکاری سیاسییدا خۆی حەشاردەدات.

## بەشی دووەم

## پاری دووەم

### نەتەوە لە نێوان ئاکارو ئایدیاڵیدا

لە ڕاستیدا ئەرکی سیاسەت بەشێکە لە چالاکی کاری نەتەوەو گەیشتنە بە خواستە نەتەوەیی و بونیادنانی ئایندە لە فۆرمێکی سیاسی و دەوڵەتیدا مەحاڵە لە دونیای بووندا سستەمێک خۆی بەسەر ئەوی دیدا بەسەپێنێ، لێرەوە ئایدیا و ئاکار خاڵی هاوبەشی چەمکی بە گژاچوونەوەی خۆسەپێنی و ڕەوایەتی دەبن. ناتوانرێت لە جیهانی سیاسی و کۆمەلایەتییە جیاوازەکاندا لەناو خەڵک و نەتەوە جیاوازەکاندا کەلتوور و بەها جیاواز و لێک نەچووەکان بسەپێنرێ یا یەک جۆر دادپەروەری و یەکسانی بەسەریاندا جێبەجێ بکرێ، هەموو نەتەوەیەک شوێن و ژینگە و مێژوو کەلتووری خۆی هەیە و هەموو هەلومەرج و زەمینەسازی بۆ لە دایکبوونی خواستەکانی لە هەگبەیدا هەڵگرتووە، ئەمە گواستنەوەیەکە لە مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەییدا بەرەو هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسی، لەم بارەدا ڕووداوو پەرەسەندن و گەشەکردنەکان بە قۆناغێکی ئاساییدا گوزەر ناکەن و هەلومەرجە دەرەکییەکان ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی لەم پرۆسەیەدا دەگێڕن، کە لە زۆرباردا کۆلۆنیالیزم بۆ چارەسەری گرفتە سیاسییەکانی پەنا بۆ ئەم هەنگاوانە دەنێت، ئێمە لێرەدا بە چەمکی زمان و مێژوو خاک لە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی نەتەوەیی دەڕوانین.

ناسیۆنالیزم دیدێکی سیاسییە هەڵگری ئایدیای ترس و دڵەڕاوکێیە و دەخوازێت چەمکە گرنگەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی کە خۆی لە مێژوو، ئابووری، کلتوردا دەبینێتەوە هەموو هاوبەشییەکانی دیکەی لە دەست نەدات و نەکەوێتە بەرهەڕەشەی نەمان و لەناو چوون.

کارەکتەرە سیاسییەکانی ناسیۆنالیزم فرەچەشنن و گۆڕان سیمای بەردەوامی ناوەڕۆک و ڕەهەندە سیاسییەکەیەتی، بە واتا ناسیۆنالیزم ڕەنگێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو لە خۆیدا بەرجەستە ناکات، بەڵام دەتوانێ هاوبەشێکی گرنگی ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکانی دیکە بێت، وەک دەتوانێت هاوبەشێکی ئایدیالۆژیای فاشیزم یا کۆمۆنیزم یا لیبراڵ بێت، ئەمیش بەو مانایە دێت، کە نەتەوە لە ڕووە سیاسییەکەیدا پێناسە بکات، ڕەنگە ئایدیا نەگۆڕەکانی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی وەک کەلتوور، زمان، خاک نەگۆڕبێت ومۆرک و خەسڵەتی تایبەت و جەوهەرێکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵام کە دێینە سەر سیاسەتی پەیڕەوکراوی گوتار و ڕەفتاری سیاسی

ئەوا فەزایەکی فراوان و ئەگەرەکان کراوە و گۆڕاو دەبن لە زۆر فۆرمی جیاوازدا خۆی پێناسە دەکەن.

ئارناسۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: (( ناسیۆنالیزم شەرعییەت بە بەکارهێنانی هێز دەدات بە ناوی بەرگریکردن لە کەلتوور)) (قانع،٢٠٠٥ ، ١١٦)

جگە لە ڕووە سیاسییەکەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، بەرهەمی ئەدەبیش ڕوویەکی تری گوتاری ناسیۆنالیستیانەیی و خۆزگە و ئاواتە نەتەوەییەکان لە وشەکانیانەوە دەچۆڕێ و خانی دەڵێت:

**پرسی ژێر دنێ من ئەو بە حیکمەت**

**مەهرا تە چی؟ گوتە من کو هیممەت**

**حاسڵ کــۆ دنێ ب شیر و ئیحسان**

**تـــــــەسخیر دبت ژ بۆیی ئینسان (ڕەسول،٢٠٠٨، ١١٠)**

ئەم دەقەی خانی بەرهەمی هەڵچوون و تووڕە بوونێکی ناخی ئەزەلی هەر تاکێکی کوردە، لێرەدا خانی بکەرێکی سیاسی کاراو تەواوی ماف و ڕاستیەکان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە لە فۆرمێکی بەهێزی دەربڕینی نەتەوەییدا دەیهاوێتە نێو مێژوویەکی تاڵ و خوێناوی نەتەوە، کە لێرەدا بەرگری و چەک هەڵگرتن شەرعییەت و ڕەوایەتی لە خۆ دەگرن خانی دێتەوە مەیدان و دەڵێت:

**ئەمما ژ ئەزەل خودێ وەسان کــــر**

**ئەف ڕۆم وعەجەم لە سەر مە ڕاکر (ڕەسول،٢٠٠٨، ١١٠)**

لێرەدا خانی ئایدیا و ئاکار پێکەوە گرێدەدات و قەدەرێکی جەبری بە سەر خۆیدا دێنێتەوە، بڕوای ئەو بە توانای نەتەوەکەی لە ئاستێکی بەرزی ئامادەکراودایە و ئەمەش ڕێگەی گەیاندنە بە ئامانج و خواستەکانی، کە لە ئایدیایدا فۆرمەلەی کردوون و پێی نەگەیشتوون، ئەمە بەشێکە لە سایکولۆژیای هەر تاکێک و بەڵام لە هەمان کاتدا ڕقێکی پیرۆزی کۆنترۆڵ کراو بەرهەم دێنێت و بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاستێکی سیاسی قووڵ و ئامانجدار

بە پێی فەلسەفەی (کانت) دەشێ تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک ئاکاری بن و پەیڕەوی سیستەمی گشتی لە چوارچێوەی نەتەوەدا بن، فیختەی ئەڵمانی دەڵێت:

((کەسی سەر بەو سیستەمە دەبێت بە پێی ئەوە هەڵسوکەوت بکات، کە بە شێوەیەکی پێشینەو خۆڕسک لەناو عەقڵی خۆیدا بوونی هەیە و نابێت پەیڕەوی ئەو سیستەمە بکات کە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی هاتووە)) (مستەفا، ٢٠١٨، ٢١٣) لە ڕاستیدا (فیختە) تەنها گوزارشت لە تاک ناکات لە ئاستە گشتییەکەیدا، بەڵکو گوزارشت کردنەکە کۆی گشتییەو بەو مانایە پەیڕەوی ئەو سیستەمە لە تاکەوە بەرەو کۆ بەرز دەبێتەوە دواتر لە کۆی نەتەوەدا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەمە خاڵی جەوهەری بۆچوونەکانی (کانت) کە لە تاکدا بەرجەستە دەبێ لای(فیختە) سیستەمێکی گشتی نەتەوەکانە، کە ڕەگ و ڕیشەی لەناو هزر و عەقڵیاندا داکوتاوە.

هەر نەتەوەیەک توانی پارێزگاری و پەیڕەوی ئەوەی لە عەقڵیدا پارێزراوە بکات و لەسەری بڕوات، ئەوە گومانی تیادا نییە نەتەوەیەکی ڕەسەن و خاوەن بوونە، بە پێچەوانەوە ئەوەی لە عەقڵ و هزریدا بوونی هەیە و پەیڕەوی ناکات و بووەتە موریدی ئەوەی لە دەرەوەی خۆیدا پێی دەگات، ئەوە لە ڕێڕەوی مێژووی سیاسیدا بە نەتەوە ئەژمار ناکرێت.

ئەگەر لە ڕۆڵی تاک بە بنەمای بیری فەلسەفی(فیختە)ی ئەڵمانی بڕوانین ئەوە دەگەینە جۆرێک لە هزری تێگەیشتن لە نەتەوە و ئامانجەکانی و ئەو هزرە شوێنێک بێت بۆ بەرهەمهێنانی سونبولی نەتەوەیی و سەرچاوەیەکی گەیشتن بە بەها ڕەوشتی و بیری و مەعریفییەکان بێت. لێرەوە ئاکار بە دەست دێت و ناسیۆنالیزم ئینتیمای بۆ مێژوویەک دەبێت کە لە ناویدا ژیاوە ئەگەر نا دەبێتە ناسیۆنالیزمێکی مەترسیدار لە ڕەوتی مێژوویی و سیاسیدا، بەم شێوەیە هەر نەتەوەیەک دەستبەرداری ژیانی عەقڵی خۆی بێت و سەرقاڵی ژیانی مادی و تێرکردنی غەریزەکانی بێت، ئەوا ملکەچی عەقڵی داسەپاوی دەرەکی دەبێت، وەک لە داگیرکردنی ناپلیوندا بەرجەستە دەبێت کاتێ بەرلین داگیر دەکات ئەمەش ڕۆڵێکی نەگەتیڤانەی ڕەوتی ناسیۆنالیزمە لە ساتەوەختێکی مێژوویدا، لە ڕاستیدا وێناکردنی دوژمنی دەرەکی گرنگە هەروەک دوژمنی ناوەکیش مەترسیدارە، بەڵام گەورەکردنی قەبەیی دەرخستنی دوژمن ئەوە بچووککردنەوەی تەواوی بەها پیرۆزەکانی نەتەوەیە، کە لە بیر و زیهندا ڕیشەی بونیاتی هەیە.

ڕاستە ڕەسەنایەتی و بەهاکانی خۆماڵی پیرۆزن، بەڵام کاتێک ئەمانە بە ئەندازەیەک وێنا دەکرێن، کە زیاتر و زیاتر لە ناخەکاندا دەچەسپێن و هەر هەوڵێکی نوێخوازی و خۆنوێکردنەوە بێ ئەندازەگران دەبێت.

بۆیە بیری ناسیۆنالیستی دەشێ ئایدیایەکی ڕوون و ڕۆشن بێت و خۆی نەئاخێنێتە هیچ قوژبنێکی تاریکی سیاسی و بیری و کەلتووری، ئەگەر وا نەبێت مەرگی خەونەکان و پووکانەوەی شارستانییە.

بێکەس دەقێکی ئیرادەگەری لە ناخیدا دەبێتە گڕکانێکی بڵێسەدار و ڕەوانەی مێژووی کوژراوی نەتەوەیی دەکات و وەک بکەرێک توانا و بیری لە خۆیەوە لە ناخی تاکەکاندا دەچێنێ و دەڵێت:

**پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەقی لە مردن سڵ نـــــەکا**

**هەر بڕوخێ بەس نییە، تاکو نە سەندرێ نادرێ**

**کورد ئەگەرچی موددەتێکە دیل و داماوە، بەڵام**

**باوەڕت بێت ڕۆحی میللی هـەر ئەمێنێ، نامـرێ (دیوانی بێکەس، ٢٠٠٥، ٣٨)**

مۆتیڤەکانی پشت ئەم دەقە کاراکردنی پارێزراوە عەقڵیە نەتەوەییەکان و ڕەتدکردنەوەی تەواوی دەرەوەی خۆیەتی و لێرەشەوە ئایدیای بیرێکی ناسیۆنالیزمی ئاکاراوی دەخاتە نێو مێژووی قەدەری نەتەوەیەکی دابەشکراو و کۆیلەکراو.

ئەدەبی کوردی هەڵگری هیچ ڕەهەندێکی یۆتۆبی نەبووە، کە وەک بیرێکی زیندوو بەرجەستەی خواستە نەتەوەییەکانی بێت، چونکە نەتەوەی بێ دەوڵەت لە دەرەوەی مێژوودا دەسووڕێتەوە، دەوڵەت ئامرازێکی زیندوو بەهێزی نەتەوەیە، دەوڵەت کۆتایهێنانە بە سوک سەیرکردن و کۆیلەبوون و بێڕێزی و دەستە جەمعی.

مەریوان وریا قانع دەڵێت:(( لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، ئەدەبیاتی ئێمە هەڵگری ڕەهەندێکی یۆتۆبی تایبەت بووە. )) (قانع، ٢٠١٣، ٢٥٩)

ئەگەر لە مێژووی ئەدەبی کوردی بڕوانین دەبینین دوو شاعیری دەنگ زوڵاڵ هاوارێکی بێ کۆتایی بونیاتنانی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی سەربەخۆی کوردی بوون.

**لە دەست و پێ ویلایەت ببنە ئەحباب**

**وەک شەخسێکی واحید بن لە هەر باب (دیوانی حاجی قادر،٢٠١٦، ٦٥)**

لێرەوە نەتەوە هەنگاو بە گیانی حاجی دەنێت، یەکێتی بوون دەکاتە توێشووی سەفەری گەشتن بە ڕۆحی ئازادی نەتەوەیی، دەقەکە دەستەبەرکردنی ئازادییە، کە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بە دەست دێنێ و مرۆڤی کامڵ بووی خاوەن شوناس لە هەناوی بکوژانی بیر و ئازادی جەلادە تالانکارە فرۆشیارە نەتەوەییەکاندا بە دەست دێنێ.

حاجی ئەندێشەی ئازادی لە زهنیدا ڕەها و ئایدیا بە ئاکارەوە گرێ دەدات و دەڵێت:

**هەڵیدەی بەیداخی کوردی لە دەوران**

**لە مابەینی کە کۆن و هەیبە سوڵتان ( دیوانی حاجی قادر، ٢٠١٦، ٤٥)**

لە شەوێکی مانگەشەوی وەرزی بەهاردا جریوەی ئەستێرەکان ورشەیان بێت و سۆزی هەوای فێنک گەلای دارەکان بە هێمنی بهەژێنن، گیاندار و بێگیان لە ژێر خێوەتی ئاسمانی بەریندا لە شەوەدا کپ و خامۆشی بنوێنن، تەنها حاجی بێدار و هەڵگری خەمی کوردان، پرۆژەو خەونی بوون بە دەوڵەت خەو لە چاویدا دەتۆرێنێ، ڕەهەندی یۆتۆپی لە خۆی دادەماڵێ و فۆڕمێکی جیاواز لە مێژووی نەتەوەییدا دەخەملێنێ پەرینەوەیەکی یۆتۆپی بۆ ناو هزر و واقیع ڕەوانە دەکات، حاجی لە خەمی تازەکردنەوەی فۆرم و مۆدێلێکی نوێی نەتەوەییدایە و ئاکار دوا ویست و خواستی ئەوە لە دەقەکانیدا.

بۆیە دەگەینە ئەوەی دوو ئاراستە یا جیهانی جیاواز لە کردەی ئاکاریدا بوونی هەیە، جیهانێک یا ئاراستەیەک ئەو کەسانەن کە هەمیشە وێڵی تێرکردنی حەز و ئارەزوو بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانیان و ئامانج بە پێوەری دەستکەوت دەپێون و ئیرادەیان کردۆتە قوربانی ئارەزووەکانیان و ئیرادە و مێژوویان لە دەست داوەو بەمەش ئەڵقەی لاوازی نەتەوەن و ئامرازێکی گونجاوو لە باری ئامانجەکانی دوژمنانن، کە ئەمە تا ئێستاش لە مێژووی نوێماندا ڕاستێکی حاشاهەڵنەگرە لە بەرامبەردا ئیرادە و عەقڵێکی جیهانی و خاوەن ئامانج و ئاکار بوونی هەیە هیچ هێزێکی دەرەکی لە توانایدا نییە ئەم ئیرادەیە بخاتە ژێر ڕکێفیەوەو فشارو گرفتەکانی، لەم پێناوەدا دەهێنرێتە بەردەمی، بێ ئاکام و مایە پووچ دەمێنێ و ناتوانێ دزە بکاتە نێو بونیادی ئەو ئیرادەیەو کەلێن و درزێ لە بۆچوون و ئاکارەکانیدا بکاتەوە، لای ئەمانە بنیاتنانی جیهانی نەتەوەیی و بەرژەوەندی عەقڵی گشتییە (فیختە) پێی وایە ((ئامانجی پەروەردەو فێرکردن ئەوەیە تاکەکانی ناو نەتەوە هانبدات بۆ وەدیهێنانی ئەو جیهانە عەقڵییەی کە وەک جیهانێکی مومکین لە ناو هەموو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە)). ( مستەفا،٢٠١٨م ٢١٦)

یۆتۆپیستێکی تری کورد ئەحمەد موختارە، ڕۆشنبیرێکی سیاسی و هوشیار و خاوەن درکی مەعریفی، پڕۆژەی ئەم پڕۆژەیەکی یا یۆتۆپیایەکی پێشکەوتن و گەشەکردنە. ئەم نوقلانە لێدەری پێشبینی تەکنەلۆجیاکانەوە دەڵێت:

**پاش قڕانی موددەعی دەست پێ ئەکەن تەعمیری موڵک**

**ڕێگەی ئاسن ئەچێتە خـــــــاکی هـــــــەورامانەوە**

**یان دەڵێت:**

**ئەبلە وا دایم لـــــــــــە عەیش و شادمانی و عیززەتا**

**ئەهلی عیرفان و کـــەمال ئیستاکە زاری و شین ئەکا ( ڕەسوول، جاف،١٩٨٦، ٣٦)**

بە وردی لەم دوو دەقە بڕوانین بیری یۆتۆپی ئەحمەد موختار جاف لە خانەی خۆیدا دەخەملێنین، هۆشیاریی نەتەوەیی ئەم ئامرازی گرنگ و پڕئەهمیەتی گۆڕانکارییە، هۆشیاریی نەتەوەیی هەنگاوو گواستنەوەیە ڕووەو ڕزگاربوون، ئەم هۆشیارییەی ئەحمەد موختار ڕووبەڕووبوونەوەی کۆلۆنیالیزم و داگیرکارییە، ناساندنی ناسنامەی نەتەوەییە، قوڵبوونەوەی شاعیر لە هۆشیارییدا داماڵینی ناسنامەی داگیرکاریەو خستنەڕووی ناسنامەیەکی نەتەوەیی پڕ کەسێتی، هەستانەوەو ژیانەوەیەو وێناکردنی جیهانێکی نوێ و سەردەمێکی نوێیە، کۆلۆنیالیزم سڕینەوەو داماڵینی مانا دروست و ڕاستەقینەکانی مرۆڤ بوونن، ئەم هۆشیارییە خستنەڕووی پڕۆژەیەکی نوێی پڕمانان، گریمانەیەکی نوێ بۆ نەتەوەو نیشتمان دەخرێتە ڕوو، ئەمە سڕینەوەو داماڵینی بنەما مادی و ڕۆحییەکانی داگیرکردنە، فانۆن دەڵێت: ((هۆشیاریی نەتەوەیی هۆشیاریی ڕزگاربوونە لە داگیرکردن، هۆشیاریی بەگژاچوونەوەی کۆڵونیالیزم و بونیاتنانی شوناسی نەتەوەییە)) (قانع، ٢٠١٣، ١١٢)

لێردا ئەوەی گرنگە قۆناغی گواستنەوەیە لە هۆشیاریی نەتەوەیی بەرەو هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، لێرەدا شوناسی نەتەوە لە ڕەهەندە گشتیەکەیدا دەخەملێ هۆشیاریی دەبێتە مۆرکێکی گشتی، کە ئیرادە و هۆشیاریی خاڵی بەگژداچوونەوەی ئەڵقە لاوازەکانی نەتەوەیە، ئەوانەی دارستانێ لە پێناو پێکردنی قلیانەکانیاندا دەسووتێنن، هۆشیاریی نەتەوەیی پەرینەوەیەکی هۆشیاریانەی هاتنەکایەی دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا کێش دەکات، خاڵی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێستادا نەتەوەیی نییە و ناتوانێ شوناسێکی نەتەوەیی لە ئێستادا بخاتە ڕوو.

پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە نەتەوە ئایدیالێکی عەقڵییە، ئەمە توخم و ڕەگەزی یەکەمە، کە توخمی دووەم گرنگی لە گواستنەوە و وەرچەرخاندایە تا لەسەر زەمینەی واقیعدا بنەماکانی بچەسپێ، وەک وتمان توخمی دووەممان ئاکارە کەسییەکانن، کە لە ئاکار و کردەوەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوەو ئەو ئایدیاڵەمان بۆ دەخوڵقێت، کە ئامانجی سەرەکی گواستنەوە عەقڵیەکانە، لێرەدا ئاکاری ئەو ئایدیاڵە کۆی تاکەکانی نەتەوەیە.

لە ڕاستیدا لە پشت هەموو جووڵەیەکی عەقڵی ئامانجێکی نادیار خۆی تیا حەشارداوەو ئەو ئامانجەیش لەوەدا دەبینرێ کە ڕۆحی نەتەوە لە قۆناغە مێژووییەکانیدا پێی دەگات.

لای (هیگڵ) ((ئەو ئامانجە ئەو جۆرە لە دەوڵەتە کە ئایدیاڵەکەی ڕۆحی نەتەوەیە، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عەقڵی پەیدا بێت و لە واقیعدا دەرکەوێت، دەبێت دوو ئایدیاڵ و دوو مادەو دوو ئامانج و دوو کارامان هەبن)). (مستەفا، ٢٠١٨، ٢٤٩)

ئەگەر بە ڕوونی لەم بۆچوونەی هیگڵ وردبینەوە، ئەوە بەرچاو ڕوونییەکمان چنگ دەکەوێت کە گیرێدراوی ئاکار و ئایدیاڵ بن، هەموو تاکێ خاوەنی ئایدیا و ئامانجی خۆیەتی و هەمووشیان لە خودی کەسەکاندا کۆ دەبنەوە و تایبەتن بە خود، لە هەمان کاتیشدا عەقڵ هەڵگر و خاوەن هەمان خەسڵەتەکانی کەسەکانن و لێرەدا تەنها جیاوازی ئەوە لە عەقڵەکاندا کۆو دەستەجەمعین و خودی نین، بەواتا لە دەرەوەی خودا ڕەنگ دەدەنەوە هەمان ئەم دوو فاکتەرە کەسی و عەقڵییە پێکهێنەری مانایەکی فراوانتر و بەرجەستەتر و ئامانجی باڵاترن کە لە خودی وشەی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت.

ئەحمەدی خانی دەڵێت:

**غالب نەد بوو ل سـەرمە ئەو ڕۆم**

**نە دبوونە خەرابەیی د دستێ بووم**

**مەحکووم و عەلەیهی و سـەعالیک**

**مەغلوب و موتیعێ تورک و تاجیک (ڕەسوول، ٢٠٠٨، ١٠٧)**

لێرەوە خانی پرسیارێکی جەدەلی هەواڵەی گەردنی تاکی کورد دەکات و خانی بە بیری فەلسەفی لە ئەرکی تاک دەڕوانێت، بەو پێیەی هەر تاکێک هەڵگری ئایدیالێکی خودییە، کە ئەم ئایدیایەی کۆکە لەگەڵ توانا و ئەو ژینگەیەی کە دەوری داوە، خانی بەم دەقە بە وروژاندنی پرسیارێکی ئاکاراوی ڕۆڵی تاک دەخاتە ژێر پرسیارەوەو وای لێدەکات، کە ئەو عەقڵەی تاک

کارا بکات و بیکاتە هەڵگرو گواستنەوەی لە ئایدیاوە بەرەو ئاکار لە زەمینەی واقیعی نەتەوەییدا.

خەونی تاکە کەسی بریتییە لەو بوونەی کە لە خوددا بوونی هەیە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی نەگوازراوەتەوە، بەو مانایەی جگە لە هەڵگری بنەما عەقڵییەکانی، هەموو گواستنەوەیەکی دیکە ڕەت بکاتەوە کە لە دەرەوەی خۆیەوە وەک ئامانج بۆی هاتووە، لێرەوە پەی بردنە بەر ئەو ئامانجانەی کە خوازیاری بەدیهێنانیەتی و لێرەوە بەها و مانا و پیرۆزی بە ژیان دەدرێ، ئەمە درکی مەعریفی هەر تاکێکی خاوەن ئاوەزە،

بەمە هەموو وزەیەکی شاراوەی پەی پێ براوی تاکەکان دەتەقێتەو سووڕی مت بوونی دەبەزێنێ و لێرەوەش ئامانجەکان بەرەو بەدیهێنان دەڕۆن و خەونی ڕاستەقینەی دەبێتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، لێرەوە ئایدیاڵە کەسییەکان و خودییەکان شێوەی خۆیان وەردەگرن، کە لە دەوڵەت بووندا بە دەردەکەوێت.

لێرەوە تاکەکانی نەتەوە دەبنە تاکی بنیاتنەری دەوڵەتی عەقڵ، کە تیایدا تاکەکان هەست بە بوونی خۆیان دەکەن، لێرەوە ئایدیاڵ و ئاکار لە دەوڵەتدا دەبنە خاڵی کۆتایی و دوا وێستگەی ئامانجەکان. ئەمە پێکهێنانی ژیانی پێکەوەییە کە هەموو تاکێک لە پێناو کەسانی تردا دەست بەرداری هەندێک لە حەز و ئارەزوو خواستەکانیان دەبن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی دەستە جەمعیدا.

(هێگڵ و بنیتز) پێیان وایە ((مرۆڤ توانای ئەوەی تیایە کە بە ژیانێکی پێکەوەیی بژی و قوربانی بە خواستەکانیشی نەدا، بە مەرجێک ئەو خواستانە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی نەهاتبن و بەو بێگانە نەبن و ئەو خواستانە بن کە لە ناوخۆیدا دوای بەتاڵبوونەوەی لە خواستە دەرەکییەکان دەرکەوتبن)) (مستەفا،٢٠١٨، ٢٥٢) ئەوەی گرنگە و پەیوەندیی نێوان تاکەکان ڕێکدەخات، ڕێککەوتنی تاکەکان نییە لەسەر ئامانجێک لە ئامانجەکان، بەڵکو ئەوە عەقڵە بەپێی ئایدیاڵە خودییەکان و بەبێ ئاگایی خۆیان ڕێنوێیان دەکات لەوەدەستخستنی خواستە عەقڵییەکاندا، بەم پێیە عەقڵ کۆکەرەوەی ئایدیالەکانە لە چۆنیەتی پەیوەندییاندا شێوەگیر دەبن.

لێرەوە دەوڵەت ئەو کەسیەتییەیە کە ئایدیاڵەکەی لەناو کۆی میللەتدایە، لە هەمان کاتدا دەوڵەت کەسایەتی کەسێتییەکان دەستەبەر دەکات، بەم شێوەیە پەیوەندیی تاک و ئایدیاڵەکانیان کۆی ئایدیاڵی تاک دەوڵەت بنیات دەنێ لە ناو دەوڵەتیشدا هەموو تاکەکان لە خواستەکانیاندا چوون یەکن.

رۆحی نەتەوە کە ئایدیاڵی کۆی عەقڵەکانی میللەتە لە دەوڵەتدا دەردەکەوێت و لە کۆی کارلێکی هەموو ئایدیا و خواستەکاندا کۆمەڵە ئامانجێک وەک دەرکەوتەیەک سەر هەڵدەدا و هەر ئەمەش کەلتووری نەتەوە پێک دەهێنێت و دەوڵەتیش بەرجەستەکەری ئازادی کۆی تاکەکانە. (جان جاک ڕۆسۆ): (( ژینگەی سروشتی دەکاتە بنەما بۆ لێکدانەوەی جیهانی مرۆیی و ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە لە ڕێگەی ئەو ژینگە سروشتییەوە ڕاڤەی دەکات کە مرۆڤەکان تیایدا دەژین، پێی وایە بوونی مرۆڤ لە ناو ئەو ژینگە سروشتییەدا پەنهانە کە تیایدا دەژی و مرۆڤ هیچ نییە جگە لە بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی ژینگە سروشتییەکەی)) ( مستەفا، ٢٠١٨، ٢٦١)

ناسیۆنالیزم و ئایدیاڵی و ئاکار لە کۆی ئەو ململانێی نەتەوایەتی و ئەتنیکیەی بەردەوام هەبووە و لە سەرەتای نەوەدەکانەوە ڕەهەندێکی تری لەخۆ گرت کە بووە هۆی دووبارە بایەخدانەوە بەم پرسە هەستیارە.

دەتوانین بڵێین ململانێی ناسیۆنالیزم و ئەتنیکی دیاردەیەکی نوێ نییە (واڵکەر کۆنۆر) ئاماژەی بە گرژیە نەتەوایەتی و ئەتنییە دیارەکانی گەلێک ناوچەی جیهان کردووە وەک کەنەدا، هیند، عێراق، ئێران، سوودان، قوبرس)) (هۆتون، ٢٠١٨، ٢٩٦)

ئەم ململانێیانە بەهۆی جەنگی ساردەوە پەردەپۆش کرابوون، سەرباری بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەبینین زۆربەی وڵاتانی ئەمڕۆی جیهان تەنها لە یەک نەتەوە پێکنایەن، بەڵکو لە زۆر نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز پێکدێن ، کە زۆربەیان بە یەک نامۆن لە ڕووی ئایینی زمان، مێژوو، کەلتوور، ئەمەش بوار ڕەخسێنەرەو پاڵنەرێکی بەهێزی هەڵگیرسانی شۆڕشە جودا خوازەکانە.

ڕەنگە ناسیۆنالیزم فاکتەرێکی بەهێزی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، لەوانەشە پاڵنەرێکی بەهێزی لێکهەڵوەشانەوەو دارمان بێت، ئەم نموونانە لە سۆڤیەت کۆمارەکانی پێشوودا دەبینرێت. گوتاری ناسیۆناڵستی دەرهاوێشتەی ئەم بابەتانەیە، بەڵام بوونی ڕەگەز نەتەوەییە جیاوازەکان تەنها ئەوە نییە، کە بوونی هەبێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەو بوونە بەرەو بیر هەنگاو بنێت و دواتر بەرەو هەست و سۆز و دواجار نەتەوە لە پاڵ بوونیدا خاوەن ئایدیاش بێت و ئەمەیش دەبێتە هێزێکی بزوێنەر بەرەو بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی، چونکە دونیای ئەمڕۆ بایەخدانە بە پرسە نەتەوەییەکان و مافی چارەی خۆنووسین و لە دواجاردا ویستی کۆمەڵە بزووتنەوە ناسیۆناسیۆناڵیستیەکان بەدی دێت. (ئەنتۆنی دیسمیس) دەڵێت: (( ناسیۆنالیزم بیر و بزووتنەوەیەکە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو وەک گروپێک لە خەڵک پتەو دەکات و بەرزیان دەکاتەوە))( قەرەداغی،٢٠٢١، ٧٧) هەروەها (جۆن کەین) دەڵێت:

(( ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیایەکە جەخت دەکاتە سەر دڵسۆزی بۆ نەتەوەو پەیوەستبوون بە نەتەوەوە ))( قەرەداغی،٢٠٢١، ٧٧) بەم شێوەیە ناسیۆنالیزم و گوتاری نەتەوەیی لە ئایین و ڕەچەڵەک و زمان ونەریت و مێژوو پێناسە دەکرێ بەم تێڕوانینە نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات و نەک بە پێچەوانەوە.

## بەشی دووەم

## پاری سێیەم

### شۆڕشی کوردبوون یان شوناس و نەتەوەخوازی نەوەی تاراوگە.

هەموو نەتەوەیەک سەرەتایەک هەڵدەبژێرێ، کە کۆک بێ لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییدا، کە لە ڕاستیدا ئەمە ئەڵتەرناتیفی سوود و بەها تاکیەکانە، ئەمەش دەروازەیەکی گرنگی کامڵبوون و خستنەڕووی پێناس یان شوناسی نەتەوە لە بەرزترین ئاستیدایە، ئەمە ڕەفتاری عەقڵانی هەر تاکێکە لە قۆناغی پەرەسەندن و بەرەوپێشوونی بیریداو وەرگرتنی فۆڕمی گشتی کۆی عەقڵەکانە لە پرۆسەی پەرەسەندنە گشتییەکانی کۆی بەرهەمی عەقڵی نەتەوەدا. لێرەدا خانی نموونەی بەرزی بۆچوونەکەمانەو هەقمانە پرسیارگەلێک بورووژێنین سەبارەت بیر و مێژوو ژیانەوە، کە ئەمانە لای ئەورووپیەکان لە سەدەی پانزەیەم بەولاوە بە ڕێنسانس ناوبراو بیر و مێژوو زمان و دەوڵەت بوونە بەرهەمی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول دەڵێت: ((ئایا ڕێنسانس لای کورد هەیە؟ و ئایا خانی نوێنەری ڕێنسانسی کوردە؟ یان بە گشتی ڕێنسانس هەر دیاردەیەکی ئیتاڵی و ئەورووپیە، یاخود لە ڕۆژهەڵاتیشدا بووە؟ کە ئەم باسە دێت بەبیرمدا هەمیشە چەند بەراوردم دێتە پێش چاو لەو گەلانەی ڕۆژهەڵات کە زۆر باسی ڕێنسانس دەکەن گەلی ئۆزبەکی نموونەی ڕێنسانس لای ئەوان شەخسیەتی عەلی شێر نەواییە، واتە ئەگەر میللەتی تر هەبێت لە ڕۆژهەڵاتدا باسی ڕێنسانسی خۆی بکات بۆ کوردیش هەر شیعری (فەقێ تەیران) ببەستیت بە(لسان طیر) ئەوایی و(مطق طیر)ی عەتتادەوە ئەوسا لە بارەی جەزیری بۆتان و شەخسییەتی خانیدا یەکێک لە دەورەکانی ڕێنسانس خۆی ببینێت)) (ڕەسوول،٢٠٠٨، ٥١)

نموونەیەکی تری عەقڵی کوردی کە لە بەشەوە بۆ گشت سەرکەوتووە ئەوا بێگومان شەرەفخانی بەدلیسییە، کە گشتگیرانە باس لە کوردستان دەکات و (دکتۆر عەزەدین مستەفا ڕەسوول) بەم جۆرە باسی دەکات ((شەرەفخانی بەدلیسی بە یەکگرتوویی باسی کوردستان دەکات مێژووی ئەو مێژووی هەموو کوردستانە و هەموو میرنشینەکانە، بەڵام وەسفی شار بە شاری کوردستان باسی ئابووری و سەنعت و پیشەی جیا جیاو بازاڕی جیاو گردبوونەوەی سەرمایە لەو وەسفانەدا دەبینی کە کە ڕۆڵی تورک( ئەولیا جەلەبی) سەبارەت بە بەدلیس و جەزیرە پیشانی دەدا بەم چەشنە فیردەوسی ئەگەر بە شانامەکەی ویستبێتی بە ئێرانییەکان بڵێ ئێوە خاوەن ئەم مێژوو ئەم ڕابردووەن، پاڵەوانانەی وەکو( زاڵ و بهمن و گیوو

ڕۆستەم)تان تێدا هەڵکەوتووە، کە لە ڕاستیدا کەم داستانی ڕۆژهەڵاتی هەیە کە ئەم جۆرە ڕووداوانەی تێدا نەورووژێنرابێ لێرەدا فیردەوسی بە باوکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دادەنرێ، ئێمەش خانیمان دێتە مەیدانی مێژوو دەڵێت:

**گەردی هەبووا مە ئـیتیفـــاقەک**

**ڤێکرا بکرا مـــە ئینتـــــقادەک**

**ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی**

**هەمیان ژمـــــە را دکر غولامی (سەعید، ٢٠١٥، ٣٣)**

لێرەدا خانی تابلۆیەکی جوانی کوردبوون و ئەوانی دی نیشان دەدا، خانی مرۆڤێکی ئاگامەندە و ئاگامەندیش ناتەواوە بەبێ مەعریفەو زانین، لێرەوە ئاگایی و درکی قووڵی مەعریفی خانی دەبێتە سەرچاوەی ویست و حەزی دەرخستنەکان و بەو پەڕی هۆشیارییەوە زمان و بوون و کوردبوون بە یەکەوە گرێ دەدات، ئەمەش ئەنەلۆجیەکی مەعریفییانەی خانییە لە بواری وەڵامدانەوەیەکی فەلسەفیانەی پڕ واتادا بەرامبەر چەمکی بوون و بوونی نەتەوەیی، ئەمەش وەڵامێکی لۆژیکی و مێژوویی بەگژاچوونەوەی دەنگەکانی ترەو لە هەمان کاتدا پارسەنگی کورد بوون هاوتایی بوونی ئەوانی تر دەکات، ئەمە بوونی ڕەهای نەتەوەیەکی نکۆڵی لێکراوە لە پرۆسەی بوونی مێژوودا بە پاساوی نەشیاو و نەگونجاو و گونجاو بوونمان دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

هەروەها حاجیش بە هەمان ڕێچکەی خانی کوردبوونی خۆی دەسەڵمێنێت و ئەگەر چی لە غوربەتیش بێت، بەڵام حاجی یەکێکە لە غەمخۆرانی نەتەوەکەی وەک دەڵێت:

**لە ئادەم بـــگرە تـــا دەورانی ئـــێستا**

**یەکێکە (حاجی)لەو خـــاکە هــــــەڵستا**

**کە غەمخواری بکا بۆ مـــیللەتی خۆی**

**لە بەینی گەورەکان و شێخی بێ پۆی**

**زەمانە تووشی دەرد و غوربەتی کرد**

**غەمی کۆیێ پەرێشانی هەمووی کرد (دیوانی حاجی قادر، ١٣٩٠، ٢٥٠)**

به ڕای ئەرستو(( بوونی گشتی خەسڵەتێکی خودی هەیە و زەرووره، چونکە بوون زەروورییە لەبەر ئەوەی پێویستی بە بوونێکی دیکەی بۆ بوونی خۆی نییە)) ( کەماڵ، ٢٠٠٤، ١٦)

بۆیە پێویستە بپرسین ئایا هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا دەتوانین هەموو بزووتنەوە کوردییەکان بە نەتەوە خوازی ناوببەین و شتێک شک دەبەین بە ناوی نەتەوەخوازییەوە؟ بەردەوام ئێمە لە بازنەی بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان و نەتەوە خوازیدا کێشەمان هەیەو لە دەرئەنجامیشدا زاراوەیەک لە خۆ دەگرێ کە بە کێشەی کورد ناو دەبرێ.

به درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە کوردییەکان لە توانایاندا نەبووە نەتەوە لە پرۆسەی خەباتی مێژووییاندا دروست بکەن. هەموو بزووتنەوەکانمان دروشمە دیار و هەژێنەرەکانیان نەتەوەخوازی بووەو ئامانجی ستراتیجی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە، هەموو لە یەک چوارچێوەدا پۆلێن دەکرێن، کە نەتەوەخوازن بێگومان بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی لە ژێر هەر ناو پەردەیەکدا کە هەبن دەبێت پێش مەرجی ئاکاری لە خودی ئامانجەکان و دروشمەکانیاندا بوونی هەبێ، تا بە قۆناغی مێژووی خۆیدا لە پرۆسە پراکتیکەکەیدا کە شۆڕش و ئاکام و دەرئەنجامەکانیەتی تێ بپەڕێت و هەر ئەمانەشە زەمینەی لەبارو ڕەخساو دەبن بۆ بە ئامانج گەیاندنی پەیامی شۆڕشگێڕییان، پێش مەرجەکانیش یەک زمان و ئامانج و کەلتوور و ئایندە و دروشمن.

بەڵام هەر لە سەرەتاوە شکست لە ئاسۆی ڕەفتار و هەنگاوەکانیان دا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە نەیانتوانیوە وێستگەیەک بن بۆ گواستنەوەو وەرچەرخان لە بیری خێڵەکی بەرەو بیری کۆمەڵگایەکی مۆدێرن وێڕای فرەزمانی و کەلتووری گوتاری ناسیۆنالیزمی جیاواز، کە لێرەوە شکستی دەروونی و هەم شکستی نەتەوەیی لە ئاست تاکەکاندا دەبنە خاڵی داڕمان و بێ هیوایی،خانی ئەمە بە جوانی وێنە دەکات و دەڵێت:

**من دی عەلەما کەلامی مەوزوون**

**عالی بکرا لە بانی گـــــەردوون**

**بێ ناڤە ڕۆحا مەلێ جـــەزیری**

**پێ حەی بکرا عەلی حـــەریری**

**کەیفەک وە بـــدا فەقێ تـــەیران**

**حەتتا ب ئەبەد بمایە حـــەیران (ڕەسوول،٢٠٠٨، ٥٩)**

خانی لێرەدا بکەرێکی بێ هیوا بوون لە چەمکێکی قەدەریدا دەرهاوێشتەی ناخ و دەروونی حەواڵەی مێژوویەکی تاڵ و دارمانی ئیرادەی تاکی کورد دەکات، ئەمە دەرخەری مێژوویەکی تاڵی نەتەوەیی سەدەی حەڤدەیەمە کە سەدەیەکی پڕ کێشە و نەهامەتی نێوان میرنشینە کوردەکان بووە، کە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانیدا دابەش بووبوون،

هەریەک لەم دوو داگیرکەرە لە پلانی قڕکردن و داگیرکردنی کوردستاندا بوون وپلانی هەردوولا، کورد بکرێت بە دەستکەلاو قەڵغانی ویستەکانی خۆیان و کورد بە کورد بە کوشتدان بووە هەر وەکو لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی کوردستانی باشووردا هەمان مێژوو دووبارە بوویەوە، چونکە هەر لە سەردەمی خانیشدا بوو میرنشینی (بتلیس) لە دەوروبەری ١٠٦٦ ک دا لەناوبرا.

لێرەوە دەردەکەوێ دروشم و ئامانج و پەیڕەوو وابەستەی بەدرێژایی مێژوو مۆرکی تەواوی بزووتنەوە کوردییەکان بووە و ئامانجی سەرەکی هەر بزووتنەوەیەک لە نەمانی هاوتا هاوزمانیەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە نموونەی زیندووی سەدەی بیست و یەکە و نموونەیەکی حاشا هەڵنەگرە

هۆکارێکی گرنگی تر لە ڕێڕەوی شکستی مێژوویی تەواوی بزووتنەوە کوردییەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە نەیانتوانیوە وەکو هێڵێکی نەتەوەخوازی فۆرمەلەی یەک زمان و یەک گوتاری سیاسی و یەک ئامانج بن، بۆیە هەرگیز نەیانتوانیوە خاوەن پرۆسەی بە نەتەوەیی بوون بن لە چوارچێوەی تیۆرییەکی سیاسی هاوبەشدا

عیرفان مستەفا دەڵێت: (( نەتەوە لە ڕوانگەی نەتەوەخوازییەوە کۆمەڵگایەکی یەک زمان و یەک کەلتوور و ئەندامانی ئەو نەتەوەیە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەو زمان و شێوازە کەلتوورییە لە قوتابخانەکانی ئەو دەوڵەتەدا پەروەردە کرابن و بوونەتە ئەندامی ئەو کۆمەڵگا خوێندەوارەی کە ئەو قوتابخانانە بەرهەمی دەهێنن)) ( مستەفا،٢٠١٨، ٥١٤)

لێرەوە مانایەکی بەرتەسکی بۆچوونی نەتەوەیی لە خودی دروشمە سیاسییەکانی بزووتنەوە کوردییەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە تەنها نەتەوە خوازی لایان کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو یەک زمان لە ڕووی کەلتووریشەوە دەربڕە لە یەک شوناس و شوناسەکانی دی بە مەترسی یا ڕێگرە لەوەی فرەیی نەتەوەیی بکەوێتە ناو کەلتوورو ڕۆشنبیری و زمان.

بەڵام ئایا بیری نەتەوەیی و نەتەوەخوازی یەکێتی نەتەوەیی و یەکێتی بیر و یەکێتی کار بەرهەم دێنێ؟ یا دەپرسین ئایا کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی لە بارە بۆ چاندنی بیری نەتەوەخوازی

له ناخی تاکەکانیدا؟ یان پێویستە گواستنەوەیەکی بیری و وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی ژێرخان پتەوی پیشەسازی هەبێت؟

چونکە هۆش بنەما و بنەڕەتی هەموو گواستنەوەیەکە تەنانەت لە پرۆسەی ئەدەبیشدا بەم چەشنەیە، کاتێ بیر و هۆش لە گەشەدا بن ژانری ئەدەبیش لە گەشەدایەو بە پێچەوانەشەوە، بۆیە ئەمانە فاکتەری سەرەکین لە پرۆسەی شکستی بێ نەتەوەیی و بزووتنەوەی نەتەوەییدا.

لەم بارەیەوە عیرفان مستەفا دەڵێت: ((ئەو بزووتنەوەی مۆدێرنە کوردییەی کە لە ناو جەرگەی خەلافەتە مەزهەبییەکەی عوسمانییەکاندا لە ڕێگای چینە خوێندەوارەکەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە وەک بزووتنەوەیەکی مۆدێرن سەر هەڵدەدات، هەر لە سەرەتاوە پەیڕەوی لەو یاسایە ناکات، کە بە پەیڕەوکردنی دەتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز ئەم بزووتنەوەیە لە یەکەم بڵاوکراوەی خۆیدا کە ڕۆژنامەی کوردستانە و کۆمەڵە خوێندەوارێکی مۆدێرن دەری دەکەن کەسەر بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و هەریەکەیان سەر بە کەلتوورێکی ئەدەبی باڵای جیاوازن، بە هەمان ئەو جیاوازییە زمانییانەی خۆیانەوە کەلتوورە مۆدێرنەکە لەسەر لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەن بە کۆمەڵە کەلتووری مۆدێرنی جیاواز و ئەمەش تا ئێستا بەردەوامی هەیە)) ( مستەفا،٢٠١٨، ٥١٧) ئەمە نەریتێکی نوێی بیرکردنەوە یا گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوە هاوکاتی بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵانەی نەتەوەیی نەبووە و نەتوانرا گرێ کوێرەی ئەزەلیی بزووتنەوەی نەتەوە خوازی بکاتەوە بەو واتایەی بیری خوێندەواران و ڕۆشنبیران لە بونیادی بزووتنەوە کوردییەکان و ئامانجەکانیان وەرچەرخانێکی ئەوتۆی نەهێنایە کایەوە، دەپرسین بۆ؟ بەڕای ئێمە تێڕوانینی خوێندەوارانی فرە کەلتوور هاوکات نەبووە لە گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵایەتی و شێوازی بەرهەمهێنان و پتەوی ژێرخانی ئابووری، کە خۆی لە گەشەسەندنە پیشەسازی و ئابوورییەکاندا دەبینێ.

بزووتنەوە کوردییەکان پەرچەکرداری یاخیبوونە یا ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەهای مێژوویی ئەوانی ترە بەسەر چاوەڕوانی منی بن چەپۆکدا. بۆیە بێ دەسەڵاتی لە ئاستی هێزێکی دەرەکی سەردەست بە نزاو پاڕانەوە چارەسەر ناکرێ نکۆڵی لە بوونی ئاگامەندانە سەرهەڵدانی ڕەتدانەوەی دەسەڵاتی سەپاوی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیرییە. بۆیە بزووتنەوەکە ڕادیکاڵانە موڵک ومافی داگیرکراوە، بۆیە بوونی ئێمە و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم و بوون و گوتارمان سێ فاکتەرە

١-داگیرکەر.

٢- داگیرکراو.

٣- ڕەتدانەوە- پەرچەکردار

بەبێ بوونی هەر یەک لەمانە بزووتنەوە سیاسییەکان هەلومەرجی خۆی لە دەست دەدات و بەمەش شەرعییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

لە ڕاستیدا زۆربەی بزووتنەوەکانمان ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتە تۆتالیتاریەکان بوون، نەک بەرهەمی هۆشی تاکو کۆمەڵگایەکی ئابووری و پیشەسازی پتەو بێت، هەموو بزووتنەوەیەک بیر و کۆمەڵ و ئابووری لە هاوکێشەی هەنگاوەکانیدا نەبێت و پارسەنگییەک لە نێوان ئەم سێ کوچکەیەدا نەکات، بێگومان ئامانج نەزۆک و ئامانجی هەڵدێرانی سیاسییە لە غیابی یا ئامادەنەبوونی بیردا ئیرادە دەگاتە کۆتا خاڵی نزمی کە دواجار هەرەسێنان و داڕمانی بزووتنەوەو ئاکارو نەتەوەیە لە قۆناغێ لە قۆناغەکانی مێژووی خەباتی سیاسیدا، قەدەریەت لە داڕمانی ئیرادەوە سەرچاوەی هێزی بە دەست دەهێنێت و بارودۆخی دەروونی لە خاڵی سفردا لە خۆی دەڕوانێ، کە لە دواجاردا چۆکدادانە لە بەردەم  دوژمندا ئەمەش خراپترین داڕمانی ئیرادەی نەتەوەیە وەک لە نسکۆی ساڵی(١٩٧٤) بینیمان

بۆیە بزووتنەوەی کوردی هەمیشە وەکو بزووتنەوەیەکی خێڵەکی ناسنامەی خۆی خستووەتە ڕوو، بەم جۆرە لە توانایدا نابێت شوناسێکی نەتەوەیی پێناسە بکات و بێتوانایە لە وەرچەرخان و گواستنەوەی بونیاتی ئابووری و هۆشی لە کۆمەڵگایەک و نەتەوەیەکی بێ ئابووری پتەوو کشتوکاڵییدا بەرەو ڕوویەکی هەڵکشاوتری کۆمەڵایەتی کە خۆی لە نەتەوەیەکی بنکە فراوانی ئابووریدا دەبینێتەوە.

گێلنەر لەم بارەیەوە دەڵێت: ((نەتەوەخوازی ڕیشەی خۆی لەناو جۆرێکی دیاریکراو لە دابەشکردنی کاردا داکوتاوە، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەوەی بیرۆکەی نەتەوە تەنها لەناو هوشیاریی ئەو کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵدەدات کە کۆمەڵگایەکی پیشەسازین)) (مستەفا،٢٠١٨، ٥٦) بەم پێوەدانگە هۆشیاری دوو کۆمەڵگەی جیاواز دەخاتە ڕوو کە پێوەری یەکەم بوونی هوشیارییەکی گشتیە بۆ ئامادەبوونی ڕۆح و جەوهەری وەرچەرخان و بازدان لە واتا و چەمکی شۆڕش و نەتەوە و نەتەوەخوازیدا. بۆیە یاسای عەقڵ بەردەوام دەبێت پشکی شێری لەناو هەنگاوە کردەیەکانی دا هەبێت.

هەروەها تیۆری ئەڵمانی سەبارەت بە نەتەوەخوازی وا دەڵێت: (( نەتەوە لە لایەکەوە بە توندی بەستراوە بە مۆدێرنەو کەلتووری مۆدێرنەتەوە لە لایەکی ترەوە بەستراوەتەوە بە نەتەوەخوازی و دەوڵەتی نوێوە)) (مستەفا،٢٠١٨، ٩٩).

حاجی قادری کۆییش لەمڕووەوە دەڵێت:

**تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکـــــــــــراد**

**هەروا دەبنە خـــــــەرابە ئـــــــــــــاباد ( دیوانی حاجی قادر، ٢٠١٦، ٣٦)**

دەنگی شاعیر دیدێکی ویژدانییە بۆ دۆزی نەتەوەیەکی کۆیلە و دابەش و داگیرکراو خانیش پێشەنگی دەنگەکانە، کە نەتەوە و خەونی نەتەوە خەمی گەورەی بوون هەمیشە ئەم ئامانجە لە هەناو و زهنی ئەودا هەراسانکەری ئارامی بوون و دەنگی هاوارێکە لە دوو تۆیی مێژوودا بۆ هەژاندنی ویژدان و جۆشدانی تاکی کوردی، ئەو دەستی لەمەیدانی کورد شتوەوە بە فاکتەرێکی لێکترازانی نەتەوەییان دەزانێ حاجی کۆییش هەمان دەنگ و هەمان خەمی لە کۆڵ گرتووە و دەقەکانیان دەنگی نەتەوەیەکی بێ گیانن بە زۆری ئەگەر لە ڕووبەری شیعری و شاعیران بڕوانین ئەوە خۆڕسکن، بەڵام ئەرکی شیعری لە بازنەی مەعریفی زۆریاندا ونە.

خانی- حاجی زمانی شیعرییان بارگاوی کردووە بە ئەرک و مەعریفەی شیعریی و لە بازنەی ئامانجە نەتەوەیەکاندا ڕەوانەی نەتەوەخوازی ئایندەیان کردووە ئەوان بکەرێکی کاراو شیعرییان کردۆتە ماکی هاوارو لە بێ دەسەڵاتیدا وەڵامدانەوە لە ئاستێکی نزمدا بۆ ئاستێکی باڵاتر ڕەوانە دەکەن و دواتر هەمان نزا و هاوار وەکو تەوقێکی ئەمانەت لە گەردنی تاکی کوردی دەکەن لە هەمان کاتدا دەقەکانیان هەڵگری پەیام و وەڵامدانەوەی مەعریفی و ناسنامەیان شیعری و شیعریان هاویشتە نێو مێژوو جوگرافیای سیاسیی نەتەوە، دەقەکانیان هەڵگری پرسیارگەلێکی جیهانبینی ئاکاراوین و دەنگێکی زیندوون.

لە هەموو گرنگتر دەقەکانیان هەڵگری میتۆدێکی ڕەخنەیین لە بونیادی نەتەوەییدا، لە هەمان کاتدا لە دەقێکی پێشتری خانیدا کە دەڵێت:

**گەردی هەبووایە مە ئتیفاقەک**

**ڤێکرا بکرا مـــــە ئینتـــــقادەک (سەعید، ٢٠١٥، ٣٣)**

خانی پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێ و میری بۆتان و تەواوی میرانی کورد دەخاتە ژێر بارگرانییەکی ڕەوشتی وەڵامدانەوەی، ئەمە پرسیارێکی لۆژیکیانەیە کە تا ئێستاش مەوداکانی

هەمان بەرپرسیارێتی دەورووژێنن، خانی ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی تەواوی میرانی کورد دەکاتەوە و فیردەوسی بە هەمان شێوە سیاسییەکان دەخاتە ژێر بارگرانی مێژووی پڕ شکۆی ئێرانی، کە لە ڕاستیدا ئەمەیە ئەرکی شیعریی لە بازنەی مەعریفی نەتەوەییدا.

خانی- حاجی خاوەن دووربینییەکی مەوداکراو و ئاوەژوون و ئیرادە دەکەنە هێزی وروژاندن و بەرخودان و هەستانەوە تا درک بە ناڕێکی قەدەرێکی جەبری سەپاو بدەن، ئەمە ئاکاری عەقڵی بیرمەندێکی کوردە هەرچەندە خانەی ڕەهەندی ئاوەزی دینی و سۆفیگەری بەرهەم دێنێ لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانی جەبری بەلاوە دەنێ و وەک کوردێ ڕەهەندی ئیرادەو ئایندە دەکاتە ماکی بوون و دروست بوون، ئەمەش هەمان دەنگی جەزیرییە کە ئاواتەخواز بوو لە بۆتانەوە دەنگی بهاوێتە تەواوی وڵاتی کوردان.

**گوڵی باخی ئیرەمی بـــــــۆتانم**

**شەپ چراخی شەپی کوردستانم (دیوانی مەلای جەزیری، ١٩٧٧، ٥٠٩)**

هەموو بزووتنەوەیەک دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزێکی دەرەکییە، کە مەترسی بۆ کۆی پرەنسیپە نەتەوەییەکان دەبێت و لێرەوە ویستی پێکەوە ژیان ڕەهەندێکی دیکە دەکرێ و جیاوازی ناچوونێک دەبێتە خاڵی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەمەش ئاکاری بەریەک کەوتنی مێژووییە و جیاوازییەکانیش دەبنە چەمکی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و لە پێناوی پاراستنی نەتەوەدا شۆڕش و بزووتنەوەکان دەبنە پێویستیەکی مێژوویی، لێرەوە حەزی بنیاتنان هەلومەرجی بۆ دەرخستنی ئەو ڕێکەوتنە مێژووییە بەلادا دێن، کە خستونێتیە بازنەی پێکەوە ژیانێکی زۆرەملی یان قبوڵکراو.

هەر بزووتنەوەیەک دەبێت هەڵگری کۆمەڵێ ئایدیاڵی ئاگامەندانە بێت، کە بگونجێت لەگەڵ ئەزموونی گشتیداو لەزەمینی واقیعیشدا بواری سەرکەوتنی ڕەخساو بێت، لێرەوە توخمەکانی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دێتە کایەوە و دەخەملێ.

بەم جۆرە نەتەوە دەچێتە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی نەتەوەیی کە دەشێت گروپ و ڕەگەزو ئێتنیکە جیاوازەکانیش لە خۆبگرێ پێویستیشە سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە چەمکێکی نوێی پێکەوە ژیان بەرهەم بێنێ ئەمە مەودایەکی بیر و چەمکێکی عەقڵانی سیاسی دیموکراسی و دادپەروەری دەوێت، ئەگەر بمانەوێت شەرعیەتی شۆڕش و بزووتنەوەکان لە دەست نەدەین و بەها مرۆییەکان نەدۆڕێنین ئەمە کارێکی دووفاقە و چەکێکی دوو ڕووی شەرعییەت بە دەست هێنان و لە دەستدانی پارسەنگی کار و ئاکاری دەوڵەتی

نەتەوەیی بێت ، ئەگەر نا شەرعییەت بۆ یاخیبوون ئەو پێکەوەژیانە دەدەینە دەست ڕەگەز و گروپە غەیرە نەتەوەییەکە.

لێرەوە وەهمی نەتەوەو نەتەوەخوازی لە پارسەنگی مێژوویی و ڕەوشتیدا لە تاقیکردنەوەیەکی کراوەی ئاکاردا ڕووبەڕووی یەک دەوەستنەوە، ئەمەش ڕێگایەکی کراوەی گەیشتنە بە بەختەوەری و پێکەوەژیان، لێرەوە سیناریۆ بیری سیاسییەکان دەبنە خاڵی وەچەرخان لە دوو دیوی جیاوازدا :

١-دیوێک پێکەوە ژیان و ئاشتی و بەشداری فراوانی کۆی نەتەوەکانە لە سیستەمی نوێی سیاسیدا.

٢- وێنەیەک هێجگار ترسناکەو دێوەزمە ئاساییە بۆ چەوساندنەوەی پێکهاتەکانی تری دەرەوەی نەتەوە، ئەمەش مۆدێلێکی سیاسی و نا ڕەوشتی و دووبارەبوونەوەی ئەو بارودۆخەیە کە پێشترئێمە لێی یاخی بووین.

لێرەوە میکانیزمی گۆڕان و بەردەوام بوون یان میکانیزمی دۆگماو چەقبەستوو خاڵی دیاریکردنی ئایندەی سیاسی دەوڵەتی نەتەوەییەو نەتەوەخوازی بە چەمکە شۆفینیزمیەکەی ئاڵۆزی و هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە، دەبنە سەرەتای لە دەستدانی شەرعییەتی یاسایی و ڕەوشتی و دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان نەک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو دەیانخاتە ژێر هەڕەشەی هەرەس هێنان و داڕمان، خۆ ئەگەر بە چەمکی ئەفلاتۆن لە ژیانی پێکەوەیی بڕوانین، ئەوە مرۆڤەکان چەندێکیش لە ڕووی ڕەگەز و ئێتیکەوە جیاواز بن ئەوە مرۆڤەکان بەختەوەرو کێشەکانیش چارەسەر دەبن، هەرچەندە ئەم چەمکە ئەفلاتونیەش خواست هەڵدەگرێ، قسە هەڵدەگرێ، چونکە کەمینەیەک سەر دەستی عەقڵی بەڕێوە بەرن و کۆمەڵگایش بەسەر چەند چین و توێژێکدا دابەش دەکەن،

لێرەوە ئەو پرۆژە ئایدیانەی کە بزووتنەوە و شۆڕشەکان لە دووڕێیانی وێناکردن و بیرلێکردنەوە ئامادەی دەکەن و پەیڕەوی دەکەن جیهانێکی فرە ڕەنگی و ئازادی و یەکسانی و سەربەخۆییە، لە ڕاستیدا ئەم پرۆژانە لە دنیای ئەمڕۆدا شکست خواردوون خەونێکی یۆتۆپیانە و قووڵە، بەرژەوەندییە جیهانی و ئیقلیمییەکان بەردەوام لەناو ئەم پرۆژانەدا مەلاسیان خواردووە و هەر دەرفەتێ دەقۆزنەوە بۆ پشێوی و جووڵاندنی ڕەگەز و ئەتنیکەکانی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەگەر هاتوو بەرژەوەندییەکانیان کۆک و جۆر نەبن و هەست بە مەترسی

سەر بەرژەوەندی باڵا و ئاسایشی نەتەوەییان بکەن، عێراق، ئێران، تورکیا، فەڵەستین و زۆر جێگای تر،

بەواتا گوتاری سیاسی بەردەوام لە ئاکاری سیاسیدا بنەمای ئاشتی و هەم بنەمای ئاڵۆزییە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێ کۆپی و بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێ ئیرادەو کەسیەتی لاواز و بێچارەیە، هەمیشە ڕۆحی ئیرادە و ڕاڤەکردنی لەناو دەبەن و پێداویستییە ڕۆحی و ماددییەکانی تاک لە قاڵب دەدەن و کۆمەڵگەیش لە بیرکردنەوەیەکی بەرتەسکی ژیاندا دەهێڵنەوەو نوزەی لێ دەبڕن کۆمەڵێک بەرهەم دێت دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن و ئەمە خەڵەفاندن و فریودانی مرۆڤە لە جیهانی ئەمڕۆدا.

بەم پێیە دەوڵەتی نەتەوەیی پێویستە ئەگەر هاتوو بەرهەمی شۆڕش و بزووتنەوە نەتەوەییەکان بێت دەستەبەری سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ژیانی پێکەوەیی تەواوی گروپ و ئەتنیکە جیاوازەکان بێت، تاک خاوەن ئیرادە و ئەرک و ماف بێت. لێرە زمان و سیستەمی ئاماژە و کەلتووریان جیاواز دەبێت و لێرەشەوا نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی نەتەوەخوازی مۆدێرندا خۆی دەبینێتەوە

هەر بۆیە ئارنست کێڵنەر دەڵێت: (( ناسیۆنالیزم بێدارکردنەوەی نەتەوە نییە بۆ هەستکردن بە بوونی خۆی، ناشیۆنالیزم نەتەوە دادەهێنێت لەو شوێنەدا نەتەوە نییە بۆ هەستکردن بە بوونی خۆی، ناسیۆنالیزم نەتەوە دادەهێنێت لەو شوێنەی کە نەتەوەی تیادا نییە، بەڵام بێگومان نەتەوە پێویستی بە کۆمەڵێ لێکچوون هەیە بۆ ئەوەی کاری لەسەربکرێت)) (قانع،٢٠٠٥، ٥٣)

(هۆبز باوم) ڕای خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێ کە لە بازنەی بیرکردنەوەکانی گێڵنەردا خۆی دەبینێتەوە ((ناسیۆنالیزم بەر لە دروستبوونی نەتەوە پەیدا دەبێت، لە ڕاستیدا ئەوە نەتەوە نییە کە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دروست دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە ئەوە ناسیۆنالیزمە دەوڵەتی نەتەوەیی دروست دەکات)) (سەرچاوەی پێشوو،٥٣) ئەگەر لەم ڕووەوە سەیری پارتی کرێکارانی کوردستان بکەین ئەوە نموونەیەکی باڵای بۆچوونەکانی گێلنەرو هۆبزباوم لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن.

کاتێ تەلەفزیۆنی (ماد) و چەندان دەزگای ڕۆشنبیری و کۆڕوکۆبوونەوە توانیان هەستی کوردبوون لە نەوەکانی مەنفادا بچێنن، کاتێک ئەم نەوانە دوور لە هەموو واقیعێکی سیاسی و کەلتوور و ڕۆشنبیری خۆیانن لە ناو چوارچێوەی نیشتمانەکەیاندا (مەریوان وریا قانع) دەڵێت: ((تەلەفزیۆنی ماد و لە ڕێگای دەیان دەزگای کەلتووری و ڕۆژنامەگەری و کۆڕوکۆبوونەوە

هەستی کوردبوون لای بەشی زۆری نەوەی دووەم، واتا لای منداڵانی کرێکارە کۆچکردووەکان دروست بکات و پێیان بڵێت ئەوان بەشێکن لە نەتەوەیەکی گەورەتر کە ناوی نەتەوەی کوردە، کلتوریان کلتورێکی تایبەتی چەسپێنراو کە ناوی کەلتووری کوردییە و نوێی نشتیمانیکشیان هەیە کە داگیرکراوە و ناوی کوردستانە)) ( قانع، ٢٠٠٥، ٥٤)

بەڕاستی ئەمە فەنتازیایەکی سیاسی عەقڵی سیاسەت و سەرکردەیە کە دزەی کردووەتە نێو ڕۆحی نەوەکانی دوور لەوڵات و هەر ئەمەش بووە هۆی جەمسەری پێگگەیشتنی حیزب و نەوەکانی مەنفا. (مەریوان وریا قانع) دەڵێت: ((پارتی کرێکاران بەم کارەی سەرەتای فەنتازیایەکی نەتەوەیی لە دونیای ئەم منداڵانەدا چاند کە دواتر بووە داینەمۆی کاری ئەم حیزبە و داینەمۆی بەگەرخستنی ئەو هەزاران لایەنگرانەی لە دەرەوەی کوردستاندا کۆی کردنەوە، لە ئێستادا بە هەزاران گەنجی کورد لە هۆڵەندا و وڵاتە ئەورووپیەکانی دیکە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە ناسیۆنالیزمی کوردی دوورمەودادا، بێ ئەوەی ئەم منداڵانە کوردی بزانن یان لانیکەم ئاگایان لە بەشێکی گەورەی مێژووی کورد بێت)) ( قانع، ٢٠٠٥، ٥٤)

ئەگەر بە زمانی کێڵنەر و هۆبزباوم بدوێین ئەوە کتومت داهێنانی نەتەوەیە لە جێگایەکدا کە نەتەوەبوونی تیایدا نییە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو شۆڕشی ئەیلوول بووە دیدوو یوتۆپیایەکی هەرە زۆری نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا، کە لە شۆڕشەوە لە دونیای نەتەوە و سیاسەت دەڕوانراو ئەدەبی کوردیش لانیکەم زۆربەی شاعیر و ئەدیبان بوونە کارەکتەری ئەو تێڕوانینە ئیدی ڕزگاری و پەرەسەندن و بە ئامانج گەیشتنی تەوەرەی بیری و هەرەوەزی ئەو ئەدیبانە بوو، بەمەش شۆڕش تەواوی بەهاکانی ئێستا وئایندەیشی لە خۆیدا کۆکردەوە، گوتاری ناسیۆنالیزمی سیمای سەرەکیی ئەم شۆڕشە بوو هەستێکی نەتەوەیی دەستە جەمعی خوڵقاند.

بەم پێیە ناسیۆنالیزم کەلتوورو تیۆرێکی کامڵ و مەرجێکی گرنگ نیشاندەدات، کە بونیادێکی نەگۆڕەو پێکهێنەری گرنگی مەرجی نەتەوەییە بەلای گوتاری بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمەوە کەلتوور هەڵگری کارەکتەرە نەگۆڕەو تایبەتمەندییە نەتەوەیشە

بەم پێیە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئامرازێکی گرنگی ئامانجە سیاسییەکانە لێرەوە مامەڵە لەگەڵ یەکەکانی ژیانی نەتەوەدا دەکرێت و لە پشتەوە ماناو مەبەستە شارەوەکانی ڕەهەند و کایەی سیاسی خۆی لە حەرام و حەڵاڵ و یا تەخوینی سیاسی و نەتەوەیی دەبینێتەوە.

ئەگەر کەلتوور گیانی نەتەوە و داینەمۆی دروشمی سیاسی بێت، ئەوا خستنەڕووی ناسنامە لە بالآترین ئاستیدایە، چونکە شۆڕشە کوردییەکان بە زۆری لەسەر بناغەی کولتووری نەتەوەی خۆیان پێناسە کردووە

لە ڕاستیدا لای مارکسیەکان مێژوو حەتمییەتی مێژوویی پێوەری شۆڕش و قۆناغەکانی چینایەتین، ئەوە لای کەسانی وەکو( سمیس، گێڵنەر، ستالین) ((کەلتوور ئەو هێزە مەعنەوییە ناوەکیەیە لە ناوەوە ڕۆح بە جەستەی نەتەوە دەبەخشێ و دەبێتە سەر زەمینی لێکدی جیاکردنەوەیە هاوشێوەی وێکچوونی کەلتووری وەک مەرجی پێشینەی بوونی نەتەوەی پێشنیار دەکەن)) قانع، ٢٠٠٥، ٩٥) لێرەوە هەر گوتارێک لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی کەلتووریدا بێت ئەوا گومان دەخرێتە سەری و سنووری کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لە سنووری بۆچوونە حەرام و حەڵاڵەکانی خۆیدا سنووردار دەکات و دواتر پاشەکشە لە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئەگەرێکی کراوەن لە فراوانترین ئاستیدا.

## بەشی دووەم

## پاری چوارەم

### ناسیۆنالیزمی کوردی لە دووڕێیانی ئامانج و سیاسەتدا.

ئەگەر وردبینەوە لە چەمکی نەتەوە ئەوە بێ شک تێپەڕاندنی ڕەهەندی زاراوەی ئەتنیکە(Ethnic)و لە دواجاردا ناسنامەیەکی کوردستانی دەخاتەڕوو، لە ڕاستیدا نەتەوە وناسنامە ڕەهەندی تایبەت بە خۆی هەیە و کە لە سێ زاراوەدا خۆی پێناسە دەکات.

آ–نەژادگەری

ب– تازەگەری

ج– ئیتنۆسیمبولیزم ئامانج (کرمانج،٢٠١٦، ٣٩)

بەمجۆرە ئەم ڕەهەندانە دەبنە چوارچێوەیەکی هزری و شیکاری بۆ گەیشتنە مانا دروستەکانی (شوناس، نەتەوە، ناسیۆنالیزم، نیشتیمان) لە ڕاستیدا ئەمە لایەن و ڕووی تیۆریین و قاڵبێکی گونجاوی تێڕوانین و دیدی نەژادگەرەکانن، لێرەوە ناسنامە بوونێکی بەرجەستە کراو لە خۆدەگرێ و پەیوەستە بەچەند خەسڵەتێکی دیکەی وەکو (نەژاد، ڕەگەز، خاک، زمان، خوێن)ەوە، ئەمەش زەمینەی دروستی لە دایکبوونی نەتەوە دەرەخسێنێ و ئەمانەش هەموو لە ڕووی گشتی خەسڵەتە نەتەوەیەکاندا کاریگەرییان دەبینرێ و برایس(Brass) دەڵێت: (( ڕەوتێک هەیە لە ناو تازەگەرەکان کە بە ئامرازگەرەکان ناسراون، ئەوان پێیان وایە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیای دەستەبژێرە بۆ هەڵسوڕاندنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە ناوی هاونەتەوەیی و هاوڕەگەزی، ئەویش بە دەرخستن و کارکردن لەسەر لێکچووە بەرجەستەو ئەفسانەییەکانی گروپەکە، وەکو زمان و ئایین و نەژاد)) (کرمانج، ٢٠١٦، ٤١)

لە کاتێکا( گێرتز) وایدەبینێت: (( ئینتیما بۆ زمان، شوێنی لە دایکبوون و ئایین و گەورەبوون لە شوێنێکدا، نەک هەر شوناسی تۆ، بەڵکو شوناسی ئەوی دیکەش دیاری دەکات)) (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦م ٤٠) لێرەوە تیۆرییە جیاجیاکان لەسەر ناسنامە و ناسیۆنالیزم مشتومڕی بەردەوامی تیۆریزمەکانە، ئەمەش سەنگ و گرنگیی ئەم چەمکەیە لە دونیای سیاسەت و کۆمەڵایەتیدا.

نەژادگەرەکان لایان وایە ناسنامە میراتێکە و بۆ کەسەکان جێماوەو بە پێچەوانەی ئەمانەوە تازەگەرەکان(Modernists) دەڵێن: (( شوناس دەستکردەو لەلایەن دەستەبژێری سیاسی و رۆشنبیری گروپەکان بە مەبەستی بە دەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری دروست دەکرێن)) (کرمانج،٢٠١٦، ٤٠)

هەر لە ناو تازەگەرەکاندا ڕەوتێکی دی بەدیدەکرێن کە مارکسییەکانن و لەوانە (تۆم نایرن) کە دەڵێن: ((ناسیۆنالیزم بەرهەم و دەرئەنجامی ئەو گەشە مێژووییە نا هاوسەنگەیە، کە دونیا لە سەدەی نۆزدەوە بە خۆیەوە بینیوە)) (کرمانج،٢٠١٦ ،٤٢)

بەگشتی تازەگەرەکان لەسەر ئەوە هاوڕاوکۆکن کە نەتەوە شتێکی ڕاستەقینە نییە و دەستبژێر و دەوڵەتە لە دەرئەنجامی مۆدێرنەتە وەکو پیشەسازی و گەورەبوونی شارەکان هاتنەکایەی چاپەمەنی و وەرگێڕانەوە پەیدا بووە.

چینی سێیەم ئەو بۆچوونانەی (ئیتنۆسیمبول)ەکانن، کە (ئەنتۆنی سیمیس) دایهێناوە (جۆن هەچینسن) فراوانی کردووەو پێیان وایە: ((لەوە دەچێ نەتەوە دیاردەیەکی مۆدێرن بێت، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکانی پێش مۆدێرنەتەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووەو پێیەوە دیارە، بەواتایەکی دیکە، نەتەوەکان هەڵگری خەسڵەت و توخمەکانی گروپە ئیتنییەکانن، لەوانە ڕەچەڵەکی هاوبەش سمبول و ئەفسانە و یادەوەری و مێژووی هاوبەش لەگەڵ شوناسێکی کولتووری بە کۆمەڵ)) (سەرچاوەی پێشوو،٤٢)

هەموو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیسی سەرچاوەی بزاوتن و ئیلهامی نەتەوەن، کە دەشێت هەندێ بابەتی تر خۆی بخزێنێتە نێو ئەم جوغزەی ناسیۆنالیزمەوە وەکو: (کۆیاد، بەها نەتەوایەتییەکان، ئەفسانەکان، سیمبولەکانی وەکو (ئاڵا، سرووددی نیشتمانی، سنوور و پاڵەوان و کتێبە مێژووییەکان و نەوەی وڵات)

ئەمانە بە گشتی بەهاو گرنگیی خۆیان لە ساتەوەختی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە و ئینتیمادا هەیە، هەر ئەمانەش بونیادی سەرجەم ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکانن، کە دواجار لە شوناسدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمەیش بەڕوونی خاڵی ناکۆکی ناسیۆنالیزمی فارسی- عەرەبی- تورکی- و کوردی)ین بەدرێژایی مێژوو، لێرەوە دەڵێین خۆ ئەگەر وەکو تازەگەرەکان لەسەر ناسیۆنالیزم و نەتەوە بڕوانین کە دەڵێن نەتەوە ئایدیۆلۆژیای دەستەبژێری سیاسییە، ئەوا بە ڕای ئێمە بۆچوونەکانیان لە دەرەوەی ڕاستی و واقیع دەبینرێ و گوتاری ناسیۆنالیزمی پرۆژەی ئامادەکاری خۆبەختکردنی دەستەجەمعییەکانی نەتەوەن، کە

له هەموو بارودۆخ كات و شوێنێكدا وە لە حاڵەتی مەترسیدا قەڵغانی بەها پیرۆزەكان و پارێزەری ڕاستییە نەتەوەیەكانن.

ئایا گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی مەوداكانی كامڵبوون و هۆشیاریی نەتەوەیی بۆ ئامانجی ستراتیژی سیاسی، كە لە دەوڵەتی كوردیدا یا دەوڵەتی ناسیۆنالیستیدا خۆی دەبینێتەوە دەستەبەركردووە، ئەم ئاكامە نابێ لە دەرهاویشتەی هەنگاوی سیاسیدا مامەڵەی لەگەڵ نەكرێ و نەخرێتە ژێر پرسیارەوە؟

بە ڕای ئێمە هۆشیاریی ناسیۆنالیزمی كوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا نەیتوانیوە كۆمەڵگەی كوردی بەرەو كامڵبوونی بیری ناسیۆنالیزمی و پرۆژەی نەتەوەیی و بونیاتنانی دەوڵەتی كوردی بەرێت، چونكە گەشە و پەرەسەندنەكانی كۆمەڵگەی كوردەواری زەمینەی بۆ نەڕەخسێنراوە كە بە گەشەیەكی سروشتیی، ئابووریی، كۆمەڵایەتی، پیشەسازیدا تێپەڕێت. گەشەی سروشتی ئابووری شارەكان و فراوانبوونی بازرگانی دروست و دەركەوتنی چینی سەرمایەداری نیشتمانی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی گونجاو بە دەرلە پاشكۆیەكی بنەماكانی گەشەی هەمەلایەنە و هەنگاوی كامڵبوونن بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی،

لە بەرامبەردا ژیانەوە و باڵادەست پەیداكردنی خێڵ و چینی هەڵتۆقیوو نەخوێندەوار لەمپەری هەرە سەرەكی خەونی دەوڵەتی نەتەوەیین.

مێژوو سەلمێنەر و شاهیدی ئەوەن كوردستان خاكی كوردانە، بەڵام تا ئێستایش نەتوانراوە چوارچێوەیەكی سیاسی و قەوارەی دەوڵەتی لە سنووری خۆیاندا بنیات بنێن هۆكار و فاكتەرەكان زۆرن، پیلانی نەیاران و نەبوونی یەكدەنگی و یەك هەڵوێستی یەك بوونی گوتاری سیاسی لەوانەن.

كورد هەمیشە پەیژەی ئامانجە سیاسییەكانی داگیركەرانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتین، هەمیشە بزووتنەوە و شۆڕشەكانمان لە سنوورێكی بەرتەسكی جوگرافیدا بووەو نەیتوانیوە كۆدەنگی و ڕایەكی گشتی كوردان بە دەست بێنێت، هیچ بزووتنەوەیەكی دامركاوی كوردی نەبووەتە ئەزموونێكی سیاسی پەند لێوەرگیراو، لە بری ئەوە هەمیشە گوتاری حزبی و بەرژەوەندیی پارتایەتی و ئینتیمابوون بۆ بزووتنەوەیەك، لە جوگرافیایەكی بەرتەسك و دیاریكراودا جێگرەوەی ئینتمابوونی نەتەوەیین و زیاد لەوەش گەڕانەوە بەرەو مێژووە تاڵەكانی ڕابردوو هەمیشە ڕەفتاری عەقڵی سیاسی و گوتاری ناوچەیی نموونەی زیندووكردنەوەی ناكۆكی نێوان میرنیشنە كوردەكانی سەدەی هەژدە و نۆزدە بوون.

لێرەوە دەڵێین یەکێتی بیرو کار مەرجی بنەڕەتی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردین و ناسیۆنالیزم بەبێ ناسیۆنالیست و نەتەوە، زمان و کەلتوور و فیدراسیۆن و جوگرافیا بێ ئاکامە و هەرگیز لە توانادا نابێ گوتاری ناسیۆنالیزم ستراتیژەکانی لە بواری کردەییدا یەکلایی بکاتەوە.

( ئەمین زەکی بەگ ) دەڵێت: (( کورد پەندی لە ڕووداوو بەسەرهاتەکان وەرنەگرتووە)) (خەیات، ٢٠٠٩، ١٠٩) خانی لەم بارەیەوە دێتە گۆو دەنگ و هاواری ڕەوانەی ویژدان و عەقڵی کوردی دەکات و وەک بکەرێکی کارای خاوەن ئاوەز داخوازی ڕەوانەی مێژووی سیاسیی کورد دەکات بۆ ئەزموون وەرگرتن لە مێژووی گەلانی تر، و ببێتە ڕێچکەی ئەزموونێکی کردەیی لە واقیعی سیاسیماندا.

**هەرچی برە شیر دەستی هیمـــــەت**

**زەبط کر ژ خوەڕا ب مێــری دەولەت**

**لـــــەو ڕا کو جیهان وەکی عەروسە**

**وی حـــوکم د دەست شیری ڕووسە (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥٣)**

**یان دەڵێت:**

**پرسی ژ دنێ من ئەو ب حیکمەت**

**مەهرا تە چ گوتە من کوهیمـمەت**

**حاسڵ کو دنێ ب شیر و ئیحسان**

**تـــەسخیر دبت ژبـــۆی ئینسان (ڕەسول،٢٠٠٨، ١١٠)**

سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی و بوونی سەرۆکێکی بەتوانا تابتوانێ جڵەوی فەرمانڕەوایی لە دەست بگرێ و ڕێگە لە نەهامەتی و داگیرکردن و دابەشکردنی بگرێت، کە بە درێژایی مێژوو وەکو مۆتەکە چۆکی دایاوەتە سەرسنگی نەتەوەییمان و لە ژێر بارگرانیدا دەناڵێنین:

**غەمخۆری د کر ل مـــە یـــــەتیمان**

**تێنا دەرێ ژ دست لـــــە ئیمـــــان**

**غالب نەدبوو ل سـەرمە ئەو ڕووم**

**نەد بوونە خەرابەیی د دست بووم  (ڕەسول، ٢٠٠٨، ٩١)**

 لێرەدا خانی ئاخ و گڕی دەروون و حەسرەتێک ڕەوانەی مێژووی ونبوونی نەتەوەیی دەکات وەکو بکەرێکی بێ توانا و قەدەری و دابڕاو لە ئیرادە، ئاواتەکانی دەخاتە ڕوو هەستی وەکو تاکێکی بەدبەختی  کورد لە بێزاری لە دووبەرەکی و خۆخوریدا دەخاتەڕوو، هەروەها یەکێتی و پێکەوەبوون بەماکی سەرەکی و جەوهەری سەرکەوتن دەزانێت.

 حاجی قادری کۆییش پشکی ئاخ و ئازارەکانی ناخی لە داخوازییەکی پڕ حەسرەت دەهاوێتە نێو مێژووی نەتەوەیەکی خۆخۆرو لەتبوودا ودەڵێت:

**لە بۆتان تا بەیان و ســــــەرحەدی ڕەی**

**لەئەولاتـــر وا تۆش بێتە ســــــەر دەی**

**ببنە یــــەک لە عـــــــــیلم و نووسین**

 **جلوبەرگ و زوبـــــان و ڕەسم و ئایین (دیوانی حاجی قادر، ١٣٩٠، ٢٣١)**

لە ڕاستیدا درکی قووڵی خانی و حاجی درکێکی فەلسەفی خۆڕسکە، کە لەناخیاندا دەدرەوشێتەوە، چونکە درکی ئەوان لە خانەی مەعریفیدا بۆ بنەمایەکی نەتەوە دەخەملێ و ئەوان لەو بنەما گرنگانەی نەتەوە گەیشتوون لە جیاوازی ئەوانەی دی، کەلتووری هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ڕەچەڵەک و ئەفسانەی هاوبەش، زمانی هاوبەش، هەست و سۆزی بەهێز بۆ ئینتیمابوون بۆ خاک، ئەمانە ئەو درکەن کە لە قوڵایی مەعریفەوە سەردەکەون و دەبنە ماکی هاوار و ناڵە بۆ بونیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

 ناسیۆنالیزمی کوردی ڕاستیەکی بێ تەم و مژاوییەو  لە ناخماندا وەکو ئایدۆلۆژیایەکی ڕەگداکوتراو بە ئەندازەی قووڵی چیاکانمانە، لە مێژووی کۆنمان و تا ئێستاش لە هەوڵی پتەوکردن و زیندوو ڕاگرتنی ئەم پرسەداین تا شوناسی نەتەوەییمان وەکو ڕۆمان و بابلییەکان هەواڵەی مێژوو نەکەین.

گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی دەگونجێ گوتارێکی مۆدێرنانەی دونیای ئەمڕۆ بێت، گوتارێک بێت هەڵگری مانا مرۆیی و ئازادییە تاکییەکان و یەکسانی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی بێت، پێویستە گوتارێک نەبێت لە دەرەوەی مێژوودا، بەڵکو گوتارێک بێت لە

تەوەرەی مرۆڤایەتیدا خۆی پێناسە بکات، ئێمە پێویستە بەشێک بین لە مێژووی جووڵەیەکی گۆڕانکاری لە بونیادی هۆشیاریی عەقڵی کۆمەڵایەتی کوردیدا، ناسیۆنالیزم و گوتاری دەشێت لە چەمکی ناسنامە و نەتەوەی سەردەمدا خۆی بناسێنێ و هەڵگری ئاکار و وێنە و جیهانبینی تایبەت بە خۆی بێت، پێویستە هەژارییە بیریەکان لە خۆماندا دیاری بکەین و میتۆدەکانی مەعریفەی سیاسەت و نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە هزری کۆمەڵگادا بدۆزینەوە، ئەمە چاوخشاندنەوەیە بە خوددا لە جیهانی عەولەمەی سەردەمدا، ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەریەتی ڕاڤەی بونیادە کۆمەڵایەتی و هۆشیارییەکانی کوردەواری بکات، تا خاڵی هەنگاونانی ئامانجی بێت لە ڕێڕەوی گوتار و بەرەو دەوڵەت چووندا.

گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێستادا بەرهەم هاتووی چەمکی بەرجەستەکراوی ئەوانەی دییە، بێ تێگەیشتنی قووڵ و هەستکردن بە ئازارە نەتەوەییەکان، کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی بێئومێدە لە گوتاری ناسیۆنالیزمانەی دەرەکی، ئەمە کوشتنی سایکۆلۆژیەتی مەعریفی تاکی کوردە لە فراوانترین ئاستیدا، ناسیۆنالیزمی کوردی نووقمبووی تاریکستانی دەرەوەی ئامانجە نەتەوەیەکانیەتی و لە دۆزەخی ئامانجی ئەوانی تردا خوول دەخوا، ئەمە هەڵوەشاندنەوەی ئامانجە نەوتەوەییەکاندا لە بۆتەی ئەوانی دوژمندا.

ناسیۆنالیزمی کوردی ئامانجێکی ڕوون لە خۆناگرێ و لە بۆشایی تەوژمی بیریدا دەسوڕێتەوە، لە دەرەوەی مێژوو ئیرادەدا کار دەکەن، ناسیۆنالیزمی کوردی بێ ئامانج و شەرعییەتی گوتاری لە دەست داوەو کۆمەڵگای لە زیندانی گەورەی نیشتماندا مۆڵداوەوبە گرۆئاسن پەڵەیەکی ڕەشی بە سەر ئازادی و ژیاندا هەڵداوە.

ناسیۆنالیزمی کوردی تەنها لە ڕاگەیاندنەکاندا خاوەن ئامانجێکی نەتەوەیی بێ میتۆدە، میتۆدێک بیری ئازادی سەربەخۆیی بەرهەمبێنێ و چیەتی لە خۆیدا بەرجەستە بکات، میتۆدێک چوارچێوەیەکی شیکاری و ئاکاری لە خۆبگرێ لە عەقڵی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ونە، هێزی خولقانەوە ژیانەوەیان لە دەستداوە هەر ئەمەشە دەیانەوێ ئەم میتۆدە بکەنە خەیمەو ڕووپۆشی کۆمەڵگای کوردی پێ بکەن.

ئەگەر بیری ناسیۆنالیزمی بۆ ئەحمەدی خانی بگەڕێتەوە کە سێ سەدەو نیوی تێپەڕاندووە بۆچی تا ئێستا ئەو بیرە نەبووەتە فاکتەری سەرەکی بەدیهێنانی ئامانجەکان، ئێمە هەڵگری بیری ناسیۆنیالیزمانەی کۆمەڵگەیەکی داخراوین، (دیڤید ڕۆمانۆ) دەڵێت: (( لە سەدەی حەڤدەیەمدا شاعیری کورد ئەحمەدی خانی بارودۆخی کوردەکانی لاواندووەتەوە)) (قەرەداغی ٢٠٢١، ٣٠١)

له ڕاستیدا بۆچوونەکانی خانی له دەقەکانیدا هەڵگری بیری ناسیۆنالیزمی کوردییەو بۆچوونەکانی له خانەی پەرچەکردار یان دژە کۆلۆنیالیزمەو هەمان گوتاری سیاسی دوای خۆیەتی، ناسیۆنالیزم و گوتارەکانی بەردەوام پاڵنەری بەهێزبوون بۆ دژایەتی کولتوورو هەژمون و باڵادەستی ئەوانی دیکە.

**تا بەیعیەت وان گەرچی عارە**

**ئەو عارە لە خـــــەڵق نامدارە( ڕەسوول،٢٠٠٨، ١٠٨)**

بۆیە دۆزینەوەی فۆرمی دەرەکی پێویستە لە فۆرمە ناوەکیەکەیوە هێز وەرگرێ و ڕێڕەوی لە مێژووی شۆڕش و کۆمەڵدا دیاری بکان، تاکی کورد خاوەنی توانا بنەڕەتی و بیرییەکانی خۆیەتی، بەڵام بێ متمانەیی قووڵ لە ئارادایە بەوەی ناسیۆنالیزم بتوانێت بە قووڵایی ئامانجەکانی بگات.

(( کەسی پەیڤوان دەتوانێت گەرموگوڕانە داکۆکی لەسەر سیستەمی حوکم بکات و بەڵگەیش بهێنێتەوە)) (لیدمەن،٢٠١٤، ٥٩) هەمیشە کورد بە شێوەیەکی ئەوروپایی پێش ڕێنیسانس بەرچاو دەکەوێ، کە هەر پارچە و جوگرافیایەکی سنووردار لە ژێردەستی ئاغا یا بەگ یا میرێکدا بووبێت کە ئەمەیش پەککەوتنی گوتاری ناسیۆنالیزمیە و ئامانجی دەوڵەتی نەتەوەییە.

(عەتا قەرەداغی) لەم بارەیەوە دەڵێت: (( کۆمەڵگەی کوردی میرنشینەکانی لە پەرەسەندنی نا سروشتی خۆیدا بەرهەمهێناوە. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئاسایی لە پەرەسەندنی خۆیدا دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت، کۆمەڵگەی کوردی لەبەر ئەوەی پەرەسەندنێکی سروشتی نەبووە لەبری دەوڵەت دامەزراوەی میرنشینی بەرهەم هێناوە. ڕاستە ئەم میرنشینانە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە ئاستی زیاتر و کەمتری سەربەخۆییەکەیان و دەسەڵاتیان پەیوەست بووە بە دوور و نزیکیان لە ئەستەمبوڵ و لە والی ویلایەتەکان)) (قەرەداغی،٢٠٢١، ٢٠٦)

له ڕاستیدا تەواوی میرنشین و بزووتنەوە کوردییەکان پاڵنەری هەرە بەهێزو داینەمۆی بەردەوامیان سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی بووە، ئەمە بەسەر تەواوی بزووتنەوەکانی هەر چوار پارچە دا دەچەسپێ.

لێرەدا لاوازی کامڵ نەبوونی بیر و ئایدیای شۆڕش و بزووتنەوەکان و هەم کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستی سروشتی پەرەسەندنی مێژووی خۆیاندا نەبوون و نەیانتوانیوە لانی کەم

گوتارێکی یەکگرتووانەیان هەبێ و هەوڵی یەکگرتن بدەن، لێرەوە کزی و لاوازی هێز و نەبوونی یەکگوتاری و کەم فانی کۆمەڵگەی کوردی هۆکاری زووهەرەسهێنان و پووکانەوەیان بووە.

لە غیابی ئایدیای شۆڕش و لاوازی و کام فانی و هۆشیاریی نەتەوەییدا، بێگومان ئامانجێکی ستراتیژی بوونی نابێت، ئەوەی پاڵنەر و مۆتیڤە بۆ بەشداری تاکی کوردی لە شۆڕش و بزووتنەوەکاندا تەنها و تەنها هەستی سادەی پەیوەستبوون بە خاک و نەتەوەوە بووە لە بری بیری ناسیۆنالیستی دروست و ڕێگە بۆ خۆشکراو، بۆچوونەکان هەر چۆنێ بن ئەوا لە ڕاستییەک کەم ناکەنەوە ئەویش ئەوەیە تەواوی بزووتنەوەو شۆڕشەکان شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی بوون، شتێک کە ناکرێ خۆمانی لێ بە دووربگرین ئەویش ئەو ڕاستیەیە، کە شۆڕشی شێخ عەبدوڵلای نەهریدا دەردەکەوێ بەوەی کە شۆڕشێکی ناسیۆنالیستییەو لە سنووی جوگرافی کوردانی دوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی دا بووە ئامانجی سەرەکیی بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی بووە.

تۆمسنی وەزیری بەریتانیا لە تاران دەڵێت: (( شێخ عەبدوڵلا لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکدا هەوڵیدەدا لە ڕێگەی بەڵێن و هەڕەشەوە هەموو خێڵە کوردەکان هان بدات کە پەیوەندیی پێوە بکەن بۆ بەشداریکردنی جەنگێکی کراوە لەگەڵ ولاتی ئێراندا)) (قەرەداغی،٣١٤،٢٠٢١)

ئەوەی مەبەستە شێخ عەبدوڵلا شۆڕشەکەی لە ئێرانەوە هەنگاوی نا، چونکە بارودۆخی ئەو دەمەی ئێران لەباربووە و لاوازی ئێران و پشێوییەکانی بە هەل زانیوە، ئەمەش جێگەی پرسیارەو تێرامان زۆر هەڵدەگرێ، بە گشتی گوتاری تەواوی بزاوتە کوردییەکان گوتارێکی ناسیۆنالیزمییانەی عەقلانی سیاسی نەبووە، گەرچی لە ئامانجدا یەکن، ئەمە هۆیەکی سەرەکی و بنەڕەتی شکستی عەقڵی سیاسییە، هەمیشە شۆڕشەکان کاردانەوە بوون وەکو لەوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی ئاست و ڕووبەر فراوان بێت، لە کاتێکدا تەواوی گوتاری ناسیۆنالیزمە کوردییەکان بالادەستی هەژموونی عەقڵی خێڵەکی و بنەماڵەیی بووە بە ئێستاشەوە لە بری بەرژەوەندیی بالای نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمە هۆکاری یەکەمی جەوهەری شکستەکانە، فاکتەرێکی سەرەکی تری شکست لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەمیشە کورد فریوخواردوو کلاو لەسەرنراو بووەو نەیتوانیوە هەرگیز بەشێک بێت لە جەستەی نەتەوەیی ئەوەندەی بەشێک بووە لە جەستەی کۆلۆنیالیزمە دەرەکییەکان، هۆکاری تری شکست عەقڵی شۆڕشگێڕی هەرگیز نەیتوانیوە ببێتە سازدەری ڕۆحییەتێکی نەتەوەیی و لە ڕووی دەروونییەوە کار لەسەر خۆفرۆشی زۆرێک لە کوردان بە دەسەلاتە داگیرکەرەکان و

ڕەخساندنی زەمینەیەکی لێبوردەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاک، تا ئینتیما بکاتە شوێن گرەوی خۆفرۆشی و خیانەت، هەمیشە ڕۆحییەتی تۆڵەکردنەوە بارتەقای ڕۆحییەتی لێبوردەیی بووە، کە دەبووە بەشێک لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەقڵانی کاری لەسەر ئەم لایەنە بکردایە. لایەنێکی هەرە گرنگی گوتاری ناسیۆنالیزمی دەبوو ڕوو لە دەربێت، بە واتا ڕوو لە جیهانی خاوەن جەمسەرە سیاسییە بەهێزەکان و بتوانن پێناسەی ناسیۆنالیزمێکی  دیموکراسی و مەدەنی و خاوەن پرۆژەی پێکەوە ژیانی گشتی بن.

لەم بارەیەوە تەواوی تیۆریستەکان و ئەکادیمیەکانی گرنگیدەر بە ناسیۆنالیزم لەم ڕوانگانەوە مامەڵەو تیۆرییەکانیان داڕشتووە، تەواوی ڕاوبۆچوونەکان سەبارەت بە نەتەوەو بزاوتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای پێگەو هێز و قورسایی و گرنگی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بووە لە ڕەوتی مێژوویدا بە ئێستایشەوە.

(گێلنەر) دەڵێت: ئەو پرەنسیپە سیاسییانەی ناسیۆنالیزم بەرجەستە دەکات بریتییە لە بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی)) (قانع، ٢٠٠٥، ٤٦)

ئەمە سەلمێنەری بۆچوونەکانە، بەم تێڕوانینە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی هەرگیز لە توانایدا نەبووە خوێندنەوەیەکی دروست بۆ سیاسەت و بارودۆخی ئیقلیمی و جیهانی بکات و هەڵی بسەنگێنێ و تەواوی ئەگەرەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە تەواوی بزووتنەوەکان خۆڕسک یا پەرچەکردارو وەڵامدانەوەی ڕەفتارەکانی کۆڵۆنیالیزم بوون، هۆکارێکی تر گوتاری ناسیۆنالیزمی ناوەکی لە بەرنامەیدا نییە ناسیۆنالیزمی دوورمەودا یان مەنفا لە ئەجیندای کارەکیدا جێ بکاتەوە لە کاتێکدا ئەمە ڕەوەندێکی کاریگەر و ڕووبەرێکی فراوان لە جوگرافیای سیاسیدا پێکدەهێنن.

(بینیدکێت ئەندرسۆن) بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیەی لە فەرهەنگی سیاسیدا بەکارهێنا بۆ وەسفکردن و لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزمی کۆچکردوو. ئەندرسۆن لەم بارەوە دەڵێت: (( ئەوانەی لە دوورەوە  تەماشاو لە دوورەوە بەشداریی بزووتنەوە سیاسیەکانی وڵاتی خۆیان دەکەن ژیانێکی دووردەستەو زۆر جار لە ڕێگەی بەریدی ئەلیکترۆنیەوە ڕوو دەدات)) (قانع، ٢٠٠٥،٤٧)

نەتەوەی زیندوو ئەوانەن تەواوی کارەکتەرە نەتەوەییەکان لە خانەی دروستی خۆیاندا بەکاردێنن لە بەرامبەر سیاسییەکاندا و بە پێی هەلومەرجە ڕەخساوەکان، ئیسرائیل نموونەیەکی زیندووی ڕاستییەکانە و لە هەر شوێنێکدا هەبن خاوەن لۆبیەکی گەورەن و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی دەیان جووڵێنێ نەک بەتەنیا هەستی ئینتیمابوونی نەتەوەیی.

هۆکارەکانی ناسیۆنالیزمی دوورمەودا یا تاراوگە زۆرن و کۆچکردن بۆ دەرەوەی نیشتمان و ئازارەکانی غوربەت گەلێک هۆکار لە پشتیەوە خۆیان حەشار داوە (ئەندرسۆن) ئەمە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: (( سەرمایەداری لەم سەدەیەدا بەردەوام پێویستی بە کۆچی هەزاران هەزار کرێکار و دەستیکاری هەزاران هەبووە، ئەم ژمارە زۆرانە زادگاو نیشتمانی خۆیان بەجێهێشتووە، لە هەمان کاتدا لەم سەدەیەدا چەندەها ئامرازی تەکنیکی پێشکەوتوو دروستبووە کە بەسەریەکەوە زەمینەی ئەوەیان خۆشکردووە کۆچکردووەکان لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سەردەمی وڵاتەکانی خۆیان بن، چیدی نیشتمان جوگرافیایەکی دوورە دەست و سەرزەمینێکی دەست پێڕانەگەشتوو نەبێت، بەڵکو ببێتە شوێنێک لە ڕێگەی تەلەفۆن، فاکس، تەلەڤزیۆن، ئەنتەرنێتەوە بگواسرێتەوە بۆ ناو ژووری ئەو ماڵانەی کۆچکردووەکان لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە ژیانیان تێدا نیشتەجێی کردووە))(قانع، ٢٠٠٥ ، ٤٧)

ئەمە هۆکاری گرنگە کە ناسیۆنالیستە دوورمەوداکان لە ناو ڕووداوە ناوخۆییە نیشتیمانەکانیاندا بن، چەندە بگوترێت ناسیۆنالیزم بەرهەمی قۆناغی پیشەسازی و لێکەوتەکانیەتی و کایەی سیاسی مێژووی خۆی بەسەر بردووە و گرنگی لە دەست داوە، بەڵام لە ڕاستیدا پێمان وایە ناسیۆنالیزم خاوەن کۆمەڵێ بەها و پرنسیپە کە لە هەموو هەلومەرجێکدا گرنگیی مێژوویی خۆی هەیە و لە دەستی نادات.

(هۆبزباوم) ئەم بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: ((ناسیۆنالیزم هێزێکی گرنگە لە نەخشەی مێژووی داهاتووی ئینسان و ڕووداوە سیاسییەکان دەکاتە دەرەوە، ناسیۆنالیزم چیدی ناتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەم دروستبوونی ئەو بزاوتە گەورانەدا، ناتوانێ ڕێگر بێت لە دروستبوونی ئەورووپای یەکگرتوودا یان ڕێگە لە دروستبوونی ئەو بلۆکە ئابوورییە سیاسییە گەورانە بکرێت کە لە ئەمریکا و ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا دروستبوون لە شوێنی دیکەشدا خەریکە دروست دەبن)) (سەرچاوەی پێشوو،٥٢) بەم شێوەیە وەکو چۆن لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە ڕووبەری شەپۆلێکی ناسیۆنالیستی و زیندووبوونەوەی نەتەوەکانمان بینی دەکرێ لە ئاییندەشدا ڕووبەڕووی هەمان ئەو شەپۆلەی ناسیۆنالیستە ببینەوە.(مەریوان وریا قانع) دەڵێت: ((وەک کاردانەوەیەک بەڕووی دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی جیهانگیریی و هەڕەشەکانی جیهانگیری لە دەوڵەتی خۆشنوودەگەرایی و بازاڕی نەتەوەیی. بۆیە داخستنی ئەگەرەکانی مێژوو بە ڕووی ناسیۆنالیزمدا داخستنێکی ناڕاستەو تێنەگەیشتنە لەو فێڵانەی مێژوو دەشێت لە هەمووانی بکات)) (سەرچاوەی پێشوو،٥٣)

حاجی کۆیی لە وڵاتی غەریبیدا بە جوانی هەستی نیشتمانی و سۆزی نەتەوەیی لە دەقێکدا دەخاتە ڕوو:

**لە غوربەت بــە شاهی لە بیر نــاکرێ**

**زەمــــانی جــوانی و یـــــــادی وڵات**

**لە قوشخان)وە تـا دەمـــی (ئیچ قـــەڵا)**

**لە (بایزاغە) وە تا مەحەللەی (قـــەڵات)**

**هەموو خزمی خۆمن دەزانــم دەڵــێن**

**لە بێ حورمەتیمان بوو(حاجی) هەڵات (دیوانی حاجی قادر ، ١٣٩٠، ٢٢)**

**هەروەها سۆزی ئاوارەیی دەیهەژێنێ و دەڵێت:**

**لە (کوێرە دێ)یێ کە (کەیفی)ی تــیا بێ فیردەوسە**

**جەهەننەمە کە نەما (کەیفی) شاری قـــــوستەنتین (سەرچاوەی پێشوو،٢٥)**

جیهانبینی حاجی لەسنوور و مێژووی کوردیدان و سەراپای دەقەکانی کاردانەوەن بۆ ئەوی داگیرکەر و منی غەفڵەتی زەدە و لە هەمان کاتیشدا پرۆژەیەکی مەعریفی ڕەخنەئامێز دەخاتەڕوو، لێرەدا حاجی بکەرێکی لاواز لە هەستێکی پڕ سۆز و شەوق بۆ نیشتمان و ناخهەژێن لە دەروونیدا جۆش دەدات و تامەزرۆی ژیانی سادەیی نیشتمان دەکاتە پارسەنگی ژیان و ژینگەی قوستەنتینیە.

بە داخەوە دوای مردنی حاجی بە دوو سەدەیەک هێشتا پرۆژە مەعریفییە ڕۆشنگەرییەکانی لە خانەی بیرچوونەوەدان و لە بری بەرهەمهێنانی دەلالەت و مانا لە ڕەهەندی دەقەکانیدا لە بری ئەفراندنی شوناسی نەتەوەیی، لە ئێستاماندا ناسنامە لە قاڵبێکی قێزەونی نزمی ئەوتۆ دەخەینە ڕوو کە لە چوارچێوەی قاڵبی بەرتەسکی بنەماڵەییدا خۆی دەنوێنێ.

دەقەکانی خانی- حاجی وەڵامدانەوەو کاردانەوەی ئەزموونی ناسیۆنالیزمی ئەوانە، لێرەوە نیشتمان لە عەقڵی هەردووکیاندا پێناسەیەکی نەتەوەییە بەرەو ڕووبەرێکی فراوانی کارە لە تاکەوە بۆ کۆ لەوانەوە بۆ کۆمەڵگا، کۆمەڵگەی نەتەوەیی. نەتەوەیەک گوتاری سیاسی و ناسیۆنالیزمی لەسەر بنەمای گەشەی بیر و هزری نەتەوەیی بێت، نەک گوتارێ بێت لەسەر

وێنە غەریزییەکانی ئەم و ئەو سەرکردەبێت، کە سنووری بیرکردنەوەیان قەتیسکراوی ڕووبەری بنەماڵەییە و ناتوانێ لەو سنوورە بەرەو گوتاری ئامانجداری ناسیۆنالیزمی گشت نەتەوە دەرباز ببێت.

## بەشی دووەم

## پاری پێنجەم

### ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای ئایین لە کایەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

وەکو پێشتر باسمان کردووە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی یەک ئایدۆلۆژیای زیندوو بنەڕەتی کوردانە لەلایەک ناسنامەی ڕۆشنبیرییە، لەلایەکی دیکەوە ئەم گوتارە ڕیشەیەکی نەتەوەیی و مێژووی کۆمەڵگای کوردییەو کاریگەریی ئەم گوتارە خۆی لە بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیدا دەبینێتەوە، لێرەوە بەرگری لە ناسنامە و ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی داگیرکەران بووە بۆ ملدان بە مافە ڕەوا نەتەوەییە زەوتکراوەکان، چونکە گوتاری ناسیۆنالیزمی دەرکەوتەیەکی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، گوتاری ناسیۆنالیزمی لە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا لە دەرەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نابینرێت و شێوەگیری گوتاری ناسیۆنالیزمی ڕەنگدانەوەی ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ناو هەلومەرجی ئەو کۆمەڵگایەن، هەموو گوتارێکی ناسیۆنالیزمی بەیەکداهەڵپژان و بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی داگیرکەر و نەتەوە سەردەستەکانن.

هەرچەندە گوتاری ناسیۆنالیزمی لە هەندێک قۆناغی سیاسیدا دروشمەکانی خۆی هێناوەتە خوارەوەو لە دەوڵەتی نەتەوەییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی گۆڕدراوە، ئەمەش لە قۆناغی حەفتاکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێ، بابەتێکی گرنگ کە لە توانادا نییە خۆمانی لێ لابەدەین، ئەویش دابەشبوونی کوردانە بەسەر چەند ناوچەیەکدا ئەمەیش کاریگەریی لەسەر یەک گوتاری ناسیۆنالیزمی دەبێت و لە هەمان کاتدا نەبوونی ستراتیژیەتی یەکێتی بیرو کار کاریگەریی خۆی لەسەر نەبوونی یەک گوتاری بەجێدەهێڵێت، هەرچەندە بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی پێشینەیەکی مێژوویی و سیاسی لە خۆدەگرێ و هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگەی کوردییەو وەڵامدانەوەیەکی بابەتییانەی خواستی تاکی کوردییە لە بونیادنانی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی و ڕەهابوونە لە چنگ داگیرکەران، لێرەشەوە شکڵگیری سیاسی لە ناسنامەی سیاسیدا ڕۆڵی خۆی دەبینێ و بەم پێیە پارتە سیاسی و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەر یەکە بە ئایدیۆلۆژیایەک و وابەستەیەکی ئیقلیمییەوە بوون بە ڕاستییەکی هەست پێکراو بەدوو ئاراستەی سیاسی و ئایینی جیاواز گوتاری خۆیان لە چەمکی نەتەوەیدا خستەڕوو، بەمەش ناسنامەی کوردی و پرس و شوناسی نەتەوەیی خۆی خستەژێر بەرپرسیارییەتێکی دەمامکدار و هەر یەکە لەژێر پەردەیەکدا خۆی نمایش کرد.

ئایین یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و بوارە چالاکەکانی، بەم پێیە ئایین ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەگێڕێ لە هەموو بوارەکاندا وەکو ڕۆشنبیری، سیاسی، ئابووری، زانستی.

ڕۆڵی ئایین لە ژیانی مرۆڤەکاندا فرە ڕەهەندە دەتوانرێ هۆکاری چەوساندنەوەو سەرکۆنەکردن بێت وەکو لە گالیلۆ، حەلاج و کەسانی تردا دەبینرێت و هەروەها دەتوانرێ فاکتەری لێبوردەیی و بڵاوبوونەوەی گیانی لێبوردوویی بێت((**وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ**))( ال عمران، ١٣٤) وەک چۆن بەکاردەهێنرێ بۆ چاندنی ڕق وکینەو دەمارگیری، ئایین و ڕۆڵی یا پەیوەندیی ئایین و سیاسەت و دەوڵەت لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە و لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی دی ئەرک و ڕۆڵەکانی گۆڕانی بە سەردا دێت بە پێی پێگەی ئایینەکە لە ژیانی مرۆڤەکاندا و بە پێی تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵگەیەک و لە هەمان کاتیشدا چۆنیەتی ڕوانینی دەوڵەت لە ئاین.

لەم دەقەی خانیدا کە باسی توانای خوا دەکات کە توانای بە سەر هەموو شتێکەوە هەیەوهەموو دونیا و مرۆڤ و ئاسمان و زەوی تۆ بەرێوەی دەبەیت وەک دەڵێت:

**ئەڤ عالەم و ئـــادەمی مـــەشهود**

**ئەڤ مومکن و ماسیوایێ مـەوجود**

**هــەمیان بتەیە مــــەدارە و دەبـــر**

**فەییاضی ریاضی خــــەلق و الامر**

**ئەمرێ تە بە لەفظی (کن) دوعالەم**

**مەوجود کرن غـــەرەض چ ئادەم**

**ئادەم ب خوە یـــەک ژ هەر دوانە**

**یەک حەرف ژ ئەمرێ ( کن فکان)ە ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٢٦٣)**

لێرەوە پێگەو ڕوانین لە ئاین لە کایەی سیاسی جیهانیدا دەردەکەوێ و لە هەمان کاتدا دید و تێڕوانین لە ئایین دەخاتە جوغزی هێزە هەرێمی و جیهانییەکان و ڕادەی کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی مەسیحییەتەوە ئایین ئامێرێکی گرنگی ئاراستەکردنی ڕای گشتییە بە ئێستایشەوە، وەکو قەڵغانێک بۆ پاراستنی بەها ڕەوشتیەکان کە کاریگەریی لە

تەواوی تاکەکاندا دەبینرێ. لەم بارەیەوە دەتوانین چەند ئاراستەیەک لە پەیوەندیی نێوان ئایین و سیاسەتدا دیاری بکەین:

١-پیرۆزیی بەها ئایینییەکان بە سەر سیاسەتدا، بەردەوام سیاسەت لە سێبەری ئاییندا بووەو تەواو ملکەچ بووە، هەمیشە ڕیفۆڕمەکانی کەسانی وەکو( مارتن لۆسەر، کالفن) کەسانی دی نموونەی بەرچاون.

٢-بواری سیاسەت سەربەخۆیە لە بواری ئایین، لێرەدا ئایین بە هۆی پێوەرە عەقڵییەکانەوە لە چوارچێوەی یاسا دانراوەکاندا قەتیس دەکرێ.

٣- ملدانی ئایین بۆ سیاسەت، هەر چەندە ناتوانرێ گومان لە کاریگەریی ئایین لە پرۆسەی ئارامی کۆمەڵایەتیدا بکرێ، لەم بارەیەوە بۆچوونی زۆرو مشتومڕی بەردەوام لە ئارادایە، بەڕای ماکیاڤیلی و مۆنتسکیۆ پەیوەستی ئایین بە سیاسەتەوە مانای پێڕەوکردنی میر نییە لە ئەرکە ئایینییەکانی، بەڵکو گەشتنە دەسەڵاتەو پارێزگاریکردنە لیێ.

٤-جیاکردنەوەی تەواوی ئایین لە سیاسەت، لێرەوە دابڕانێ لە نێوان شوێنە ئایینییەکان و سەربەخۆیی یان دابڕانیان لە دەوڵەت گرنگە)) مجلةالسياسة والاقتصاد،مجلد ١١، العدد١٠، ٢٠٢١، ٢٣.

لە ڕاستیدا بەردەوام ئایین فاکتەرێکی سەرەکی دیاریکردنی ڕەفتاری سیاسییەو دەوڵەتی نەتەوەیی نەیتوانیوە ئاڵتەرناتیڤێکی جێگرەوەی ئایین بێت لە کاریگەریی بڕیاری سیاسیدا، چونکە ئاینی ئیسلام و ئایینەکانی تر، بیر و باوەڕێکی چەسپاوو ئایدۆلۆژیایەکی پتەوی هزری بنیاتنانی زۆرێکە لە عەقڵ و پێکهاتەی دەوڵەتان، لێرەوە دیاردەی کاریگەریی ئایین بە سەر سیاسەتەوە بە ڕوونی دەبینرێ، لە ئێستاشدا ئایین کاریگەریی چارەنووسازی لە زۆرینەی گۆڕەپانە سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەرچاو و حەشاهەڵنەگرە، ئایین بەهێزترین بزوێنەری گەمە سیاسییەکانە، ئایین لە ناخ و هزری زۆرینەی تاکەکاندا بووەتە بەشێک لە بوونی ئاراستەکراویان.

گەڕانەوەی بەهێزی ئایین بۆ گۆڕەپانی سیاسی جیهانی هەروا لە خۆڕا گۆڕانکارییەکی نادیدە گیراو نییە و گەلێک هۆکاری لە پشتەوەیە کە بەم شێوەیە ڕۆڵ و کاریگەریی ئایین لە ڕووداوە سیاسی و ئیقلیمی وجیهانییەکاندا دەبینرێ، ئەحمەد خەمیس و محەمەد تەیار چەند خاڵێک لەم بارەیەوە دیاری دەکەن کە لە پشت ئەم گەڕانەوە بەهێزەی ئایینە بۆ کایەی سیاسەتی جیهانی:

١-زیادەڕۆیی لە تاکڕەویدا: تازەگەری ڕۆژئاوایی وایدەبینێ کە ئایین بیروباوەڕی کەسیەو پەیوەستە بە تاکەوە و ناچێتە چوارچێوەی کۆمەڵ و بواری گشتییەوە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە غەیرە ڕۆژئاواییەکاندا ئایین ڕۆڵی سەرەکی بواری ژیانەو جۆری بیرکردنەوەیان و ڕێکخەری سیستەمی تاک و کۆمەڵ و بواری گشتی و سەرچاوەی تەواوی بەها ڕەوشتیە باڵاکانە.

٢-سەرکەوتنی سیاسەتەکانی گەشەپێدان و خۆ نوێکردنەوە، کە دەرئەنجام گەندەڵی و خراپەکاری لێکەوتەوەو لە هەمان کاتدا تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوتەیەکی تری ئەم پەیڕەوکردنە چەوتانەی ڕەوتی گەشەکردن و پەرەپێدانە.

لێرەوە ئایین دەبێتە سەرچاوەی کۆکەرەوەو ڕێکخستنی بوارەکانی ڕۆشنبیری و سیاسەت و ئابووری کۆمەڵایەتی)) (خەمیس، طیارە،٢٣،٢٠٢١)

بەم پێیە ئایین دەبێتە ئارامگایەکی هێمن و ڕۆحی لە لایەک و وەڵامدانەوەی پێداویستییە مادییەکانی بواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی لە لایەکی ترەوە .

ئایین وەکو دەسکەوتێکی سیاسی، لە کاتێکدا دەوڵەت ئایین وەکو ئامێرێکی پراکتیزەکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەکار دەباو تەواوی دامەزراوە ئایینیەکان دەستنیشانکراوی دەوڵەت دەبن بواری ئەم نوێنەرایەتی و پۆستانە لەوانی دی قەدەغە دەکات، ئەوا بێگومان سەقامگیریی سیاسی دەشێوێ و دەوڵەت کۆمەڵێک نیشانەی پرسیار لەخۆدەگرێ.

لێرەوە زۆربەی دەوڵەتەکان بە جیاوازی زۆری فەرمانڕەوایەتییانەوە پەیڕەوی ئایینێک لە ئایینەکان دەکەن لە پێشەنگیاندا ئایینی ئیسلام، دەوڵەت بۆ ئاراستەو گەمە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیدا پەنا بۆ چەند هۆکارێک دەبا، تا ئایین بکاتە ڕووپۆش و دەمامکی بەکارهێنانەکانی، ئەحمەد خەمیس بۆ ئەم کارەی دەوڵەت چەند خاڵێک دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

١-دامەزراندنی چەندین دامەزراوەی ئایینی و لە ژێر پەردەی فەرمی و شەرعیدا، کە بێگومان لە بڕیاردانی سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت، وەکو وەزارەتی ئەوقاف و دیاریکردنی بەرپرس، دامەزراندنی خانەی فتوادان، پێکهێنانی چەندین ڕێکخراوی ئیسلامی، کە بۆ مەبەستە سیاسییەکانی دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

٢- گرنگیدانی فەرمانڕەوایان بە ئایین بە شێوەیەکی ڕەمزی، وەکو ئامادەبوون لە بۆنە ئایینی و نوێژی هەینی و جەژن و عەمرە و چەندین شتی تر.

٣- زۆربەی  گوتاری فەرمانڕەوایان بە( بسم الله) دەستپێدەکات، ئەمەش ئاماژەیەکە کە گوایە گرنگیدان بە ئاین لە پێشینەی  گرنگی پێدانەکانیانە))( خەمیس،٢٠٢١، ٢٣)

بەمشێوەیە ئایین دەبێتە کایەیەکی سیاسی دەمامکدار بۆ فریودان و بە جێگەیاندنی مەبەست و ئامانجە سیاسییەکانیان، هەمان شت سەبارەت بە ئایینەکانی تر دروست و گونجاوە، لێرەوە ئایین دەسکەلایەکی گونجاوە کە لە ژێر پەردەیدا ئامانجە سیاسییەکان بەدی دەهێندرێن.

وەک حاجی ئاماژە بە رۆڵی شێخ و مەلاکان دەکات کە دەبنە ڕێگر لە بەدەستهێنانی زانیاری ڕاستەقینە لە کوردان و دەڵێت:

**ئێستە مەعلوومی بوو هــەموو میللەت**

**ئەی مەلای دەرس و موفتیی ئوممـەت**

**ئێمە بێ غــــیرەتین و بــێ عـــارین**

**ئەوی نەیخوێندووە لــەمـــــە عارین**

**قەید و تەزبیب و شەرح و حاشیەکان**

**بوونە سەددی مــــەعاریفی کوردان ( دیوانی حاجی قادر، ١٣٩٠، ٢٢٦)**

ئاین وەکو سستمێکی بیری و ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی سەبارەت یەک جۆر باوەڕو وێناکردنی ژیان، خاوەن پایە و پێگەی گرنگی فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەییە. لە وڵاتانێکدا کە فرەیی دینی و ئایینی تێدا دەبینرێ وبابەتەکە ئاسایی نابێت و هەر لێرەوە دینەکان تایبەتمەندیی و گرنگیی خۆیان لە بازنەی کۆمەڵایەتیدا دەخەنە ڕوو. هەر دینێک دەبێتە شوناسێکی جیاکردنەوەی من و ئەوانی دی، ئەم پێناس و شوناسە بۆ دەستە و تاقمەکانی ناو کۆمەڵگا بایەخی کەمتر لە خاک و مێژوو زمان کەمتر نییە.

ڕەفیق سابیر دەڵێت: ((بە هۆی ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان و ڕۆشنبیرییان مەعریفەی ئیسلامە ژیانی کۆمەڵایەتی و بیری و تێڕوانینی کۆمەڵگاو بەها کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانی زۆرینەی خەڵک کەم و زۆر لە ژێر کاریگەریی ئاییندایە، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی مۆدێرنی کوردی و کامڵبوونی مەعریفەتی سیاسی و دین وەکو سەرچاوەیەکی سیاسی و بیری و ئایدیۆلۆجی نەتەوەیی پێگەی خۆی لە دەست دا)) (سابیر، ٢٠٠٨، ١٣١)

کورد نه بەهۆی دینەکەیەوە ستەمی لێکراو و نه دینەکەیشی هۆکاری مانەوە و لە ناو نەچوونی بووە، کەواتە شوناس و بوونی کورد لە زمان و فەرهەنگ و تایبەتمەندییی نەوتەوەییدا دەسووڕێتەوە. بۆیە گومانی تیدا نییە هەوڵدان بۆ سڕینەوە و جینۆسایدکردنی کورد، هەوڵدان بووە بۆ نەهێشتنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە ئایین نەیتوانیوە ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی نەتەوەییدا بگێڕێ وەکو چۆن عەرەبەکان دینیان کردە قەڵغانی داگیرکاری و پاوانخوازی، هەروەها چۆنیش تورکەکان بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییان دینیان کردە پەردەپۆشی داگیرکاری و وێرانکارییەکانیان و توانییان ناوەندی خەلافەت بۆ دوو سەدە بگوازنەوە ئەستەمبول و دین بووە گەمەیەکی ڕێزلێگیراو لە کایەی سیاسیدا

مەریوان وریا قانع دەڵێت: ((لە کوردستان ئیسلام تەنها دین یان هێزێکی ڕۆحی نەبووە، بەڵکو هێزێکی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیش بووە و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەبووە، ڕەنگە بەناوبانگترین نموونەیەک کە کاریگەریی دین لەسەر سیاسەت لە کوردستاندا بەرجەستە بکات نموونەی ڕاودونانەکەی مەلای خەتێ و ئیمارەتی سۆران بێت، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا)) (قانع،١٤٥،٢٠٠٥)

باشە بۆ ڕەوا بێ دین ئامێری ئامانجی سیاسی دەستی تورک، عەرەب، فارس بێت، بۆ بۆمن ڕەوا نەبێت، کاتێک قڕ دەکرێین بۆ هەر یەک لە نەتەوانە ئەوەیان لەبەر چاو نەگرت کە (گاوانی کوردی) ڕاوێژکاری محەمەد (د.خ) کوردە و بۆ وەکو برایەکی دینی هاواریان نەکرد، کە نەوەی سەڵاحەدین قڕ دەکرێن، بە گوتارە بەناوبانگەکەی یەکەم گوتاری هەینی مزگەوتی ئەقسای قودس کە سەلاحەدینی ئەیووبی دایە خەتیبی مەقدیسی و خوێندیەوە کەتیایدا هاتبوو شکۆمەندی ڕزگارکردنی قودسی کردە میوانی مێژووی کوردایەتی.

**الحمد لله زالت دولـــــــــــة الصلب**

**وعز بالكردي دين المصطفى محمدي(دلور ميقري، الحوار المتمدن، 2006)**

معین بەسیسۆی شاعیری فەلەستینی باوەڕ چەپ لەمبارەیەوە دەڵێت:

**كردياً كان صلاح الدين ... إنتصر فأصبح عربياً .. ماذا لو هزم صلاح الدين ..... لكان جاسوساً كردياً**
|(/ https://depwnse-arab.com.)

بە داخەوە زۆر سەرچاوە کوردیان کردووەتە عەرەب لە نێو دێری دووەمدا ئەمە شێواندنی دین و مێژووە. کاریگەریی ئیسلام لەسەر تاکی کورد ڕووبەری ئاوەزمەندی تێپەڕاندووەو

دین بووەتە بونیادی خەیاڵی و تەواوی فەزای بیرکردنەوەی لەو چوارچێوەدا قەتیس کردووە و حەماس و ئەقسا خەمی گەورە و تێڕوانینی دونیای ئەون لە کاتێکدا تورک قڕانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا وێران دەکات، برای دینییەک دەبێتە بڵندگۆی ڕەوایەتی بەخشین بە تورک و دەنگیان هەمان دەنگی پان ئیسلامیزمە عەرەبە شۆفێنەکانی هاودەنگ و هاوسۆزی تورکەکانن،

حاجی قادرش وتویەتی:

**وە دەزانێ قەومی خۆی وەک دایە بەر شیر و تفەنگ**

**قەسری دین ئاوا دەکـــــــا بونیادی ئـیمان دادەنێ (عەبدوڵلا،٢٠١٦، ١٩٧)**

بە گشتی تا ئێستا بەو هەموو تەووژمە عەلمانییە کە زیاد لە سەدەیەکە لە ئارادایە نەیتوانیوە پاشەکشە بە بیری ئایینی بکات و کۆمەڵ دەبێ لە چوونە خەیاڵاوی و بەها نەگۆڕەکانی تێڕوانینی سیستەمی ئایینی قوتار بکات.

تا ئێستاش بیری ئایینی ژێرخانی پتەووی کۆپیەکی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی مەزهەبییە لە چوارچێوەی ئیسلامدا، بەمەش کۆمەڵگەی کوردی لە تایبەتمەندییی نەتەوەیی لە پێناوی هێڵێکی گشتی ئیسلامی ڕاسترەودا دادەماڵێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی عەقڵی ئەوانەی ناسیۆنالیزمی دی ،(محەمەد ئەرگۆن) : (( ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بەکۆمەڵگای (کتێب) ناو دەبات، مەبەستی لە کۆمەڵگەکانی کتێبیش ئەو کۆمەڵگەیانەیە، کە تیایدا ڕۆڵی کتێبێکی ئایینی پیرۆز لە چالاکیی ئینسانی و سیستەمی مانا و کایەی مەعریفەدا ڕۆڵێکی گرنگ وسێنتراڵە، ئەم کتێبە پیرۆزانە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر سیستەمی یاسادانان و سیستەمی ئەخلاق و سیستەمی سیاسی بەجێهێڵن)) قانع، ٢٠٠٥، ١٤٧)

لە ڕاستیدا کاریگەریی ئایینەکان بە بەراورد بە ناسیۆناڵیزم مێژوویەکی دێرینە، ئەم ڕاستییە لە داتاشینی خوداکانی یۆنان تا بتە داتاشراوەکانی جەزیرەی عەرەبیدا دەردەکەوێ.

خۆزگە ناسیۆنالیزمی ئایینی لە کایەی ئایدۆلۆژیای نەتەوەییدا خۆی تیاسازدایە، نەک خۆی بهاوێشتایەتە چوغزەی بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژیای نەتەوەی ئایینیەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا ونکردنی شوناسی خود و پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە کە دەڵێت: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)) [سورة الحجرات:13]

واته بە دیدی ناسیۆنالیزمی ئایینی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی ئایینیەو پشتکردنە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزمی ئایینی دەرئەنجامی بەیەکداچوونی تەواوی ناسنامە و فەرهەنگ و کەلتوورە نەتەوەییەکانە،

عەتا قەرەداغی دەڵێت: ((لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم کە وەکو دیاردەیەک یان ئایدیۆلۆجیایەکی عیلمانی و بە بەرهەمی پەرەسەندنی بنەما مادییەکانی ژیان دەرکەوتووە، لێرەدا لە ڕووی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئایندا، خاسێتە ئاینیەکان تیایدا ئەگەر بە تەواوەتیش جێگای خاسیەتە عیلمانیەکان نەگرنەوە، ئەوا ڕووبەرێکی فراوان لە بوونی ئەو لایەنەی ناسیۆنالیزمدا داگیردەکەن، بە جۆرێک لە ڕووی زاڵبوونی ئەو خاسێتانەوە زەمینەی پێناسەکردنی ئەو لایەنی ناسیۆنالیزمە بە ناسیۆنالیزمی ئایینی فەراهەم دێت)) (قەرەداغی،٢٠٢١، ١٥٠)

بە داخەو ناسیۆنالیزمی ئایینی کوردی بووەتە بەرهەمهێنانەوەی عەقڵی پان عەرەبیزم بە شێوازە ئایینیەکەیی و بوونەتە کۆڵەکە بۆ بزووتنەوە توندڕەو و میانڕەوە ئایینیەکانی ناوچەکە، لێرەوە هەوڵی ناسیۆنالیزمە ئایینیە کوردییەکان کارکردنە لەسەر فراوانترین ڕووبەری کارتێکردنی عەقڵی ناسیۆنالیزمی ئایینی و ئاوەزی نەتەوەیی، چونکە هەردوو نەتەوە و ئایین لەبازنەی کۆمەڵایەتیدان و کێشماکێشی هەردوولا کارکردنە لەسەر کارتێکردن و ڕاکێشانی فراوانترین ڕووبەر لە کۆمەڵگادا.

لە ئێستادا لاوازی بزووتنەوە ناسیۆنالیزمە نەتەوەییە کوردییەکان زەمینەی لەباری ڕەخساندووە بۆ ناسیۆنالیزمی ئایینەمیان و توندڕەوەکان و هەژموونیان بووەتە مەترسییەکی گەورەو هەڕەشەکەر لە ڕووبەری سیاسی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا.

دین لای بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان هێزێکی سیاسییە و خەونی بەرجەستەکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی و هەموو ئەو گروپ و بزووتنەوە دینییانەی کوردستان وایدەبینن کە هەڵگری بیری ناسیۆنالیستی و نەتەوە لەشوناسی دینییەوە بە دەست دێنن، ئەمە هەوڵێکی خستنەڕووی نیشاندانی دیوێکی تری ناسیۆنالیزمە کە خۆی لە بەدینکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییە، لە ڕاستیدا ئەمەش وەک هاوتاکردنی عیلمانی و ناسیۆنالیزمە و گرێدانیانە لە ناوڕۆکێکی سیاسیدا، بزووتنەوە دینییەکانیش بە ناسیۆنالیزم ناوەڕۆکێکی ئایینی بەرهەم دێنن، لێرەوە دین لە کایەی سیاسیدا دەمامک و لە ژێر پەردەیدا ویست و ئامانجە سیاسییەکان بە دەست دێن.

ئەمە وەرچەرخانێکی ڕیشەییە لە بونیادی سیاسی کورددیدا، کە زیاتر ئەرکی دین دەخاتە نێو کایەی سیاسی کوردیەوە و دین بئاخێنێتە نێو جوغزی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییەوە، ئەمەش فاکتەری گرنگ لە پشتیەوە دەبێتە زەمینەی ڕەخساوو لە بار بۆ ئەم وەرچەرخانە، هەژاری کۆمەڵگەی کوردی دەروازەی بێ ئومێدی کۆمەڵگەیەو ڕووکردنە ئاراستە ڕۆحییەکە کە نارێکی ئارام و کەشێکی گونجاو بۆ خۆ فڕێدانە نێو بازنەی پاڕانەوەو گەڕانەوە بۆ پەناگەی ئەبەدی کە لە خوا و دینی خودادا دەردەکەوێ .

لێرەوە ئیسلامی سیاسی هەژموونی خۆی لە ناوچەکەو کۆمەڵگە هەژار و بێدەرەتانەکان و کەم فامەکاندایە، مەریوان وریا قانع دەڵێت: ((لە هەفتاکانەوە شوێنی ئیسلام لەناو ناسیۆنالیزمی کورددیدا ڕوو لەگۆڕانە، نەوەیەکی نوێ لە خوێندەوارە دینییەکان هەڵگری بۆچوونێکی جیاواز بوون لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزم، ئەم نەوە خوێندەوارە پەروەردەی دەستی بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانی حەسەن پەناو سەید قوتب و خالید محمد و خالید و ئیخوانەکانی میسر بوون)) (سەرچاوەی پێشوو،١٤٩)

سەرهەڵدان و تەقینەوەی ململانێی نەتەوایەتی لە سەرەتای نەوەدەکانەوە بایەخدان بە بابەتی ناسیۆنالیزم بووە سەربوردەی وەرچەرخانە سیاسییەکان، بوونی هۆکارە واقیعیەکان دژایەتی نێوان گروپە ئیسلامییەکانی بە ئاستێکی دی گەیاند ئەگەرچی لە ڕێبازدا یەک بوون، بەڵام لە دروشمدا جیاواز بوون ئەمە ململانێیەکی مەودا کورت و پەیوەست بوو بە هەلومەرجی سیاسییەوە.

ئەمە پەیوەستی نێوان بزووتنەوە و ڕەوتە ئیسلامییە ناوەکییەکان و دەرەکییەکانە، پێویستە لە پاڵنەرەکان بدوێین و بە یەکداگژانی ڕەوتە ئیسلامی و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لێکبدەینەوە تا بزانین لێکەوتەی چی بووە؟ پرسی شوناس و نەتەوە و ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی هەڵگژانەکان بوون، ئەگەر ناسونالیزم ئیلهامی نەتەوەبێت، ڕەوتە ئیسلامیەکان بە دروشمی سەپێنراوە دەرەکییەکانیانەوە بەها و ئامانجەکانی بەرەو کوێ دەڕوا؟ ڕەنگە ئەوان نەتەوە وەکو ویستێکی خودایی لە فەرهەنگی سیاسییاندا بوونی هەبێت، ئەگەرنا هەمیشە نەتەوە لە جۆغزی ئیسلامی سیاسیدا دەینالاند. (عیرفان مستەفا) دەڵێت: ((هەر شتێ لەلایەن ویستی خواوەندانەی مرۆڤەوە دروست نەکرابێت ناتوانین وەکو بوونەوەرێک باس لە بوونی بکەین)) (مستەفا،٢٠١٨، ٦٢٦)

ئەگەر نەتەوە و ڕۆحی نەتەوە لەناو هزرماندا نەبێتە ئایدیالێکی عەقڵی و ڕاستییەکی مێژوویی، ئەوا لە تواناماندا نابێت ئەو ئایدیاڵە بخەینە سەرشانۆی بوونی مێژوویی و جیهانی، لێرەوە ویستە غەریزەییەکانی نەتەوە وەکو سایکۆلۆژییەتێکی ڕیشە داکوتراوی ناوناخی هەمووان

دەبێتە ئامانجێکی پیرۆز، لێرەدا عەقڵ، ئامانج، نەتەوەو ڕۆحییەتی نەتەوە یەکانگیر دەبن و دەبنە مۆراڵ و پاڵنەر بۆ بە دەستهێنانی مێژووی نەتەوە لەم بارەیەوە (عیرفان مستەفا) دەڵێت: ((ئەوەی عەقڵ و وێنەیە، ئەو توخمە کرۆکی ڕاستەقینەکەیە و عەقڵ لەناو تاکەکاندا ئەو ئامانجە کۆییەی خۆی کە وەدیهێنانی ڕۆحی نەتەوەیی میللەتێکە لە ناو دەوڵەتدا لە شێوەی ئامانجێکی تاکەکەسی و ڕاگوزەردا بۆ تاکەکانی ناو ئەو میللەتە دەنوێنێ و ئەوانیش وەک ئامانجێکی تاکەکەسی دەیبیننەوە عەشقی وەدیهێنانی دەکەوێتە سەریان و بەرەو وەدیهێنانی ئاراستەیان دەکات)) (سەرچاوەی پێشوو،٢٤٦)

بەڕای ئێمە ئەمە سایکولۆژیەتی کەسیەتییە لە چوارچێوەی سیاسەتدا ولە هەمان کاتدا دەبێتە پاڵنەرە سیاسییەکان لە چەمکی گشتی تێڕوانینی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و ئاینیدا، ئەمە سیستەمی باوەڕیشە لە هەمان کاتدا بە هەردوو دیوی گۆڕاو و نەگۆڕاودا، لە ئیسلامی ناسیۆنالیزمیدا سیستەمی داخراو و بیرو باوەڕی نەگۆڕە، چونکە نەتەوە ڕاپێچی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی ئایینی دەکەن.

ئەگەر بەها سیاسییەکان لای ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی سازان و ململانێ بێ ئەوا لای ناسیۆنالیزمی ئیسلامی نەگۆڕەو سازش لە بیر و ڕێڕەوی ڕەفتارییاندا بوونی نییە، ئەوان ڕۆڵی گەشە مێژوویی و پەرەسەندنەکانی فەرامۆش دەکەن و لەسەر هێڵێکی ڕاست بەرەوڕووی یەک ئاراستەو ئامانجی سیاسی مل دەنێن ئەوان ترسیان لە پرسی نەتەوەیی و مەترسییە لاوەکییەکانی و ئەوەندەی لە خەمی ئامانجە ئایینییەکاندان بە هەمان ئەندازە لە خەمە نەتەوەییەکان دوورن لێرەدا هەردوو ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و ئایینی لەسەر یەک هێڵی کارکردنن و هەردوولا لەهەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو چەمکە دان لە کارو کرداردا، ڕەگەزی هاوبەشی نێوانیان پیرۆزی بەخشینە بە بیری پیرۆز، کە لە نەتەوە و نەتەوەی ئایینیدا بەرجەستە دەبن، بەڵام ئەم دوو بیرە بەردەوام لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و لەق و ناجێگیردان، بیری پیرۆز لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا لە زمان و خاک و ڕەچەڵەکدا دەردەکەوێ و سیمای دەرەکی ئامانجە ستراتیجیەکانیەتی، ئەوا بیری پیرۆز لە ناسیۆنالیزمی ئایینیدا داخراو و ئامانجی پیرۆز هێڵی سوورە و لێرەوە نەتەوە لەو جوغزەدا دەبینن و ئەمە مەترسی گەورەیە و ئامانجی پیرۆز لە خوا و هێما ئایینیەکاندا بەرجەستە دەبێت، ئەمە دوو جەمسەری دژەیەک و یەک قبوڵنەکردنە، ئەمە شالاوی نەتەوەیی ئایینی پیرۆزە کە لە ڕاستیدا ئەم بیرە کەڵەکەبووی بیری شۆفێنیزمی عەرەبی دەوڵەتی عەباسییە و شەپۆلەکانی بەردەوام لە عەقڵیەتی عەرەبیدا ڕەنگدەداتەوەو بووەتە دۆخێکی دۆگمایی لە ئاوەزی حوکمداری عەرەبیدا.

له ڕاستیدا هەژموونی فەرمانڕەوایی خەلافەت لە بیری ئەمانەدا بۆ چرکە ساتێ پاشەکشەی نەکردووەو گەڕانەوە بۆ دواوەوە و ئامادەکردنی ئەوسای خەلافەت یا زیندووکردنەوەی فەرمانڕەوایی خەلافەت لە ئێستادا تەواوی پانتایی عەقڵی داگیرکردووە وەک لە خەوی گێڕانەوەی سەردەمانی زەمەنی تێپەڕبوو بەسەرچوو ژەنگ خواردوو بن.

ئەمە فەرمانڕەوایی گشتگیر و تاکڕەوی و قۆرخکاریی دەسەڵات و فرەیی و پێکەوە ژیان لەناو دەبات و ئەمەش جەوهەری جڵەوی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکانە، کە دین دروشمێکی گونجاوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیەتی، لێرەشەوە هەوڵی عیلمانی و نەتەوەییەکان بۆ دابڕانی دین لە دەوڵەت دەست پێ دەکات و ئایین بۆ ئازادی تاکەکان جێدەهێڵن، بۆیە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و عەلمانیەت نکۆڵیکردن لە دین نییە، بە مەرجێ ئەو دینە دینەکانی دی قووتنەدات و لە هەوڵی سڕینەوەیاندا نەبێت، سنوور لای ئیسلامییەکان کراویە و ڕەهایە، بەڵام لای ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی سنووردار و دیاری کراوە.

لێرەوە دوو چەمکی ئاراستە دژبەیەک دەبینرێ، لە ئاراستەی یەکەمدا وتمان بیری ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی نکۆڵی لە ڕۆڵ و پێگەی دین لە کایەی کۆمەڵایەتیدا ناکات، بەڵام لە ئاراستەی دووەمدا بیری ئایینی بە تەواوی نکۆڵی لە ڕۆڵ و پێگەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی دەکات و ئەمەش دەرئەنجامەو ئەم بیرە ئیسلامییە گشتگیرەو سنوور والایە و خۆی لە پەیامێکی پیرۆزدا دەردەخات، کە ناکرێ ئەم پەیامە سنورەکان نەبڕێ و پیرۆزی سنور دەبەزێنێ و وەک نەتەوەیەک لەگەڵ گشتەدا سەودا دەکات.

عەتا قەرەداغی دەڵێت: ((لە کاتێکدا ئایین چەمکێکی ڕەهای سنوور نەناسە، نەتەوایەتی یان ناسیۆنالیزم چەمکێکی تایبەت و سنوور دیاریکراوە، ڕاستە ئاین پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵایەتی بوونەوە نییە، بەڵام شتێکی دابڕاو نییە لە ژیان و لە کۆمەڵ، بەڵکو لە دەرەوەی کۆمەڵ نەبوونی هەیە نە هیچ مانایەک دەبەخشێت، هەر وەک ناکرێ پێشبینی بوونی کۆمەڵگایەک بکرێت بە بێ ئاین، هاوکات ناسیۆنالیزم وەکو ئایدلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی نەتەوەییە یان دروستکەری نەتەوەییە، لەم بارەیەوە هەر یەک لە ئایین و ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی جیاواز و بە ئاستی جیاواز پەیوەستن بە کۆمەڵگەوە، لە کاتێکدا نەتەوە و ناسیۆنالیزم بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندن)) (قەرەداغی ،٢٠٢١، ١٥٧)

بزووتنەوە و هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا هەڵگری یەک ئایدیا و بۆچوونی سیاسی نین، بەڵکو هەر یەکە و بە تێڕوانینێک لە جیهانی وێنەکراوی خۆی و دیدی نەتەوەیی دەڕوانێ،

ئەگەر بە گشتی لە ڕووبەری دین بڕوانین ئەوا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە فرە چەشن و پڕ جیاوازییە، هەموو دینێک جۆرەها دەستە و تایەفەی جیاواز لە خۆ دەگرێ، لێرەشەوە ناکۆکییەکان سەر دەردەێنن، لەبەر ئەوە هیچ دینێ خاوەن مۆرکی کۆمەڵێکی دیاریکراو و تایبەت نییە، لەفرەییەوە ناکۆکییەکان دەبنە ماکی لە دایکبوونی بیری نوێ و ڕای گونجاو،

ئەگەر دین پاساوە خەیاڵییە یۆتۆبییەکانی لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا نەسپێنێ و نەتوانێ جێگرەوەی واقیع و جیهانی ڕاستی بێت، ئەوا مەترسی گەورە لێرەوە سەرهەڵدەدا و کۆمەڵگە بەرەو لێواری جەنگی نارەواو جیهاد لە پێناو بە زۆرەملێکردنی کۆمەڵگەیەکی دینی دەبات و شەرعییەتی ئیسلامی سیاسی جیهاد و دەعوا و کوشتن لە پێناو ئامانجێکی لە تواناد ا بە دی نەهاتوو، کە لە ڕاستیدا (ڕەدە) لە دوای وەفاتی موحەممەد (د.خ) باشترین نموونەی زیندووە، کە دین ناتوانێ خۆی بخزێنێتە نێو کۆمەڵگە ئیتنیکە جیاوازەکان.

بەمشێوەیە ئەمە تێڕوانینی عارفێکی ئیسلامییە بۆ دین، کە دین لە توانایدا نییە ببێتە دینێکی گەردوونی، ئەمە لادانێکی بیری زیندووی ئەوە بۆ ڕاستییەک کە بە درێژایی (١٥٠٠) ساڵ زیاتر دین نەیتوانیوە بەربەستە ئیتنیکی و کۆمەڵە جیاوازەکان ببڕێ و ببێتە دینێکی تەوحیدی، چونکە ئاکار و ڕەوشت و بەها جیاوازەکان لەمپەرن لە بەدیهێنانی خەونێکی لەم جۆرە.

ئەحمەدی خانیش دەربارەی عەقڵ دەڵێت:

**ئەف ئەوەل و ڕۆح و عەقڵی ئەوەل**

**هەر سینە ب ئەوەڵی مـــــوئەوەل**

**ئەمما مەکە وان ژ هــەفتو تەفریق**

**ئەف ڕەنگە ئەوان بگێڕە تەوفیق (ڕەسول،٢٠٠٨، ٣٣١)**

بەم جۆرە بە تێڕوانینی عەقڵی و نەقڵی ڕۆڵی دین لە کایەی سیاسی و نەتەوەییدا بە دیدێکی عەقڵی نەک خەیاڵی دەزانن، ئەمەش دەلالەتی بونیادی لە عەقڵی ئیسلامیدا نیشان دەدات بەوەی دینی ئیسلام دەیەوێ خەیمەیەکی سەرتاسەری تەواوی دینەکانی تر و نەتەوایەتی بێت، یا دەیەوێ هەموو بۆچوونە ئایینییە جیاوازەکان قووت بدات و هەمووان لە سێبەری خۆیدا

کۆبکاتەوە، ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ ئەم ئایەتە پیرۆزەدا کە دەفەرموێت ((إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (١٠)) ( الحجرات،١٠)

ئێمە گومان دەکەین کە تەنها ویستی بە دینکردنی کۆمەڵگە و نەتەوە جیاوازەکان حەزێکی عەقیدەی ئایینی ڕووت بووبێت هەر لە بەر ئەمەش ئایین نەیتوانیوە کۆکەرەوەی نەتەوە و کۆمەڵگە و ئیتنیکە جیاوازەکان بێت و هەر ئەم هۆکارەش هۆی زیندوو هێشتنەوەی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەییە، کە وای کردووە تەواوی بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییە کوردییەکان هەمیشە لە هەوڵی بە سیاسەتکردنی ئایین و سەپاندنی هەژموونی ئایین بوون بە سەر سیاسەتدا.

بەمجۆرە دوو ئاراستەی سیاسی لە یەک چەمکی دژیەکدا کۆ دەبنەوە کە ناسیۆنالیزمە (عەتا قەرەداغی) دەڵێت: ((ئایین وەک خۆی و پێش بوونی بە ئایدیۆلۆجیا وەکو ڕەگەزێک کە پەیوەستە بە ڕووبەری ڕۆحییەوە وەکو باوەڕێک پەیوەستبوونی تاکەکەس بەخوای خویەوە نیشان دەدات، هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئایین دەبێتە بنەما بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ ئاکار و ڕەفتار و هاوکات دەبێتە پاڵنەر و موتیڤێکی بەهێز بۆ خۆنەویستی و قوربانیدان لە پێناو بیر و باوەڕ و شتە پیرۆزەکاندا کە خودی ئایینەکە سەرچاوەی ئەو پیرۆزییانەیە)) (قەرەداغی،٢٠٢١، ١٦٧-١٦٨).

بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئایین پێش ئەوەی بزووتنەوە سیاسییەکان لە پێناو بەرژەوەندییە کەسیی و حیزبیەکانی خۆیاندا بەکاریبهێنن و ئایین تێکەڵ بە کایەیی سیاسیی بکەن، وەکو ڕەگەزێک پەیوەستبوونی تاک نیشان دەدات بە بنەما ڕۆحییەکانەوە.

## بەشی سێیەم

**پاری یەکەم: ناسیۆنالیزم لە شیعریی خـــــانی – حاجی دا.**

**پاری دووەم: پێگەی زمانی نەتەوایەتی لای ئەحمەدی خانی و حاجی.**

**پاری سێیەم: تارمایی ئەندێشەی بوون بە دەوڵەت لە مەعریفەی خانی – حاجی دا.**

**پاری چوارەم : دەسەڵاتی نەتەوایەتی لە ئایدیای خـــانی – حاجی دا.**

**پاری پێنجەم: خەونی نەتەوە لە پرۆسەی شیعریی خانی تاکو حاجی.**

## بەشی سێیەم

## پاری یەکەم

### ناسیۆنالیزم لە شیعریی (خانی – حاجی)دا.

بیری نەتەوەیی، وەک دیاردەیەکی سەردەمییانە لە شیعری شاعیرانی قۆناغی کلاسیکی و نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دەبینرێت، بە جۆرێک شاعیران لەژێر کاریگەریی ژینگەو بارودۆخی قۆناغەکەیاندا، بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانیاندا رەنگیداوەتەوەو چەندین دەقی کاریگەرو نەتەوەییان نووسیوە، کە زمانی پاراوو دوور لە ئاڵۆزی پەیامی بەرەنگاربوونەوەو بزواندنی هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی خاک و زمانیان لە تاکی کوردیدا چاندووە.

شاعیرانی کورد لە چوارچێوەی هەستی نیشتمانیدا دەقەکانیان بەرجەستە کردووەو توانیویانە کۆمەڵێک دەقی ناسیۆنالیزمی لەژێر کاریگەریی بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، رامیاریدا بەرهەمبهێنن، لەو ڕوانگەیەوەو لە میانەی شیعرەکانیانەوە لە ئاستێکی ئەدەبیی بەرزو شیاودا، هەوڵیان داوە هۆشیاریی نەتەوایەتی و رۆشنبیری لای خوێنەرانی کورد گەڵاڵە بکەن.

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی دەگەرێتەوە بۆ ئەورووپا، بەڵام لە ڕووی کاتەوە ناتوانین بە تەواوی دیاری بکەین و بڵێین بیری نەتەوەیی لەم کاتەدا سەری هەڵدا و دواتر بە ناو گەلانی تردا بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت، کە سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی مێژووی نەبێت، بەڵکو مێژووی هەیەو ئەوە لە سەرەتادا بە چەند شێوەیەک خراوەتەڕوو، سەرجەم بۆچوونەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە سەرچاوەی ئەو بیرە دەگەرێتەوە بۆ ئەورووپا و بە دیاریکراویش فەرەنسا و لەوێوە بە ناو گەلانی تری ئەورووپادا بڵاوبوەتەوە،

واتە سەرەتای ((سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی وەکو بیروباوەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوە بۆ کاتی پاش ڕوودانی شۆرشی فەرەنسا کە ( جان جاک رۆسۆ ) بە یەکەمین هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی دادەنرێت، چونکە زۆر پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە دەبێت مرۆڤ زۆر بە توندی بە نیشتمان و خاک و ئاوی خۆیەوە بچەسپێ، بۆیە لە سەدەی نۆزدەیەم بە چاخی زێرینی ناودەبات )) (عەبداڵ ، ٢٠٠٦، ١٧ )

سەرهەڵدان و پەیدابوون و مێژووی بیری کۆمەڵگەی (ناسیۆنالیزم) وەک دیاردەیەکی جیهانی و پەرەسەندنی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی گشتی و مرۆڤ بە تایبەتی لە بواری سیاسی و ئەدەبی دا بیروڕای جیاواز و هەمەلایەنی لەسەرە، هەریەکە و بە جۆرێک باسی سەرهەڵدانی ئەو بیرە دەکات، ئەو جیاوازییەش بۆ نوسەرانی ئەو نەتەوانە دەگەڕێتەوە کە هەستی نەتەوایەتی لە نێو هەر یەکەیاندا لە کات و سەردەمێکدا سەری

هەڵداوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو بیروبۆچوونانە بە سەر دوو بەرەدا دابەش دەبێت، کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ بکەین:

دەستەیەک لە نوسەران پێیان وایە کە: ((هەستی نەتەوایەتی دیاردەیەکی سروشتییەو پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەر لەو سەردەمانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست بووە ئەو هەستەش لەناخیدا گەورە بووە )) (فاتح، ، ٢٠١٢ ، ٤٠ ).

دەستەیەکی تر وا بۆی دەچن، کە هەستی نەتەوایەتی هەستێکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بیری مرۆڤەوە هەیەو لەگەڵ گەورەبوون و کامڵ بوونی مرۆڤەکە ئەو هەستەش گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، کەواتە دەکرێت بڵێین هەستی نەتەوایەتی مێژوویەکی دێرینی هەیە و بۆ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە،((مێژوو بە درێژایی چاخەکانی تۆوی هەستی نەتەوایەتی تێدا بەدی دەکرێت لە دەستگرتنی بە هێزی خەڵک بە زەوی و دابونەریت و ئەو دەسەڵاتەی لە هەرێمێکی دیاریکراودا هەیانبووە خۆی دەنوێنێ)) (ڕەسول ، ٢٠٠٤، ٣٥).

واتە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم)، بیری ناسیۆنالیزمی هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندێتیی خۆی هەیەو لە کۆمەڵگەیەکی تر جیای دەکاتەوە، ناسیۆنالیزمی گەلی کوردیش جیاوازە لە ناسیۆنالیزمی گەلی عەرەب و ناسیۆنالیزمی هەر گەلێکی تر، لەوەشدا دەشێت سیمای ناسیۆنالیستەکە دوو مانا دەربکەوێت:

١ . دەشێت هاوواتای ئازادیی و یەکسانیی حەقخوازیی بێت، ئەوەش لەو کاتانەدا بێت کە کۆمەڵگەیەکی ژێر دەست لە دژی ستەم و داگیرکردن و لە پێناوی ئازادیدا خەبات دەکات.

٢ . دەشێت مانای شۆفێنیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی بێت، کاتێک کۆمەڵگەیەکی سەردەست، یان داگیرکەر بۆ درێژەدان بە داگیرکردن، یان چەوسانەوەی گەدایەتی کۆمەڵگەی یان پەلاماری کۆمەڵگەی دراوسێ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەکاردێت)) (سابیر، ٢٠٠٨ ، ١٦ )

سەبارەت بە سەرەتای ناسیۆنالیزمیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی، بە جۆرێک ئەحمەدی خانی بیری نەتەوەیی لە "مەم و زین " دا بەرجەستە کردووە، کە بە ڕوونی ئەندێشەی دوورمەودای لە فەزایەکی کراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا خستووەتەڕوو، وەک پرۆژەیەکی زەوتکراوی زەمەن و سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان و وێنای دەوڵەت دروستکردن نیشان دەکات، ئەو ئایدیایەش وابەستەیە بە هەستی ناسیۆنالییستی و کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە، واتە ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەی خانی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و جۆگرافی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی، ئەو لە سەردەمی کێشەو کێشمەکێشەکانی نێوان هێزی نەتەوایەتیی کوردی و ستەم و زوڵمی سەرکوتکەری

عوسمانیدا ژیاوە، ئەگەر ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەشی بەشێوەیەکی سادەش بووبێت، ئەوا لەمەم و زیندا بەشێوەیەکی دروست بناغەکەی بۆ دارِشتووە .

بۆیە دەتوانین بڵێین خانی لە پێش گەلان و نەتەوەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باسی بیری نەتەوەیی دەکات، چونکە ئەو لە مەم و زیندا لە سەدەی هەڤدەی زایینی، باسی گرنگی نەتەوە دەکات، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو بیرە لە کۆتایی سەدەی نۆزدیەم هاتۆتە ئاراوە، چونکە سەدەی نۆزدەیەم لە مێژووی گەلانی رۆژهەڵاتدا قۆناغێکی نوێی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە نوێیەی کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هاتبووە ئارا، ((چونکە گەلانی نێو ئەم حوکمڕانییە دەنگی جیابوونەوەو سەربەخۆییان بەرز کردبووە، ئەو داوایەش لە نێو رۆشنبیران و شاعیرانی کوردیشدا بە دیار کەوت )).( درویش ، ٢٠٠٩ ، ١٢٣)

ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە ئەحمەدی خانی بنەمای ناسیۆنالیزم دوو سەدە پێشتر لەگەلانی تر لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات .

خانی جوامێرانە باسی مەردایەتی و جوامێریی و پیاوەتی کورد دەکات و هەموو ئەم سیفەتانە دورشمی جوانی کوردەوارین بە حەسرەتەوە دەڵێت:

**جوامێری و هیممەت و سەخاوەت**

**مێرینی و غیرەت و جـــــەلادەت**

**ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئـــەکراد**

**وان دانە ب شیرو هیممەتی داد (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥٥).**

بیری نەتەوەیی لەناو شاعیرانی کورددا، لە ئەنجامی ئەو ململانێ سیاسی و فیکرییەوە سەری هەڵداوە، پاش ئەوەی کە کورد وەک نەتەوەیەک لە میانەی مەرگەسات و ژان و مەرگەساتی هەستی نەتەوایەتییەوە لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا لە هەوڵەکانی شاعیرانی کلاسیکیی کوردی ڕەنگدانەوەی هەبووە (( ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ شاکاری هونەریی داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی، بە یەکەم و سەرەتایەکی گرنگی سازاندنی بیری نەتەوایەتی و دەوڵەتی کوردی دادەنرێت، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، ئەو داستانە وابەستەی هەستی نیشتمانی و ناسیۆنالیستیی کوردییەو لە دوای ئازارو ئەشکەنجەی کوردان نووسراوە))(زامدار،سایتی وشە ، ٢٠١٧/٧/٣١)

بە مەبەستی دیاریکردنی خاڵی دەسپێکردنی سەردەمی ڕووناکبیریی نەتەوایەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بە پێی پێوەرەکانی بیری ڕووناکبیری، وەک هەستی نەتەوایەتی و هاندان بۆ زانست و زانیاری و مرۆڤایەتی، ئەحمەدی خانی بە سەرئامادەو یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەو قۆناغە

دادەنرێت، تەنانەت (مەم و زین) ی لە قاڵبی دوو بەیتیدا داناوە، کە قاڵبێکی ناعەرووزییە، لەو ڕوانگەیەوە دەشێت خانی بەسەر ئامەدی ڕووناکبیریی کوردی دابنێین.

ئەحمەدی خانی بیری سەربەخۆیی بوونی کوردستانی لە دڵ و دەروونیدا بووە، بۆیە ئەو بە یەکێک لەو شاعیرانەی کورد دادەنرێت، کە لە بارەی نەتەوایەتی و سازکردنی دەوڵەتی کوردییەوە لە ڕێگای نووسین و شیعر و داستانەوە دواوەو لە داستانی (مەم و زین) دا ئاماژەی بە بوونی پادشاو دروستبوونی دەوڵەت ناگەڕێتەوە بۆ هەستی سۆزی نەتەوەیی و کەسی، بەڵکو لە دیدو بۆچوونی خانیدا مەسەلەی پادشاو دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆ هۆکارە بۆ بەرەوپێشکەوتن و گەشەسەندنی هەموو بوارەکانی ئابووری و زانستی و ڕامیاری و ئەدەبی.... هتد لە وڵاتدا وەک دەڵێت:

**گەردی هـــــــبووامە سەرفرازەک**

**ساحیب کەرەمەک سوخەن نـەوازەک**

**نەقدی مە دبوو ب سکەی مەسکووک**

**نەدما وەهەبێ رەواج و مـــەشکووک**

**هەر چەندی کوخالیس و تـــــەمیزن**

**نەقدێن بە سـکەیی عـــــــــەزیزن ( هەژار، ١٩٨٩، ٢٠)**

نەتەوەو ئاکار وەک هەستێکی بێ سنوور لە خانیدا چەکەرەی دەکات و لە میانەی دەقەکانیەوە باسی مەرگەسات و خەم و ژانی میللەت و ئەو نەهامەتییانەی دەخستەڕوو، کە بە سەر وڵاتەکەیدا دەهات و لە میانەی دەقەکانیانەوە، گیانی نەتەوەییان دەورووژاندو هانی میللەتی دەدا بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتن، ((خانی لە هەموو ڕوویەکەوە لە نەتەوەی کوردی ڕوانیوەو بێ سڵەمینەوە لێی دواوە، هەرچی کەوتۆتە بەرچاوی چاک و خراپ بەبێ دوو دڵی وەکو خۆی دەخاتە نێو دێڕە شیعرەکانیەوە، بگرە لە سیفەت و ئاکارو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتری وەک وێنەیەکی زیندوو دەیخاتە بەرچاو کاتێ دەڵێت:

**هندی ژ شەجاعەتێ غـــــــــەیورن**

**ئەو چـــــــــەند ژ مننەتی نفورن**

**ئەڤ غیرەت و ئەڤ عــلوی هیمەت**

**بۆ مانعێ حەملێ بـــــارێ مـننەت**

**لەو پێکڤە هـــــــەمیشە بێ تـفاقن**

**دائم ب تەمــــــــەررود و شـیقاقن )) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ١٥٦)**

هەروەها خانی وەکو ڕۆشنبیرێک درک بە مەسەلە نەتەوەییەکە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نا تەبایی دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ ڕۆشنبیران بە خەوشێکی گەورە دادەنێت:

**ناموسە ل حـــاکم و ئەمیران**

**تاوان چیە شاعیرو فــەقیران (دۆسکی ، ٢٠٠٥، ٥٣)**

ئەو هەستە نەتەوەییەی خانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و جوگرافی و کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمەی کێشمەکێش و ململانێی سەربازی و نەتەوەخوازییەی کە لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا هەبووە، کە زۆربەی کێشەکانیان لەسەر خاکی کوردان و ناوچە کوردییەکان بووە، ویستوویانە کە خاک و وڵاتیان لێداگیر بکەن، هەردوولا هەوڵیان داوە لەسەر جێی کوردان پانتایی جوگرافیایی خۆیان فراوان بکەن، لەو ناوەندەشدا کورد  بە پلەی یەکەم زەرەرمەندی گیانی و ماددی بووە، هیچ دەسەڵات و پێگەیەکی لە ناوچەکەدا نەبووە، ئەمە هۆی سەرەکی و گرنگە کە ئەحمەدی خانی بەو ئاراستەیەدا بردووە ))( زامدار ، سایتی وشە، ٣١-٧-٢٠١٧)

خانی لە دەقەکانیدا بکەرێکی کارای بەرپەچدانەوەی دوژمنانی کوردو دەمکوت کاری خواستە چەپەڵەکانیان بووە، ئەمە چاندنی ڕۆحی ئیرادەو بەرگرییەو لەلایەکی ترەوە مێژوویەکی پڕو شکۆداری نەتەوەیەک دەخاتە ڕوو، کە سیما گشتییە نەتەوەییەکانی لەوانی داگیرکەر دێرین و بەرزترو دەوڵەمەندترە، لای خانی کورد میللەتێکە خاوەن مێژوو شارستانیەت و کەلەپوورو تایبەتمەندیی خۆیەتی، مەم و زین بەرجەستەکەری ئەم ڕاستییەیە، کاتێک دەڵێت :

**دا خەلق نەبێژتن کــو ئـــەکراد**

**بێ مەعریەتن، بێ ئەسڵ و بونیاد   (خەزنەدار،٢٠٠١، ٥٥)**

بیری نەتەوایەتی و هەستی کوردبوون لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و تاکی کوردیدا بە درێژایی مێژوو لە پاش شارستانییەتی مادەوە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بە لاوازی و سستی دەبینرێت، ئەوەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان ئەوەیە کە بیرو سۆزی ئایینی بەسەر بیری نەتەوایەتیدا زاڵ ببوو، هەروەها نەبوونی قەوارەو دەسەڵاتێکی سەربەخۆو یەکگرتوو کە هەموو پێکهاتەو بەشەکانی کوردستان بگرێتەخۆ، ئەمانە وایانکردووە، کە کورد لەو ماوە مێژووییەدا پەرتەوازە بێت و هەست و بیری نەتەوایەتی لاواز بێت، ((لەگەڵ نووسینی داستانێکی دڵداری بە شیعر، واقیعی هەندێ مەسەلەی مێژوویش دەخاتەڕوو، کە لە بناغەدا ڕوویانداوە، یان ئاوێنەی ژیانی کوردەواری بوونە، بۆنمونە: لە بارەی بەدبەختی کوردەوە کە هەمیشە لەژێر دەستی دوژمنانیەوە دەناڵێنێ جا بە هەر

هۆیەکەوە بێت، بە هۆی هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی کوردستان بێت، یان هۆکاری نامرۆڤانەی دەوڵەتانی دراوسێی ئێمە بێت )) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ١٨٣)

خانی بە سەرسوڕمانەوە پرسیارێکی جەدەلی والا دەکاو ڕووی نەهامەتی کوردان لە چەرخی گەردووندا دەبینێتەوە، ئەمەش داڕمانی ئیرادەو شکستی دەروونە، کە ڕۆحیەتی لاوازی نەتەوەیی هەواڵەی ئەو دیو ئیرادە بکات و کە خۆی لە پرسیارێکی قەدەرییدا دەیرووژێنێ و دەڵێت:

**قەط مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لـەولـەب**

**طـــــالع ببتن ژ بـــــۆ مە کەوکـەب؟**

**بـــــەختێ مــــە ژ بۆ مە ڕا ببت یار**

**جارەک ببتن ژ خــــــــوا ب هـیشار( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥١)**

کورد بە درێژایی مێژوو نەتەوەیەکی کۆلۆنیالی بووە و لەژێر باری داگیرکاریدا ناڵاندوویەتی و تەواوی بوارەکانی بوژانەوەو پەرەسەندەکانی لێ قۆرخکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەیەکی زیندوو ژیارییە، کە لە هەر بوارێ لە بوارەکانی مەعریفیدا جێی پەنجەی دیارەو نکۆڵی لێناکرێت، لەگەڵ زنجیرەی ڕووداوەکان و ڕۆژگاری دوا بە دوای یەکی ژێردەستەیی ڕۆم و عەجەم، هەستی نەتەوەیی نەوەکانی زیاتر پەرەی سەندووە، بەمەبەستی ڕزگاربوونیش لەو ژێردەستیەو سەرفرازبوونی قەوارەیی و ڕامیاری پاش ئەو مێژووە چەند جارێک لێرەو لەوێ لە ژێر باڵی سەرکردەیەک یا میرێک، میرنشینێکی دروست کردووە، خانی ڕوو لە هەموو کوردێک دەکات، لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت، سنوورەکان دەشکێنێت ((هەموو زەویەکە بەهەزاران میل درێژە، هەمووی هەر کوردە وەکو قەلاو مۆڵگە بەرامبەر دوژمنانیان ڕاوەستاون، پاشان دەڵێت:

**ئەڤ ڕوم و عەجەم ب وان حـەصارن**

**کرمانج هــــەمی ل چـــــار کــنارن**

**هەردوو طەرەفان قەبیلێ کرمـــانـــج**

**بۆ تیرێ قــەضا کرنە ئارمـــــانـــج (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ١٧٣)**

خانی زۆر بەشێوەیەکی جوان و ناسیۆنالیزمانە بیر لە داهاتووی وڵات و نەتەوەکەی دەکاتەوە، نیگەرانە لەو بارودۆخەی نەتەوەکەی تێدایە، چونکە ئەو سەردەمە کورد بە ڕەوشێکی زۆر ناخۆشدا تێدەپەڕی، خانی بە ئومێدەوە لە داهاتووی نەتەوەی دەڕوانێ و باوەڕی وایە ڕۆژێک دەبێت بەدبەختی و نەهامەتیەکانی نەتەوەکەی کۆتایی پێ بێت و خۆش بەختی و ئەستێرەی بەختی کورد دەرکەوێت و نەتەوەکەی لە ستەمی دوژمنانی ڕزگاری بێت و دەڵێت:

**گەر دێ هەبوویا مــە ژی خودانـــــەک**

**عالی کـــەرەمەک، لــــــەطیفە دانــــەک**

**علیم و هــونەر و کــــەمال و ئــذعــان**

**شیعرو غـــــــەزەل و کیتاب و دیــوان**

**ئەڤ جنس ببا ل بـــــال وی مەعــموول**

**ئەڤ نەقد ببا ل نـــــک وی مــەقبــوول ( شاکەلی،٢٠١٩، ٩١)**

خانی لە مەم و زیندا، باسی چەندین لایەن و ڕوخساری کۆمەڵگەی کوردی دەکات وەک: جەژنی نەورۆزو شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی وجل و بەرگ و بابەتی پزیشکی و تەندروستی وبیناسازیی ومۆسیقا و زۆر لایەنی تریش، کە ئەمانە دەرخستنی سیما نەتەوەییەکانی نەتەوەی کوردە، هەروەها خانی ئاماژە بەوە دەکات دووبەرەکی و شەڕی خێڵایەتی نێوان کوردەکان، کۆسپی بەردەم گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی زانیوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاتێ خانی فەقێ بووە و دواتریش بۆتە مەلا، گەلێک شوێنی جۆراوجۆری کوردستان گەڕاوە و لە نزیکەوە بارودۆخیانی بینیوە، کە لە ململانێ دابوونە هەر بۆیەشە یەکگرتوویی بەزامنی سەرکەوتن وبونیادنانی دەوڵەت و سەربەخۆیی کورد دەزانێت.

یەکێک لە هەڵوێستە نەتەوایەتییەکانی خانی باسکردنی جەژنی نەورۆزە، ئەگەر ئاورێک لە مێژوو بدەینەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە سەبارەت بە نەورۆز جیاوازی ڕاوبۆچوون هەیە لە نێوان کورد و فارسدا بەوەی هەر یەک لەو نەتەوانە نەورۆز بە مۆڵکی نەتەوەیی خۆیان دەزانن، بەڵام خانی وەک شاعیرێکی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیرێک دێت باسی جەژنی نەورۆزمان بۆ دەکات و دەیکات بە مۆڵکی کوردو باسی ئەو گۆڕانکارییە گەردوونیانە دەکات، کە ڕوودەدات بەشێوەکی جوان و سەرنجڕاکێش، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە خانی بە مەبەست باسی جەژنی نەورۆزی کردووەو دەڵێت:

**بیلجوملە موصەیقەل و مونیرن**

**هن پادشەهەن هنــەک وەزیرن**

**هندەک ژ تەحەرووکا طـەبیعی**

**ئەو تێنە ب نوقطەیا ڕەبیـــعی**

**تەجدید دکن ژ بۆ مــــە ســاڵی**

**گەڤا وەکــــو تینە تــعتدالــی (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٨٦)**

هەروەها خانی ناوی نەورۆز بە جەژن دێنێت کاتێک دەڵێت: جەژنی سەری ساڵ دەهات مەبەستی خانی نەورۆزە خەڵک بە هەموو چین و توێژەوە دەچوونە سەیران و خۆشی و

شادی خۆیان دەردەبڕێت، ئەمەش هەڵوێستی نەتەوەیی خانی دەردەخات بۆ بۆنەیەکی نەتەوەیی کاتێک دەڵێت:

**یەعنی کو دەهاتە بـــــورجی سال**

**قەط کەس نەدما د مەسکەن و مال**

**(بالجملە) دچـــــوونە دەر ژ مالان**

**حـــــــەتتا د گهیشتە پیرو کالان**

**رۆژا کـــــو دبیتە عیدی نەورووز**

**تەعظیم ژ بوو دەما دل ئەفرووز ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٨٧)**

لە یەکێک لە هەڵوێستە نەتەوایەتییەکانی خانی باس لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی و گرنگیدان بە نەتەوە و دروستبوونی دەمارگیری کوردی دەکات، هۆشیارکردنەوە لای خانی بە واتای پەیدابوونی جموجۆڵی هزری و ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی لە ناو تاکی کوردیدا، واتا هانی تاکی کورد دەدا هۆشیاربینەوە بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان سەر بکەوێت و مافە نەتەوەییەکانی کورد بەدەستبهێنن و دەڵێت:

**بەختێ مە ژ بۆ مـەرا ببت یار**

**چارەک ببتن ژ خواب هوشیار (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥١)**

خانی دوای هۆشارکردنەوەی تاکی کوردی، خەبات و شۆڕش پێویستی بە ئامرازێکە بۆ بەرگریکردن لەو شۆڕشە، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی کورد بدەینەوە، لەگەڵ قارەمانێتی و ئازایەتیدا کێشەی نەبووە، واتە شۆڕشی کوردی پێویستی بە ئازایەتی نییە، چونکە لە تاکی کوردیدا ئازایەتی و قارەمانیەتی و جوامێری بوونی هەیە، بەڵام خانی ئاماژەی بە ئامرازێکی تر کردووە بۆ پێشکەوتنی زانست و ڕۆشنبیری ئەویش قەڵەمەو دەڵێت:

**شیرێ هونەرا مـە بێتە دانین**

**قەدرێ قـــــەڵەما بێتە زانین ( دۆسکی ، ٢٠٠٥، ٥٢ )**

خانی زۆر جەختی لە شۆڕش و خەباتی چەکداری دەکاتەوەو پێی وا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بەبێ شەڕ و خەباتی چەکداری مەحاڵە، ئەمەش لای شاعیرانی دوای خانیش جەختیان لێی کردووەتەوە بە تایبەتی شاعیرە ناسیۆنالیستییەکانی کورد لە پێناو بەدەستهێنانی مافەڕەوەکانی نەتەوەی کوردە، خانی لەم دەقەدا دەڵێت:

**عارف وەهە گوتە ڕۆستـــــەمێ زال**

**ئەڤ ئەمرە ب من مەحالە بـێ قال**

**بێ جەنگ و جدال و بێ تە هەوور**

**قەط ڤێ شوغلێ مەکەن تەصـــەور   (دۆسکی ، ٢٠٠٥، ٢٦٦)**
خانی درێژە بە بابەتی خەباتی چەکداری دەدات و پێی وایە مەسەلەیەکی وا گەورەو نەتەوەیی مەحاڵە بە گفتوگۆی نێو دیوخان و مەجلسان چارەسەر بکریت، بەڵکو تەنیا لە مەیدانی جەنگ چارەسەر دەکرێ و ئامانجە نەتەوەییەکانمان بەدەست دەهێنین و دەڵێت:
**ئەڤ مـــــەعرەکە نــــابتن ب دیوان**

**ئەم مانە و صوبحێ صەحنێ مـیدان**

**یا قەنج ئـــەوە ئـەم سوبە سوار بن**

**هەر سێ ب سیلاح و کارو بار بین   ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٢٦٦- ٢٦٧)**
شیعری کوردی مەودایەکی فراوانی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بیری نەتەوایەتی، بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی ئەو سۆزە لە لای شاعیرانی کورد لەگەڵ ڕەوتی قۆناغە مێژووییەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت، بە تایبەتی لای شاعیرانی کلاسیک و نوێخوازیش حاشا هەڵنەگرە، چونکە ئەو مەرگەساتانەی دووچاری کورد بوون، وەک میللەت بە گشتی ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیاندا هەبووە.
شاعیرانی کلاسیک وەکو نالی و سالم و کوردی و مەولەوی ... هتد ، بەتایبەتی حاجی قادری کۆیی، هەستی نەتەوایەتی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بووە، حاجی پەیوەندیی نێوان هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان لە پرۆسەی ڕەنگرێژکردن گوتاری شیعری بە پیاهەڵدانی نیشتمان و دەربرینی خۆشەویستی دەگۆرێت بە گوتارێکی تازە، کە نەتەوە تێیدا دوژمنە، بەڵام دوژمنی ناتەواوی و دەستەبەر نەبوونی مافی هاوڵاتیبوون لەم نیشتمانەدا، چونکە حاجی لە سەردەمی ئاڵوگۆڕە گەورەکانی کوردستان ژیاوەو کاتێکیش میرنشینە کوردییەکانی ئەو سەردەمە، کە بە دەستی عوسمانی لەناوبراون و پشێوی و ناسەقامگیری قۆناغی دوای ئەو کە تێیدا هۆزە کوردییەکان بە بەردەوامی لەگەڵ یەکتردا لە کێشەدابوون کاریگەری کردووەتە سەر هەستی ناسیۆنالیزمی حاجی.
هەروەها کۆچکردنی حاجی بۆ ئەستەنبوڵ ئاشنابوونی بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان، لەو سەردەمەدا ئەستەنبوڵ، کە (( شوێنی کۆبوونەوەی سەرجەم رۆشنیرو زاناو خەباتگێڕی تورک و فارس و کورد و عەرەب بووە، وای لە حاجی کردووە ئاشنای بیری کوردایەتی و ڕزگاری خوازی بێت)).(شەریف،٢٠١٦، ٧٧)، هەروەها بوونی بە مامۆستای منداڵانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان ئەو منداڵانەی (( لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی ئاشکرا لە بزاوتی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەگێڕن )) (سایتی چاوی کورد،٢٠٢١/٨/٤) .

بۆیە حاجی بە یەکێک لە شاعیرە ناودارەکانی کورد دادەنرێت، کە هەوڵی داوە لە رێی دەقەکانیەوە تاکی کوردی هۆشیار بکاتەوە بە ڕادەیەک بەرهەمەکانی حاجی بە قوتابخانەیەکی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا دەژمێردێت ئەو قوتابخانەیەش پێی دەوترێت ڕۆشنگەری، یان قوتابخانەی زیندووکردنەوەی بیری نەتەوەیی، گرنگترین خاسیەتییەکانی ئەم قوتابخانەیە نزیکبوونەوە لە میللەت و دەربرینی هیواو ئاوات و ئازارو داخوازییەکانی بووە، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێبازە گرنگیدان و نزیکبوونەوەبووە لە نەتەوە، نەتەوەی کردە فاکت و بنەمای سەرەکی بزاوتی سەرفرازی و داینەمۆی گۆڕانکارییەکان و نەتەوە ڕەهەندێک و کردەیەکی ئاکاری پێبەخشی.

حاجی دێت و باسی کۆنی و شارستانیەتی کوردو شانازی پێوە دەکات و هەستی ناسیۆنالیزمی خۆی بەشێوەیەکی جوان دەردەبڕێت، کاتێک باسی چیرۆکی تۆفانی نوح دەکات و نیشتنەوەی کەشتییەکەی لەسەر چیای (جوودی ) چیای جوودیش کوردستانەو لە ناوچەی جزیرەیە، حاجی کوردستان بە یەکەم پێکەی ئاوەدانی سەر ڕووی زەوی دادەنێت و دەڵێت:

**ئێستاکە جـــزیرە بێ مـــوحابا**

**مەعموورەیی ئەووەلە لـە دونیا**

**ئەو لادی سەحیحیان بەبـورهان**

**کوردن لەشوێنی جـددی خۆیان (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٩٥ )**

بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕووناکبیری و نەتەوایەتیی جیهان هاوکات بوو، لەگەڵ چەند ڕووداوێکی جڤاکیی گەورەدا، لە لایەکەوە لە میانەی ململانێیەکی توندڕو لە نێوان دەسەڵاتداران و چینە ئەرستۆکراتییەکان، لەلایەکی ترەوە لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و میللەتە چەوساوەکان، کە دارمانی هەموو بەهایەکی ئاکاریی هێنایە کایەوە، ئەوانەی کە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵ نەبوو.

حاجی قادر بە شاعیرێکی ڕۆشنگەریی شۆڕشگێڕ دەناسرێتەوە، کە واقیعی سەپاو بەسەر نەتەوەی کورددا ڕەتدەکاتەوەو هەرگیز ئامادەنەبووە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی تەبایی و گونجاندن لەگەڵ ئەو واقیعەدا دروست بکات و مەبەستی بنچینەیی شاعیر گۆڕین و تێکشکاندنی ئەو واقیعە بووەو هەوڵی دروستکردنی واقیعێکی تر بووە، کە خەون و ئاوات و هیواکانی بێنە دی، حاجی ویستویەتی لە ڕێگای شیعرەکانیەوە سوڵتان و سەڵتەنەتی بە (کەرمیز ) و وەزیر و دەستوپێوەندەکانیان بە کۆیلەو سەگ دەشوبهێنێ و دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە بەرچاوی تاکی کورد ناشرین بکات و بەجۆرێک حاجی هەڵگری پێناسی شیعری ڕۆشنگەری کوردی و بە دروستی جەوهەری چەپەڵ و خواستە نەگریسییە ناشەرعییەکانی

دوژمن له عەقڵی هەموو تاکێکدا بڕوێنێ، ئەمەش بکاتە هەوێنی بزواندن و ڕاپەرین دژ بە داگیرکەری تورکی  کاتێک دەڵێت:

**ئەم سەگانە کـــە لای ئێمە وەزیر و کـــــــەلان**

**بێنە لای تۆ، بە خودا، نایکەیە گـــاوان و شـوان**

**ئەمە کەرمیزە، دەڵێن واریسی شەرعی نەبـەویــن**

**هەموو عەبدی سەنەمن، باسی مەکە گەورەکەیـان**

**هـــــەر ئەدیبێک بوە، سا خوا لە دەمی ناوە بڵێ**

**دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە ســـەگان(دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦،  ٩٢ )**

حاجی ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە، کە کورد خاوەنی دەسەڵات بووە، کەچی ئێستا بەدەست عوسمانی و سەفەوییەکانەوە زەلیل بووە، هەر لەم هەڵوێستەوە ڕابردووی دەسەڵات و سەروەریی گەلی کورد دەکاتە سەر شانی شیعرە ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕییەکانی و نەخشەی دوارۆژ دەکێشێ، هەر ئەمەشە وای لێکردووە، کە بەردەوام ڕابردوو لە ئێستا بەشانازییەوە ئامادە بکات و بیکاتە چەقی ورووژاندن و هەستانەوە و خۆناسین، حاجی (( سەبارەت بە مەم وزینی ئەحمەدی خانی بە شیعر وتوویەتی:

**زمـــــــــانی ڕەسمی جارانی نەماوە**

**چراغی نـــــــــازم و مونشی کوژاوە**

**لە دەوری ئێمە ڕۆمــــــان و جەریدە**

**ئەگەرچی مــــــــەقسەدو زانینی باوە**

**لــــە دونیادا ئێستاکە هەمتای نەماوە**

**لـــــــە ئەیامی حەیاتی شێخی خـانی**

**لەسەر نوسخەی خەتی ئەونـووسراوە**

**لەلایی ئەربابی خۆی بۆ قەدرو قیمەت**

**خـەزینەی گـەوهەرەو کیســەی دڕاوە**

**لــە مەجمەعی دوەل سۆران و بۆتــان**

**لەسایــــــــــەی ئـەم کتێبە ناسراوە**

**لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی**

**ئەساسی نەزمی کـــــــوردی دانەناوە  (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٣٦٤)**

هەڵبەت لە شیعری حاجیدا ((زەخیرەیەکی زۆرو فۆڕمێکی هۆشیارانە لە بیری نەتەوایەتی و نەتەوە خوازی دەبینین )) (سیوەیلی ، ٢٠١٦ ، ٢٢)، ئەمەش دوای ئەوەی دەسەڵاتی میرنشینە

کوردەکان کۆتایی پێ هاتووەو دەسەڵاتی عوسمانی بە شێوەیەکی ناوەندی لە ئەستەنبوڵەوە کاربەدەستانیان بۆ بەرێوەبردنی هەموو جومگە سەرەکییەکانی شارو دێهاتەکانی کوردستان داناوە، ئەمەش نیگەرانی حاجی لێدەکەوێتەوەو وەک شاعیرێکی نەتەوەیی لەم بارەیەوە دەڵێت:

**ئێستەکێ ئەمیرانی کـــــوردستان**

**هەر لە بۆتانەوە هـــەتا بـــــابان**

**لەم هەتیوانی مەکتەبەن، یــەکسـەر**

**کوردەکان بار دەکەن وەکـو ماکـەر (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٥٩ )**

بیری ناسیۆنالیستی دەقەکانی حاجی، لە پرۆسەی ڕەحنەدا بە بەهاترن لە دەقەکانی دیکەی ((چونکە بەشی زۆری واتای شیعرەکانیان بەخوێندنەوەی سادە دەزانرێ، خۆ شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دەربارەی کورد و کوردستان و گیانی کوردایەتی هێندە سادەو ئاشکران))(محەمەد، ١٩٧٣-١٩٧٦، ٧). لەگەڵ خوێندنەوەیدا درک بەو هەستە کوردایەتییەی دەکرێت. بۆنمونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

**سەدەی بیستەمە کوردە غیـرەتێ**

**لەخەو ڕاپەرە هەوڵێ هیمـــــەتێ**

**بەسیە نەزانین عیلم و سەنعـەتێ**

**سوکی هەتا کەی، ئادەی حورمەتێ (رەئوف، ٢٠٠٧، ٢٣)**

ئەگەر ئەحمەدی خانی یەکێک لە ڕابەرانی بیری نەتەوەیی بێت لە زاری کرمانجی سەروو لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوا لە زاری کرمانجی خواروو لە میرنشینی بابان حاجی قادر پێشڕەو بووەو زۆر لە پێداویستیەکانی ناسیۆنالیزمێکی سەرکەوتووی بەکارهێناوەو بەرەنگاری هەر کردار و نەریتێکی نابەجێی کردووە، ((بەرەنگاریش لای حاجی گۆڕانە بۆ دۆخێکی چاکتر لەوەی کە هەیەو هیوا خواستنە بۆ ئەوەی لاسەنگیەکانی کۆمەڵ چاک بکاتەوە))،(مستەفا ، ٢٠١٥ ، ٦٤)

سەربارى ئەوەی کە ناوەڕۆکی بانگەوازی نەتەوایەتیی سەدەی هەژدەهەم بریتیی بوو لە سەربەخۆیی کەمایەتییە بن دەستەکان، بارودۆخی ڕامیاریی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیی تایبەتی چینە فەرمانڕەواکان، هەندێک بیرو تۆوی شەڕەنگێزی و شۆڤێنیی لە نێو کۆمەڵدا چاند، هاوکات لەگەڵ بووژانەوەی ئەدەبی نەتەوایەتیدا یەکی گرتەوە، کە بانگی یەکگرتن و یەکسانی دەدا، ئەوەش لەژێر کاریگەریی بیرو نووسینەکانی (فیختە ١٧٦٢-١٨١٤)ی فەیلەسوف و مێژوونووسەوە هات، کە لە زۆربەی وتارو وانەکانیدا گیانی قوربانی و یەکگرتنی لە دڵ ودەروونی خەڵکیدا دەچاند .

لە ئەدەبی کوردیدا، ڕەوتە ناسیۆنالیزمییەکە ئاراستەیەکی تری وەرگرت، لە کاتێکدا کە(( دەسەڵاتی کوردی لە هەر ئاستێکدا بێت زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەی خۆیان دەسەڵاتی خۆیان لە دەست بدەن، هەر وەکو میرانی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا بە ویستی خۆیان بە بێ فشاری دەرەکی دەسەلاتی تورکیا و سوڵتان سەلیمی یەکەمیان قەبووڵ کردووە.

هەر لەم ڕووەوە حاجی سەبارەت بە حاکم و میرانی کورد، دوای زیاتر لە سەدەیەک پەرە بە هزری خانی دەداو دەڵێت:

**هەر کە فەوتان ڕیای ئـــەوان دەرکـــەوت**

**سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگرو نەوت**

**یەکێ لەم لاوە ڕوو دەکـــاتە عـــــەجەم**

**دوو لە ئەو لاوە دەبنــە دوژمنی هــــــەم ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢١٣).**

زۆر هۆکاری تریش هەبوون کە بوون بە مایەی زیندووکردنەوەی بیری ناسیۆنالیستیی ئەدیبانی کورد، هەروەها کاریگەریی ئەدەبیات و بەرهەمی فیکری و فەلسەفەو ڕامیاریی ئەورووپاش جێ پەنجەی بەسەر بەرهەمی شاعیرانی ئەو سەردەمەوە دەبینرێت.

پاش ئەو ماوەیە، شیعرەکانی حاجی قادر بە ڕەوتێکی مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە بە توندی بەرگری و داکۆکیی لە قوربانییەکانی زۆرداری دەکرد، دەقەکانی بەرامەی بیرێکی نەتەوەیی لێدەچۆڕێ، حاجی کلاسیستێکی بەهرەدار بووەو ((لە بەر تەوژمی ڕۆشنبیری ئەورووپادا کوردایەتی لە مێشکیدا گەڕاوە، لە هەمان کاتیشدا دۆستایەتی لەگەڵ بەدرخانیەکاندا هاندەرێک بووە بۆ سەرهەڵدان و مەیینی ئەو کوردایەتییەی)) (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٣)

گیانی شیعریی ڕووناکبیری بە ئاشکرایی لە شیعرەکانی حاجیدا، لە میانەی بایەخ پێدان بە سادەیی دەستەواژەو دارشتنیکی جوان لە فۆڕمی شیعردا دەردەکەوێت، لەگەڵ شکاندنی بنەمای فۆرمی کلاسیزمی و پراکیتیزەکردنی ناوەڕۆکێکی نوێ، کە کاریگەرییە ناسیۆنالیستییەکە بە سەریدا زاڵە، بەوەش بایەخێکی تەواوی بە بەهای ناوەڕۆکە شیعرییەکانی بەخشیوە، لە کاتێکدا لە قۆناغەکانی پێشتری حاجیدا ناوەڕۆکی شیعری کراوەتە قوربانی فۆڕمی شیعر، کە ئەمەش کەلێنێکە لە دەقەکانی شاعیرانی کورددا، بەڵام ئەحمەد موختار جاف درکی بەم ڕاستییە کردووە توانی وەک حاجی یا ڕوونتر بڵێین بووە بە شوێن پێ هەڵگری حاجی و وەرچەرخانی شیعری لە دەقەکانیدا بەرپاکردووە، بەمەش ڕێبازی حاجی درێژەی پێدراو فایق بێکەس و قانع و شاعیرانی تر بوونە درێژە پێدەری ئەو ڕێچکە شیعرییە رۆشنگەرییە نەتەوەییە، ئەحمەد موختار جاف بە جوانی ئەمەی لەم دەقەدا خستووەتەبەر دەست، کە دەڵێت:

**من كە کوردم حەز بە ئیستقلالی خاکی کوردستان ئەکەم**

**ئارەزووی دەوری تەرەققی حـــــــاکمی بـابان ئەکەم**

**ناوەجاخە ئەو کەسەی خزمەت بکـا بۆ غـــەیری کـورد**

**تا بە مردن شەرتە من هـــــەر بەندەیی خۆمان ئەکـــەم**

**میللەتی مـــــــن هەروەکو شێری ژیانت بۆ نــەبــەرد**

**ئێستەکە من چۆن ئیتاعەی وشتری عـوریان ئەکـەم** (دیوانی ئەحمەد موختار، ١٩٨٦، ٨٨ )

هەروەها قانعی شاعیرش وەک درێژەپێدەری ڕێبازی حاجی هەڵوێستی ناسیۆنالیزمی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

**دوژمـــنینــە دڵنیابن ، کـورد بـــەمـــە نـــاتوێتەوە**

**ڕەوڕەوی بەڵکو بەرەوپێش مل ئەنێ و نـــاشکێتەوە**

**قوڕ بەسەرتان ، ئێوە خاوەن تۆپ و تەیارەی شەڕن**

**میللەتی مـــن خـــاوەنی تـــەئریـــخ و بیرو باوەڕن ( قانع ، ١٩٧٩، ٧٤)**

حاجی فۆڕمی خستە ژێر ڕکێفی ناوەڕۆکەوە، ڕووداوە سیاسییەکانی پێش حاجی و تەنانەت سەردەمی خۆیشی، کە وەک دۆزێکی سەرەکیی نەتەوایەتی، شاعیرانی لە نیگەرانییەکدا دەستەمۆ کرد، جگە لەوە شیعرە ناسیۆنالیستییە بەرزەکانی شاعیرانی ئەوروپاو تورکەکان بە تایبەتی، هەروەها پێشەکییەکەی (مەم و زین)ی خانی بلیمەت و لە نزیکەوە مامەڵەکردنی حاجی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان و((ڕەوتی ڕۆشنفیکریی شاعیرانی عوسمانیی سەردەمی شیعری دیوان، کە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤی (سەروەت فنون ١٨٩٦ - ١٩٠١) لە سەر دەستی ڕەجانی ئەکرەم زادە ئەوانە پێکەوە کـارێکـی زۆریان کردە سەر شیعر و شاعیرێتی )) (معروف ، ١٩٩٢، ٦٣)

ئەوەی کە ڕێبازی ڕۆشنفیکری لە ڕێبازە شیعرییەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە ((کە درێژەی کلاسیزمێکی جیاکەرەوەیە لە هەردوو ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی لە ڕووی فۆڕمەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، لە میانەی سەروای جۆراوجۆرو بناغە لەفزییەکانەوە لە شیعری کلاسیزمی جیادەکرێتەوە)). (معروف ، ١٩٩٢ ،٦٨)

بۆیە کاریگەریی بیری لە ئەزموونی نوێی حاجی قادردا دوو سەرچاوەی لەخۆدەگرێت:

**یەکەمیان:** بارودۆخی ناهەمواری کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بوو کە لێی یاخی بوو، بەڵام نەیتوانی بیگۆڕێت.

**دووەمیان:** هزری ڕووناکبیریی ئەوروپایی بوو، کە پاش چوونی بۆ ئەستەنبووڵ ئاشنای بوو، بەوەی کە ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو لە فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەو لە میللەت تێگەیشتن .

ئەو میللەتەی کە بەدرێژایی مێژووی پرشنگداری حاجی باسی ڕووداوە گرنگەکانی دەکات، جگە لە کاریگەرییی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی، کە بوو بە کانگای ڕاچەنینی هەستی حاجی:

**کوا والیی سەنەندوج ، بـــــەگزادەیـی ڕەوانـــدوز**

**کـوا حـــــــاکمی بابان ، میری جزیروبـــــۆتان**

**ئەو ئایەتەی (فسیروا فی الارض) خوا کە فەرمووی**

**ئیجرای دەکەن سەگانە(بالنفس) شـــــاهی خـۆیان**

**کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازادو سەربــەخۆبوون**

**سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحیبی جەیش و عیرفان** ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٩٩)

لە میانەی شیعرەکانی حاجی قادرەوە((بەرەنگارییەکی بێ وچان دیارە دژ بە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و پەردە لادان لەسەر ڕووی نێگەتیڤی پیاوانی ئایینی و سۆفییان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا)) (خزندار ، ١٩٩٣، ٣٨)

بۆیە حاجی دێت باسی بێ کارەیی گەلی کورد دەکات وەکو دەردێک بووەتە هۆی ئەوەی کورد بە ئامانجە ڕەوەکانی خۆی نەگات و لە زۆر لە شیعرەکاندا تیر و توانج لە پیاوانی ئایینی و لە خانەقاو تەکییەکان دەگرێ، لەبەر ئەوەی خەڵک فێری تەمبەڵی دەکەن و لە ئیش و کار و کاسبی ساردیان دەکەنەوە کاتێک دەڵێت:

**خانەقاو شێخ و تەکییەکان یەکســـەر**

**پێم بــــڵێ نەفیعیان چییە ئــاخــر**

**غەیری تـــەعلیمی تەمبەڵی کـــردن**

**جەمعی ئەموال و خەزنە و کۆکردن (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٨٥)**

حاجی لە ڕێگای فەلسەفەی زانستییانەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە چوارچێوەی بیری ئامێتەکراوی زانست بە بیری ئیسلامی، کە لە شیعرەکانی دا بەرجەستەبووە، واتە پیاوێکی ئایینیی ڕووناکبیر بووە.

زاراوەی (مرۆڤدۆستی) لەلای حاجی، بەوە دەناسرێتەوە کە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە، کە هاووڵاتی لەگەڵ نیشتمان و نەتەوەکانی تردا بە یەکیان دەبەستێتەوە ئەوە لەلایەک، هەروەها پەیوەندییە سیاسییەکانی هاووڵاتی لە نێو خۆیاندا بەرجەستە دەکات، بەو مانایەی کە هاووڵاتیبوون هەموو ئەو ماف و ئەرک و چالاکی و کاریگەریی و ڕادەربڕینانە دەگرێتەوە، کە لە پەیوەندیی نێوان تاک لەگەڵ دەوڵەت و تاکەکانی کۆمەڵ لە نێوان خۆیاندا هەیانە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

**وەکو ڕۆژو شەوە فەرقی گودازی شەمــع و ســووتانم**

**که ئەو هەر شەو دەسووتێ من هەموو دەم گەرچی ئینسانم (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ٧٧)**

*** ئەو پەیوەندییانەش لە دەوری سێ جەمسەر و رەهەندی سەرەکیدا هاوکات دەبن:**

١- مرۆڤدۆستی لەڕووی یاساییەوە، کە خۆی لە پیادەکردن و بەکارهێنان و پابەندبوون بە هەموو ئەو ماف و ئازادی و ئەرکانەی کە مرۆڤ لەچوارچێوەی یاسادا هەیەتی.

٢- لە بەشداری سیاسی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە هاووڵاتی وەکو ئۆرگانێکی سیاسی دەتوانێت چالاکانە بەشداری لە هەموو بریار و کاروبارەکانی دەوڵەت بکات.

٣- لە ڕووی هەڵوێستی نیشتمانییەوە بەرجەستە دەبێت، کە ئەوەش ڕادەی لایەنگیری هەڵویستی و پشتگیری و دڵسۆزی هاووڵاتی بۆ نیشتمانەکەی دەگرێتەوە، کە لە سەر بنەمای هەستکردن بە هاوڵاتیبوون دادەمەزرێت، هەستکردن بە هاووڵاتیبوونیش خۆی لە فەراهەمکردن و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی و پێداویستییەکانی ژیانی هاووڵاتیدا دەبینێتەوە چەندێتی و چۆنیەتی دابینکردنی ماف و پێداویستییەکانی ژیان ڕادەی بەهێزی و لاوازی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت نیشان دەدات .

دەرکەوتەکانی هاونیشتمانیبوون هەر بە یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی واقیعی سەپاوی نیشتمان ناوەستێت، بەڵکو پەل بۆ ڕەخنەگرتن لە نیشتمانیش دەهاوێژێت، ئەمەش نەک بەو مانایە کە شاعیران ڕقیان لە نیشتمانە، بەڵکو ڕقە لە پێناو خۆشەویستیدا، ڕقە لە کەموکوڕی و ونکردنی ئەرک و خاسیەتەکانی نیشتمان وەک پەناگە و داڵدەی مرۆڤەکان، حاجی دەڵێت:

**ئیتتیحادی بـــــە ئیتتفاقی ئـەنـــام**
**سوپەرە بۆ حوادیسی ئـــەییـــــام**
**کوردی ئێمە نەزان و پــاشکەوتـن**
**پێکەوە پووش و ئــاگرو نـــەوتـن**
**بێ ئەگەر دەستی یـــەک بـــگـرن**
**وەک سکەندەر هەموو جیهان دەگرن)) (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٩٢)**

هەستی ناسیۆنالیستی حاجی کاتێک دەردەکەوێت، کە باسی نیشتمانی کورد دەکات کە کوردستانەو بەشێوەیەکی جوان باسی خاکی یەکپارچەیی و ئاوەدانی و پان و بەرینییەکەی دەکات و دەڵێت:

**وەسەتی پانی پانـــزە ڕۆژ ڕێیــە**
**پڕ لە ڕەشماڵ و خانـــەو و دێیە**
**بەدرێژیی لـــەقاف کــــەڕابوردن**
**تا بە شیرازو ئەصفەهان کـوردن ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢١١).**

هەروەها حاجی لە هەوڵێکی بێ وچان لە پێناو هەستانەوەی میللەتەکەی، داوای خەباتی چەکداری و شۆڕش و تێکۆشان لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکات بۆ ڕزگاربوون لە دەستی دوژمنانی داگیرکەر بۆنمونە لەم دەقەیدا دەڵێت :

**جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ، تەکبیر بکەن بە بێ دەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیا کــەن تۆپ و تفـەنگ و هــاوەن ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٩٩).**

حاجی لە ئەنجامی خۆشەویستی بۆ گەل و نەتەوەکەی و هەڵکەوتەی ستراتیژی کوردستان، کە بەرهەمی خاوی پیشەسازی زۆرە و ڕۆڵەکانیشی خاوەنی بەهرەن و شارەزایی چاکیان هەیە، بەڵام بەکاری ناهێنن ئەمیش ئاگاداری پێشکەوتنی وڵاتە پێشکەوتووەکان بووە، وای لە حاجی کردووە ڕەخنە لە زاناکان بگرێت و بە کەمتەرخەم ناویان بەرێت کاتێک دەڵێت:

**صنعەتێک فێرنەبوون لەپاش تـەحصیل**

**سەیری چلۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل**

**یەک بە یەک بوونە خائینی دەوڵـــەت**

**خائینی موڵک و دوشمنی مــــیللــەت (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٣٦)**

هەروەها حاجی نەتەوەو گەل بەئاگا دەهێنێتەوەو لە خەوی دواکەوتن و نەزانی هوشیارییان دەکاتەوەو داوای یەکبوونی میللەت دەکات تا سەرکەوتووبن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو مەترسییەی حاجی بووە بۆ نەخشەی ئەرمەنستانی مەزن، کە مەترسی بووە بۆ سەر کوردستان دەڵێت:

**خاکی جزیر و بۆتان یــــــــەعنی وڵاتی کوردان**

**سەد حەیف و سەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان**

**وا ڕێگەتان دەبـــــەسرێ عێلاتی جاف و بـلباس**

**گەر مردوون لەگەرمێن مــــەمنوعە بچنە کوێستان ( دیوانی حاجی قادر،١٩٨٦، ٨٥)**

حاجی قادر وەک شاعیرێکی ڕوناکبیر لە سەدەی نۆزدەوە هەستی بە مەرامی ناپاکی داگیرکەرانی خاک و نەتەوە و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەی کردبوو، بۆیە هەمیشە بە دەنگێکی بەرز بانگی خێڵی کوردان دەکات و هۆشیار بنەوەو هانی خەڵکی دەدات بۆ ئەوەی شاخ و داخی وڵات لە بەینی خۆیاندا دابەشبکەن، کە ڕەگەزێکی چاککردنی کشتوکاڵە بۆ ئەوەی کەس بێ کارو دەرامەت نەبێ، ئەمەش خۆشەویستی حاجی قادرە بۆ گەل و نەتەوەکەی دەڵێت:

**لە بەینی مـــیللەتی خۆتان بە یاری**

**بکەن تەقسیمی شاخ و دار و باری ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٥٩)**

بۆیە لە کۆتایی دەگەین بەوەی چ ئەحمەدی خانی و چ حاجی قادری کۆیی هەستی ناسیۆنالیزمی لە شیعرەکانیاندا بە شێوەی زۆر ڕوون و ئاشکرا بە دیدەکریت و بەرهەمەکانیان بە قوتابخانەیەکی شیعریی دادەنریت بۆ زیندووکردنەوەی هەستی ناسیۆنالیزمی لە ناخی تاکی کورددا.

# بەشی سێیەم

# پاری دووەم

## پێگەی زمانی نەتەوایەتی لای (ئەحمەدی خانی و حاجی قادر).

لە پرۆسەی شیعر نووسیدا دیالێکتیکی ڕەواڵەت و ناوەڕۆک، شێوەو ناوەرۆک، ڕێگا بۆ گۆڕانی بەردەوام خۆشدەکات، ئیدی ناوەرۆک و شێوە لە تەفگەرو گۆڕانی بێ کۆتاییدا یەکدەگرێت، لە حاڵەتەشدا وشە یا زمان دەبێ لە سنورداری دەرباز بکرێ و هەمان بێسنووری مانای پێ ببەخشرێت، دیارە ئەمەش بەوە بەدی نایەت کە زمانێکی ساختەی دەستکردی تێنەگەیشتوو دروست بکرێ، بەڵکو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندا بەدی دێت، واتا زمان دەبێ بە جۆرێک بەکار بێت هەر وشەیەکی ڕەهەندێک یان کۆمەڵە ڕەهەندێکی تازە وەربگرێت و وەرگر وا بزانێ گوێی لە زمانێکی تازەو نوێباو دەبێت، چونکە یەکێک لە بنەماکانی پێکهاتەی دەق زمانە، کە دەبێت بەسەرەتایەکی سیمانتیکی لە تێگەیشتن لە سەرجەم ئەو کۆدانەی کە زمانەکە تەعبیری لێدەکات، بەو مانایەی کە هەر گوتارێکی زمانەوانی کۆمەڵێک کۆدی جیاوازو لەیەک چوون لە نێو دەستەواژەی زمانەوانیدا هەیە، ئیدی ئەو زمانە یا ئاوازو مۆسیقایەکی تایبەت وەردەگرێت یا بە تەنها مانایەکی ئەپستراکتی دەبەخشێت، بەو پێیەی کە هیچ دەرهاویشتەیەکی زمانەوانی بەبێ مەبەست دەرناچێت، لەو چوارچێوەیەشدا زمانی دەق دەکرێت بە دوو بەشەوە:

-زمانی شیعرئامێزی سەروادارو بە ئاوازی ئاشکرا

-زمانی پەخشان ئامێزی سەجەعـــدارو بێ مۆسیقا )) (کریم ، ٢٠٠٨، ٤٠)

ئەگەر ئاوڕ لە داستانی مەم و زین بدەینەوە سەرەڕای ئەوەی داستانێکی خۆشەویستییە کە بە چارەنووسێکی تراژیدی کۆتایی دێت، بەڵام مەبەستی خانی لە نووسینی ئەو بەیتانە گەورەتر بووە لەو ڕەهەندە سۆزدارییە، خانی مەم و زین دەکاتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی لە بارەی کوردو زمانی کوردیو دوژمنەکانی و سەردەمی داگیرکاری و میرنیشینەکان بدوێت، مەم و زین دەکرێ وەک ئاوێنەیەک ببینرێت، کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وسیاسی و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە سەدەی حەڤدەوە دەردەخات

خانی لە مەم و زیندا بەشێکی نەهامەتییەکانی کورد دەبەستێتەوە بە نەبوونی دەوڵەت و نەبوونی دەوڵەتیش لە هۆکاری یەکنەگرتوویی گەلی کوردو بێ بایەخی زمانی نەتەوەییە لە لایەن رۆشنبیرانی و ململانێیەکانی نێوانیانە، بە تایبەتیش سەفەوی و عوسمانییەکان هەریەکەیان دەیانویست کورد بۆ مەرامەکانیان لە دژی ئەوی تر بەکار بێنن، بۆیە خانی دووبەرەکی و شەڕی خێڵایەتی نێوان کوردەکان، بەکۆسپی بەردەم دروستبوونی دەوڵەت

زانیوە، ئەمەش ڕووی هەبوونی پێوە دیارن، کە ئەوانیش هەریەک لە بەرهەمەکانی ( نووبارا بچووکان ) و ( عەقیدا ئیمان ) و ( مەم و زین ) ن.

گەرچی ئەو سێ بەرهەمەی خانی لە ئاستی ناوەرۆک و لە ڕووی واتاوە سێ بەرهەمی لەیەکتری جیاوازن، بەڵام دەکرێ لە میانەی خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەدا بە ئەنجامێک بگەین کە ئەویش ئەوەیە کە ناوەرۆکی ئەو بەرهەمانە دەریدەخات خانی شاعیرێکی داهێنەرو پێشەنگ بووە و هەوڵیداوە بۆچوونەکانی خۆی وەک ریفۆرمێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکات.

خانی جگە لەوەی زمانی کوردی بە (بیدعە) دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا شانازیی پێوە دەکات، بەوەی کە مەم و زینی پێ نووسیوەو بە شاکارێکی کوردانەی ناودەبات و دەڵێت:

**ئەڤ میوە ئـــەگەر نە ئاڤارە**

**کورمانجییە ئەڤ قەدر ل کارە (ڕەسوڵ،٢٠٠٨، ٦٩).**

خانی لەو سەردەمەی کە مەم وزینی بە زمانی کوردی نووسیوە، کە تەنها زمانی فارسی و تورکی هەبووە و نووسین بەزمانی کوردی ئەو بایەخەی نەبووە، خانی دێت و بەرهەمەکەی بە زمانی کوردی دەنووسێت، بێگومان زمان بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەییە، ئیدی ئەمە بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی لە گرنگی هزری ناسیۆنالیزمی خانی بگەین، ئەگەر بەشێوەیەکی سادەش بوویێت ئەوا لەمەم و زیندا خانی بناغەکەی داڕشتوووە، ئەوەتا لە بۆنەیەکدا دەڵێت:

**ئوسلوب و سیفات و مـــاناو لەفز**

**ئەسلا نەکرن مە یەک ژوان قەرز**

**بالجملە نـــــــــەتایجی فــکرن**

**دوشیزەو نـــەوعەروس بیکرن (ڕەسوڵ ،٢٠٠٨، ٨)**

ئەحمەدی خانی وەک ڕابەرێکی بیری نەتەوەیی بنەمای ژیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی کردووە بە پەیامی شیعرو بە کوردی نووسینیشی کردووە بە بزاوتنی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کوردی، کاتێک دەبینێت کەس بە زمانی کوردی نانوسێ یاخود بە شەرمەوە دەنووسرێت و بە کەم سەیرکراوە، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات چ لە ڕق و قینە بێ یا لە ناچارییە بێت ئەم داستانەکەی بە زمانی کوردی نووسیوەو هەموو زمانانی تری فەرامۆش کردووەو دەڵێت:

**حـــاصل ژ عیناد ئەگەر ژ بێ داد**

**ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ مــوعتاد**

**صافی شەمراند ڤە خـوار دوردی**

**مـامەندێ دەری لیسانێ کــوردی**

**ئینایـــــه نـــــیزام و ئینتیزامێ**
**کێشایه جەفا ژ بـۆ وێ عـــامێ )) ( هەژار، ١٩٨٩، ٢٤)**

شیعر نووسین به زمانی کوردی وەک پێگەیەکی نەتەوەیی بۆ مێژوویەکی کۆنتر له شاعیرانی دیاری نەتەوەخوازیی وەک ئەحمەدی خانی دەگەڕێتەوە، بەڵام به سەرنجدانێکی ورد له شاعیرو ئەدەبیاتی کوردی دەردەکەوێت، که سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ سەدەی حەڤدەو هەژدەی زایینی دەگەڕێتەوە، که سیماو خاسیەتی ئەو بیرەی پێوە دیارە، هەرچەندە پێش خانیش شیعر به کوردی نووسراوە، بەڵام بیری سەربەخۆیی و ئازادی تێدا بەرجەستە نەبووە، کەواتە خانی ڕێچکە شکێنە له مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا.

خانی به نووسینی مەم و زین پایەیەکی بەرزتری به زمانی کوردی بەخشی و هێنایە ڕێزی زمانەکانی دیکەی عەرەبی و فارسی وتورکی، هاوکات ئەوەی سەلماند که زمانی کوردی هیچی له زمانەکانی دیکه کەمتر نییەو کورد ئەگەر دەوڵەتی هەبێت و دەرفەتی لەبەردەم بڕەخسێت، دەتوانێت داهێنان بکات و شاکاری گەورە بنووسێت، بەو بۆنەیەوە شانازی به نووسین و بەرهەمەکەی دەکات و دەڵێت:.

**ئەی خامه ته ژی گەلەک درێژ کر**
**ئەڤ نامه بەسه تـــه پڕ قرێژ کر**
**هەرچەند کەلام شوبهێ دوڕ بیت**
**بێ قەدر دبیت دەما کو پـڕ بیت (ڕەسوڵ ،٢٠٠٨، ٤٣٣)**

خانی گرنگی زۆری بەزمانی کوردی داوەو کاتێک به زمانی کوردی شیعری نووسیوە، تەنها هەر بۆ ئەوە نەبووە، که بەو زمانه بنووسێت، بەڵکو به کوردی نووسینی وەک هەڵوێستێک لەدژی دەسەڵاتداران و ستەمکاران بەکارهێناوە، سەرەڕای ئەوەی خانی زمانه بیگانەکان و دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی زۆر به باشی زانیوە وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت:

**کوردی عـــەرەبی دەری و تازی**
**تەرکیب کـرن به هەزل و بازی**
**هنددەک د بەهانه هند د بوهتان**
**بوهتی و مـــــەهمەدی و سلیڤی**
**هن لەعل و هنەک ژ زێڕ و زیڤی )) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ١٦٤)**

خانی باسی بیری نەتەوەیی دەکات، چونکه ئەو جیا له زمانی نەتەوە سەردەسته داگیرکەرەکانی کورد به زمانی کوردی دەنوسێت، له لایەکەوە هەم جەخت له کوردبوونی خۆی

دەکاتەوە، هەم پەیامێک دەداتە سەفەوی وعوسمانییەکان، کە کوردیش وەک ئەوان نەتەوەیەکە و مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت، هەروەها ڕەخنە لە ئەوانەش دەگرێت کە بە زمانی نەتەوە دوژمن و سەردەستەکان بەرهەمەکانیان نووسیوە، چونکە بە کوردی نەنووسین بەرهەمەکانیان دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو نەتەوانە، کە ئەمەش بە ڕوونی لە زانستی ئەدەبی بەراوردکاریدا سەردەمدا دەردەکەوێت بە جیاوازی قوتابخانە بەراوردکارییەکان، بۆیە دەڵێت:

**بفکر ژ عـــــــەرەب حەتا ڤە گورجان**

**کورمانج چە بوویە شوبهێ بوورجان (شاکەلی، ٢٠١٩، ١٠٩)**

خانی وەک ئاماژەمان پێی کرد، جگە لە زمانی کوردی زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی زانیوە، بەڵام کارە ئەدەبییەکانی خۆی تەنها بە زمانی کوردی نووسیون، سەرەڕای ئەوەی ئاگاداری ئەوەش بووە، کە لەو سەردەمە بە کوردی نووسین بە بەراورد بە زمانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە بە سووک تەماشا کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە بە بەرنامەی ویستوویانە لە هەموو ڕوویەکەوە نەتەوەی کورد لە ناوبەرن، ئەمەش ئەوە دەریدەخات کە خانی چەند شاعیرێکی نەتەوەیی بووە، چونکە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە زمان بنەمای سەرەکی ناسیۆنالیزمە و دەوڵەتە، نەتەوەکان بە زمانی ڕەسەنی نەتەوەیی خۆیان دەناسرێنەوە کاتێک دەڵێت:

**ئەڤ پوول ئەگەر چی بێ بەهانە**

**یەکڕوونە و صاف و بێ بـەهانە**

**بێ حیلە و خـــــوردەو تەمامـن**

**مەقبوولێ موعامەلا عــــەوامن**

**کورمانجییە، صرفە، بێ گومانە**

**زێر نینە ببێن سوپیدە مـــــانە**

**صفرێ مەیێ صۆرە، ئـاشکارە**

**زیڤ نینە ببێن کو کەم عەیارە ( شاکەلی، ٢٠١٩، ١١٠)**

هەروەها (م.ب. ڕودێنکۆ) سەبارەت بە گرنگی زمانی نەتەوەیی دەڵێت: ((پەژارەی ئەوە بوو، کە کوردەکان لە تاریکی و بێ مافی و نەزانیندا ماونەتەوە بی ئەوەی لە شەڕی ئێران و تورکیادا، کە هیچ بەرژەوەندیەکی ئەوانی تێدا بێت باشترین ڕۆڵەکانیان لە دەست دەدەن، هەراسی لێهەڵدەگیرێت کە زمانەکەی زمانی کوردی بە چاوی ڕێزەوە سەیر نەدەکراو گوایە هی ئەوە

نەبووە کە بەرهەمی ئەدەبی پێ بنووسرێت))(محەمەد،٢٠٢٠، ١٢٧)، ئەمەش نیگەرانی خانی لێکەوتۆتەوە لە دەقێکدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:

**کورمانج نەپڕ د بێ کــەمـــالن**

**ئەمما دیەتیم و بێ مــەجـــالن**

**فیلجوملە نەجاهیل و نـــەزانن**

**بەلکی د سەفیل و بێ خـودانن (دۆسکی ،٢٠٠٥، ٥٨ )**

خانی بڕوای بە بەرهەمەکەی هەبووەو لەو سەردەمە کارێکی کردووە هاوشێوەی نەبووەو شاکارێکی بەرز بووە، بەڵام بێ ئەوەی شانازی بەسەر نەتەوەکەیەوە بکات داوایان لێ شارەزایان و پسپۆڕانی زمانەوانی نەتەوەکەی دەکات لە کەموکوڕتییەکانی چاو بپۆشن و دەڵێت:

**ئومێد ئـــــــەوە ژ ئەهلی عیرفان**

**ئەو دێ نەگرن ل من چو حەرفان**

**تەشنیع نـــەکن وەکی غەیووران**

**ئیصلاح بـــکن ل من قصووران (شاکەلی، ٢٠١٩، ١١١)**

ئەمەش ڕێبازی خوازەو مەجازە. خوازە ئەو مانایەیە کە رواڵەتی وشە ناتوانێ بیگەیەنێت، جا ئەگەر بشێت وەسف بە ماناو چەمکەکەی کە ئاماژەمان بۆ کرد لە شیعردا بە سەلەفییەت لە هزرا بشوبهێنرێ، ئەوا خوازەو مەجاز لە شیعردا وەک تەئویلە لە هزردا.. وەک چۆن تەئویل بریتییە لە گەڕان و دۆزینەوەی مانا راستەقینە شاراوەکان، مەجازیش دۆزینەوەی ماناکانی ئەو دیو وشەیە، بەمەش زمانێکی شیعری تازە دروست دەبێت، کە هەرگیز نەگێرانەوەی هەواڵی دروستی مەبەستە، نە کاری فێر کردن و فێرکاری مەبەستە، واتە ((گوزارشت لە هیچ پەیوەندییەکی بابەتیانە بە شتەکانەوە ناکات، بەڵکو گوزارشت لە پەیوەندیی خودی دەکات، ئەمەش پەیوەندیی ئەگەرانە، پەیوەندیی خەیاڵەو ... واتە بەم جۆرە لە ڕووی جەوهەرەوە زمانی شیعر زمانی مەجازە نەک حەقیقەت، مەجازیش لەروانگەی نوێخوازییەوە))(عارف ، ٢٠١٠، ٢٣).

- **پێگەی زمانی نەتەوایەتی لای حاجی قادری کۆیی**

ئەگەر تەماشای شیعرەکانی حاجی قادری کۆیش بکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە حاجیش درێژەپێدەری ڕێبازی خانی بووەو گرنگیەکی زۆری بەزمانی نەتەوەیی داوەو لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە زمان فاکتەرێکی سەرەکی پرۆسەی نەتەوەسازی بووە حاجی داوای لە شاعیران و نووسەری کورد کردووە زمانی کوردی بەکاربهێنن و برەوی پێ بدەن، لەلایەکی ترەوە. ((زمان گرنگە بۆ ئەوەی ڕابردوو و مێژووی نەتەوەیی پێ تۆمار بکەی

و بیگوازیتەوە بۆ نەوەکانی)) ( عەبدولغەفوور، ٢٠١٦، ١٣٧). سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی لەلایەن ئەمیرەکانی کوردەوە بەکارنەهێنراوە، نە لە نامەو نامەکاری نێوان خۆیاندا، نە لە نێوان ئیمارەتەکاندا، هەروەها بەهۆی ئەوەی نەتەوە سەردەستەکان هەمیشە هەوڵی سڕینەوەو لەناوبردنی کوردیان دەداو هەژموونی خۆیان بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاندووە، بۆیە لە مزگەوتەکانی کوردستانش هەر بەزمانی عەرەبی و فارسی فێری فەقێ و مەلاکان کراون.

بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی پرسی بەکارهێنانی زمان لەلایەن ئەو گەلانەی کە تورک و  فارس نین و بە تایبەتی گەلی کوردەوە هاتووەتە کایەوە وەک ئاماژەمان پێ کرد حاجی گرنگی زۆری بە زمانی کوردی داوە و دەڵێت:

**شەبیهی جۆڵە کە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی**

**مەڵێن فەساحەتی کوردی بــە فارسی نـــــاگا**

**بـــــــەلاغەتێکی هـــەیە، هیچ زوبانێ نایگاتێ**

**لەبێ تەعەسسوبی کوردانە بێ ڕەواجی و بەها**

**کـــــە خۆتی تێنەگەییێنی، لـە نیکتەکانی نەگـەی**

**دەڵێی هەموو هەزەیـــــانە خودا بەڵای لـێدا!**

**بەڵام ئەوانی کە سەرڕافی زێڕ و زیوی قـسەن**

**بە شەهرەوایی دەزانن، چی سککەیەکە ڕەوا (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٣٧)**

حاجی دوای بەجێهشتنی کوردستان (( لە ساڵی١٨٦٣ بەدواوە کە جەور و ستەمی داگیرکارانی کوردستان دەربڕینی نەتەوەیی بە سەر زمانی حاجی قادردا ئاواڵا کردووە)) (محەمەد،٢٠١٤، ٦٤)، بۆیە حاجی لە پەیامێکدا گرنگی بە زمانی کوردی و بە کوردی نووسین، کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ناسیۆنالیزم و لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، کە گرنگی زۆری بە زمانی نەتەوەیی داوەو، نووسین بە زمانی نەتەوەیی لای حاجی قادر هۆکارێک بووە بۆ سەلماندنی خودو تۆمارکارکردنی مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتووی میللەتەکەی، ئەمەش خەونێکی نەتەوەیی بووە کاتێک دەڵێت:

**کاکە ئێمە موئمینین نەڕووسین**

**بۆچی کفرە زوبانمان بنووسین**

**میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین**

**غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین (دیوانی حاجی قادری، ١٩٨٦، ٢٥٨)**

هاوکات ناسیۆنالیزمی کوردی لەلای حاجی قادریش لەسەر بنەمای هاوزمانی و هاونەژاد و تایبەتمەندیی یەکێتیی یەک نەتەوەیی ئیش دەکات و پێویستیی بە یەک بۆچوون هەیە لە نێو

هەر کۆمەڵگەیەکدا، کە ناسیۆنالیزمەکە بەشێوەیەکی تایبەتی تیایدا سەری هەڵداوە، کە دەبێت ناسنامەی نەتەوایەتی و مۆرکی کوردایەتی بزانرێت، مێژوو ئەوە بسەلمێنێت، کە کورد پیاوانی چاک و ئایینی و سەرکردەی سەربازی و نەتەوەیی هەیەو نەوەکانی پاشتر ئەو کەسایەتییانە لەبیر نەکەن، کە سەرباری کوردبوونیان، خزمەتی خەڵک و نەتەوەکانی ترو عەقیدەی ئایینییان کردووە، لەم دەقەدا حاجی هەجووی هەموو ئەوانەی کردووە کە بە زمانی کوردی قسە ناکەن و دەڵێت:

**ئەگەر کوردێک قســەی بابی نــەزانی**

**موحەقق داکی حـــیزە، بـــابی زانی**

**وەرە با بۆت بـــکەم بـــاسی نیهانی**

**تەفەننون خۆشە گــــەر چـاکی بزانی**

**سەلاحەددین و نــوورەددینی کـوردی**

**عەزیزانی جـــزیرو مـــــوش و وانی**

**موهەلهەل، ئەردەشێرو دەیســەمی شێر**

**قوبـادو بـــــازو میری ئــەردەلانــی (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٥٢).**

لەبەر ئەوەی زمان گرنگە بۆ تۆمارکردنی مێژووی ڕابردووی هەر نەتەوەیەک، حاجی قادریش لەدەقەکانیدا ئاماژەی بە گرنگی زمانی نەتەوەیی کردووە ناوی چەندین کەسایەتی مێژوویی کوردی هێناوە وەک سەلاحەدینی ئەیووبی نوورەدینی کوردی و چەندین کەسایەتی دیکەی کورد، ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر کورد مێژووی خۆی بەزمانی کوردی تۆمار بکردایە، ئەوە ناوو ناودارانی کورد هەتا کۆتایی دونیا دەمانەوە کاتێک دەڵێت:

**ئەمانە پـــــــاکیان کوردن نیهایەت**

**لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی**

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کـاغـەز**

**بە کوردی گەر بنووسرایە زوبـانی**

**مەلا و شێخ و میر و پـاشامـــــان**

**هەتا مەحشەر دەمـا ناو نیشـــانی ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٥٣)**

حاجی وەک ڕۆشنبیرێک ئاگاداری هەموو بوارەکانی ژیان بووە، زۆر هۆشیارانە لەو زمانانەی دەڕوانی، کە ساڵانە چەندین زاراوە بۆ زمانەکانیان زیاد دەکەن لە بوارەکانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیادا، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپا، ئەمە حاجی هاندەدات هانی پسپۆڕانی کورد بدات بۆ گرنگیدان بە زمانی نەتەوەیی کاتێک دەڵێت:

**قسەیێ ئەمڕۆ دەیگرن لــــــە زوبان**

**سالێ تر بۆت دەکەن بە بێ نوقسان**

**سەد و پەنجا لوغەت زیـــاد دەکەن**

**سالێ بۆ ناوی سەنعەت و بۆ فەن (دیوانی حاجی قادر،١٩٨٦، ١٩٨٦)**

یەکێک لەو سیفەتانەی، کە حاجی قادر لێی نیگەران بووە، ئەوەیە لەو سەردەمە شاعیران و زاناو نووسەرانی کورد بەرهەمەکانیان بە زمانی بێگانە دەنووسی و بە زمانی کوردی نەیانووسیوە، ئەمەش وای لە حاجی کردووە ڕەخنەی توندیان لێ بگرێت و هەوڵی گۆڕینیان بدات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات بە پێی هەموو سەرچاوە مێژووی و ئایینییەکان نەتەوەی کورد لەوان کۆنترە و دەڵێت:

**چونکە ئێمە قەدیمترین لە ئەوان**

**بە تەواریخی جوملەی ئــەدیان**

**ئاخر ئەم عەقڵەیان هەبوو بۆیێ**

**گەر سولەیمانییە وەیا کــۆیێ**

**بوونە ئوستادی فارسی و تازی**

**تا گەیشتن بە فەخرەکەی ڕازی**

**چونکە سەرمایە ماڵی خەڵقی بوو**

**وەختێ مردن هەموو بە هیچ دەرچوو( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٤٠)**

یەکێک لە بەها گرنگ و پیرۆزەکان لای حاجی زمانە و لە دەقەکانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام نەتەوە سەردەست و داگیرکەرانی کوردستان هەردەم لە هەوڵی سڕینەوەو لەناوبردنی زمان و کەلتوور وفەرهەنگ و دابونەریتی کوردیان داوە و قەت دەرفەتێکی ئەوتۆیان بە ڕۆڵەکانی کورد نەداوە، تا داهێنانەکانیان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بنووسن، ئەمەش لە زەینی زۆربەی زۆری تاکی کورد چەسپیوەو بە سووکی سەیری زمان و کەلتوور و دابونەریتی خۆی بکات، حاجی کاتێک کوردێک دەبینێت باسی ئەوەی کردووە، کە کاک ئەحمەد گوایە بە کوردی شەرح و تەفسیرەکانی دەنووسێت و ئاماژە بەوە دەکات خۆزگە بە عەرەبی شەرحی تەفسیرەکان دەنووسی، ئەمەش حاجی تووڕەو نیگەران دەکات لە دەقێکیدا بەناوی (کوردەکەی کۆیی) دەڵێت:

**کەس نەماوە بە غەیری کاک ئەحمەد**

**شێخی مەعرووف و عالیمی ئەرشەد**

**چاکە ئێستا دەکا لــــــە بۆ کوردان**

**تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان**
**واقیعەن خـــــــزمەتی لە بۆ خوایە**
**چ دەبوو ئەگەر بە کوردی نەبووایە**
**هەر کە وای گوت وەها موکەددەر بووم**
**وام دەزانی کە وا لە دین دەرچووم**
**گوتم: ئێستاش لە سەرکەری ماوی؟**
**چا بوو مستم نەدا لە نێو چــــاوی**
**کوردی ئاخـــرە بڵێ چـییە عەیبی؟**
**هەر کەلامی حــــەقە نییە عـــەیبی ( دیوانی حاجی قادر،١٩٨٦، ٢٣٧)**

بۆیە دەتوانیین بڵێین ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی گرنگییەکی زۆریان بە زمانی کوردی داوە و بە کوردی نووسین لای ئەم شاعیرانە وەک شۆڕشێک بووە دژی هەموو ئەوانەی زمانی کوردی بە کەم سەیر کردووە، ئەمەش لە بەرهەمەکانیاندا بە شێوەیەکی ڕوون ڕەنگیداوەتەوە.

# بەشی سێیەم

# پاری  سێیەم

## تارمایی ئەندێشەی بوون بە دەوڵەت لە مەعریفەی (خانی– حاجی)دا.

ئەندێشەی بە دەوڵەتبوون لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا تەنها دەرئەنجامی گەلاڵەبوونی خاک و قەوارەیەکی سنووردار نییە یان فۆرمەڵەبوونێکی سیاسی و هزری بێت، بەڵکو سەلماندنی ناسنامەی نەتەوایەتی و ناسنامەی زمانە، کە تیایدا لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی و هزری بنەماکانییەوە سەرهەڵبدەن، تەنانەت فۆرمی سیاسی وەک ئۆرگانێکی رێکخراوەیی و هزریی دروست ببێت، شتێکیش نییە بەناوی خەباتکردن بۆ ناسیۆنالیزم، هەموو شۆڕشەکانی کوردیش بنەمای خەبات و تێکۆشانیان لە سەر هزری نەتەوەیی و خەبات لە پێناو نەتەوەدا بە شێوەیەکی سادەو ساکار بوو.

مێژوونووسان سەرەتای هەستکردن بە نەتەوایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردان دەگەڕێننەوە بۆ دەسەلاتی ئەو سەردەمەی میرو میرنشینانەی کە دامەزران، رۆژگارێک حوکمڕان بوون لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەو ناوچانەیان بەرێوە بردووە.

دەسەلات بنەمایەکی دیکەی سەرەکییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، پێش سەردەمی خانی، جزیرەی بۆتان میرێکی گەورەو بە توانای هەبووە، بەلام لە مێژوودا دەسەلاتێکی وا گشتگیرو فراوان نەبووە، کە تەواوی کوردستان بگرێتەوە، بۆیە دەنگە شیعرییە دیارەکان وەکو هەر تاکێک ئەرکێکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ لە قەیرانی مێژووی نەتەوەییماندا، چونکە ئەرکی شیعری ڕوخاندنی سنوورەکانە و ئەندێشە و جیهانبینی شاعیران فاکتەری مانەوەی شیعرە لە ئەرکە نەتەوەیەکەیدا، دەقەکانمان هەڵگری پەیامی سیاسی و مێژوویی و کۆمەلایەتی و بەرگری و ڕۆڵی دوورمەودایان لەم ڕووەوە ئاخێوەتە نێو جۆغزی خەباتی نەتەوەیی و گوتاری ناسیۆنالیستییەوە.

خانی وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر کە خەونی دروستبوونی دەوڵەتە بۆ نەتەوەکەی پرسیار دەکات لە حاڵی کورد، کە ئەم بەد بەختییەی نەتەوەکەی هەر وا دەمێنێتەوەو هیچ کۆتاییەک هەیە بۆ ئەم بەخت ڕەشییەی نەتەوەکەی یان گۆڕانی بە سەر دێت و ڕۆژێک دێ خۆشی ببینین و بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان بگەین و دەڵێت:

**ئـــــــدبارا مە وێ گها کەمـالی**

**ئایا بــــوویە قـــــــابلی زەوالی**

**یا هــەر وەهە دێ ل ئیــستوا بت**

**حەتتا وەکو دەوری  منتەها بت ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥١)**

هەروەها خانی بە حەسرەتی ئەوەوەیە، کە کورد دەسەڵاتێکی فراوان و کیانێکی سەربەخۆی هەبێ و کاتێک باسی میر دەکات و دەڵێت:

**تەختێ وی جزیر و بەخت مەسعود**

**طـــــــالع قەوی و مـەقام مەحمود**

**ڕوم و عەرەب و عـەجەم دفەرمان**

**مـــــــەشهور بناڤێ میرێ بوهتان  (دۆسکی ، ٢٠٠٥ ، ٧١)**

خانی لە دەقێکی تردا باسی جزیرە دەکات کە شوێنێکی کۆنی نەتەوەی کوردەو چەندین ساڵە گەلی کورد لەو خاکە ژیان بە سەر دەبن بە هەموو چین و توێژەکانیەوە چ میر و سەرکردەو رابەرەو گەورەو بچووک، مەبەستی ئەوەیە بڵێت خاکەکە مۆڵکی کوردەو خاکیش یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەت، کە خەونی خانییە وەک دەڵێت:

**شەیخم تو دزانی ئەڤ جەزیرە**

**تێکدا کوبەرا و کورد و مـیرە (دۆسکی ، ٢٠٠٥ ، ١٢١)**

خانی لە باسی دروست بوونی دەوڵەتدا باسی سەرکردە دەکات و پێشی وایە ئەگەر کورد سەرکردەی هەبووایە، ئێستا خاوەنی دەوڵەت و ئاڵای خۆی دەبوو، گەر سەیری بارودۆخی کورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ئەنجامی بێ سەرکردەیی توشی ئاوارەیی پەروتەوازەیی بووین و دەڵێت :

**گەر دێ مە هەبوایە مە پادشاهـەک**

**لایق بـــــــــدیا خودی کـولاهەک**

**تەعین ببوا ژ بووی تــــــــەختەک**

**ظاهر ڤە دبوو ژ بو مە بــــەختـەک**

**حاصل ببوا ژ ببوا ژ بۆ وی تاجەک**

**ئەلبەتتە د بوو مــە ژی رەواجـەک**

**غەمخواری دکر ل مــــە یەتیـمان**

**تینانە دەری دەست لــــــە ئیمان (دۆسکی ،٢٠٠٥، ٥٢)**

لە ڕاستیدا هەرچەندە شاعیرانمان دەقی شیعریان بارگاوی بە ئەرکی مەعریفی نەتەوەیی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرەوەی ڕەخنە و تێڕوانینی نەگەتیڤانەی مێژووییەوە نین، کە دەبوو زیاتر ئەو مۆتیڤە پڕ بارگاویە بن، کە جوڵێنەری تاک- کۆمەڵ بن لە بزاوتی سیاسی و ڕەهەنداوی نەتەوەیەکی بن دەستی کۆیلەو دابەشکراون، چونکە زۆر جار خەوشی بیری

بەرهەمهێنی دەقی شیعری بە گشتی لە توانایدا نەبووە تێپەڕ بێت و لە سنوورێکی تەواو بەرتەسکدا خۆی دووبارەکردۆتەوە، ئەمە مردنی ڕۆحیەت و ئەرکی مەعریفی شیعرە کە نەیانتوانیوە گوتاری نەتەوەیی لە ئاراستەی ئەدەبیاندا بخولقێنن

بەڵام خانی زۆر شارەزایانە خوێندنەوەی بۆ بارودۆخی نەتەوەی کورد کردووە، ئەوەیش تێکەڵکردنی ئایینە بە هەستی کوردایەتی و دەوڵەت، چونکە دەزانێت نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی ئایین دۆستن و دەڵێت :

**تـــەکمیل دکر مـــە دین و دەولەت**

**تەحصیل دکر مە علیم و حیکمەت (ڕەسوڵ ،٢٠٠٨، ل ٥٣)**

هەروەها خانی وەک ڕەخنەگرتنێک لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی، داوایان لێدەکات کە واز لە دووبەرەکی و دوژمنایەتیی ناوخۆیی بهێنن و یەکبگرن، تاکو ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوەو لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتێک ڕێک بکەون، کە لە میانەی هونەرو زانستەوە ڕێگای ڕاستەقینەی کوردایەتی بگرنەبەر، هەروەها بوونی پاشایەکی بە تواناو یەکێتی نەتەوەیی لای خانی دەبێتە هۆی سەرگەردان نەبوونی نەتەوەی کوردو داگیرنەکردنەوەی لە لایەن دوژمنانەوەو دەڵێت:

**غەمخواری دکر ل مـــە یــەتیمـــان**

**تێنانە دەری ژ دەست لــــە ئیـــمان**

**غالب نەدبوو ل ســـەرمە ئەو رووم**

**نەدبوونە خەرابەیی د دەست بـووم (ڕەسول، ٢٠٠٨، ١١٣)**

ئەگەر لە خانی بڕوانن جگە لە بەهرە ئەدبییەکەی خاوەنی سۆز و خۆشەویستییەکی زۆری نیشتمان بووە، هەر لە بەر ئەمەش خانی بە پێشەنگی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێ و بە یەکەم شاعیری کورد دەناسرێ کە باسی بنەماکانی نەتەوە دەکات، هەروەها داوای چارەسەریی دەردی کورد دەکات بۆ بوونە یەک و ئەنجامی یەکگرتنش هۆکارێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، کە دەڵێت:

**کوردینۆ هـــــــەمی ببنە یەک**

**دەست پاڤێژن گورزو چەک (ڕەسوڵ ،٢٠٠٨، ٥٦)**

هەروەها جارێکی تر دەڵێت:

**دڤێ ئەم تــەڤ ببن یــەک**

**وەکە شێران هـەرنە شەڕ (ڕەسوڵ ،٢٠٠٨، ٢١٥)**

بەرهەم و دەقە شیعرەکانمان لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا قەتیس دەکەن و ڕەخنە لە تەواوی دیاردە سەردەمییەکان و مێژووییەکانمان دەگرن و دەیکەنە بابەتی یان ڕەهەندی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە، بە واتای بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە گوتارە تەواو سیاسییەیەو بونیات و دەرهاوێشتەکانی لە سەر بنەمای هۆشیاریی نەتەوەیی فۆرمەڵە دەکەن و لە کۆتا مەوداشدا ئامانجی هاندانی تاکی کوردە و ئامادەکردنی ڕۆحییەتی تاکە بۆ مانەوە و بەرگری و خۆناسی، لە هەمان کاتیشدا لە هەناوی واتاییدا جگە لە ئامادەکردنی پرۆژەیەکی بەرەنگاربوونەوەو هەڵچوونی ڕۆحییەتی نەتەوەیی و مێژوویییە لە ڕووی ئەوانی کۆلۆنیدا.

خانی هەستی ناسیۆنالیزمی خۆی دەردەبڕی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دورستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بۆ نموونە دەڵێت:

**ئەز مـــــامە د حیکمەتـــا خودێدا**

**کـــــرمانج د دەوڵـــــــەتا دونێدا**

**ئایا ب چ وەجە مـــــانە مەحرووم**

**بیلجومله ژ بۆ چەبوونە مەحکووم**

**وان گرت بەشیر شەهری شوهرەت**

**تەسخیر کـــــرن بیلادی هیممەت**

**هەر میرەکی وان ب بـەزلی حاتەم**

**هەر میرەکی وان بە رەزمی ڕۆستەم(ڕەسول، ٢٠٠٨، ١١٠)**

لەلایەکی ترەوە ناسیۆنالیزم (( لەڕووی زانستییەوە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سیاسییە رەنگدانەوەی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵگەیەو لە نێوەوە هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەییە لەسەر خاکی نەتەوە )) (قەرەداغی ،٢٠٠٩ ، ١٧) .

بیری ناسیۆنالیزمی لای ئەحمەدی خانی، پەیوەندییەکی بەهێزی بەدەوڵەتەوە هەیە، کورد ئەگەر هەستی کۆمەڵگەیی بوونیشی هەبێت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە ((ناسیۆنالیزمی کوردی بە حوکمی سروشتی خودی ناسیۆنالیزم و ئەو بارودۆخە نائاساییەی کوردی تیادا ژیاوە و سنووری بۆ جووڵەو گەشەی ناسیۆنالیزمەکەی داناوە کەمتر توانیویەتی لە هەندێ مەسەلە بپرسێتەوەو پرسیاری فیکرییان لێبکات، کە بۆ دۆخی نائاسایی و ناسیۆنالیزمێک لە دۆخی بنیاتنانی کۆمەڵگەدا وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە گرنگی تایبەتی خۆیان هەیەو بەشێکن لە زەمینەسازی کردن بۆ گەشانەوەی بەهاکان و بەهێزبوونی پایەکانی دامەزراوە نیشتیمانییەکان )) . (عەلی ، ٢٠٠٩ ، ١٣١)

ناسیۆنالیزم بەرهەمی شۆرشی پیشەسازی و لە دایک بوونی چینی ناوەندە، واتا بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و دەوڵەت بەرهەم دێنێت، نەتەوە بە ڕوانینی نوێ بەرهەمی ناسیۆنالیزمە، خانی لەم دەقەیدا وەک ئابووری ناسێک بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەوەمان پیشان دەدات، کە پێویستە دەوڵەت خاوەن ئابوورییەکی بەهێزی هەبێت بۆ ڕایی کردنی ئیش و کاری دەوڵەت، ئابوورییش یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەت و خەونی خانی بووە، کە نەتەوەکەی خاوەنی ئابووریەکی بەهێز بێت و دەڵێت:

**حـــەتتا وەکوو سالەکێ تەمامی**

**هندی کو تەلەف دکی طـەعامی**

**هندی کوب دەر ددی لــباســان**

**هندی ڤەدخوونی عام ونـــاسان**

**هندی کو بــکەر دکی قوماشان**

**هندی کو بەلاڤ دکی مەعاشان**

**تا دەڵێت**

**هندی کو تەهی دکی خــەزینان**

**هندی وەکو شادکەی حـەزینان**

**هندی کو غەنی دکەی فـەقیران**

**هندی کو ڕەها دکەی ئەسیران ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٢٩٥- ٢٩٦)**

ناسیۆنالیزم بۆ گەشەکردن پێویستی بە کەش وهەوایەکی ئارام و دۆخێکی ئاسایی هەیە لە دۆخی ئالۆزدا گەشە ناسێنێت و بەرەوپێش ناچێت، ئەگەر سەیری ئەم شیعرەی خانی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن گرنگی و شانازی بە زمان و زارە کوردیەکان و نەتەوەکەی دەدات و چەندین زاراوەی لە زارەکانی زمانی کوردی بەکارهێناوە، ئەمەش گرنگی و بایەخی خانی بۆ زمانی کوردی دەردەخات وەک یەکێک لە بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەڵێت:

**ئەڤ موژدە دەما ئەوان کــــرن گووش**

**یەگجار ژ شاهیان نـــــەما هــــووش**

**یان دەڵێت:**

**گۆ: غەم مەخۆن ئەی مورادو مەقصوود**

**مزگین ژ وەرا ب حەققێ مــــــەعبوود ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ١٢٦)**

له دەقە شیعرییەکاندا ((خانی هەست بەگرنگیی رۆڵی زمان لە ژیانی میللەتدا دەکات، کە رۆحی نەتەوەیە، بۆیە خانی زوو هەستی بەوە کردبوو کە خەریک بوو میللەتەکەی بە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکانەوە واز لە زمانی خۆیان بێنن، چونکە پەروەردە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت تا ئەو کاتەی زمانی نەتەوەیی نەبێتە زمانی ئاخاوتن و نوسین، بۆ ئەم مەبەستەش بووە فەرهەنگی بچوکی ( کوردی – عەربی ) یان بۆ دادەنێت و ناوی دەنێت ( نەوبەهارا بچوک ) بۆ ئەوەی ( کرداری فێربوونیان لا ئاسان بێت، عیبادات و کۆڵەکەکانی ئاین و بیروباوەڕی ئیسلامیان بەزمانی کوردی پێ بناسێنێت )) (بۆتانی،٢٠٠١ ، ٢٦)، چونکە زمان رۆڵی کاریگەریی هەیە لە چەسپاندنی بیری مرۆڤداو یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەت، هەم لە ڕووی مرۆییەوە هەمیشە لەڕووی فیکرەوە، کە ئەمەش بۆ تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەتایبەت لای نووسەر و شاعیرانمان لە ناویشیاندا ئەحمەدی خانی.

ناسیۆنالیزم لای خانی، ئایدۆلۆژیای بنەمای دروستکردن و گەلاڵەکردنی ماهییەتی دەوڵەتە لە ناو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات و ئامانجی بە ئامانج گەیاندنی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە لە ناویدا سەریهەڵداوە بەمەبەستی خۆشگوزەرانی ئەو کۆمەڵگەیە، جا ئەگەر خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبێت ئەو کۆمەڵگەیە ئەوا ناسیۆنالیزمەکەی لە پێناوی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەردەوام لە چالاکی دایە، کە ئەوە لە نێو کورددا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە، ئامانجی ناسیۆنالیزمەکەشی گەیشتنە بە ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد بە تایبەتیش دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، بەڵام ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆن ناسیۆنالیزمەکەیان کار بۆ دادپەروەری و نەهێشتنی گەندەڵی و بەدیهێنانی مافی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، وەک ئەوەی لە ئەڵمانیا بوونی هەیە، بێگومان ناسیۆنالیزمیش لەسەر بنەماکانی نیشتیمان و دەوڵەت و کۆمەڵگە کار دەکات، کەواتە(( کۆمەڵگەو نیشتیمان و دەوڵەت سێ کۆمەڵەی سەرەکی ناسیۆنالیزمی هەر کۆمەڵگایەکن )) (هەرکی ،٢٠٠٧،٢٦) لەو ڕوانگەیەوە ناسیۆنالیزم بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەکی پڕ مەعریفەت و بێ نەژاد، دەوڵەت بوونێکی سەربەخۆی نابێت، خانی دەڵێت:

**ئینایە نـــظــــام و ئینتیـــــظامێ**

**کێشایە جەفا ژ بۆ وی عـــــــامێ**

**دا خەلق نەبێژتن کـو ئەکــــــراد**

**بێ مەعریفەتن بێ ئەسڵ و بنیاد (دۆسکی ،٢٠٠٥، ٥٧)**

ناسیۆنالیزمی کوردی گوزارشت لە داخوازییەکانی گەلی کورد دەکات بە بۆچوونی (شیفر) ((ناسیۆنالیزمی هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە سیمبولێکی فیکری بۆ گوزارشت کردن لە خودی

کۆمەڵگەکە بە جۆرێک کە بەرگێکی جیاواز لە ژانی تر دەپۆشێت و بە ڕەنگێکی جیاوازتر لە ڕەنگی ناسیۆنالیزمی کۆمەڵگەکانی دی خۆی دەنوێنێت )) (ڕەسول ، ٢٠٠٤ ، ٢٤ )

گەلی کوردیش لە پێناو دۆزی نەتەوەییدا هەمیشە لە هەوڵ و خەبات بووە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، خانیش ئاگاداری ئەم دۆزە نەتەوەییە بووەو لە دەقەکانیشیدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە بە دەستهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامانجێکی گەورەو نیشتمانییە لای هەموو تاکێک بە شێوەیەکی گشتی و لای خانی بە تایبەتی کاتێک ئاماژە بەوە دەکات میللەتی کورد لە ئازایەتی دا ناوو ناوبانگیان دەرکردووەو نەبەردانە شمشێران هەڵگرتووە و هیمەت دەکەن لە پێناو دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان وەک دەڵێت:

**وان گرت ب شیری شەهرێ شوهرەت**

**تەسخیر کـــــــردن بە لادی هیمەت ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥٤)**

هەروەها خانی لە مەم و زینەکەیدا، توانیویەتی ئەوەی لە بیریدایە، بیکاتە وشە و بیخاتە سەر دیوانی پڕ جەوهەری نەتەوەییە کوردییەکەی، توانیویەتی گشت ماکەکانی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەوڵەتی ئایینی، بێ ترسان لە دوژمن دەرببڕێ و وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە، کە کورد بەبێ مەعریفەت و نەزان لە قەڵەم دەدەن، خانی لە بەرجەستەکردنی ئەو بۆچوونەدا دەڵێت:

**دا خــــــەلق نە پێژتن کو ئەکراد**

**بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بونیاد (جەعفەر، ٢٠٠٩ ، ٢٠٢)**

سەبارەت ڕەنگدانەوەی ئەندێشەی بوون بە دەوڵەت لای حاجی، ئەوا دەقەکانی گوزارشتکردنە لە خەونی یۆتۆبیای دوورمەودای نەتەوەکەی، دونیابینیەکی بلیمەت و گوازەرەوەیەکی ناوەڕۆکی شیعرییە لە نێوان ڕۆح و جوگرافیاو مێژووی نەتەوەییدا، زمان و ناوەڕۆکی پڕ مانا لە جوغزی بیری گڕگرتوو تینۆی سەرهەڵگرتوویەکی دێوانەی نەتەوەکەیدا دەدرەوشێتەوە.

شیعرەکانی حاجی قادر، ناسیۆنالیزم بە تەواوەتی شۆڕ بووەتەوە بۆ ناو هەستی کوردانەو ئاواتەخوازو نائومێدە لەچڕکردنەوەی هەوڵی کورد کە لە چوارچێوەی سنوورێکی جوگرافیدا کۆببنەوەو نیشتمانێک پێکبهێنن، کە هەموو لایەک بگرێتە خۆی، چونکە ((گەلی کورد تەواوی فاکتەرەکانی ناسیۆنالیزمی تێدایە، کێشەکەش لە ڕەگەزەکانی بوون بە دەوڵەتدا نییە، بەڵکو لە پەرتەوازەیی و یەکنەگرتن و دووبەرەکیدایە وەکو ( مێژووی هاوبەش، خاکی هاوبەش)) لە سەرووی هەمووشیانەوە، ویستێک هەیە بۆ بوون بە دەوڵەت))( ڕزگار، سایتی زانیاری، ٢٠٢١/١١/٢٠، ٢٣:٩ Am)

حاجی شیعری هەواڵەی مێژوو جوگرافیای نەتەوەکەی، کردبووە سومبولی تەرزێکی نوێ شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، کە بە شیعری ڕۆشنگەری ناودەبرێ فۆرمەلەبوونی ئەندێشەو خەونە نەتەوەییەکانی ڕووبەری گشتی دەقەکانی کۆی نەتەوەیە بە واتا فەرهەنگی شیعری حاجی لە بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی کوردیدا دەسووڕێتەوەو وەزیفەی ئەرک و مەعریفەی بە شیعر و مێژووی نەتەوەیی بەخشی، شیعر و سیاسەت و نەتەوەیی لە هاوکێشەیەکی پڕمانای ئاکاریدا خولْقاند، حاجی ڕۆڵی ڕۆحی تاک ئامادە دەکات بۆ لە باوەش گرتنی ترس و خەمە نەتەوەیی و دەردە کۆمەڵایەتییەکان، زمانی شیعری حاجی بکەرێکی ناخ گرگرتووی خەمە نەتەوەییەکانە لە شیعرەوە ناسنامەی نەتەوەیەکی خولْقاند، سیاسەت و کۆمەڵ لە هاوکێشەیەکی پڕ مەعریفی ڕەهەنداویدا کردە مێژووی هەموان و بەرپرسیاریەتی ئێستا و ئایندەی لە خەمێکی گشتیدا بەرجەستە کردووە.

(مەریوان وریا قانع )یش لەبارەی دیوانەکەی حاجییەوە دەڵێت(( دیوانەکەی حاجی قادری کۆیی فریشکەیەکی درێژ و بەردەوامە بۆ ئاگادارکردنەوەی کورد لە گرنگی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، لە دیدی ئەم شاعیرەدا میللەتی بێ دەوڵەت میللەتێکی بێ نرخە نە خۆی دەتوانێ ڕێزی خۆی بگرێ نە کەسیش لە دەرەوە ڕێزی لێ دەگرێت، دروست کردنی دەوڵەت تەنها دامەزراندنی ئیدارەیەکی سیاسی سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئامرازی کۆتاییهێنان بەدۆخی شەرمهێنی بێ ڕێزی و بێ نرخی دەستە جەمعی))یە ( قانع، ٢٠١٣، ٢٥٩) لەم دەقەدا نموونەی ڕاستی هەستی نەتەوایەتی حاجی سەبارەت بە داهاتووی نەتەوەکەی و دروستبوونی دەوڵەت دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت:

**بنوارە سەعی و غیرەت ئێستا لـە دەوڵـــەتی ڕوم**

**خۆیان خەزێنەدارن، خۆیان تــەبیب و ســــــوڵتان**

**هەر دوێنێ ئەهلی سودان هـەستانە پێ وەکوو شێر**

**ئێستێکە موستەقیللن مەحسوودی کــوللی ئــەدیان**

**بولغار وسیرب و یۆنان هــەم ئەرمەن و قــەرەتاغ**

**هەر پێنجیان بە تـــەعداد نابن بە قـــەددی بابان))(دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٩٩ )**

هەروەها حاجی نەزانی و دووڕوویی و خۆخۆری، بەو مانایەی کە بۆ بەرجەستەکردنی بیری ناسیۆنالیستی کوردی و نەهێشتنی ئەو کێشانەی دەبنە ڕێگر لە ڕێگای یەکگرتنەوەی کورد و دروستنەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە میانەی شیعرەکانیدا ئەو خاسیەتانەی پیشان داوەو دەڵێت:

**لەبــــــــــەر حیزە بخۆیی و ناتەبایی**

**لەژێری حیزی حیزان بـــووینە دۆشەک**

**هەتا وەک ئاگری بن کـــان لەگەڵ یەک**

**ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەک (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٧٨)**

لە قوتابخانەی ڕووناکبیریی حاجی قادردا، بۆچوون سەبارەت بە بیری ناسیۆنالیزم وایە کە: ((زۆربەی زۆری شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا، چونکە ئەوکاتە کۆمەڵگا سەنتەر بوو بۆ پێناسەکردنی ناسیۆنالیزم، هەر لە سەر ئەو بنەمایەشەوە بنەماکەیان داڕشتووە)) (عەلی،٢٠٠٩،١٢١)، کۆمەڵگە سەرچاوەی ناسیۆنالیزمەو ناسیۆنالیزمیش داخوازی ئەو کۆمەڵگەیە دێنێتە دی و بۆ ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کاردەکات، داخوازی کۆمەڵگەی کوردیش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە، بۆیە حاجی لەم دەقەیدا بە ڕوونی هەستی نەتەوایەتی و سۆزی دروستبوونی دەوڵەتی بەسەردا زاڵ بووەو بە ڕەوای نابینێ کورد خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی خۆی نەبێت لە کاتێکدا کورد بە بەراورد بەو نەتەوانەی کە لە ژێر باری داگیرکاریاندا دەناڵێنێ زیاترەو لەوانەش مێژووی شکۆدارترە کاتێک دەڵێت:

**چوار ملیۆنە کـــــــوردستان نفووسی**

**بەقسەی ئەهلی تەخمینی کە نووسینی ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٣٠)**

لای حاجی قادر نەزانین و دواکەوتوویی نەتەوەی کورد یەکێک بووە لەو دەردە مێژووییەی، کە حاجی زۆر باش درکی پێکردووە بە بۆچوونی ئەم نەزانین و دواکەوتوویە دەبێتە هۆی ئەوەی کە یەک نەگرن و دان بە یەکا نەنێین و بەرببنە گیانی یەکتر و یەکتر لەناو ببەن لە پێناو بەرژەوەندیی کەسی و لە قازانجی نەتەوە سەردەست و دوژمنەکانی گەلی کورددا، بەڵام ئەگەر یەکبگرن ئەوە هەموو جیهان دەکەوێتە ژێر دەستیان و ئەندێشەی بوون بە دەوڵەتیش فەراهەم دەبێت لە ئەنجامی یەکگرتندا کاتێک دەڵێت:

**کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن**

**پێکەوە پووش و ئاگر و نـەوتن**

**بێ ئەگەر دەستی یەکتری بگرن**

**وەک ئەسکەندەر جیهان هەمووی دەگرن( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٩٢)**

لە قوتابخانەی حاجیدا، ناسیۆنالیزم بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر بنچینەی بوونی ویست و ئارەزووی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پێکەوە ژیان دامەزراوە، تاکەکانیش بە ویستی خۆیان بە کۆمەڵگەوە پەیوەست دەبن، بەگوێرەی هێڵە گشتییەکانی ئەو قوتابخانەیە کۆمەڵگە بوون بە ناسنامەی زمان نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ویست و ئیرادەی نەتەوایەتی، تا دەگاتە

ئەوەی کە چارەسەری بۆ ئەو مەسەلە نەتەوایەتییە دەستنیشان دەکات و هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان و دەڵێت:

**گەر باعیسی ئەم دەپرسی کامە**

**شەرتێکە کە بۆ هەموو تەمــامە**

**ئەو شەرتە بە کوللی ئیتتیفاقــە (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ٢٠٠).**

ئەگەر سەیری ئەو قوتابخانەیەش بکەین دەبینین وەک سەرجەم قوتابخانەو بۆچوونەکانی تر باسی ناسیۆنالیزمی کردووە، کە داخوازیی ئەو کۆمەڵگەیە دێنێتە دی، کە لە ناویدا سەر هەڵدەدات و بەمەبەستی گەیشتن بە دروستبوونی دەوڵەت و دواتر بەدیهێنانی مافی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەژێر سایەی ئەو دەوڵەتە بە پێشەنگ دەزانن، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ناسیۆنالیزم کار بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس بەشێوەیەکی تایبەتی و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی دەکات بە ئامانجی سەرەکیی خۆشگوزەرانی.

حاجی پەنجەی خستووەتە سەر ئەو دەردانەی کە تووشی کۆمەڵگەی کوردی بووە، یەکنەگرتنی کورد دەردێکی کوشندەیە، خزمەتکاریی بێگانە تۆوی یەکگرتوویی لەناو دەبات، حاجی نموونە بۆ کورد دێنێتەوەو دەڵێت:

**مونقادی عەجەم، مـــــوطیعی ڕۆمن**

**مەحکومی خەڕات و حیزو دۆمـــــن**

**تەقسیری ئـــــەوان نیە ئـــەمـانە**

**هەرگیز بە تەعەججوبی مـــــەزانـە**

**ڕەسمێکی قەدیم دەوری گـەردوون**

**خەێمی نوجەبایە، هەمدەمـی دوون (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٩٦).**

هەستی نەتەوایەتی بە یەکێک لەو دیاردانە دادەنرێت هەر لە سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵ و هۆز و کۆمەڵگەکانەوە ئەو هەستەش لەگەڵێدا گەورە بووەو لە کارو کردەوەکانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگیداوەتەوەو هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ پاراستن و مانەوەی کۆمەڵگەکان و ناسنامەی تایبەتی خۆیان کە بەهۆیەوە دەناسرێنەوە.

ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەرجەم وڵاتانی دنیا ڕوویاندا، کۆمەڵگەی کوردی لێی بەدوور بوون، حاجی ئاماژە بەو سستییە دەکات و ئاواخوازە کۆمەڵگەی کوردیش لە ڕێگای ئەو گۆڕانکارییانەوە بە مافە ڕەواکانی نەتەوەیی خۆی بگات و دەڵێت:

**هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن**

**پامالّی زەمـــــــانە میسلی گەردن**

**هەرمانەوە بێ نــــەواو مەزڵووم**

**وەک بوومی خەرا بەزار مەشئوم (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٩٩).**

گەلی کوردیش بە درێژایی مێژوو لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە زوڵم ستەمی لێکراوە هەوڵی سڕینەوەو لەناوبردنی دراوە، بۆیە گەلی کورد هەمیشە خەباتی مانەوەی کردووە، حاجیش خەباتی چەکداری بە باشترین خەبات دادەنێت بۆ ڕزگار بوون لە نەتەوە سەردەستەکان و گەیشتن بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی، ئەویش دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییە کاتێک دەڵێت:

**کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازادو سەربەخۆبــوون**

**سوڵتانی موڵک و میللەت ساحیبی جـەیش و عیرفان**

**جۆشێک بدەن وەکو هەنگ تەگبیر بکەن بە بێ دەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن تۆپ و تفەنگ و هـــــاوان**

**پاڕانەوە تەوەککول لـــــــەم عەسرە پــارە ناکات**

**تیرە دوعای چەوشەن، پـــەیکانە حـــیرزی مەیدان( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٨٧)**

شۆرشی فەڕەنسی و لە نزیکەوە ناسینی حاجی بۆ بنەماڵەی بەدرخانییەکان و سەفەری ئەورووپا و کوردە ئاوارەکانی ئەوێ، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لای حاجی قادر هەبووە و پاشان بە ناو شاعیرانی تردا بڵاوبۆتەوە، حاجی داوای کردووە خەباتی قەلەمیش ببەسترێتەوە بە خەباتی چەکدارییەوە، چونکە ڕەمزی خوێندەواری و زانیاری و هونەرە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت حاجی درێژە پێدەری ڕێبازی ئەحمەدی خانییە، وەک پێشتر خانی باسی ( دەعوا خۆ دکر ب شیر و ئەزمان) دەکات و حاجیش لەم ڕووەوە دەڵێت:

**شیرو قەڵەم شەریکن لەم عەصرەدا درێغا**

**شیرم و قەڵەم تراشە و کالانییە قەڵەمدان ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٣٢)**

حاجی لەم دەقەدا هەستی غوربەت و بێ کەسی و نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ کە ڕۆڵەی نەتەوەکەی تێدا بە ئازادی بژێت وای لێدەکات هەستی ناسیۆنالیزمی خۆی بە شێوەێکی جوان دەردەبڕێت و دەڵێت:

**لە ڕۆما کەوتە بەرچـــاوم کەسێکی هائیم و حــــــەیران**

**لە هەیئەت تێی گەییم کوردە بەشێوەی ئەهلی کوردستان**

**چوومە خزمەتی پرسیم:برادەر خەڵکی کام جێگــــــای؟**

**لە کام لا هاتووی؟ گـــــریا،گوتی:بابان!گـــوتم بـــابان؟**

**دڵم داوە،گوتم:بــــاوکە هــــەموومان بێکەسین لێـــرە**

**چ قەوماوە،گەلی حەیفە، مــــــەگرییّ هەروەکوو بـــاران**

**گوتی بـــۆ غوربەت و ڕووتی نییە ئـــەفغان و هـاوارم**

**لە داخی حاکمی خۆمە، لـــە شان و شـەوکەتی تـورکان**

**گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندیی دەوڵـــەتان، ئـەمــما**

**جیهان نەیدیوە پەستی وا میسالی حــــاڵی کـوردستان )) (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٠٠).**

حاجی لە ئەنجامی ئەو زوڵم و ستەمەی نەتەوە سەردەستەکان لە گەلی کوردیان کردووە بە بەردەوامی داوای کردووە گەلی کورد بێ جیاوازی چینایەتی یەکبگرن و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان و دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆ بکەن وەک دەڵێت:

**ئەو شەرتە بە کـــــوللی ئیتتفـاقە**

**گەر مەرعەش و وان ە گەر عێراقە ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٩٩)**

**یان دەڵێت :**

**لەم بەینە ئیتتیفاقێ پەیدا بکەن بــــەمەردی**

**فەرقی نەبێ شوان و جوتیار و میر و گاوان ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٣٨)**

لە دوای ڕاڤەکردنی تێڕوانینەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین لە بونیادی مەعریفی دوو شاعیری خاوەن پرۆژەی نەتەوەیی و هەم ڕەخنەیی، هەڵگری یۆتۆبیایەکی دوورمەودایە کە فەزای بوونی تیایدا ڕەهاو کراوەیەو لە هەمان کاتیشدا جهیانبینی ئەوانە لە کۆی پرۆسەی ترس و بووندا.

ئەم جهیانبینیەی خانی - حاجی پەرچەکرداری مەعریفییە نەک سۆزی شیعری، بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە لە بنیاتنایانی دەوڵەتی نەتەوەی دا خۆی ببینێتەوە.

# بەشی سێیەم

# پاری چوارەم

## دەسەڵاتی نەتەوایەتی لە ئایدیای (خانی – حاجی) دا.

هۆکاری زۆری ئەو بۆچوونانە سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورددا دەگەرێتەوە بۆ بەردەوامی ژێردەستەیی کورد و نەبوونی کیانی سەربەخۆیی کوردی، ئەگەر کورد لە سەردەمێکی دیاری کراودا خاوەن قەوارەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بووایە، مێژوو و نووسینی پارێزراو بووایە، لەوانەیە بیتوانیایە زۆر بە ئاسانی سەردەمی سەرهەڵدان، یاخود مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی دیاری بکردایە، نووسەری تریش هەیە، کە ئاماژە بە رۆڵی میر بەدرخان دەکات سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لە نێو کورددا، لەو بارەیەوە بۆچوونی وایە، کە دەڵێت : ((میر بەدرخان یەکەمین کەسە کە مەوداو ڕەهەندی نەتەوەیی بنیات نابێت و وەکو باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە مێژوودا جێی خۆی گرتبێت )) (عارف ، ٢٠٠٦ ، ٦٣ )

سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەی سیاسی کورد دەگەڕێتەوە بۆ (( ڕۆژگاری داگیرکاری عوسمانییەکان دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی چاڵدیرانی ساڵی ١٥١٤ کە لێرەوە کوردستان بوو بە دوو پارچە))، بۆیە ئازارەکانی کورد لێرەوە دەست پێدەکات، کاریگەریی بەسەر هەموو چینەکانی میللەتەوە هەبووە،

ئەگەر تەماشای ئەدەبیاتی نەتەوایەتی گەلی کورد بکەین بێ گومان لەگەڵ ئەحمەدی خانی دا ناوی حاجی قادری کۆییش هاوشانی دێت، خانی و حاجی لەگەڵ ئەوەی کە دوو کارەکتەری ئەدەبی و هونەرین دوو کارەکتەرن خەمی قووڵی نەتەوەکەیان هەڵگرتووە دوو کارەکتەرن لە ناوەڕۆکی دەقەکانیاندا دەتوانین بناغەی سیاسەت و پێناسەکردنی خود و خۆ بە کەم نەزانین بەرامبەر بە نەتەوە دەسەڵاتدارەکان و زمانی نەتەوەیی و مێژووی نەتەوەیی کە لە ڕابردوودا تاکەکانی کۆمەڵگە خولقاندوویانە، هەموو ئەمانەش ئایدیای نەتەوەیی خانی و حاجیمان بۆ دەردەخات، یەکێکش لەو دیمەنانە کە خانی خۆی وێنەی دەکێشێ و دەستنیشانی دوژمنانی گەلی کوردی کردووە و فێڵبازی و حیلەکاری دوژمنانی خستووەتە ڕوو دەڵێت:

**ئەڤ قەلزەمێ رووم و بەحری تاجیک**

**هندی کو بکەن خروج و تـــــەحریک**

**کورمانج دبن ب خوونێ مـولەططەخ**

**وان ژێکڤە دکـــــەن مثالی بەرزەخ)) (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥٤)**

هەروەها خانی وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر لە ڕێگای مەم و زینەوە باس لە ئاڵای دەستەڵات دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر کاتێ دەسەڵاتێکی سیاسی بتوانێت بوونی خۆی لە چوارچێوەی سنوورێکی جوگرافیدا بسەپێنێ ئەو کات ئاڵای نەتەوەیی خۆی بەرز بکاتەوە، ئاڵایش لە ئایدیایی خانیدا ڕەنگیداوەتەوە و دەڵێت:

**سلطانێ ولایەتێ مـــــەحەببەت**

**سەر خەیلێ ئەیالەتێ مەوەددت**

**گاڤا کو ژ مەکمەنێ خولووصی**

**بنمیت ل تەختێ دل جولووسی**

**کەنگی د کەتن قەبوولێ ئەستار**

**حەتتا عەلەما خوە ناکەت ئظهار (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٢٣٧)**

خانی وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر هەمیشە خەمی نەتەوەکەی بووە، یەکێک لەو هەستانەی کە لە زۆربەی دەقەکانیدا جەختی لێ کردۆتەوە هەستی بڕوا بە خۆبوونە لای نەتەوەکەی، چونکە یەکێکە لە هۆکارەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان، هەر نەتەوەیەکیش بڕوای بە هێزی خۆڕسکی خۆی نەبێت و پشت بە هێزی دەرەکی ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی بەدڵنیایەوە شکست دەهێنێ، ئەمەش هەڵوێستی نەتەوەیی دەردەخات لە ئایدیایی خانیدا و دەڵێت:

**بێ عەمەل تو ژ کـــەس مەکە هیڤی عەتاو هیمـــەت**

**بێ غەرەز ناکێشیتن قەد کەس ژ بو کەس زحمــەت**

**کەس نەهن قەت هەلگرێ بارێ تە ئەو بێ ئوجرەت**

**گەر چی عیسابت کو وی فکرا کەرو بارێ خۆیـــە (بادی، ١٩٩٦، ٦٧)**

خانی لە دەقێکی تردا باسی هێز و دەسەڵاتی نەتەوەیی دەکات، ئاماژە بەوە دەکات گەلی کورد بەبێ هێز ناتوانێت ڕووبەڕووی دوژمنان بێتەوە، بۆ ئەمەش پیاوی بە غیرەت و ئازای دەوێت هاتووە باسی مەردێ شەجیع دەکات و دەڵێت:

**بێ کەرەم ناچیتە تیپا عودووان مەردێ شەجیع**

**تیغ و ئـــــاهێختە دبێ دەستێ تـــوانا چبکەت ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٢٣٣)**

خانی وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروە هەمیشە لە خەمی بەرەوپێشچوونی نەتەوەکەی بووە لە هەموو بوارەکاندا، ئەمەش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە بۆ نموونە لەم دەقەدا وەک

شارەزایەکی سەربازی هاتووە پلانی چۆنیەتی شەڕکردنمان بۆ دادەڕێژێ بۆ ئەوەی نەتەوەکەی سەربکەوێت بەرامبەر بە دوژمنانی، ئەمەش ئایدیالی نەتەوەیی خانی دەردەخات وەک دەڵێت:

**هەر بەر دەرەکی کوڕەک ل بـەر بت**

**خەصمانەئی قەنج سەر ب ســـەربت**

**میر ئەو ژ وە ڕا بکەیت تەعەصـوب**

**ڕابت ل مە ئەو بکەت تەغـەللـــوب**

**ئاشێ جـــەبـــەلێ وسا بــــگێڕن**

**تەشبیهی حەبان ســــەران بـــهێرن**

**بۆهتان بکرینە رەقص و گــــوڤەند**

**دا بێنە تەماشەئێ شـــەکـــەر خەند**

**گاڤا وەکوو دەست بدەینە حـــەربان**

**مەحبووب تەماشا کـن ل ضـەربان**

**هەر لـــەحظە ببێژن ئـــەو پـەریزاد**

**دەستێ د وە ئەی جوانێ مەریزاد (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٢٦٧- ٢٦٨)**

شاعیرانی کورد بەهۆی بینینی ئەو هەموو دەردو مەینەتییانەوە بە درێژایی مێژوو خۆشەویستی و سۆزی خۆیان بۆ نیشتمانەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بە شیعر دەربڕیوە، خۆشەویستی نیشتمان وای لە شاعیران کردووە شیعر بکەن بە چەکێکی کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەناو ناخی مرۆڤدا ئەرکی لە پێشینەی شاعیرانی کورد بووە، خانیش لەم دەقەدا ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو هەر کاتێک نەتەوەی کورد هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نابێت بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، ئەوە دوژمانی کورد هەوڵی لەناوبردن و تاڵانکردنی میللەتی کوردیان داوە و کوردستانیان خاپوور کردووە، لە ئەنجامیشدا سەدان و هەزاران گەنج و بە هەزاران زێڕو گەوهەریان لە ناوچوون و تاڵان کردن، هەروەها دڵی سەدان دایک و خوشکیان بریندارو

پارچە پارچە کردووە. بۆیە خانی دەڵێت گریان و فیغان دادی نییەو پێویستی بە خەبات و تێکۆشانە وەک دەڵێت:

**د تالانێ کو ســـەد سەر چوون**

**هزاران گەنج و گەوهەر چوون**

**دلێ صەد پارە کەر کەر چوون**

**توخانی بـــەسکە ئـــــەفغانێ ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٢٣٢)**

خانی هەڵوێستی جوامێرانەی کوردایەتی و نەتەوایەتی لە بۆتەی شیعرەکانیدا کردووە بە جەمسەری کوردایەتی و خۆڕزگارکردن لە بێگانە پەرستی و ملکەچی بۆ کەسانی تر، جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەلی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر گەلێکی زیندووەو حەزی لە زانست و مەعریفەیە و گەلێکی ئاشتیخوازە، خانی وەڵامی نەیارو دوژمنانی نەتەوەی کوردیش دەداتەوە کە تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ نەتەوەی کورد، کە گوایە گەلێکە جگە لە دوژمنداری و شەڕو خوێنڕشتن هیچی تریان لێ بەدی ناکرێت دەڵێت:

**هەم ئەهلی نەظەر نـەبێن کو کورمانج**

**عەشقێ نـــەکرن ژ بۆ خوە ئـامانج**

**تێکدا نە د طالیبن، نـــە مـەطـلووب**

**ڤێکرا نە موحیبن ئەو، نە مــەحبووب**

**بێ بەهرەیە ئــــەو ژ عــیشقبازی**

**فاریغ ژ حـــەقیقی و مــەجــــازی (هەژار، ١٩٨٩، ٢٤)**

هەروەها خانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ئەنجامی نەبوونی کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، وای کردووە ئەو ڕەوشە خراپە بەسەر کوردو کوردستاندا بێت، هەروەها دەڵێت ئەگەر گەلی کورد پاشایەکی هەبوایە ئەوا کورد وای بەسەر نەدەهات:

**غالب نەدبو ل سەر مـــە ئەڤ روم**

**نەدبونە خـــرابەیێ د دەست بـــوم**

**مەحکومێ عـــەلییە و صەعالـــیک**

**مەغلوب و موطیعێ تورک و تاجیک**

**ئەمما ژ ئـــەزەل خودێ و سا کـــر**

**ئەڤ روم و عـەجەم لسەر مە راکر**

**تەبەعییەتێ وان ئەگەرچی عــــارە**

**ئەو عارە ل خــــەلقێ نـــــامدارە ( هەژار ، ١٩٨٩، ٢١)**

خانی لە دەقێکی تردا بەبایەخەوە باسی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەی دەکات وەک هەموو نەتەوەکانی تری دونیا، ئەمەش لە بوونی سەرکردەو پادشایەک دەبینێتەوە کە خێر و چاکە و سوودی نەتەوەکەی بێت و لە دەست دوژمنان ئازاد و ڕزگاریان بێت و دەڵێت:

**گەر دێ وی نەظەر بدا مە جــارەک**

**ئکسیرێ تـــــەوەججوها موبارەک**

**ئەڤ قەول هـەمی دکرنە ئـــەشعار**

**ئەڤ پۆل هـــــەمی دبـــوونە دینار**

**ئەمما نـــــەظەرا وی زیــدە عامە**

**لەو خـــاص نەظەر ژ دل نەدا مە**

**ئەو رەحمەتی خاصصە بۆ عەوامێ**

**یا رەب تو بــدی وی هەر دەوامی  (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٦٢)**

لە لایەکی ترەوە خانی وەک کەسێکی رۆشنبیرو شاعیرێکی نبشتمانپەروەر زۆر باش ئاگاداری ئەوە بووە کە نەتەوەکەی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە وەک عەرەب و سەفەوی و عوسمانیەوە بەکاردەهێنرێن لەلایەک بۆ بەرژەوەندی و مەرامی تایبەتی ئەو نەتەوانە و لەلایەکی تر بۆ تواندنەوەی کورد لە نێو خۆیاندا، وەک دەڵێت:

**ئەڤ رووم و  عەجەم ب وان حەســارن**

**کـــــورمانج هـــــەمی ل چار کەنـارن**

**هەردوو تەرەفان قـــــەبیلێ کـورمانج**

**بــۆ تــــیرێ قەزا کرینە ئـــارمانـــج**

**گۆیـــا کـــو ل سەر حــەددان کـلیدان**

**هــەر تائیفە ســـەددەکن سەدیـــــــدن ( شاکەلی ، ٢٠١٩، ٨٦)**

هەروەها خانی وەک نیشتمانپەروەرێک دۆزی نەتەوەکەی و بێ ئاگای تاکی کورد لە ئاست ماف و ئازادی و وێڵ و سەرگەردانبوونیان بە دوای پارە و پوول و ماڵی دونیا وای لێ کردووە نیگەران بێت و ڕەخنەیان لێ بگرێت و دەڵێت:

**خاسما دڤی عەصری دا کو هەمیان**

**مەعشووق و حەبیب بوونە هەمیـان**

**یەعنی ژ طەمەع دراڤ و دینـــار**

**هەر یەک ژ مە را وە بوونە دلدار ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥٩)**

خانی لە مەم وزیندا بە ڕووکارێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی ڕەچاوی کردووەو ڕەنگدانەوەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا هەبووە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا داوای مەدەنیەت لە کۆمەڵانی خەڵک دەکات، تا بگەنە ئاستی میللەتانی ترو عەقیدەکەی بە هەند وەربگرن و بە نەخوێندەوارو لادێیی ناوزەدی نەکەن، ئەمەش ئایدیای نەتەوەیی خانییەو دەڵێت:

**مەئمول ئـــەوە ژ ئەهـــلێ ڕازان**

**ئەو دێ نـــەگرن ب من گە نازان**

**ئەز پیلەوەرم نە گـــەوهـــــەریمە**

**خود ڕەستەمە ئـەز نە پەروەریمە**

**کورمانجم و کـــوهی و کـــەناری**

**ڤان چەند خـــەبەرێد دکوردەواری**

**ئیمزا بـکرن ب حوسن و ئەلطاف**

**ئیێغا بکن ئەو ب ســـەمع ئینصاف**

**ئەصحابێ غەرەز و گـــوە بـدێرن**

**عەیبان ب کەرەم لـمن ڤەشێرن (ڕەسوڵ،٢٠٠٨، ٧٠-٧١)**

خانی بەلێهاتوویی خۆی درکی بە کاریگەریی بوونی بە بنەماکانی دەوڵەت کردووەو بە ئەزموون و شارەزایی خۆی، باس لە بوونی دەوڵەت یان میرنشینێکی ڕەسەن دەکات، هەروەها دەسەڵاتی سیاسی بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی هێنانەدی ئەو ئامانجانە دەزانێت، وەک لە زۆر دەقیدا ئاماژەی بۆ بوونی سەرکردەیەکی دڵسۆزو دادپەروەر دەکات، کە بتوانێت بەرگری لە مافی خەڵک و سنووری جوگرافیای کوردستان بکات و ببێتە پشتیوانی نەتەوەکەی بۆ ڕزگار بوون لە دەست زوڵم و داگیرکەریی بێگانە، بەواتای یەکگرتوویی و یەکێتی بە بنەمایەکی سەرەکیی ئایدیۆلۆژی ئەو ئامانجانە دەزانێت، ئەمەش ئایدیای نەتەوەیی خانی دەردەخات و دەڵێت:

**حاتەم ژ کـــەمال هممەتـــا وەی**

**توماری سەخاوەتا خوە کـــرتی**

**عەقل و هونەر سەخا ومـــەیدان**

**ظەبط و نەسەق و نظام ودیوان**

**دینداری و دەولـەت و دیـانەت**

**سەرداری و صەولەت و صیانەت)) (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٧٢)**

هەروەها خانی یەکنەگرتووی کورد بە هۆکاری جەوهەری نەگەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی دادەنێت، ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو دونیا گەڕاوە چوار کوردی پێکەوە کۆ نەکردۆتەوە، ئەمەش خانی نیگەران کردووەو لە ئایدیالی خانیدا هێز لە یەکگرتن و یەکبووندایە و دەڵێت:

**ئەز گەڕیـــام ل دنێ چـــار کنار**

**من چار کورد نە ئانین یەک دیار (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٢٣٤)**

مەسەلەی بوونی پادشاو دامەزراندنی دەوڵەتێک کە لایەنی ئاشکرای هەبێت، لای خانی تەنیا هەستێکی نەتەوەیی عاتیفی یا ئارەزووی دەسەڵاتی شەخسی و نەتەوەیی نییە، بەڵکو مەسەلەی ئەم قەوارەیە دەبەستێت بە ئاسۆیەکی فراوانی گەشەسەندنی ئابووری و زانستی و ئەدەبیی وڵاتەوە وەک دەڵێت:

**ڕابت ژ مەژی جیهان پەناهەک**

**پەیدا ببیت نمە پـــادشاهـەک**

**شبری هونەرا مـە بیتن دانین**

**قەدری قەڵەما مـە بیتە زانین**

**دەردی مـــە بینێت عـیلاجێ**

**عیلمی مـــە بینێت ڕەواجێ (ڕەسوڵ ،٢٠٠٨، ١١٢)**

خانی وەک ڕابەرو خەمخۆرێک بۆ کورد و نیشتیمانەکەی مەسەلەی نەتەوایەتی جوڵاندوویەتی و بووەتە باسێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانیدا، بووە بە داینەمۆیەکی گەشەی سەردەمی میرنشینی بۆتان، ئەم بەرهەمانەی زۆر تایبەتن بە دەربڕینی بیری نیشتیمانی و ڕزگاریی نەتەوەیی لە مەم و زینەکەیشدا لە زۆر شوێندا ئاماژەی بۆ کردووە ئەوەتا بانگەوازی یەکێتی و یەکگرتنی نەتەوەی کورد بڵاودەکاتەوە وەک هەڵوێست و ئایدیایەکی نەتەوەیی و دەڵێت:

**تە کمیل دکر مـــــــە دین و دەولەت**

**تەحسیل دکر مـــە عیلم و حیکمـەت**

**تەمیز دبوون ژ هەموو مـــة قـالات**

**مومتا ژ دبوون خودان کـــــــەمالات (سەعید ،٢٠١٥، ٣٣)**

خانی بانگەشەی شیعری بۆ باسکردنی هەوڵ و تەقەللای ئایدیای نەتەوەیی بوو(( بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەگات بە ئامانجێک کە هیچی نەهاتبێتە دی، لە بەر ئەوە پەنا دەباتە بەر ئەو لێکدانەوەیەو ئەوسا دەچێتەوە سەر جەبر:

**ئەمما ژ ئەزەل خـــودێ وەسا کـر**

**ئەڤ ڕۆم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر (ڕەسوڵ ، ٢٠٠٨، ١١١)**

لەو ڕوانگەیەوە، بزووتنەوەی شیعری یان شیعر بەرە بەرە قاڵب دەگرێت و لە ئەزموونە مرۆڤایەتییەکە دوور دەکەوێتەوەو لە بارگە شۆرشگێڕییەکەی نزیک دەبێتەوەو دژی هەر زوڵم و زۆرداری و ستەمێک دەوەستێتەوەو ڕۆژبەرۆژ زیاتر خۆی بە بناغە شۆڕشگێڕییەکەوە هەڵدەواسێت و خۆی دووبارە دەکاتەوەو لە کۆنە پارێزی دەردەچێت.

هەرچەندە خانی یاخی و شۆڕشگێڕ بوو، بەڵام باسی خراپی میللەتەکەی ناکات و ئەو میللەتەکەی بەهۆکاری سستی و سەرشۆڕی و پشتێن کردنەوەو لە خوێندا نقوم بوون نازانێت، بەڵکو وەک کوردێکی هۆشیاریی گەل باری میرەکانی کوردو پێکەوە نەڕۆیشتن (ئینقیاد) یان بەهۆی ڕاستەقینە دەزانێت و حاڵی ئەوان بە شەرمەزاری دەزانێت:

**تابیعەت وان ئەگەر چی عارە**

**ئەو عارە ل خەلق نامـــــدارە (ڕەسوڵ ، ٢٠٠٨، ١٠٨)**

سەبارەت بە ئایدیای نەتەوایەتی حاجی قادر ئەوە پرنسیپ و ناوەڕۆک و هەستە دەروونییەکانی لە چوارچێوەی قاڵب و ناوەڕۆکی جۆراوجۆر نیشان دەدات، ئەو بنەمایانەش لای نەگۆڕن و لە شیعرەکانیدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، ئەوانە هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستیی وڵاتە، کە هەر جارەو لە قاڵب و چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەردەکەوێت، جارێک لە قاڵبی سروشت و جارێکی تر تایبەتمەندیی سیاسی و مێژوویی پڕ شکۆی ڕابردووی سەرکردەو پاشاو نەتەوەکەیەتی، جارێکیش ڕەخنە لە هەموو ناتەواوییەکانی سەردەم و نەتەوەکەی دەگرێت، جاری واش هەیە لە زمانی نەتەوەیی دەردەکەوێت، واتا هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی وڵات وا لە حاجی دەکات هەر جارە بەرگێک بە باڵای شیعردا بدورێ و قاڵبێک دارێژێ، بەڵام لە هەموو دەقەکانیدا کرۆکێکی هاوبەش هەیە، ئەویش هەستی خۆشەویستی وڵاتەو هەستی نەتەوەییە بەرامبەر بە نەتەوەکەی.

واتە لەدەسەڵاتی نەتەوەیی حاجیدا ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت وەک شاعیرێکی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر لە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواریدا هەڵوێستی نەتەوەیی دەربڕیوە و وەک ڕێپیشاندەرەرێک بووە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، ئەمەش لە دەقەکانید ڕەنگیداوەتەوە، حاجی لە سەردەمی خۆیدا باسی دەردی پشت بەستن بە دوژمن دەکات، کە یەکێکە لەو

دەردانەی گەلی کوردی دووچاری بووەو بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی کورد زەرەرو زیانی زۆری لێ بکەن، حاجی دەڵێت نابێت هەرگیز کورد پشت بە دوژمن ببەستێت، چونکە دوژمن بە ڕواڵەت خۆی بە چاک و دڵسۆز نیشاندەدات، بەڵام لە ناخیدا هەر ناپاکەو هەوڵی لە ناوبردنت دەدات، کاتێک دەڵێت:

**ڕۆمی وەکو بەینی موون کەس پشتیان پێ نەبەستێ**

**کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران** ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٨٦)

حاجی وەکو کەسێکی ڕۆشنبیرو شاعیرێکی نەتەوەیی و پێشەنگی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی کورد، نەزانین و دواکەوتوویی و هەندێ نەریتی قێزەون لە لای نەتەوەی کورد بوونی هەیە. دەبنە هۆی دواکەوتوویی و ئاماژە بەوە دەکات هەموو ئەمانە لە قازانجی شێخ و ئاغاو دەرەبەگەکانە کە توێژێکی مشەخۆرو کەمی ناو کۆمەڵگەی کوردین و دەڵێت:

**حاجی کەسێکە بێ کەس**

**بۆ ئێوە قـــــوڕ دەپێوێ**

**گوێ لێ دەگرن زەریفە**

**ناگرن بەڵا لــە خـۆتـان ( دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١١٧)**

حاجی قادر لە هەڵوێستێکی نەتەوەییدا ئاماژە بەوە دەکات دەبێت نەتەوە هاودڵی و هەماهەنگ بێت و هیچ جیاوازییەک لە نێوان تاکەکانی نەتەوەدا نەبێت و هەموو کەسێک بە یەک ڕادە دەبێ خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بەرامبەر بە خاک و وڵات و چارەنووسی نەتەوەکەی، کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەزموونێکی باش و نەتەوەیەکی سەرکەوتوو بەدی بهێنین، ئەمەش ئایدیایی نەتەوەیی حاجی دەردەخات و دەڵێت:

**لە تەدبیری ئومووری موڵکی خۆیان**

**لەجۆشین و لە ئیشا مێشی هــەنگن**

**شەریکن پینەدۆز و شاە و گـاوان**

**بەمن چی کافرن یـــــانە فەرنـگن**

**لە هەر وەقتێ یەکێکی بێتە هــاوار**

**لە جووتیارو شوان و ئەهلی بازاڕ (دیوانی حاجی قادر،١٩٨٦، ٢٣١)**

هەروەها (د.خانزاد) ئاماژە بەوە دەکات((بە خوێندنەوەی شیعرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو ئەوەمان پێ دەڵێن، کە حاجی شاعێرێکی مولتەزیم بووە، شێعرەکانی دەچنە نێو ئەدەبێکی ملتزم کە دەرد و ئێش و ئازاری جەماوەری میللەت دەخاتە ڕوو و ڕێگا چارەسەری کۆتایی هێنان بەو ئێش و ئازارە دادەنێ و ڕێگای چۆنیەتی لابردنی کۆسپ و

تەگەرەکانی لەڕێی پێشکەوتن بەوەی کە ڕێنمایی خەڵک دەکات بەو شیعرە سووک و لەسەر دڵ شیرینانە)) (قادر،٢٠١٢، ٢٦٤)

حاجی وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر و شاعیرێکی دڵسۆز بۆ گەل وڵاتەکەی خۆی، دێتە دەنگ و ئاماژە بەوە دەکات لە گەلی کورددا کەسێک پەیدا نەبووە، لە هەواڵی میللەتانی دەوروبەر بپرسێت و بزانێت لەو وڵاتانە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانیان چی نووسراوە سەبارەت بە مێژوویان و ئاگادار بوون لە ڕووداوەکان، بەڵام حاجی ئاگاداری ئەو وڵاتانە بووە، کە ڕۆژانە بە هۆی چاپەمەنیەوە تێدا هەواڵ و ڕووداوەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاودەکەنەوە،بۆیە دەڵێت:

**کوڕێکی وا نـــــەبوو هەستێتە ســەرپێ**

**بزانێ خەڵکی چۆن کەوتوونەتە سەر ڕێ**

**بکا سەیری جــەریدە و حـــاڵی میللەت**

**کتێبی تازە و تـــــەئریخی دەوڵـــــەت**

**بزانێ تـــا چی قـــــەوماوە لــە ئەتراف**

**سەراپا ئـــــاگرە ئەتراف و ئـــــەکناف (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢١٣)**

حاجی لە هەڵوێستێکی نەتەوەیی تردا باسی ئازایەتی و پیاوەتی و سەخاوەتی نەتەوەی کورد دەکات، کە لە ڕووی ئازایەتیەوە تاکی کورد دەشوبهێنێ (بەڕۆستەمی زاڵ) و لە ڕووی پیاوەتی و ناندان و سەخاوەتەوە بە (حاتمی تەی) و لە ڕووی وەفا و عەهدیشەوە بە پێغەمبەر ئیسماعیل، ئەمەش هەڵوێستێکی نەتەوەییە حاجییە بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەربیبڕیوە، کاتێک دەڵێت:

**بەشەجاعەت هەموو وەکو ڕۆستەم**

**بەسەخاوەت هەموو وەکوو حــاتەم**

**لـــــە وەفا سموەئیل و ئیسماعــیل**

**عەهد و پەیمانیان چیایی قــــەندیل (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢١٢).**

حاجی قادر لە هەڵوێستێکی نەتەوەییدا وەک کەسێکی ڕۆشنبیرو هۆشیارو شاعیرێکی نەتەوەیی و بەرەنگاری باسی گەندەڵی و ڕووی دزێوی دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەکات و دەسەڵاتداران و پەیڕەوکەرانیان نیشان بە گەل و نەتەوە دەدات، حاکم بە ڕێگر و قازی بە دز و وەزیر بە گورگ و شێخ و پیڕەوکەرانیان بە ڕیخ و خەڵکیش بە مێگەل دەشۆبهێنێ وەک دەڵێت:

**حاکمی ڕێگای مەعموورەیە قـــازی دزی ڕۆژ**

**وزەراو و کەلای گورگن ڕەعییەت گـــــــەلەیە**

**سالیکی ڕیخە ئەگەر شێخە ئـــەگەر مێخە لەوێ**

**شێخە هەر کامێ نەدا تـــا دەمرێ هەر دەدەیە**

**زانی و شاریب لـــــــــۆتی دەگرن والی دەڵێ:**

**بەری دەن پارەیی خۆی دایە چی عەیبێکی هەیە (حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٤٦)**

هەروەها حاجی لە بارەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەی کوردەوە بە شێوەیەکی جوان و کوردانە هەڵوێست و ئایدیایی نەتەوایەتی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت :

**خـــــۆ دەزانی سولالەیی ئەکراد**

**لێرەوە بیکەی تا دەگاتە قـــوباد**

**هەموو عالیم،هەموو شێخ و میرن**

**زیرەک و ژیر وئەهلی ئـــەدبیرن (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ٢١١).**

بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا ئەگەر ئاوڕ لە شیعر بدەینەوە ئەومان بۆ ڕوون دەبێتەوە شیعر کەمترین کاریگەرییی نەماوە لە دروستکردنی و بزاوتنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری، وەک سەردەمانێک لە کاتی مەرگەساتی کورددا کاریگەرییی هەبوو لە هاندان و خۆبەخت کردن بۆ کورد، لەو ڕوانگەیەوە شیعری نەتەوەیی بریتییە لە دەربرینی سۆزو خۆشەویستی بۆ نیشتمان، بۆ نەتەوەو خاکی وڵات، بۆ ئینتیما، بۆ دەربرینی ئێش وئازاری میللەت لە چوارچێوەی زمانی شیعریدا.

حاجی قادر وەکو شاعیرێکی نەتەوەخواز بانگەوازێک بۆ ڕابەرانی کورد دەکات کە دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە کاتی خەم خواردنە بۆ نەتەوەو کار بکرێت بۆ دروستکردنی گیان و قەوارەیەکی نەتەوەیی، هەروەها حاجی بەهۆی شارەزابوونی لە دەوڵەتانی دەوروبەر وەکو ڕۆشنبیرێک نموونەیەک بۆ ژمارەی ئەو دەوڵەتە نوێیانە دێنێتەوە لەو سەردەمدا دروستبوون و دەڵێت:

**بە غەیری ڕوومی و ئینگلیز و ڕووسی**

**بێ حەددن دەوڵەتان ناویان بنـــووسی**

**لەجێی خۆیان هەڵستاون بــــــەغیرەت**

**لەدونیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵـــــەت**

**سەراپـــــا ساحێبی سککەو سوپاهن**

**وەکوو جەم ساحێبی تەخت و کولاهن (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٩٥)**

حاجی قادر لە دەقەکانیدا هەمیشە خەمی وڵات و نەتەوەکەیدابووە، سەرەڕای ئەوەی کۆنەپەرستان تەنگیان پێ هەڵچنیووە جێیان پێ لێژو ناچاریان کردووە وڵات بەجێبهێڵێ و دوور لە وڵات و لە ئاوارەییدا بژێت، بەڵام هەردەم خەمی نەتەوەکەی لەیاددا بوو، کاتێک باسی دەوڵەتانی دونیا دەکات و تەنیا کورد لە دەوڵەت بێبەشە ئەمانە وای لێ دەکات خەوو خواردنی لێ حەرام بێ هەر ئەوەتا لەبەر قووڵی ئازارو مەینەتیەکانی نەتەوە خۆی ناخنکێنێت کاتێک دەڵێت:

**قوڕی کوێ کەم بەسەرخۆما لەغوربەت**

**خەوم نایێ لەداخی مـــــوڵک و میللەت**

**ئەگەر وەکو من خەبەردار بن لەدەوڵەت**

**لەحـــــــەیفان خۆ دەخنکێنن بەبێ پەت    (دیوانی حاجی قادر" ١٩٨٦، ٢٣٠)**

حاجی لە هەر شیعرێکدا باسی هەر بابەتێک بکات و حەز و هەستی خۆی لە قاڵبێکدا دەرببڕێت ئامانجە سەرەکییەکەی لە ڕووی سیاسییەوە خۆشەویستی وڵات بووە، کاتێک کە باس دێتە سەر جوانی بەهار و سروشتە ئەفسووناوییەکانی کوردستان، ئەوەندە بە جوانی سروشتی کوردستان وێنە دەکێشێ، کە دەرخەری حەزی بێ سنووری ئەوە بۆ خۆشەویستی کوردستان بۆ نموونە کە دەڵێت:

**لەخـــــــەو هەستە زەمانێ بچینە ئـــــەولا**

**کوڕەی بەهاریە ئێستیکە شاخ و داخی وڵات**

**پڕە لەلالە و نەسرین و نــــەگسی شەهـــلا**

**لە گرمە گرمی سەحاب و لەهاژەیی بـاران**

**چیایە پڕ لە هــــەراو نوالە پڕ لـــەســـەدا  (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٣٨)**

حاجی قادر لە دەقێکی تردا داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکات چیتر وەک گەلێکی ژێردەستە نەژێن و خەبات بکەن بۆ گەیشتن بەمافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان، لەم دەقەدا حاجی خەم لە ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆیی گەلی کورد دەخوات وای دەبینێت شاعیران بە نووسین شۆڕشێکیان پەرپا کردووە، بەڵام تەنها بە نووسین، گەلی کورد ئامانجە ڕەواکانی فەراهەم نابێت، بەڵکو پێویستی بە پاڵپشتییەکی چەکدارییە ئەگەر شۆڕشی چەکداری پشتیوانی نەبێت قازانجی نابێت، بۆیە لەم دەقەدا ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکات، کە پاڵپشت و پشتیوانی یەک بن بۆ ئەوەی لە پاڵ شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەی هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد بەدی بهێنن، واتا حاجی وەکو شاعیرێکی نەتەوەخوازو نیشتمانپەروەر هەستی بەرامبەر بە گەل و وڵاتەکەی خۆی دەربڕیوەو دەڵێت:

**بەشیر و خامە دەوڵەت پایـــــەدارە**

**ئەمن خامەم هەیە شیر نـــــادیارە**

**نە بەیداغی هەیە نەتەپڵ و کورسی**

**ئەمەندەی پێکرا بێ چارەنــووسی**

**وەزیفەی خۆم بەجێ هێنا تەمامی**

**بەشیرو دەوڵەتە میللەت نیــزامی (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٥٥)**

یەکێک لە بنەماکانی ناسیۆنالیزم هەستی باوەڕبەخۆبوونی خودو بەرزکردنەوەی باوەڕ بەخۆبوونە، ئەگەرچی ئەم هەستە لەلایەن نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی گەلی کوردەوە بەدرێژایی مێژوو لای کورد نەهێڵراوەو کەم کراوەتەوە، بەڵام حاجی زۆر شارەزایانە هاتووە بە پووچەڵکردنەوەی ئەفسانە و بەیت و باڵۆرەکانی نەتەوە سەر دەستەکان، بەجۆرێک خۆی و کەسایەتی و کارەکتەرەکانی نەتەوەکەی نیشان دەدا، کە هیچی لە ئەوانی تر کەمتر نییە، ئەگەرچی ئەوان حافز و کەلیمیان هەیە ئەوە نەتەوەی کورد دەیانی وەک ئەوانەی ئەوی هەیە لە نموونەی نالی و حاجی و مەحوی و سالم ئەگەر لەوان زیاتر نەبن کەمترت نین، وەک دەڵێت:

**نالی و خاکی بەبە، "حاجی" و کۆیە بە مەسەل**

**عەینهی "حافیز" و شیرازە، "کەلیم" و هەمـەدان (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٩٣)**

زمان یەکێکە لە بنچینەکانی نەتەوەو ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوازی حاجی وەک شاعیرێکی کوردپەروەر یەکێک لەو دیاردانەی کە نیگەرانی کردووە ئەوە بووە شاعیران و نووسەرانی کورد لەو سەردەمەدا لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیات و بەرهەمی فارسی و عەرەبی زۆر وشەیان لەو زمانانە وەرگرتووە حاجیش لە هەڵوێستێکی نەتەوەییدا ئەم دیاردەیەی ڕەتکردووەتەوە لە ڕێگای بەرهەمەکانیەوە هەوڵی پاکردنەوەی زمانی کوردی داوە ئەویش ئەوەیە کە بە کوردییەکی ڕەوان و دوور لە زمانی بێگانە شیعر بنووسێت کاتێک دەڵێت:

**بەڵام ئەفکاری خۆمە نەزمی کوردی**

**لەخومخانەی خەیاڵی ساف و وردی**

**عیباراتی "دەری" و "تازی"م نــەهێنا**

**دەزانێ ماڵی خۆمە" مەردی دانـــا (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٤٠)**

شیعر، ئامڕازێکە بۆ خزمەتی بیروباوەڕ، واتا شیعر ئامرازو شێوازێکی کۆی ئەرکی کۆمەڵە، نەوەک تەنها کەسی بێت، بێگومان ئەوەش بە زیانی شیعرییەت دەشکێتەوە، لەو

حاڵەتەشدا، شیعر کار بۆ پاراستنی ئەو بەها ناکۆکانە دەکات، کە لەگەڵ ئەزموونە سیاسیەکەدا،

هەر دەقێکی شیعری لەگەڵ شیعرییەتی خۆیدا، مانای تازەو ڕەهەندی نوێی پێ دەبەخشێت، سیستەمێکی تازەی پڕ بەهای دەداتێ، کە مانایەکی تازە و هاوچەرخ بە خۆشەویستی خاک و شتە گشتیەکانی ژیان ببەخشێت.

واتا شیعری نەتەوایەتی ((هەستێکی مرۆڤانەیە، بەڵام لایەنگرانی ئەزموونی سیاسیی ئایدۆلۆجی ئەگەر دەرفەتیکی تازەی گوزارشتی شیعری بدەن، زۆربەی هەرە زۆری شیعرە نەتەوایەتییەکان لەدەقیکی داخراودا، واتا لەچوارچێوەیەکی فیکری پێشوەختە ئامادە کراودا بەرجەستە دەبێت )). (عارف ،٢٠١٠،٢٤).

## بەشی سێیەم

## پاری پێنجەم

## خەونی نەتەوە لە پرۆسەی شیعری خانی تاکو ئەندیشەی حاجی.

پێکهێنانی دەوڵەت و یەکخستنەوەی خاکەکەی، خەون و ئەرکێکی نەتەوەییە و کاری ئەندامانی کۆمەڵگە و شاعیرانە، بەڵام شاعیر بەشێوەیەک نەتەوەو نیشتمان، یا کەلتورو زمان و دابونەریتی تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەکات و پیایاندا هەڵدەدات، بە شێوەیەک کە هەست بەزیدەڕۆیی دەکرێت.

بابەتی شانازی بە نەتەوەو نیشتمان، دەکرێت کەسایەتی و سەرکردەی نەتەوەیی بێت، یا نیشتمان و شوێنێکی جوگرافیایی دیاریکراوو تایبەت بێت، بۆیە کاتێک شاعیر بۆ هەر یەکێک شیعر دەڵێت لە قەبارەی راستی خۆی زیاتر گەورەی دەکات و بایەخی زیاتری پێ دەدا .

بابەتی شانازی و نەتەوایەتی لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانیدا (( دژایەتی کردنی زوڵم و زۆرداری و جەنگ کردن لە پێناوی حەقە، کە مەسەلەی کوردیش یەکێکە لە مەسەلە ڕەواکان و حەقە دەیچوێنێ بە جیهاد کردن، واتا ئەو جەنگەی کە لە پێناوی ڕاستیدا دەکرێ پیرۆزەو هەر کەسێکیش کە لە پێناویدا سەربنێتەوە ( شهید ) ە ، ئەمەش خەونی نەتەوەیی هەموو تاکێکە بە گشتی و خانی بە تایبەتی وەک لەم دەقەش ئاماژەی پێ دەکات دەڵێت:

**یا دێ ب کوتەک مەمێ خوە بەردین**

**یا جوملە ب مەردی سەر ب دەردین**

**گەر وی ب ڤێ ڕەنگی مەم ڕەها کر**

**دەردێ د دلێ مە وی دەواکــــــر**

**وەرمایی مـــو سیر ل سەر عینادێ**

**ئـــــم دێ بکرین وەرەنگ جیهادێ (عبید ، ٢٠١٤ ، ٨٦)**

هەروەها خەونی نەتەوەیی خانی لەوەدایە، کە باسی دەوڵەت دەکات دوو بۆچونی ناکۆک پێشکەش دەکات، جارێک ویستی خودییە، کە گەلانی دی باڵا دەست کردووەو کوردی بێبەش و ماف خوراو کردووە، وێنەی ئاوەژو و پێچەوانە کە ویستی یەکگرتن و یەکگرتنەوەیە لەناو گەلێکدا نادیارو بزرو شاراوەیە، بەڵام ئەگەر ویستی یەکگرتنەوە لە دایک بێت ئەوا دەوڵەت مسۆگەرە و گەل بە مافی خۆی دەگات، لەو ڕوانگەیەوە خانی مەینەتی کورد لە نەبوونی دەوڵەتدا دەبینێتەوەو دەڵێت :

**لەو پێکڤە هەمیشە بێ تـــفاقـن**

**دائیم ب تەمە روود و شیقاقن**

**گەردی هەبوایە مـە ئیـتفاقـەک**

**ڤێکرا بـــــکرا مـە ئیتیفاقەک (ڕەسوڵ ،٢٠٠٨، ٥٤)**

هەندێک فاکتەری دروست هەن کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پێکهێنان و ڕەخساندنی بارێکی گونجاو بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوەش لە شیعرەکانی خانی و حاجی دا ڕەنگیان داوەتەوەو دۆزی کورد دۆزێکی نەتەوەییەو مێژووی نەتەوەکەش بە درێژایی مێژووی خەڵتانی خوێنە، خانی پرسی بڕوا بە خۆبوون بە ڕەگەزێکی گرنگی گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی دادەنێت، لەم دەقەدا خەونی خانی ئەوەیە کە ڕۆڵەی نەتەوەکەی چی تر تەمەنی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن، چونکە لەم سەردەمەدا ئەگەر خۆت خەمی خۆت نەخۆی ئەوە کەس لە خەمی تۆدا نییە وەک دەڵێت:

**هوشیار بی دا نەکەی عومرێ خوە بێ حاسڵ تەلەف**

**لەو کو نادەت فایدە مال و گەنج و ئەولاد و خەلەف**

**ماجەرایا خزر و دیوارێ یـــــــەتیمی بوو سەلەف**

**ڤی زەمانی هەر کەسەک میعمارێ دیوارێ خــوەیە ( دۆسکی، ٢٠٠٥، ٦٥)**

خانی ئاماژە بە گرنگی کات دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ لە پێناو مافە ڕەواکانی خۆی هەوڵ و خەبات بکات بۆ بەدەستهێنانی، لەم دەقەدا خانی ئاگاداری نەتەوەی کورد دەکاتەوە، کە کاتی خۆیان بە فیڕۆ مەدەن بۆ گەیشت بە مافەکانی خۆیان و خەونی نەتەوەیی خانیش دەردەخات وەک دەڵێت:

**خانیا ضایع مەکە وەقتێ خوە ئەی نادان عـــــەبــەسی**

**بێ تەڵەب نابی ژ وەسلێ بەهرەمەند ئـــەی بولهەوەس**

**صانعێ موطلـــلـــــــەق نینن ئیحتیاجەک وی بــکەس**

**لوتف و ئیحساناوی ژی دەرحــەق تەلەبکاریی خوەیە (بادی، ١٩٩٦، ٤٩)**

خانی وەکو ڕابەرو خەمخۆرێک بۆ کورد، خەون و مەسەلەی نەتەوایەتی جوڵاندوویەتی و بووەتە باسێکی سەرەکی لە شیعرەکانیدا، نەتەوایەتی لای بووە بە میکانیزمی گەشەی سەردەمی میرنشینی بۆتان، ئەو بەرهەمانەی زۆربەیان تایبەتن بە دەربڕینی بیری نیشتیمانی و ڕزگاریی نەتەوایەیی، خانی لە مەم وزینەکەیداو لە زۆر شوێندا ئاماژەی بۆ نەتەوەکەی کردووە، لەم دەقەدا وەک ڕێپێشاندەرێک بۆ میر و سەرکردەکانی کورد دەردەکەوێت و دەڵێت:

**میرێد ب دەولـــــــــەت و فــراسـەت**

**صاحب شەفەقەت خـــــودان سیاسەت**

**ئەو هەر کــــــەسەکی خودان نـــاکەن**

**حـــــــەتا وەکو ئیمتحان نـــــــەکەن ( دۆسکی،٢٠٠٥، ٢٨٠)**

خانی هەمیشە خەونی ئەوە بووە نەتەوەکەشی وەک هەموو نەتەوەکانی جیهان خاوەنی بەرهەم و ئەدەبیاتی باش و دانسقە بن، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە ڕۆڵەو خوێنەرانی نەتەوەکەی دەکات بە ڕێزەوە تەماشای بەرهەماکانی بکەن، چونکە هەوڵێکی زۆری لەگەڵ داوە، لەم بارەو لە میانەی مەم و زیندا، پەیامێکی پڕ سوودی نەتەوایەتی پێشکەش بە نەتەوەکەی دەکات و دەڵێت:

**ئەڤ نامە ئەگەر خراپ ئەگەر قەنج**

**کێشایە دەل وێ مە دووسەد ڕەنج**

**نوبارەیـــــــە گفلە نـــــــــەوڕەسیدە**

**هــــەرچەند نــــەهن قەوی گوزیدە**

**لێ من ژ ڕەزان نـــــەکر تمتـــــــع**

**مانەندێ دزان ب کـــــــەس تتبـع (ڕەسوڵ، ٢٠٠٨، ٦٧-٦٨)**

هەر سەبارەت بە زانست و خوێندەواری خانی هەمیشە خەونی ئەوە بووە میللەتی کوردیش وەک هەموو میللەتانی دونیا بە دوای زانست و زانینەوە بن بۆ پێشکەوتنی وڵات و نەتەوەکەیان، بەڵام لەم دەقەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات میللەتەکەی نەزان و نەخوێندەوارن و ئامادەش نین یەک پوول بە زانست بدەن و دەڵێت:

**گەر عیلمی تەمام بـــدی ب پۆلەک**

**بفرۆشی تو حــکمەتی ب سولەک**

**کەس ناکەتە مەیتەری خوە جامی**

**رانـــاگرتن کــەســەک نــظـامی (دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥٩)**

هەر لە بارەی خانیەوە (م. ب . ڕودێنکۆ) دەڵێت: ((بێجگە لە بەهرەی شیعری، سروشت بەهرەیەکی تریشی بە ئەحمەدی خانی بەخشیوە، ئەویش خۆشەویستی گەل و وڵاتەکەی و هەموو خەڵک ئاگری ئازاری ژێردەستەیی گەلەکەی و خوێن ڕژانی وڵاتەکەی هەرگیز لە دڵی ئەودا خامۆش نەدەبوو، هەردەم بەو دەردەوە دەتلایەوە کە گەلانی تر شانازی بە شاعیرەکانیان وە دەکەن تەنها کورد نەبێت)) (محەمەد، ٢٠٢٠، ١٢٦) خانی لەم دەقەیدا خەونی

ئەوە بووە گەلی کوردش وەک نەتەوەکانی تر شانازی و بە گرنگیەوە لە شاعیران و کتێب و خوێندەواری بڕوانن کاتێک دەڵێت:

**ئـەنواعی میللەل خودان کتێبن**

**کورمانج تـــەنێ دبێ حسێبن!!** **(خەزنەدار،٢٠٠١، ٥٥)**

هەروەها ئامانج و خەونی خانی ئەوە بووە ڕۆڵەی نەتەوەکەی ببنە کەسی کیمیاگەر بۆ بەرهەمهێنانی زێڕ و کانزا، بەڵام نائومێدە لەوەی کارەکتەری وا لە نەتەوەکەی دروست نەبووە بگرە ئەو زەمانە پێچەوانەی خەونی خانی بووە لە سەر پارە و پول بووە بە جەنگ وەک دەڵێت :

**وەقتی کو مە دی زەمانە ئەڤ رەنـگ**

**(فی الجملە) ل سەر دراڤی بوو جەنگ**

**حـــەز کـــر مـــە ببینـــە کیمیاگەر**

**گـــاڤا کو مە دی نەبوو مویەسسەر** **(دۆسکی، ٢٠٠٥، ٥٩)**

سەبارەت بە هەڵوێست و خەونە نەتەوایەتییەکانی حاجی قادریش هەمیشە هاندان بووە بۆ خۆفێرکردن و نووسین بە زمانی دایک، واتە دیاریکردنی ناسنامەی سەربەخۆیی نەتەوەی کوردە، ئەمەش ئەوە نەبێ ئەم هەڵوێستەی بێ پێشینە وەرگرتبێ، بەڵکو تێکەڵاوبوونی حاجی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان وای کردووە هەستی نەتەوایەتی لادروست بێت و لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە وەک دەڵێت

**ئەمە هەر کوردە لایقی تـــــەحســـــین**

**بێ کتێب و مووتەعەللیم و نـووســـــین**

**کـــــــــام منداڵ و شێتی لێ بـــگرێ**

**هەر کە بیستی بـەجارێ دێتە بـــــەری**

**ئێستا مەعلوومی بوو هەموو مـیللـــەت**

**ئەی مەلا دەرس و موفتیی و ئـوممەت**

**ئێمــە بێ غیرەتین و بــــێ عــــارین**

**ئەوەی نەیــخوێندووە لەمە عــــارین**

**قەیدوتەزبیب و شــەرح و حــاشیەکان**

**بوونە سـەددی مــەعاریفی کــوردان** **(دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٩٢)**

خەونی نەتەوەیی حاجی بۆ بە کوردی نووسین یەکێکی ترە لەو هەڵوێستە نەتەوایەتییانەی هەمیشە هانی شاعیران و نووسەرانی نەتەوەکەی داوە بە کوردی بنووسن، ئەمەش لە ئەنجامی خۆشەویستییە بۆ زمانی کوردی و نووسین بە زمانی کوردی، حاجی دێت ستایشی ئەوانە دەکات کە بە زمانی کوردی دەنووسن تەنانەت ستایشی ئەوانەش دەکات کە خۆشی ناوێن سەد ئیبنو یەمین دەکاتە قوربانیان، کە یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی فارسی وەک دەڵێت:

**شیعریان جوانە بەس نییە کــوردن**

**گەرچی بـــــەد ناون گەلێ وردن**

**بەفیدایان دەکەم سەد" ئیبنو یەمین"**

**چونکە دەربەستی غیرەتی کوردن (دیوانی حاجی قادر، ٢١٩)**

ئەگەرچی نازانرێت کورد لە ڕووی مێژووییەوە لە کەیەوە ئەم هەستەیان لا دروست بووەو کەوتوونەتە سەر بیری ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئیمبراتۆریەتی کوردی سەربەخۆ لە شێوەی میرنشیندا هەر لە کۆنەوە هەبووە و هەر یەکێکیش لەم میرنشینانە نەتەوەی کوردی لە دەوری خۆیدا کۆکردۆتەوە، بەڵام (( لە کوردستاندا بۆ یەکەم جار هەوڵدرابێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی گشتگیر یان کوردستانێکی یەکگرتوو، ئەوە بە تەواوی نازانرێت و نادیارە)).(نەبەز،٢٠٠٢ ، ٢٦)

بۆیە خەونی نەتەوەیی حاجی هەستکردنە بە نەبوونی دەوڵەتی کوردی، لە کاتێکدا کە کەم خوێندەواری وەک ئەو بیریان لە مەسەلەی لەو شێوەیە دەکردەوە، هۆکارەکانیشی بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١-ئاگاداربوونی حاجی لە مێژووی پڕ شکۆی کوردو بەراورد کردنی لەگەڵ پەستی و دواکەوتنی سەردەمی خۆی و هەوڵدانی بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ڕابردووە سەرکەشە، وەکو ئاماژەیەک بۆ سەلاحەددین و نوورەددین و ئەردەشێرو قوبادو میرە کوردەکانی میرنشینەکان، کاتێک کە دەڵێت:

**ئەمانە پاکیان کوردن بوون نیهایەت**

**لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی)) (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٤٦).**

٢- خوێندنەوەی بەرهەم و ئەدەبی کوردی و شارەزابوونی لە بیرو بۆچوونی زاناو شاعیرانی کورد، بەتایبەتی ئاگاداربوونی لە بیرە نەتەوەییەکانی شاعیرانی سەدەی حەڤدەم، بەتایبەتی خانی کە ژێردەستەیی کوردی ڕەتکردۆتەوە.

٣- ئاگاداربوونی حاجی لە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی ئەو سەردەمەی شاری کۆیە ( کە ڕەمزی هەموو کوردستان بوو لای حاجی ) .

لەڕووی سیاسیشەوە حاجی کوردستانی بە دابەشکراوی دیوە لەنێوان عوسمانی و سەفەویدا، بۆیە دەڵێت:

**قوڕیان بە هـــەموو وڵاتەوەدا**

**تا موڵک و ڕەعییە پاکی فەوتا (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ٣٠٠).**

هۆکارێکی تریش نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێز کە دەسەڵاتی تر لە ژێر باڵی خۆیدا کۆبکاتەوەو بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بۆ دەسەڵاتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دوژمنان هێرش بکەنە سەر کوردستان و دەست بکەن بەتاڵانکردنیان و دەست نووسێکی زۆری مێژوویی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بسووتێنن.

بۆیە حاجی بۆ ئەوەی خەونی نەتەوەیی بەدیبهێت و ناحەقەکانی نەتەوە سەردەستەکان دژ بەنەتەوەی کورد بەردەوام نەبێت، وایکردووە بیر لە ڕاپەڕین و جووڵەی سەربازی و چەکداری سەرتاسەری دژ بە دوژمنانی کورد بکاتەوە، کە ئەوانیش عوسمانی و ئێران نین، چونکە ئاماژە بەوە دەکات ئەم سەردەمە سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینە هەر نەتەوەیەکیش هیممەت بکات و داوای مافی ڕەوای خۆی بکات ئەوە دەگات بە ئامانجە ڕەواکانی خۆی وەک دەڵێت:

**ئیستەکێ ئەییامە کە هەر میللەتێ هیممەت بـــکا**

**مووری بێ مایە لەسەر تەختی سولەیمان دادەنێ (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٨٣)**

خەونی نەتەوەیی و هەڵوێستێکی تری حاجی قادری سەرباری ئەوەی بانگەشەی شۆڕش و خەباتی چەکداری دەکات، بەڵام ڕەخنە لە سەرکردە کوردەکان دەگرێت، کە نەیانتوانیوە هەوڵ و کۆشش و خەبات بکەن لە پێناو بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا لەگەڵ ئەویشدا ستایشی سەرکردە جیهانییەکان دەکەن، کە توانیویانە گەلەکەی خۆیان سەربخەن و سەربەخۆیی نەتەوەیی ڕابگەیەنن و شایستەی ڕێز وستایشن لە نێو گەلانی خۆیاندا و دەڵێت:

**ئەوانەی موڵکی خۆیان کـــــــردە دەوڵەت**

**وەک بت دەتپەرستن جـــــــەمعی میللەت**

**میسالی ئێوەبوون یـــــــاخود وەکو من**

**ئـــــــــەوان بۆچی پیاون، ئێمە وەک ژن**

**ئەسکەندەر بۆچی چارچاو و دووسەربوو**

**فەرەیدون فیل و کـــــاوە شێری نەڕبوو**

**لەدونیا هـــــــــەرکەس هەستا بەهیمەت**

**فەرەیدونێکە ئـــــــــەسکەندەر مرووەت (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٥٦-٢٦٧)**

حاجی شیعرە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی لە سەر هەمان (( ڕێچکەو ڕێبازی خانی ڕۆیشتووە، بووە بە درێژەپێدەری ئەو ڕێبازە لە سەردەمی خۆی و تەنانەت دوای خۆشی ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی بینی لە پێشخستن و گەشەی بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی)) (سەعید، ٢٠١٥ ، ٣٣ )

دەکرێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە لە دوای خانی، حاجی قادر بە سومبولی شیعری نەتەوەیی هەژمار دەکرێت، خەونە نەتەوەییەکان لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، یەکێک لەو خەونانەی حاجی هەمیشە داوای ڕێککەوتن دەکات و وەک پزیشکێک پەنجە لەسەر برینە کوشندەکانی میللەتەکەی دادەنێت ودەڵێت :

**تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد**

**هەروا دەبنە خەراپە ئـــابـــاد (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦ ، ١٧٧).**

حاجی بەم هەستە بەرزەی شیعری نەتەوەیی دەگەیاندە لوتکەو هەندێکجار ئەحمەدی خانیی تێدەپەڕاند، چونکە ((لە ڕێگای ئەحمەدی خانی لایدا بەوەی کە ڕێگە چارەسەری بۆ گرفت و کێشەکانی ئەو کاتەی دۆزی کورد زیادکرد )) (ئیلنصافی ،٢٠١٥ ، ٤٦)

یەکێک لە خەونە نەتەوەییەکانی حاجی قادری بەهێزی نەتەوەی کوردبووە، ئەوەی نیگەرانی کردووە ناکۆکی و دووبەرەکی نەتەوەی کورددا لەنێو یەکتر، ئەمەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی کورد بەهێز دەرنەکەوێت و نەتوانن ئەمیرێکی بەهێز دەسنیشان بکەن، چونکە کورد لە نێوان عوسمانی و سەفەویدا دابەش بووە، بەمەش نەتوانێت ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی بەدیبهێنێت کاتێک دەڵێت:

**لەقۆم پادشاوە تـــا ئیستا ئـــــەمیرێک**

**لەکوێ پەیدا نەبوو یاخـــــود وەزیرێک**

**لەبەر بێ ئیتیحادی بـــوونە مسکـــــین**

**لەئاخیردا وەکـــــو زانیومە هـــــاڵدێن**

**لەمابەینی کڵاو سوور و کـــڵاو ڕەش**

**پەرێشان و دیاری میسلی گـای ڕەش**

**لەبەر ئەم نـا تەبایی و کینە جــۆیی**

**لەلای ڕۆمی زەلیلی مـــەردی کۆیی (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢١٢)**

تاکی کورد بە گشتی و شاعیرانی کورد بە تایبەتی هەستی کوردانەیان هەبووە، چونکە زۆر لە مێژە گەلی کورد ژێر دەستی چەپۆکی داگیرکەران بووە، جەورو ستەمێکی زۆری لێکراوە، تا ڕادەیەک توانیویانە هزری نەتەوەیی و ئاشتیی و هۆشیاریی خەڵک بەرزبکاتەوەو هەستی نەتەوەیی بە هاونیشتمانیان بگەیەنن و بێدەنگ نەبن(( لە ئاست ڕووداوەکان و فێری چۆک دانواندن نەبن لە خەمی خەڵک و خاک و ئاو و دار و دەونی میللەتەکەیان دابن، تاکو دوژمنی تەماحکار و خوێن ڕێژ نەتوانێ پێ بنێتە خاکەکەمان، شیعری کوردی لە ڕووی بابەتی نەتەوەییەوە هەژارنیە پێشی زۆربەی زۆربەی نەتەوەکانی تر کەوتووین لە وتنی شیعری نەتەوەیی))(یونس ، ٢٠١٧، ٣٤)

حاجی لە هۆنراوەیەکی تردا ڕەخنە لە نەتەوەکەی خۆی دەگرێت وەک ڕۆشنبیرێک و شاعیرێکی نەتەوەیی، چونکە ئەوەی حاجی هەستی پێ دەکات نە سەرکردەکان و نە ڕۆڵەی نەتەوەکەی هەستی پێ دەکات، حاجی ڕەخنەی لە نەتەوەکەی ئەوەیە هەمیشە کاریان خزمەتکردنی گەلانی ترەو لە ناو خۆیانیشدا دووبەرەکی و شەڕانگێز و بێ سەروبەرەن، ئەمەش خەونی نەتەوەیی بەدی ناهێنێت و دەڵێت:

**ڕۆژی ئەووەل لە بەندەو ئازاد**

**خدمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد**

**لێگەڕێ قەومی تۆ هەموو مارن**

**دز و حیز و پیاوکوژ و هارن (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ١٩٥)**

شیعر بە هیچ جۆرێک دابڕانی نییە لە کاریگەرییەکانی لە سەر تاکی کۆمەڵ، چونکە(( زادەی سەرهەڵدانی زهنی ئینسانە لە چوارچێوەی سروشتدا، واتە شاعیر حاڵەتێکی لێدێ کە لە ئەنجامی ئەو حاڵەتەدا جۆرە پەیوەندییەکی زهنی لە نێوان شاعیر و شتەکانی دەوروبەریدا پەیدا دەبێ )) (عارف ، ٢٠٠٨ ، ١)

نەتەوەیەک لە کاروانسەرای شەڕی ئیمپراتۆریەت و داگیرکەراندا بوویێت و ئەوا هەردەم چەوساوە و ستەم دیدە بووە و هەوڵی داوە بەرگری لە خۆی بکات و خۆی لەگەڵ سروشتی بێ بەزەیی داگیرکەراندا ڕابهێنێ و هەرچەندە نەتەوەی کورد لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە نەتوانراوە لەناوببرێت، هەروەها زمانەکەشی)) (مستەفا، ٢٠١٥ ،٤٧)

حاجی خەونی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمان، بوونی ئاڵایەکە بۆ نەتەوەی کورد کە وای لێ دەکات لە خوای گەورە بپاڕێتەوە، کە نەتەوەی کوردیش وەکو هەموو ئەو وڵات و نەتەوانە ئاڵای تایبەت بەخۆیان هەبێ، چونکە ئاڵا ڕەمزی سەربەخۆیی و دەوڵەتەو دەڵێت:

**بڵێم ئـــــــەی ڕازقی مێشوولەو فیل**

**بەحەققی جوبرائیل و هـــــەم سرافیل**

**هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لە دەوران**

**لە مابەینی "کە کۆن" و "هەیبە سوڵتان  (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٤٦)**

لەهەڵوێسێکی نەتەوەیەتیدا حاجی خۆشەویستی خۆی بۆ نەتەوەو وڵاتەکەی دەردەبڕێت لەم بارەیەوە کورد بە کرمی ئاوریشم و مێش هەنگوین دادەنێ، کە یەکەمیان بە ژیانی خۆی ئاورێشم بەرهەم دێنێ و دووەم هەنگوین، کەچی نەتەوە سەردەستەکان و بەتایبەتیش ڕۆم وعەجەم دەستیان بەسەر هەموو خاکی کوردستان و بەربوومەکەیدا گرتووە یەکێ هەنگوینەکە دەکاتە کاسەو و دەیخواو ئەوی تری ئاورێشمەکەی دەکاتە کەواو دەیپۆشێ، وەک دەڵێت:

**حاصیڵی ئێمە وەکو دەکەم تەخمین**

**کرمی ئاورێشمین و مێش هەنگوین**

**ئەمە دەیکاتە کـــــــاسە دەینۆشێ**

**ئەو کەوای لێ دەکـات و دەیپۆشێ (دیوانی حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٢٧)**

حاجی هەستی ناسیۆنالیزم بایەخێکی زۆری پێداوەو لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، شاعیر هەمیشە لە خەمی خاک و وڵاتی خۆیدا بووە، ویستوویەتی لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە ئازارو بارودۆخی میللەتەکەی بگەیەنێت، بۆیە حاجی بە بیری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستی دادەنرێت، چونکە شاعیر وابەستەیە بە دوورکەوتنەوە لە وڵات و دەڤەر و زێدی خۆی و ئاوارەبوون بۆ وڵاتی دژە کوردان و مەیلی خۆ بەکەمزانی لە بەرامبەر عوسمانییەکان، چونکە خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی نییە، بۆیە شاعیر هەمیشە غەمبار و دڵتەنگ بوو، چونکە نەیتوانیوە نەتەوەکەی لە ژێر دەستی ڕزگار بکات، وەک دەڵێن دەوڵەت بە پێنووس و خامە و شمشێر واتا هێزێکی ئازا و چاونەترس و خۆنەویست هەیە، تاوەکو لە پێناو خاکەکەیدا بجەنگێت و سەربەخۆیی و ئازادی بۆ نەتەوە فەراهەم ببێت، ئەم خامەی هەیە، بەڵام خەونی ئەم هێزە و شمشێرە بۆ ئەوەی ئاستی نەتەوەکەی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی نەتەوەکانی جیهان.

**وەکو بیستوومە ئەی یاری نیکۆبەی**

**لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەرۆکەی**

**بە شیرو خامە دەوڵەت پـــــایەدارە**

**ئەمن خامەم هەیە شیر نـــــادیارە (ئەحمەد ،٢٠١٧ ، ٧-٣١)**

بۆیە خەونی نەتەوە لای شاعیران ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی گەیشتن بووە بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی وەک هەموو نەتەوەکانی تری دونیا، ئەوەیش ڕزگاربوون لە ژێر دەستی نەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەری و ئازادیی و بوونی دەوڵەتی نەتەوەییە بۆ نەتەوەکەی.

# ئەنجامەكان

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی  تێزەکەمان کە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەی ناسیۆنالیزمی لە بیری خانی – حاجی دایە، ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوەمان لێی هەڵهێنجرا.

١-گوتار چەمکێکی ڕەخنەییە گوزارشت لە کێشە جۆراوجۆرەکان دەکات لەوانە گوتارە ناسیۆنالیزمیەکان و یەکێکە لەو چەمکانەی تێکەڵن بە زاراوەی تر لە بوارەکانی مەعریفەدا وەک (تیۆرەکانی ڕەخنە و زانستی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و فەلسەفەو دەرونناسی) .

٢- گوتاری ناسیۆنالیزم و نەتەوە دیاردەیەکی مێژوویی بیری مرۆڤەکانن، لە سنوورێکی جوغرافی دیاریکراودا .

٣- گوتاری هۆشیاریی نەتەوەیی یان ناسیۆنالیزمی بزاڤێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە کاریگەریی لە سەر ڕووبەرێکی فراوانی کۆمەڵایەتی جێدهێڵێت و هەست و سۆز لە قوڵترین خاڵدا دەهەژێنێ و تاک دەکاتە گەورەترین هێزی بزواندن و ئینتمابوون.

٤-زوڵم و زۆری نەتەوە دراوسێکانی کورد، کە هەوڵی سڕینەوەو لە ناوبردنی نەتەوەی کوردیان داوە، وای کردووە کە شیعری نەتەوەیی ببێت بە یەکێک لە مەبەستە سەرەکیەکانی شیعری شاعیرانی کورد، بە جۆرێک لە شیعری زۆربەی شاعیران بەدیی دەکرێت.

٥- شاعیرانی کورد لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە تاکی کوردیان هۆشیار دەکرەوەو هاندەدا بۆ شانازیکردن بە مێژوو کەلتوورو ناسنامەی نەتەوەییان و بەرگریکردن لە بوون و ناسنامە و ماف و دەسکەوتە نەتەوەییەکان.

٦- بوون بە دەوڵەت، پێداویستییەکی ڕۆحی و ماددی نەتەوەییە بۆ بەخشینی بەها و ناسنامە بە ڕۆحی نەتەوەیەکی کۆیلەو دابەشکراوو بەش خوارو.

٧- دەوڵەت و بنەماکانی دەوڵەت لە وەهمەوە بووە بە خەونی  زۆربەی زۆری شاعیرانی کورد، ئەمەش وای کردووە لە شیعرەکانیان چ بە شێوەی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگبداتەوە.

٨-شیعری بەرەنگاری بەرجەستەکردنی گوتارێکە لە ئەنجامی نادادی نەتەوەیی و سیاسی و ئایینی و ئابووری سەرهەڵدەدات، میللەت لە خەوی ژێردەستەیی و ئەستەمدیدەیی هەڵدەسێنێ و کار دەکات بۆ ورووژاندنی هەست و گیانی نەتەوایەتی.

٩-له گوتاری بەرەنگاریدا شاعیر بە قووڵی و ڕەسەنایەتی گوزارشت لە زاتی هۆشیاری ناسنامەی رۆشنبیری خۆی دەكات، بە ئاراستەی ئازدییەكی ڕاستەقینە بەرامبەر بە دوژمنی داگیركەر، لە شیعردا زاڵترەو بوونی زیاترە وەك لە بابەتەكانی تری ئەدەب، لە شیعری زۆربەی شاعیرانی كوردیش لە هەموو قۆناغەكاندا ڕەنگیداوەتەوە .

١٠-خانی و حاجی ئەركیان بەخشییە شیعرو وەك دوو تاكی نەتەوەیی پرۆژەی بە دەوڵەت بوونیان لە دەقەكانیاندا ڕەنگبێدایەوە.

١١-خانی و حاجی لە دەقەكانیاندا نەتەوەی كوردیان بە هەندێ لە نەتەوەكانی دونیا بەراورد كردووە، ئەمەش لە پێناو بڕوا بە خۆبوون و هەستی نەتەوەییان لا دروست بێت بۆ خەبات و تێكۆشان و دورستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

١٢- شاعیرانی كورد بەگشتی و خانی و حاجی بەتایبەتی خاوەنی بیركردنەوەو ئایدیایەكی سیستماتیک بوون و هەڵقوڵاوی هزری دوو تاكی كورد بوون.

١٣-بەرهەمەكانی خانی و حاجی پرۆژیەكی ڕزگاری نەتەوەیی و ڕەخنەییە، نەتەوەیی وەك ڕێنیشادەرێك بۆ یەكڕیزی و یەكگرتن و خەبات و تێكۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی نەتەوەكەی و ڕەخنەییە دژی ئەو كەس و لایەنانەی دەبنە هۆی فریودانی تاكی كوردی .

١٤-ئەحمەدی خانی تاكە شاعیری كوردە ویستوویەتی بەكارهێنانی ئایین بۆ مەبەستی نەتەوەیی بەكاربهێنێت، ئەمەش لە بەرهەمەكانیدا ڕەنگیداوەتەوە، حاجیش ڕێچكەی خانی گرتووەو ئایینی وەك ئامرازێك بۆ بەختەوەری تاك و خێزان و نەتەوە بەكارهێناوە.

١٥- بنەماكانی گوتاری ناسیۆنالیزم لای خانی و حاجی لە چوارچێوەی قاڵب و ناوەڕۆكی جۆراوجۆر نیشان دراوە، كە هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستیی وڵاتە، وەك خەبات و تێكۆشان، یەكڕیزی و یەكگرتنی سەركردەو ڕۆڵەكانی نەتەوەكەی، جوانی سروشت، تایبەتمەندیی سیاسی و مێژووی پڕ شكۆی ڕابردووی سەركردەو پاشادی نەتەوەكەی، ڕەخنە لە هەموو ناتەواوییەكانی سەردەم و نەتەوەكەی، جاری واش هەبووە لە زمانی نەتەوەیی دەركەوتووە.

# لیـــســتـــی ســــەرچـــاوەکــــــان

**لیستی سەرچاوەکان :**

**-قورئانی پیرۆز:**

**-بە زمانی کوردی:**

١- ئاگرین، عەبدوڵڵا (١٩٩٩) کاریگەریی بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق(١٩٦١-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢- ئامیدی، عبدلله یاسین علی (٢٠٠٥) هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروو(١٩٣٩-١٩٧٠ ) چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، هەولێر .

٣- ئۆرکریملی ، ئۆمۆت (٢٠٢٠)تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم ، و. عەبدوڵڵا رەسولی ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر

٤- ئۆسمان، محمد ئەمینێ (١٩٩٠) مەم وزینا خانی، چاپا ئێکێ، مطبعه الجاحظ، بغداد.

٥- ئیروانی، موسڵح (٢٠٠٣) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا ، سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسی ئایینیەوە ، بڵاوکراوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

٦- ئیسماعیل، نەسرین رەئوف (٢٠١٠) ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر ، چاپی یەکەم .

٧- ئیلنصافی، ئاراس (٢٠١٥) حاجی کرمانجێک لەوپەڕی مەزنیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی.

٨- باپیر، عەلی (١٩٩٨) سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازوی ئیسلامدا ، چاپی دووەم.

٩- باپیر، عەلی (٢٠٠٥) سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازوی ئیسلامدا، نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٠-بادی، ئیسماعیل(١٩٩٦)، ژ هەڵبەستێن ئەحمەدێ خانی ، چاپخانا هاوار ، دهوک.

١١- بایز-جاسم، کەریم - عوسمان ئەحمەد (٢٠١٣): کۆکردنەوە ، ئێمە کوردین نابەزین: گۆرانییەکانی فوئاد تەبیب نانەکەلی ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

١٢- بەرزنجی، عومەر مەعروف (٢٠٠٧)، برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ، کۆی کردووتەوە،چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک.

١٣- حیلمی، رەفیق (٢٠١٠) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر .

١٤- حەوێزی، دەریا جەمال (٢٠١٦)کۆنفرانسی نێودەوڵەتی یادی دووسەد ساڵەی لە دایکبوونی حاجی قادری کۆیی ؛(١٨١٦ – ٢٠١٦)،پێداچوونەوەو ئامادەکردنی د.عوسمان دەشتی ، د. هاوژین ێلیوە، د.دەریا حەوێزی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

١٥- خانی، ئەحمەدی (١٩٨٩) مەم و زین ، ئامادەکردن و پەراوێزنووسین : هەژار، نووسینگەی تارا، ستۆکهۆلم، سوید.

١٦- خەزنەدار، دوکتور مارف(٢٠٠٦) مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی حەوتەم، ١٩٤٥- ١٩٧٥،-B-،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٧- خۆشناو، ئەبوبەکر (٢٠٠٢) ، شیعری بەرەنگاری کوردی (١٩٧٥ – ١٩٩٠ ) چاپی یەکەم ، کۆمپیوتەرو چاپی ڕوناکی ، سلێمانی.

١٨- دۆسکی، تحسین ئیبراهیم(٢٠٠٥)، مەم و زین ئەحمەدێ خانی،چاپا ئێکێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.

١٩- دەوڵەت، مەریوانی عومەر(٢٠٠٦)، قەدری جان ژیان و بەرهەم(١٩١١ – ١٩٧٢) چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢٠- ڕەسول، جەعفەر عەلی (٢٠٠٤) ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

٢١- رەسول، عیزەدین مستەفا (٢٠٠٨) ئەحمەدی خانی ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی .

٢٢- رەسول، عیزەدین مستەفا (٢٠٠٩) شیعری شارستانیی جگەرخوێن، چاپا ئێکێ،چاپخانا خانی، دهوک .

٢٣- رەشید، نەورس ، (٢٠٠٤) دەوڵەت، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی بابان ، سلێمانی.

٢٤- رەفیق ، فاروق (٢٠٠٢)،ماڵیکی لێک ترازاو و ویژدانێکی بیمار ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢٥- رەفیق ، فاروق (٢٠٠٦) غەمە جڤاتیەکان (بەرگی یەک ) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕەنج.

٢٦- سابیر، رەفیق (٢٠٠٨)، کەلتوور و ناسیۆنالیزم ، چاپخانەی تیشک ،چاپی سێیەم، سلێمانی.

٢٧-سەعدوون، سامان عیزەدین ، (٢٠٢٢) توێژینەوەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان – سلێمانی.

٢٨- سەعید، محەمەد ئەحمەد (٢٠١٥) چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەنجەرە.

٢٩- سەعید، هیوا عەزیز (٢٠٠٣) ناسیۆنالیزمی کوردی(١٨٨٠- ١٩٣٩)، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هوشیاری(ی.ن.ک)، سلێمانی.

٣٠- شارەزاو جەباری، کەریم- جەبار(١٩٧٤) ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قوناخی دوای حاجی قادری کۆیی یە، بە یارمەتی وەزارەتی پەروەردە- بەرێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە چاپ دراوە.

٣١- شاکەلی، فەرهاد، (٢٠١٩) ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سوداد ڕەسووڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٣٢- شریف، حلمی علی (٢٠٠١) دوو لێکۆڵینەوەی سیاسی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

٣٣- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠١٢) ئەدەبی کۆنی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .

٣٤- شەریف، عبدالستار تاهیر (١٩٧٧) حاجی قادر شاعیری شۆڕشگێر و پێشکەوتنخواز و دیموکراتی نەتەوەی کورد ، چاپخانەی ئەدیب ، بەغداد .

٣٥- عارف ، حمەکریم (٢٠١٠) دەربارەی شیعرو شاعیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٣٦- عبداڵ، عبدالله نوری (٢٠٠٦)ناسیۆنالیزم و بە عەرەبکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، هەولێر.

٣٧- علی، ابوبکر (٢٠٠٩)، پرسی بیناکردنەوەی ناسیۆنالیزم و کۆمەڵگە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣٨- عەتەوی، عەبدوڵلا (٢٠٠٣)دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق گالب – ئەحمەد علی ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .

٣٩- عەلی، ابو بکر (٢٠٠٨) ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی ، (دیدێکی ئیسلامی هاوچەرخ ) بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر .

٤٠- عەلی، بەختیار (٢٠٠٥)، خوێنەری کوشندە (کۆمەڵە وتار ) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٤١- عەلی، بەختیار (٢٠٢١)، گووتاری مانەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند.

٤٢- عومەر، فەریاد فازیل(٢٠٢٢)، ئەحمەدێ خانی، مەم و زین داستنێکی کلاسیکی کوردیی سەدەی حەڤدەهەمە دەستنووسێکی ساڵی١٧٣١، چاپی یەکەم، ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین، سلێمانی.

٤٣- فاتح، محمد (٢٠١٢) ناسیۆنالیزم و سیاسەت، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤٤- قادر، خانزاد عەلی (٢٠١٢) زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر.

٤٥- قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٥) ناسیۆنالیزم و سەفەر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٤٦- قانع، مەریوان وریا (٢٠١٣) فیکر و دونیا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٤٧- قانع، مەریوان وریا (٢٠١٧) بەختەوەری و بێدەنگی، چاپی سێیەم ، چاپخانەی ئەندێشە.

٤٨- قانع، مەریوان وریا (٢٠١٧)، بەختەوەری و بێ دەنگی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئەندێشە.

٤٩- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٠) گەڕان بەدوای ناسنامەدا، دەزگای سەردەم.

٥٠- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٢) گەڕان بەدوای بووندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥١- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٤) خەونی سەربەخۆیی لەواقعێکی ناجێگیردا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٥٢- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٨) فەنتازیای گەڕانەوە، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥٣- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٩) گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم.

٥٤- قەرەداغی، عەتا (٢٠٢١)، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .

٥٥- کاروانی، بەکر شاکر و دزەیی، عەلی فەتاح (٢٠٠٤) بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر .

٥٦- کرمانج، شێرکۆ (٢٠١٧) شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٥٧- کریم، ازاد عبدالواحد (٢٠٠٨) ڕەنگالەکانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاڤێستا، کەرکوک.

٥٨- کۆچێرا، کریس (٢٠٠٦) کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا ، و. حەمە کەریم عارف ، چاپخانەی شڤان ، چاپی سێیەم ، سلێمانی .

٥٩- کەمال، د.محەمەد (٢٠٠٤) بوون و داهێنان ،چاپ و بڵاوکردنەوە: دەستگای سەردەم، سلێمانی.

٦٠- کەمال، محەمەد (٢٠٠٧) هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.

٦١- گرمشی (٢٠٠٤) دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی ، و. مامەند رۆژە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشک .

٦٢- گوڵەدین، ئازاد (٢٠١٦)ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی لای مەولاناخالیدی نەقشبەندی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رەنج.

٦٣- گەردی ، عەزیز عەبدوڵڵا و مەعروف، کەمال مستەفا (---) دەولەتی نەتەوەیی کورد.

٦٤- لیدمەن، سڤین ئەریک (٢٠١٤) وەرگێڕانی :فەرشید شەریفی، بەردەکانی ڕۆح ،چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.

٦٥- لەک، ئەحمەد شەریف (٢٠٢٣)، ڕەنگاڵەی ڕۆشنبیری ،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦٦- محەمەد، دڵشاد عەلی (٢٠٠٧) دیلان وتاقیکردنەوەی شیعری ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٦٧- محەمەد، مەسعود (٢٠١٤)، هاوسەنگکردنەوەی تەرازویەکی سەنگەلا، و: حەکیم کاکەوەیس، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی.

٦٨- محەمەد، ئارام محەمەد عەبدوڵڵا (٢٠٢٣.) بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بە نموونە: (کۆی چیرۆکەکانم) ی دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر،کوردستان.

٦٩- محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠٢٠) م.ب. ڕودێنکۆ، وتارگەلی ئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی تاران.

٧٠- مستەفا، عرفان (٢٠١٨) بوونی نەتەوەیی کورد، چاپی دووەم ، چاپخانەی حەمدی .

٧١- مستەفا، ئازاد (١٩٩٢) نەتەوە و نەتەوایەتی ، چاپخانەی شەهید ئازاد ، چاپی دووەم ، هەولێر.

٧٢- میهرداد، اکرەمی (٢٠٠٦) ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری ،تێوری،ڕەحنە )، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری (ی.ن.ک) .

٧٣- مەعروف ، کەمال (٢٠٠٣) ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی .

٧٤- مەعروف، کمال (٢٠٠٧) بوکی نەورۆزی خۆشناو، چاپی یەکەم، یاپخانەی نما، هەولێر.

٧٥- نەبەز ، جەمال (١٩٨٤) بیری نەتەوەی کوردی ، چاپخانەی ئازادی ، ستۆکهۆڵم .

٧٦- هۆتون،داڤید پاتریک (٢٠١٨) ، و:حەمە ڕەشید، سایکۆلۆجیای سیاسی هەڵوێستەکانی تاکەکان و دۆخەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی .

**-دیوان:**

٧٧- دیوانی ئەحمەد موختاری جاف ، ئامادەکردنی پرۆفیسۆردکتۆر: عیزەدین مستەفا ڕەسول،چاپخانەی الادیب، بەغدا،١٩٨٦.

٧٨- دقی دیوانی نالی ، ئامادەکردنی : عەتائوڵڵا حەواری نەسەب، چاپی دووەم ، بڵاوکردنەوەی کوردستان،١٣٩٢.

٧٩- دیوانا مەلایێ جزیری ،صادق بهاءالدین ئامێدی ، چاپا یەکێ ، چاپخانا کوری زانیاری کورد ،بەغدا ، ..١٩٧٧

٨٠- دیوانی بێکەس( فایق بێکەس) دانان وکۆکردنەوەی : ئومێد ئاشنا، بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپی دووەم، هەولێر،٢٠٠٥.

٨١- دیوانی بێکەس ، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم ، چاپخانەی شڤان.٢٠١١.

٨٢- دیوانی پیرەمێرنەمر ، کۆکردنەوەو پەراوێز نووسینی: محمد رسول (هاوار )، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧.

٨٣- ديوانی حاجی قادرکۆيی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی :سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی کوردستان ،١٣٩٠.

٨٤- ديوانی حاجی قادری کۆيی ، سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزووری ، ١٩٨٦.

٨٥- ديوانی حاجی قادری کۆيی،ئیدریس عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی،٢٠١٦.

٨٦- ديوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٧١.

٨٧- ديوانی سالم ، گ موکریانی ، بنکەی رۆشنبیری لوبنان بۆ چاپ و پەخش و وەرگێڕان ، بەیروت ،٢٠١٥.

٨٨- ديوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ،ساغکردنەوەی :شوکور مستەفا، چاپی دووەم ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،،هەولێر،٢٠١٠.

٨٩- ديوانی عارفی ربانی شێخ احمدی جزیری مەشهور بە مەلای جزیری ، هەژار، چاپی یەکەم، ، تهران ، ١٣٦١.

٩٠- ديوانی قانع، برهان قانع : کۆی کردۆتەوە و چاپی کردووە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، ١٩٧٩.

٩١- ديوانی گۆران:عەبدوڵڵا گۆران،ئامادەکردنی : محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە، ١٣٩٠.

٩٢- ديوانی مەلاین جزیری ، ئامادەوبژارکردن تحسین ابراهیم ، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ٢٠٠٠ .

٩٣- ديوانی هێمن موکریانی:سەرجەمی شیعرەکانی مامۆستا هێمن ،نووسینی : وریا حەبیب، چاپی یەکەم،چاپ و پەخشی چوارچرا، بەهاری ٢٧٠٨.

٩٤- شێرکۆ بێکەس ، ئێستا کچێک نیشتیمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم سلێمانی،٢٠١١.

٩٥- عەبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ، کتێبفرۆشی زانکۆ و چرا ، چاپی سێیەم ،هەولێر،٢٠٠٦.

٩٦- عەبدەڵڵا پەشێو ( فارسی ، کوردی)،نیروان رچایی،چاپی یەکەم،١٣٩٣.

٩٧- کامران ، گوڵاڵە سورە ، چاپخانەی ڕاپەرین ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ١٩٧١.

٩٨- لەتیف هەڵمەت ، وشەی جوان گوڵە گوڵ ، چاپخانەی الحوادپ ، بغداد ، ١٩٧٩ .

٩٩- نالی ، لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریم مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٧٦.

١٠٠- وریا قانع ، پاشمەرگی قانع ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ،١٩٧٠ .

**-بەزمانی عەرەبی:**


١٠١- ابو اصبع ، صالح (٢٠٠٥) ثقافة المقاومة في الادب و الفنون، منشورات جامعة فيلادلفيا،مطبعة الخط العربي، ج/٢٠

١٠٢- احمد ، عبدالكريم (١٩٧٠) القومية والمذاهب السياسية، المطبعة الثقافية، القاهرة.

١٠٣- ارنولد جينيب و رينية جوهانه ،ترجمة محمد عتياني ، ماهي القومية ، دار بيروت مع دار صادر للطباعة و النشر ، بيروت ،١٩٥٩.

١٠٤- البصيصي ، عادل ناجح عباس (٢٠١٦) الخطاب الروائي روايات طه حامد الشبيب ، اطروحة دكتوراه ، جامعة القادسية ، كلية التربية ، قسم اللغة العربية.

١٠٥- التونجي ،محمد (١٩٧٥) المعجم المفصل في علوم اللغة ( الالسنيات ) ط١ ، دار الكتب العلمية ، بيروت.

١٠٦- الحصري ، ابو خلدوان ساطع (١٩٤٤) آراء واحاديث في الوطنية و القومية ، ط٣، دار العلم للملايين ، بيروت .

١٠٧- الحصري ، ابو خلدون ساطع (١٩٦٥) ،محاضرات في نشوء الفكرة القومية ،طبعة٣، دار العلم للملايين،بيروت.

١٠٨- الخربطلي ، علي حسن (١٩٨٥) القومية العربية من الفجر إلى الظهر ، دار أحياء الكتب العربية.

١٠٩- الخولي ، محمد علي () معجم علم اللغة النظرى ،ط ١، مكتبة لبنان ،بيروت .

١١٠- الدجاني ،محمد و الدجاني ، منذر (٢٠٠٠) الحكم و الادارة ، جامعة القدس .

١١١- الديب ، محمد محمود ابراهيم (١٩٩٠) الجغرافيا السياسية ،ط٦، مكتبة ، الانكلوا المصرية ، القاهرة.

١١٢- الرجي، احمد (١٩٩٧) الفكر السياسي للحصري ، الطبعة الاولى ، الاهالي للطباعة و النشر و التوزيع ، دمشق.

١١٣- السيد ،محمود ، (٢٠٠٨) تجليلت المفاومة فى الشعر العربي المعاصر ، مجلة العلوم الانسانية ، جامعة محمد خيضر سبكره ، العدد الثامن ، وزارة الثقافة ، الهيئة العامة للكتاب ، دمشق .

١١٤- الصفدي، صلاح الدين خليل بن ايبك(١٩٩١)، الوافي الوفيات، الجزء الثامن عشر، الطبعة الثانية، دار النشر فرانزشتايز شتوتغارت.

١١٥- العموش ، خلود (٢٠٠٨) الخطاب القرآني دراسة فى العلاقة بين النص و السياق، جدارا اللكتاب العالمي،عمان – الاردن ، ط١ .

١١٦- القشوري ، قادر مجيد (٢٠٠٦) العصبية القومية في منظور الاسلام ، ط١ ، اربيل ، د.م .

١١٧- القصير ، مليحة عوني و معن خليل عمر، (١٩٨١) المدخل الى علم الإجتماع. مطبعة جامعة بغداد.

١١٨- المبارك ،محمد(بدون تاريخ) الامة والعوامل المكونة لها ، دار الفكر ، دمشق .

١١٩- المناظرة ، عزالدين (٢٠٠٦)جمرة النص الشعري مقاربات في الشعر والشعراء والحداثة والفاعلية ، دار مسجد لامي للنشر وتوزيع ، عمان.

١٢٠- الياس، انطون الياس (١٩٧٢) قاموس الياس العصري ، دار الجليل ، بيروت .

١٢١- اولسن ، رؤبرت (٢٠٠١) المسألة الكردية فى العلاقات التركية –الايرانية،محمد احسان رمضان( مترجماً و معلقاً ، اربيل.

١٢٢- بري ، هواس (١٩٩٤) مفدى زكريا ، دراسة و تقديم ، ديوان المطبوعات الجامعية ، (د.ط).

١٢٣- بؤتانى، عبدالفتاح (٢٠٠١) الحركة القومية الكوردية التحررية، اربيل.

١٢٤- بوجراند ، روبرت دى (١٩٩٨) النص والخطاب الاجراء، ترجمة : تمام حسان ، عالم الكتب ،ط١.

١٢٥- بولنوار ، بوديسة (٢٠٠٩) الخطاب الشعري المغربي من خلال كتاب : انموذج الزمان في شعراء الغيرون ، دراسة اسلوبية ، جامعة الحاج لخضر – باتنة ، كلية الادب ، اللغة العربية ،جزائر.

١٢٦- جنزبرج ، موريس (١٩٨٧) ، علم الإجتماع، ترجمة فؤاد زكريا، القاهرة، بلا تأريخ الطبع.

١٢٧- حرب ،علي (١٩٨٦) موسوعة الفلسفة العربية ، المجلد الاول ، معهد الانماء العربي ، بيروت ، الطبعة الاولى .

١٢٨- حمادي ، ادريس (١٩٩٥) الخطاب الشرعي وطرق إستثماره ، ط١ ، المركز الثقافي العربي ، بيروت / الدار البيضاء ،.

١٢٩- حورانى ، البرت (ـــ) الفكر العربي في عصر النهضة (١٧٩٨ – ١٩٣٩) ت. كريم عزقول، دار النهار للنشر، لبنان ، بيروت ،د.س .

١٣٠- خليل، احمد خليل ،(١٩٦٥) مجلة الاداب ، من مقال اربعة شعراء و تجديد ، ديسمبر .

١٣١- درويش، محمد احمد (٢٠٠٩) للعولمة والمواطنة والاتجاه الوطني ، عالم الكتب ، الطبعة الاولى ، القاهرة.

١٣٢- دي سوسور ، فردينان (١٩٨٥) علم اللغة العام ، ت:يوئيل يوسف عزيز ،دار آفاق العربية للصحافة والنشر ،بغداد.

١٣٣- رشيد، أزاد عبد ول (٢٠١٤) (البخلاء) في الخطاب العربي الحديث والمعاصر ، اطروحة دكتوراه ، سكول اللغات ، جامعة السليمانية.

١٣٤- زيدان ، عبدالوهاب عصام (٢٠١٣) الامة الاسلامية (سماتها و مقوماتة ، واهدافها ) ، رسالة ماجستير ، جامعة الاسلامية - غزة.

١٣٥- سعدالله ، صلاح (٢٠٠٢) المسألة القومية فى العراق، د.ط ، دهوك.

١٣٦- شرارة ، عبدالله (١٩٥٧) في القومية العربية ، منشورات عويدات ، بيروت.

١٣٧- شيفر ، بويد (١٩٥٥) القومية عرض و تحليل ، ترجمة : جعفر خصباك و عدنان حميري ، ط ، بيروت ، دار مكتبة الحياة .

١٣٨- عامر ، محمد عبدالمجيد (بلا .س- ط.) دراسات في الجغرافيا السياسية و الدولة، دار المعرفة الجامعية ، اسكندرية.

١٣٩- عبد ، منصور (٢٠١٠) معجم الفكر الحضارى ، دار الجيل للنشر و الطباعة و التوزيع.

١٤٠- عبدالكريم ، جمعان (٢٠١٦) من تحليل الخطاب الى تحليل الخطاب النقدي ، ط١ ، دار الكنوز ، عمان .

١٤١- عصفور ، سعد (١٩٥٤) القانون الدستوري ، دار المعارف ، الاسكندرية.

١٤٢- عيد ، رجاء (١٩٨٨) فلسفة إلتزام في نقد الأدبي ، منشأة المعارف ، الأسكندرية ،(د.ط) .

١٤٣- عيسى ، حامد محمود (٢٠٠٢) القضية الكردية في تركيا ، مكتبة مدبولى ، القاهرة.

١٤٤- فتحي ، ابراهيم (١٩٨٦) معجم المصطلحات الادبية ،ط١ ، المؤسسة العربية للناشرين المتحدين ، بيروت .

١٤٥- كنفاني ، غسان (١٩٦٨) الادب الفلسطيني المقاوم تحت الاحتلال١٨٤٨ – ١٩٦٨ ، بيروت ، ط.١ .

١٤٦- لاروس، خليل البحر (١٩٧٣) ( المعجم العربى الحديث ) مكتبة لاروس ، باريس .

١٤٧- مجلةالسياسة والاقتصاد،مجلد ١١، العدد١٠، ٢٠٢١ .

١٤٨- مجمع اللغة العربية (١٩٦٠) المعجم الوسيط ، القاهرة ، مطبعة مصر ، ج ١ ، ، مادة (خطب ) .

١٤٩- مصطفى ، عبدالطيف احمد (٢٠١١) الفرقة الاسلامية و غيرها،ط٣، مطبعة الامان.

١٥٠- مقلد ، اسماعيل صبرى (١٩٨٤) العلاقات الدولية ، الطبعة الثالثة ،مطبوعات جامعة الكويت .

١٥١- هلال ، محمد غنمى (١٩٨٢) قضايا المعاصرة في الأدب والنقد ،دار نهضة مصر للطباعة والنشر ،القاهرة ، (د.ط)،(د.ت.).

١٥٢- هوبسباوم ، اريك (١٩٩٩) الامم والنزعة القومية ، ت. عدنان حسن ، مراجعة :د.مجيد الراضي ، الطبعة الاولى، دار المدى ، دمشق.

١٥٣- يقطين ، سعيد (٢٠٠٥) تحليل الخطاب الروائي ، المركز الثقافي العربي، الدار البضاء، بيروت، ط٤ .

**-فەرهەنگ:**

١٥٤- جەبار، عەبدوڵڵا ، (٢٧٠٧) فەرهەنگی شارا ( عەرەبی – کوردی ) خانەی چاپ و بەخشی ڕێنما ، چاپی یەکەم.

١٥٥- قانع، برهان ، (٢٠٠٣) فەرهەنگی نوێ ، چاپخانەی ڕەنج ، چاپی دووەم ، سلێمانی.

١٥٦- کریم، رزگار ،(٢٠٠٥) فەرهەنگی دەریا ، بەرگی یەکەم ، تهران.

١٥٧-هەژار ، (١٣٨٥) هەمبانە بۆرینە ، بخش سروشت ، چاپی پێنجەم ، تهران .

**-نامەی ئەکادیمی:**

١٥٨- ئەحمەد، نەوزاد عەلی ، (٢٠٢٢) ئایکۆنی بەرەنگاری لە هەردوو گۆڤاری ( نووسەری کورد )و( نووسەری کوردستان ) تێزی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.

١٥٩- ئەمین، شێرکۆ حمە ،(٢٠٠٨.) شیکارکردنێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە ، کۆلیژی زمان ، بەشی کوردی.

١٦٠- بەرزنجی، عثمان عبدول معروف ،(٢٠٠٢) شیعری نوێی کوردی ساڵانی پەنجاو شەستەکان لە خوارووی کوردستان ، تێزی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.

١٦١- خالد، عەبدوڵڵا عەزیز ، (١٩٩٩) کاریگەریی بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی ، کوردستانی عێراقدا ،(١٩٦١ – ١٩٧٠ ) تێزی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەڵحەدین ، هەولێر ، هەولێر.

١٦٢- عبيد، ئەرخەوان محمد ، (٢٠١٤) دیاردە کلتوریەکان لە (مەم وزین) ی ئەحمەدی خانی دا ، تێزی دکتورا ،زانکۆی سلێمانی .

١٦٣- علی،شێرزاد سەبری ، (٢٠١٢) رازیکردن د گوتارا رامیاریدا ، تێزی دکتۆرا ، فاکەڵتی ئاداب ، زانکۆی سۆران.

١٦٤- کەمال، دیار عەلی ، (٢٠٠٩) گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگرییانەکانەوە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٦٥- ئیروانی، موسلیم عەبدولقەهار(٢٠٠٢) ، ئایین وناسیۆنالیزم ،ڕۆڵ و کاریگەریی و پەیوەندیی نێوانیان لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستاندا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکوی سەلاحەدین.

١٦٦- سەعید، ئیسماعیل عەبدولرەحمان، (٢٠٠٩) ناسیۆنالیزمی ئێرانی ١٩٠٦-١٩٤١، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .

١٦٧- عەلی، ئارام عومەر ، (٢٠١٦) شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا کرمانجی ناوەڕاست(١٩١٤- ١٩٤٥ز) ،نامەی ماستەر ، زانکۆی گەرمیان ، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەشی زمانی کوردی .

١٦٨- مستەفا، سەرحەد حسێن ، (٢٠١٥)بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری لە شیعرەکانی (کامەران موکری )دا،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٦٩- یونس، سەرهاد عومەر ، (٢٠١٧) لوتفی و ئەزموونی شیعری ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردەی، زانکۆی ڕاپەڕین ، قەلادزێ.

**-بەزمانی فارسی:**

١٧٠- ابو الحمد، عبد المجید (١٣٧٥) مبانی سیاست ، چ١ ، تهران ، کوس.

١٧١- احمدی، حمید (١٣٨٣) ایران هویت ، ملیت ، قومین ، چ١ ،تهران ، موسسه تحقیقات وتوسعه علوم انسانی.

١٧٢- الجمور، بیستون (١٣٩٥)تداوم وتحول گفتان ناسیونالیسم ، کردستان عراق ١٩٧٠-١٩٩١، دانشگاه تهران.

١٧٣- انصاری، مسعود (١٣٩٠) ناسیونالیسم ومبارزات چد استعماری کشورهای افریقا شرقی (تانطانیا ـ کنیا ـ اوگاندا ـ زنگبار ) چاپ سوم، .ب.ج.ب.م.

١٧٤- تابانی، حبیب الله(١٣٥٨)، کردستان <در نمونه کردستان مکری>، چاپی دوم، چاپ رضائی.

١٧٥- شیخ شعاعی، محمد علی (١٣٨٥) ناسیونالیسم ازدیدگاه اسلام ، چ١، قم ، دفتر عقل.

**-به زمانی ئینگلیزی:**

176- Ashcroft Bill,Griffiths Gareth Tiffin ,2007, post colonial; the key concepts, 2nd Ed .Routledge Newyork , pp.11.

177-the oxford English Dictionary,sixthledited by.sally wehmeier,oxford U inversitypress, Britain,2001,p.847.

178-William Benton,The NewEncyclopaedia,London,1974,p851.

**-گۆڤار:**

١٧٩- ڕێنان، ئێرنست (٢٠٠١) نەتەوە چییە :وەرگێڕانی موسڵح ئیروانی، گۆڤاری یەکبوون، ژمارە١٨، هەولێر.

١٨٠- رەسوڵ، سوداو (١٤٠٠) زاری کوردیی ناوەندی و ناوە هەمەچەشنەکانی،پژوهشنامە ادبیات کردی، ساڵ٧،شمارە٢، پیاپی ١٢، پاییز و زمستان.

١٨١- شەریف، عەبدولواحد ئیدریس (٢٠٢١) بەرەنگاری لە شیعرەکانی مەلا عەلی دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، jane ٢ .

١٨٢- عەزیز، ماهد (٢٠٠٥) ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەی کورد، گۆڤاری توێژینەوە ، ژ.٤، تشرینی یەکەم .

١٨٣- قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٠) ناسیۆنالیزمی دوور مەودا، کورد لە دەرەوەی کوردستاندا( دۆخی هۆڵندا)، گۆڤاری ڕەهەند (تیۆر-کولتور- ڕاڤەکردن) ژمارە: (٩ – ١٠ ) .

١٨٤- محمد، بکر محمد و سلیمان، اسماعیل حمدامین (٢٠٢١) هزری نەتەوایەتی و قۆناغەکانی لە ڕەخنەی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانە، زانکۆی سەلاحەدین ، بەرگی ٢٥، ژمارەی ٦ .

١٨٥- محەمەد، مەسعود (١٢٩٧/١١/٥. ) گۆڤاری ڕمان ، ژ. (١٧) .

١٨٦- گۆڤاری مەدەنیەت (٢٠٠٩) زستانی، ژمارە٢٦.

١٨٧- هەرکی، صالح (٢٠٠٧،) ئایا زمانی یەکگرتووی کوردی مومکینە، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ١٥١، هەولێر.

١٨٨- وەلی، عەبباس (٢٠٠٥.) مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزم ، گۆڤاری توێژەر ، ژ-٢ ، هەولێر ، ساڵی یەکەم .

١٨٩- وەلی، فەیسەڵ ئیبراهیم (٢٠٠٩) دەربارەی نەتەوە، گۆڤاری هەژان گۆڤارێکی فیکری وەرزیە، ژمارە ٢٢.

**-پێگەی ئەلکترۆنی:**

190- (ئەرشیف جريدة صباح،https//alsabaah.iq)

191- www.chawy kurd. com

192- الحوار المتمدن ، زهدى الداودى ، ٢٦/١٠/٢٠١١-M.ahevar.org

193- ar.m.wikipedia.org ،٢٠١٩

194- P. Sorokin. Social Mobility http://books.google.com/

195-http://books.google.com/))

196- (islamweb.net)

197-(https://dorar.net/hadith/sharh/63254)

198-https://www.aletihad.ae الاتحاد

199-(https://www.aldiwan.net/poem38947.html)

200- (https//m.face book.com>posts)

201-ar.wikipedia/wiki )

202-زامدار ئەحمەد ، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی ، ٣١-٧-٢٠١٧ .

203-محمد رزگار، سایتی زانیاری- ئینسایکلۆپیدیای کوردی- ، ٢٠٢١/١١/٢٠.

# ملخص البحث


يُعدُ الخطاب القومي موضوعاً سياسياً واجتماعياً واقتصادياً، إذ يتطرق إلى أسس مراعاة المصالح العليا لأمة ضمن حدود و جغرافية معينة.

والقومية مسألة مهمة ومتكاملة سياسياً ، وهي جزء من المشاعر الإنسانية تجاه القضايا الوطنية،ولا سيما عندما يعاني الشعب من الاحتلال و التهجير والاستبداد والكراهية وما إلى ذلك، ويتجلى خطاب الشعراء القوميين في لغز المقاومة ومحاولات تجسيد النضال وإثبات الهوية الوطنية.

إذ يتطرق عنوان الأطروحة الى( الخطاب الامة القومي في فكر خاني – حاجي ): وقد اقتضت طبيعة البحث أن يكون في مقدمة وثلاثة فصول ، وخاتمة ، مع قائمة بأهم المصادر والمراجع، يتكون الفصل الأول من خمسة مباحث، المبحث الأول : يتناول مفهوم الأمة في مفهومها العام، والمبحث الثاني: يتناول المجال التاريخي للخطاب القومي وتحفيز الشعور القومي.أما المبحث الثالث: فهو عن الجنسية والدولة في المعادلة المعرفية للخطاب القومي. والمبحث الرابع: يتضمن الخطاب القومي يعكس وهم الخوف والقمع. أما المبحث الخامس والأخير فقد خصص لبعد الخطاب القومي والمجتمع المنغلق.

ويتكون الفصل الثاني أيضًا من خمسة مباحث، المبحث الأول يتناول سيكولوجية القومية بين الأيديولوجيا والصراع الواقعي. والمبحث الثاني فهو عن الأمة بين الأخلاق والمثل العليا، أما المبحث الثالث فيبحث عن ثورة الكرد أو الهوية والقومية لجيل الخارج، واما المبحث الرابع فيتناول القومية الكوردية في المسافة بين الأهداف والسياسات. والمبحث الخامس والأخير في الفصل الثاني يتناول دور الأيديولوجيا الدينية في المجال السياسي للقومية الكوردية.

أما الفصل الثالث والأخير فهو تطبيق ويتكون من خمسة مباحث، المبحث الأول: يبحث عن القومية في شعر خاني - حاجي. والمبحث الثاني يتناول أهمية اللغة القومية لخاني – حاجي . والمبحث الثالث يبحث حلم الدولة في معرفة خاني – حاجي. أما المبحث الرابع، فيتناول السلطة القومية في فكرة خاني - حاجي. وأما المبحث الخامس والأخير فهو عن حلم الأمة من العملية الشعرية من أحمدي خاني إلى حاجي قادر.

وقد ختمنا البحث بأهم النتائج التى توصلنا إليها، مع قائمة بأهم المصادر والمراجع ، ثم عرضنا ملخصاً باللغتين العربية والإنجليزية .

# Abstract

Nationalism is a political, social and economic system that focuses on securing the interests of a particular nation within specific geographic limits. Nationalism is an important and unifying issue and it is part of people's feelings about national issues, especially when people are suffering from occupation, marginalization, tyranny, hatred , etc. The discourse of nationalist poets manifests itself in the mystery of resistance and in the efforts to embody the struggle and prove the national identity.

This thesis titled "*Nationalist Discourse in Poetry of Ahmad Khani and Haji Qadir*" consists of three main chapters in addition to introduction, conclusion and bibliography. The first chapter consists of five parts: the first part deals with the concept of nation in public, while the second part deals with the historical context of the national discourse and the awakening of national feeling. The third part examines citizenship and the state in the cognitive equation of national discourse. The fourth section discusses how nationalist discourse reflects the illusion of fear and oppression. The fifth and last part explores the national debate and the aftermath of the closed society. The second chapter also consists of five parts: the first part deals with the psychology of nationalism between ideology and actual conflict. The second part deals with the nation between ethics and higher ideals. The third part explores the Kurdish revolution, or identity and nationalism for an outside generation. The fourth part analyses the gap between goals and politics of Kurdish nationalism. The fifth and final part of chapter two examines the role of religious ideology in the political world of Kurdish nationalism.

There are five sections in the third and final chapter, which is practical. The first portion looks for poetic nationalism in the ideas of Khan and Hajj. The significance of Ahmadi Khani's native language, Haji Qadir, is covered in the second section. The concept of Khani-Haji, or changing into a state of knowing, is explored in the third section. The idea of Khani Haji's national power is discussed in the fourth section. The nation's dream is discussed in the fifth and final portion, which follows Ahmadi Khani's poetic journey to Haji Qadir.

In conclusion, a summary is presented in both Arabic and English, along with a bibliography.